# ( روانگەکان )
# دەربارەی ئیسلامی سیاسیی کوردی

بەختیاری شەمەیی

٢٠١٦

پیرۆزیمان، ئایینمان، ژیانمان، هەر نیشتمانە، هەر کوردستانە

# (روانگەکان)

## دەربارەی ئیسلامی سیاسیی کوردی

بەختیاری شەمەیی

٢٠١٦

ئەم پەڕتووکە، پێشکەشە:

بە گیانی پاکی مامۆستای نەمر،

(عەبدولخالق مەعروف)

مامۆستا عەبولخالق مەعروفی نەمر، ئەو لێکۆڵەرەوە شارەزا و لێهاتووەی بواری ئیسلام و ئیسلامناسی بوو کە ئیسلامییە سیاسییەکانی کورد بە بەرچاوی بەعسییەکانەوە لە هەولێر لەسەر ئازادبیری و کوردایەتی تێرۆریان کرد. ڕاستە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان توانیان بەو تێرۆرە جەستەی ئەو نووسەرە دڵسۆزە لەبەرچاوومان وون بکەن، بەڵام نەیانتوانی و هەرگیزیش ناتوانن کە ڕێز و خۆشەویستمان بۆ مامۆستای گیانبەختکردوو، عەبدولخالق مەعروف لەناو بەرن، هەرگیز نەیانتوانی و ناتوانن پەڕتووکی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) تێرۆر بکەن و لە نامەخانەی کوردەواریدا بیسڕنەوە، بۆ هەتا هەتایە ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخە کە مامۆستا گیانی خۆی لەسەر پێشکەش بە کورد و کوردستان کرد، هەر دەخوێندرێتەوە و هەر چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

- نەفرەت لە تێرۆریستانی ئیسلامی سیاسی، موسڵمانانی دەستی دوو و نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی عروبە و فاشیزمی ئیسلامی.

- هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا عەبدولخالق مەعروفی نەمر.

- هەزاران تاجە گوڵینەی ڕێز و خۆشەویستی و ئەمەگ بۆسەر گلکۆی پیرۆزیان. گیانیان پاك و ڕەوانیان شاد و ئاسوودە بێت.

- ئیسلامییە سیاسییەکانی کورد لە هەر شوێنێك بن، بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، لەو شوێنەدا پارێزراوە.
- کفر ئەوەیە کە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆت بە کفر بزانیت.
- سەرهەڵدانی داعش و داعشیزم، دەرکەوتنەوەی رووی راستینەی ئیسلامی عەرەبییە.
- ئیسلام، سەرچاوەی داعشیزمە. داعش موسڵمانی راستینەیە. هەر کەسێك خۆی بە موسڵمان بزانێت و وەك داعش بیرنەکاتەوە و هەڵسوکەوت نەکات، نە لە ئیسلام تێگەیشتووە و نە موسڵمانی راستینەیە.
- ئامانجی سەرەکیی سەرهەڵدانی دیاردەی داعش و تێرۆریزمی داعشیزم، ژیاندنەوەی ناسیۆنالیزمی تێکشکاوی عەرەبییە کە لە رابووردوودا لە ئیخوانیزم و ناسریزم و بەعسیزمدا بەرجەستە بووبوو، ئەمڕۆ داعش وەك دیاردەیەکی تێرۆریستانە، دەیەوێت تۆڵەی ئەو تێکشکانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکاتەوە و بە دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و بەناوی ئیسلامی عەرەبییەوە، خۆی بکات بە جێگرەوەی ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبییە تێکشکاوانەی رابووردوو.
- ئیسلام زیاترلە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە عەرەبستانی سعودییە سەری هەڵداوە. واتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی عەرەبییە و پێش ئەوەی ئایین بێت، فەرهەنگ و دابونەریت و بیروباوەڕی رابووردووی عەرەبە. واتە عروبە و ئیسلام لە رووی مێژووییەوە، دوو رووی یەك دراون.

# لە وتە بەنرخەکان

بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك.
زەردەشت

---

رزگار کردنی ژیانی مرۆڤێك، بەنرخترە لە دروست کردنی پەرستگایەك.
کۆنفوشیۆس

---

هەموو پەیامبەرە چەکدارەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، پەیامبەرە بێ چەکەکان، دووچاری تێکشکان بوونەتەوە.
نیکۆلۆ مەکیاڤیللی

---

من پێویستم بەوە نییە کە بەهۆی هەڕەشەی دۆزەخەوە بەڕەوشت بم.
بێرتراند رەسەڵ

---

پیاوانی سیاسی بە بەڵێنی خۆشکردنی ژیانی ئێرە و پیاوانی ئاینیش بە بەڵێنی ژیانی ئەولا، گەورەترین جەهەنەمیان بۆ خوڵقاندوین.

مەسعوود محەمەد

---

ئەگەر ئافرەتێك بەڕوتی بەسەر شەقامێکدا رابکات، شارێك لە پیاوان دوای دەکەون، بەڵام ئەگەر پێیان بڵێی وا شارێك دەسوتێت، هەموویان پاساوێك دەهێننەوە کە توانای راکردنیان نیە!

ئۆریانا فالاچی

---

ئەگەر لە عەرەبستان لەدایك بوویت، دەبیت بە موسڵمان!
ئەگەر لە هیندستان لەدایك بوویت، دەبیت بەهیندوسی!
ئەگەر لە ئەمریکا لەدایك بوویت، دەبیت بە مەسیحی!
دینی ئێوە، بەس جەبری جوگرافیای لەدایك بوونتانە و شوێنی لەدایك بوونتان ئاییننتان دیاری دەکات نەك بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئایینەکان!
زانای زیندەوەرزانی و گیانداران و شارەزا لە ئایینەکان:
ریچارد داوکینز

---

# پێشەکی

بیرم لەوە کردەوە کە هەڵبژاردەیەکی هەموو ئەو بابەتانەی کە لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٥ دا لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەمدا بڵاومکردوونەتەوە (تەنها ئەو بابەتانەی کە خۆم نووسیومن)، بۆ خوێنەرانی کوردستان و پاشان لەناو ماڵپەڕەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، وەکو پەڕتووکێکی سەربەخۆ بڵاویان بکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە ٣٠٠ بابەتم گوڵچینکرد و بە هەموویان زۆرتر لە ٤٠٠ لاپەڕە دەبوون.

ماوەیەك لەمەوبەر، پێوەندیم بە برادەرێکی باوەڕپێکراوی خۆمەوەکرد و بابەتەکانم بۆ نارد، پاشان ئەو بەڕێزەش نووسراوەکەی رادەستی ئەو لایەنانە کردبوو کە پێویست بوو، بەڵام لە وەڵامدا هەموویان وتبوویان، ئێمە ناتوانین ئەو جۆرە بابەتانە بڵاوبکەینەوە، چونکە زۆربەیان دژی ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە و دووچاری کێشەی گەورە دەبین!؟

لەڕاستیدا بابەتە نووسراوەکان بۆ دژایەتی و دوژمنایەتی نەنووسراون، بەڵکو راستییەکانیان لەسەر ئەو لایەنانە بەیان کردووە و ئەو لایەن و دەسەڵاتەی کە خۆیان سەرچاوەی گەوجاندن و پاشکەوتن و هەژارکردن و گشت کارەساتەکانی ناو میللەتن، دەبێت چاوەروانی ئەوەش بکەن کە رەخنەیان لێبگیرێت و وتار و گفتار و کاروکردەوەکانیان بۆ میللەت ئاشکرا بکرێن.

ئەم پەڕتووکەی بەردەستتان، تەنها هەڵبژاردەی ئەو بابەتانەیە کە لە ساڵانی رابووردوودا لە لاپەڕەی فەیسبوکی خۆمدا لەسەر رەوتی ئیسلامی سیاسی بڵاومکردوونەتەوە. بابەتەکان جۆراوجۆرن و هەر یەکەیان لە کات و هەلومەرجێکی جیاوازدا نووسراون، هەر بۆیە جۆراوجۆرن و دەبێت ئەو راستییەش باس بکەم کە هەندێك لە بابەتەکان یان با بڵێین ناوەڕۆکەکانیان، هاوشێوەن و هەندێك جار بە دەربڕین و بە شێوەیەکی دیکە دووبارە بوونەتەوە، بەڵام بۆ مێژوو بە پێویست و گرنگمزانی کە هەر وەکو خۆیان بڵاویان بکەمەوە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەوڵم نەداوە ئەم پێشەکییە درێژ بکەمەوە و لەسەر چۆنێتی و مەبەستی بابەتەکان بنووسم، بەڵام بە پێویستی دەزانم کە ئەو راستییە بەیان بکەم کە ئەم بابەتە کۆکراوانە، تەنێ کۆمەڵێك روانگەی تایبەتیی خۆمن لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئیسلامییە سیاسییەکان، واتە ناچنە خانەی بابەتی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی- سیاسییەوە.

هەروەها لەڕووی دەربڕین و شێوازی زمانەوانی و رێنووسەوە خۆم پێبەندی هیچ رێنووسێکی تایبەتی و دیاریکراو نەکردووە، بەڵکو خۆم چۆنم پێ باش بوو بێت، هەر بەو شێوە و شێوازە نووسیومن. لەبەرئەوە ئاساییە کە جیاوازیی لە رێنووسی بابەتەکاندا ببینرێت.

وەك دوا وتە بۆ ئەم پێشەکییە، دەمەوێت خوێنەران و هەموو کەس و لایەنەکانیش لەو راستییە ئاگادار بکەم، کە هەموو کەس و لایەنێك ئازادن چۆن لەم روانگانە تێدەگەن و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن، یان رەخنەیان لێدەگرن، بەڵام بە دڵنیاییەوە، وەڵامی رەخنە یان هەر جۆرە نووسینێکی دیکەی کەسان و لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان نادەمەوە و پرواِم بە دژایەتی و ململانێی بێ ئەنجام و بێ سوود نییە.

بێگومان ڕێز و سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەوکەس و لایەنانەی کە پشتیوانی لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتانە دەکەن و بڵاویان دەکەنەوە، بڵاوکردنەوەشیان ئازادە..... نووسەر

---

## ( ڕوانگەکان )

## هەندێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی

١- ڕووخانی خیلافەتی ئیسلامیی عوسمانییەکان. ٢- سەرنەکەوتنی ڕەوتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی: ناسریزم و بەعسیزم. ٣- ڕووخانی بنەماڵەی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی ئێران. ٤- ململانێی نێوان هەردوو ئۆردوگای سەرمایەداری و سۆسیالیزم: ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا و یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. ٥- هێرشی سوپای سووری سۆڤێتی بۆسەر ئەفگانستان. ٦- ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت و سەرنەکەوتنی سیستمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. ٧- شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق. ٨- ڕووخانی دەوڵەتی عێراق و دروستبوونی کەشوهەوایەکی ئازادانە و دیمۆکراسییانە لە عێراق و باشووری کوردستاندا بۆ گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی. ٩- دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕی یەکتر کوشتنی پارتی و یەکێتی کە ئیسلامییەکان زۆر لێی سوودمەند بوون.

## ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستاندا بەرهەمی سێ هۆکارە

یەکەم: دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردایەتی و ڕێگەگرتن لە دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و بەعەرەبکردن و تواندنەوەی کورد، دروستیان کردوون.

دووهەم: بە هۆی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە گەشەیان کردووە و بەهێز بوون، پارتی دژی یەکێتی و یەکێتی دژی پارتی کۆمەکی هەندێکیانی کرد و کۆمەکی هەندێکی دیکەیانی کرد. ئیسلامییە سیاسییەکان توانیان زۆر سوود لە دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕی یەکتر کوشتنی پارتی و یەکێتی وەربگرن. ئیسلامییە سیاسییەکان ئەو ئاژاوە ناوخۆییەیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار هێنا و ئێستایش ئەو سوود وەرگرتن و بەکارهێنانە هەر بەردەوامە.

سێهەم: بەهۆی ئەو پاشاگەردانییەی کە ناونراوە ئازادیی بیرورا و ئازادیی چالاکیی سیاسی و بەهۆی ئەو سیستمە دیمۆکراسییە ناتەندروستەوە کە لە باشووری کوردستاندا بە هەڵە جێبەجێ کراوە و دەکرێت، ئیسلامییە سیاسییەکان تێیدا گەشەیان کرد و توانیان لەو بارودۆخە پاشاگەردانییەدا زۆرترین جەماوەر بۆ خۆیان دروست بکەن و ئەم ڕەوتە ناسروشتییە ئێستایش هەر بەردەوامە.

## کەسان و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، دوژمنێکی نوێن بۆ کورد و کوردایەتی

ئیسلام ئایینێکی عەرەبییە. زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵە لە نیوەدورگەی عەرەبی، لە عەرەبستانی سعودیدا سەریهەڵداوە. ئەو ئایینە هەر ئایین نییە بەتەنها، بەڵکوو فەرهەنگ و سیاسەت و ناسیۆنالیزمی عەرەبیشە. بێگومان ئێرە شوێنی ئەم بابەتە نییە و ئەوەی پێویست بێت سەبارەت بە پێوەندییەکانی ئیسلام و کورد بنووسرێت، دەبێت بە مێژوونووسان و شارەزایانی ئەو بوارە بسپێردرێت. ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، سەرهەڵدان و بوونی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانەن کە ئایینی ئیسلامی عەرەبی بۆ مەرامە ناڕەوا و خراپەکانی خۆیان و ئەو لایەنانەی کە دروستیان کردوون، بەکار دەهێنن. ئەو کەس و گروپە ئیسلامییە بەکرێگیراوانە، بوونەتە کێشەیەکی گەورە و مەترسیدار بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی کورد و چارەنووسی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی بۆسەر یەکێتی و پارتی.

لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین و بپرسین بۆچی دوای ١٤٠٠ ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر ئایینی ئیسلامدا، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە، دوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە باشووری کوردستاندا، چەندین دەستە و کۆمەڵ و گروپی جۆراوجۆری ئیسلامی سیاسی سەریانهەڵداوە و پەیدابوون!؟ ئەمە پرسیارێکی پێویست و گرنگە و دەسەڵاتی ئەمڕۆی باشووری کوردستان و پارتی و یەکێتی دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەن و لێبکۆڵنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن. بەرژەوەندی کوردایەتی و پارتی و یەکێتی خۆیشیان ئەوە دەخوازێت کە هەوڵ بدەن، سنوور و بەربەستێك بۆ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن و بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی دابنێن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابووردوو، دەبینین لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، هیچ لایەنێکی ئیسلامی بوونی نەبووە و بەبیری کەسیشدا نەهاتووە ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بەسیاسی بکرێت. لە نێو شۆڕشدا هیچ کەس و هیچ لایەنێك بەبێ ئاگاداری و رازی لەسەربوونی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش، نەیانتوانیوە و بۆیان نەبووە هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکی دەرەکیدا دروست بکەن. ئەم کارە گرنگ و هەستیارە بۆ سەرۆکی شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی، پاوانکراو بوو. ئەمەش سیاسەتێکی کوردانە و کوردپەروەرانەی راست و دروست بووە کە سەرۆکی شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی پێڕەویان کردووە. ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە، سەرانی ئەو گروپە ئیسلامییانە بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ رێگرییەك و پرس و رایەك بە دەسەڵاتی کوردی و بەبێ هیچ تێخوێندنەوەیەك بۆ پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی باشوور، پێوەندیی بە دەوڵەتە داگیرگەرەکانی کوردستان و هەر دەوڵەت و کەسایەتی و لایەنێکی دیکەوە کە مەبەستیان بێت، دەکەن و هەر هەمووشیان پێوەندیی گومانلێکراوانەیان لەگەڵ دامودەزگا سیخورییەکانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا هەیە و بەئاشکرا کۆمەکی جۆراوجۆریان لێوەردەگرن. پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی سیاسیی کوردی تەنها سەیرکەرن و هیچ هەڵوێستێکی و نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانەیان بەرامبەریان نییە!؟

گروپە ئیسلامییەکان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر بە خێرایی پەرەیانسەندووە و ئەمڕۆ بوونەتە هێزێکی گەورەی دەسەڵاتدار و بەهەزاران لاوی کوردیان لە کوران و

لە کچان لەدەوری خۆیان کۆکردووەتەوە و بە سەدان کادریان دروستکردووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە بڵاوبوونەوە و گەشەکردن و بەهێزبووندان.

گروپە ئیسلامییەکان، جگەلە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، وابەستەشن بە تورکیا و ئێران و عەرەبستانی سعودی و میرنشینە عەرەبییەکانی کەنداوەوە. ئەم دەوڵەتانە بەئاشکرا پشتیوانییان دەکەن و کۆمەکیان پێدەکەن و دژی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی بەکاریان دەهێنن. بەرژەوەندیی عەرەبستانی سعودییە و میرنشینەکانی کەنداو، لە هەبوون و پەرەسەندن و بەهێزبوونی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیدایە.

با لێرەدا لەڕووی ئابوورییەوە نموونەیەك باس بکەین: هەتا ئیسلام زۆرتر لە نێو جەماوەری کوردستاندا بڵاوبێتەوە و گەشەبکات، ڕێژەی ئەو موسڵمانانەی کە بۆ حەجکردن و عەمرەکردن دەبێت سەردانی سعودییە بکەن، بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش سەرمایەیەکی زۆر دەباتە نێو سعودییەوە کە ئەمە لە بەرژەوەندی و بەهێزبوونی ئابوورییاندایە. حەجکەران و عەمرەکەرانی کورد بە گیرفانی پڕەوە بۆ سعودییە دەڕۆن و بە گیرفانی بەتاڵەوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە.

ئەگەر هەر حەجکەرێك پری ٥ هەزار دۆلار (بەلایەنی کەمەوە)، لە گەشتی حەجکردن یان عەمرەکردندا خەرج بکات، ئەگەر هەر ساڵێك ١٠ هەزار موسڵمانی کوردستان حەج و عەمرە بکەن، هەر ئەمە دەکاتە ٥٠ میلیۆن دۆلاری ئەمریکی. بێگومان ئەگەر دەسەڵاتی کوردی و دەوڵەتی سعودییە ڕێگا بدەن، ژمارەی حەجکەران و عەمرەکەران، چەندین ئەوەندەی ئەو ژمارەیەی کە باسکراوە، زۆرتر دەبێت.

سەرمایەی داهاتی حەج و عەمرەکردن بۆ سعودییەکان لە داهاتی نەوتی وڵاتەکە زۆرترە. ئەگەر لە ڕووی ئابووری و مێژووییەوە، ئامارێکی ئەو سەرمایەیە بکرێت کە لەماوەی ئەو ١٤٠٠ ساڵەی ڕابردوودا لە کوردستانەوە براوەتە سعودییە، ئەوسا باشتر تێدەگەین کە کورد چ زەرەرێکی ماددیی لە بە ئیسلامبوونیدا کردووە. بێگومان بەفیرۆچوونی کات و ووزە و ماندووبوونی حەجکەران و عەمرەکەرانیش زەرەر و زیانێکی دیکەیە و هەر کارەسات بووە و دەبێت بۆ کورد و کوردستان. حەجکردن و عەمرەکردنی کورد، لە مێژوودا، هەر بنبۆشبوونی ئابووری کوردستان و خەسارەت بوونی کات و وزە و توانای مرۆیی کورد بووە و لە ئێستا و داهاتووشدا هەر هەمان شتە و هەر هەمان شت دەبێت.

سەرباری ئەمەش دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لەڕێگای ئەو گرووپە ئیسلامییانەوە، بە ئاسانی دەتوانن دەست بخەنە نێو کاروباری ناوخۆیی باشووری کوردستانەوە و هەر کارێکی سیخورییانە و تێکدەرانەیان بوێت، دەتوانن لە ڕێگای ئەوانەوە جێبەجێی بکەن. باشترین نموونەی ئەو تێرۆرە، ڕووداوە دڵتەزێنەکەی هەولێری پایتەخت بوو کە زەبرێکی کوشندەیان لە کورد و پارتی و یەکێتی وەشاند.

بەهۆی ئەو گروپە ئیسلامییانەوە، سیمای کوردەواریی کوردستان شێوێندراوە و وا پڕوا ساف لە سافی کورد و کوردستان لە ڕێگای ئیسلامی عەرەبییەوە، بە ئیسلامی و بە عەرەب دەکرێت و ئەوەی سەددام و بەعسییەکان نەیانتوانی و بۆیان نەکرا ئەنجامی بدەن، ئەو کەس و گروپە ئیسلامییانە بۆیان تەواو دەکەن.

لەراستیدا ئەگەر سەددام و بەعسییە فاشیستەکان بیانزانییایە کە وا بە ئاسانی و بێ شەڕ و خوێنڕشتن لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە، کورد بەعەرەب دەکرێن و کوردستانیش بە ئیسلامی دەکرێت، نە سەربازی عەرەبیان رەوانە کوردستان دەکرد و نە شەڕیان لەگەڵ کورددا دەکرد و نە چەکی کیمیاوییان بەسەر کوردستاندا دەباراند. بەڵکوو لە هەموو گەڕەکێکدا چەند مزگەوتێکیان دروست دەکرد و چەند گرووپێکی ئیسلامی وەکوو ئەوانەی ئێستایان دروست دەکرد و لەم رێگایەوە بێ شەڕوشۆڕ و خوێنڕشتن و وێرانکاری، کوردیان بەعەرەب دەکرد و هەموو کوردستانیان تاڵان دەکرد. هەروەها ئەو هەموو خەرجی و تێچوونەی شەڕی کوردستانیان بۆ دەمایەوە و یەك عەرەب و یەك بەعسیشیان لە کوردستاندا بەکوشت نەدەدا.

ئەو گروپە ئیسلامییانە توانیویانە بە هۆی ئیسلامی عەرەبییەوە مێشکی هەزاران لاوی کورد بشۆنەوە و وا لەو لاوانە بکەن تەنها هەر بیر لە ئیسلام و خۆشیی بەهەشت و ئازار و ناخۆشیی دۆزەخ بکەنەوە و هیچ بیر و هۆشێکیان لای کورد و کوردایەتی نەمێنێت، ئیسلامییە سیاسییەکان بە شانازییەوە دەڵێن: (ئێمە پێش ئەوەی کورد بین ئیسلامین)!؟ ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و وا پڕوا ئیسلامچییێتی و عەرەبچێتی، جێگەی کوردبوون و کوردایەتی دەگرنەوە.

لە ئێستادا زۆر بە ئاسانی لە ڕێگای ئیسلامی عەرەبییەوە کورد بە عەرەب دەکرێت و سیمای کوردەواریی کوردستان بەرەو سڕینەوە دەچێت و هەست و گیانی کوردایەتی و کوردستانییێتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری، بەتایبەتی لەنێو منداڵان و لاواندا، وردە وردە بەرەو نەمان دەڕوات!؟

ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنێکی بەهێزی ناسیۆنالیستی کوردییەوە، گۆڕەپانی سیاسەتکردن و جەماوەر پەیداکردن بۆ ئەو کەس و باند و گروپە ئیسلامییانە تەخت و هەموار بووە و بەئارەزووی خۆیان پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندییەکانی تورك و فارس و عەرەب و ئیسلام دەکەن و جەماوەر، بەتایبەتی منداڵان و لاوان بەلای خۆیاندا رادەکێشن.

لە ئێستا و لە داهاتووشدا، تاکە هێز و هۆکارێك کە بتوانێت بەرامبەر بەو گروپە ئیسلامییانە بوەستێتەوە، ڕێکخستنێکی نەتەوەیی کوردی و بیری نەتەوەیی کوردی (ناسیۆنالیزمی کوردی)یە. هەر تەنها ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی کوردایەتی دەتوانێت بەربەرەکانی هەموو فەرهەنگێکی زیانبەخشی نامۆ و بێگانە بکات.

بێگومان مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەو گروپە ئیسلامییانە بە خێراییەکی زۆر سەیر پەرەدەستێنن و رۆژ بە رۆژ ژمارەیان زۆرتر دەبێت و بەهێزتر دەبن، ئەو رەوت و پەرەسەندنە خێرایە، مەترسیدارترین و گەورەترین هێز و هۆکارە بۆ نەمانی پارتی و یەکێتی لە داهاتوودا. رەوتی ئیسلامی لەم سەدەی بیستویەکەمەدا گەورەترین هەڕەشە و زیان و کارەسات و مەرگەساتە بۆ کورد و کوردستان.

کارکردن و کاریگەریی ئەو کەس و گروپە ئیسلامییانە، بەزۆری لە نێو خەڵکی گوندنشین و منداڵان و لاواندایە. زۆر بە دەگمەن خەڵکی خۆجێیی شارەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو کەس و گروپە ئیسلامیانەوە. زۆربەی سەرکردە و ئەندامانی ئەو لایەنە ئیسلامیانە هەر خەڵکی لادێن و ئەوەش بۆ ئەوان ئاسانە، چونکە خەڵکی گوندنشین سادە و ساکارن و هەستی ئایینی لەنێویاندا بەهێزە و ئاسانتر دەکەونە ژێر کاریگەریی پروپاگەندەی ئەو رەوتە ئیسلامییە سیاسییەوە.

شایانی باسە، شێوازی کارکردنی ئەو ئیسلامە سیاسییانە بەبەرنامەیە و هەتا ئێستا لە خەڵك کۆکردنەوە و جەماوەر پەیدا کردندا زۆر سەرکەوتوو بوون و خاوەنی هەزاران کادر و ئەندام و دۆست و لایەنگرن. لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی باشووری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و ئەندام و دۆست و لایەنگیریان بۆخۆیان پەیدا کردووە.

زۆربەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارە گەورەکان، لایەنگیری ئەو لایەنە ئیسلامیانەن و هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو گەڕەکانە، خەڵکی گوندنشین و لە کارەساتی رووخاندنی گوندەکان و ئەنفالەکاندا بۆ شارەکان راگوێزراون. بەڵگەش بۆ بەهێزیی ئەو لایەنە ئیسلامیانە ئەوەیە کە لە هەموو شار و شارۆچکەیەکدا دوکانی پەڕتووکفرۆشیی تایبەت بەخۆیان هەیە و بازاڕەکانی کوردستانیان پڕکردووە لە پەڕتووك و ناميلكەی ئیسلامی. لە بواری وەرگێڕانی بابەتی ئیسلامیشدا زۆر چالاکن و بەسەدان وەرگێریان هەیە. جگە لەمانەش، بازاڕەکانیان بە سی دی و دی ڤی دیی ئیسلامی پڕکردووە و فرۆشێکی زۆری لە نێو گەنجاندا هەیە. زۆربەی مەلا و بانگخواز و فەقێکانییش هەر لە خزمەتی ئەواندان و ئەو مەلا و بانگخوازانە لە وتاردانی رۆژانی هەینیدا بە ئاشکرا پروپاگەندە بۆ ئەوان دەکەن و هەموو بۆنەیەك بۆ خزمەتی ئەوان بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن. مزگەوتەکان کراون بە بنکەی پشتیوانیکردن و پروپاگەندە کردن بۆ ئەوان!؟

لێرەدا پێویستە ئەو دیاردەیەش باس بکەین کە زۆر لە مێژە لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان، لە بواری وێبسایت و راگەیاندنی دیجیتاڵیدا، لە ئینتەرنێتدا زۆر چالاکن و رۆژانە لە پێشکەوتن و پەرەسەندندان، رێگومان بۆ مەبەستە چەواشەکارییەکانی خۆیان. هەر لە ئینتەرنێتیشدا خاوەنی سەدان ماڵپەڕ و ژووری ئاخاوتنی وەکوو پاڵتۆڵکن. هەر بەهۆی ئەو ژوورانەی پاڵتۆڵك و بەهۆی ئەو وێبسایتانەوە بەئاسانی بەرهەمی ئیسلامی و پروپاگەندەکانی خۆیان بە جەماوەر، بەتایبەتیبە منداڵان و لاوان دەگەیەنن.

هەروەها بە دەیان کەناڵی تەلەفیزیۆنی و رادیۆ و ساتەلیتیان هەیە. بەکورتییەکەی ئەو لایەنە ئیسلامیانە ئێستا لە باشووری کوردستاندا بوونەتە هێز و دەسەڵات و لەگەڵ یەکێتی وپارتیدا، لە ململانێی دەسەڵاتی سیاسیدان. لە ئێستا و داهاتوودا، تاکە جێگرەوەی پارتی و یەکێتی هەر ئەو لایەنە ئیسلامیانەن.

ئیسلامیيە سیاسییەکان هێشتا نەهاتوونەتە سەر کورسیی دەسەڵات، هەڕەشە لە هەموو دیاردەیەکی سەردەمییانە و پێشکەوتووانە دەکەن و داوا لە کچان و ژنان دەکەن کە باڵاپۆش و سەرپۆشی مۆدێلی تورکی و ئێرانی و عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداو بپۆشن و واز لە میکیاج و خۆرازاندنەوە و جلوبەرگی کوردی و پۆشاکی مۆدێرن بهێنن و پۆشاکی ئیسلامیانە بپۆشن. بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دوکانی فرۆشتنی جبە و باڵاپۆش و سەرپۆشی مۆدێلی تورکی و ئێرانی و عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداویان پرەو پێداوە.

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، گەورەترین و سەرسەخترین دوژمنی کوردایەتی، هەر ئەو ئیسلامییە سیاسیانەن و لەداهاتووشدا دەبنە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی کورد و کوردستان، بەردەوام بە گشت شێوە و شێوازيك، هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەست و گیانی کوردستانییێتی و کوردایەتی لەنێو کورددا نەهێڵن.

دیسانەوە دەبێت ئەو هۆشدارییە بدرێتەوە بەدەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی بە یەکێتی و پارتی، کە پێویستە و دەبێت سنوورێك بۆ ئەو ئیسلامییە سیاسیانە دابنێن و ڕێ لە بەهێزبوون و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەیان بگرن.

ئیسلامییەکان تەنها بۆ ئەوە دروستکراون کە هەوڵی بەئیسلامکردن و بە عەرەبکردنی کۆمەڵگای کوردستان بدەن و لە ڕێگای ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە، کورد و کوردستان، بکەن بە پارووەیەکی چەور و ئاسان بۆ دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودییە.

پێویستە ئەو ڕاستییەش باس بکەین کە لە ڕابردوودا، بەهۆی شەڕی یەکترکوشتنی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، ئەو ئیسلامییە سیاسیانە زۆر زیرەکانە توانیان کەڵك لەو بارودۆخەی شەڕ وەربگرن و خۆیان بەهێز بکەن و جەماوەر بۆ خۆیان پەیدا بکەن و جەماوەرێکی زۆریش بکەن بە دوژمنی هەر دوو لایان. بەداخەوە، چ یەکێتی و چ پارتی، دژی یەکدی، کۆمەکی زۆریان بەو ئیسلامییە سیاسیانە کردووە. با بپرسین: ئایا باشتر نەبوو لەبری پشتیوانیکردن و کۆمەککردن بەو ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی بێگانە، ئەوەیان بۆ ڕێکخستنێکی نەتەوەیی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و کوردستان بکردایە!؟

هەربۆیە باشترە پێش ئەوەی بیر لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بکەینەوە، بیر لە چارەسەرکردنی ئیسلامی سیاسیی کوردی بکەینەوە.

## هۆشدارییەکی گرنگ و پێویست

چارەنووسی باشووری کوردستان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیی ئیسلامی سیاسیدایە.

ئێمەی کورد لە مێژووی خۆماندا چەندان کارەسات و ناخۆشی و نەهامەتیمان بەسەردا هاتووە. نیشتمانەکەمان بەردەوام بەدرێژاییی مێژوو لەبەردەم هێرش و شاڵاوی دڕندانەی دوژمنان و داگیرکەراندا بووە، لەو هێرش و شاڵاوانەدا کوردستان سووتێنراوە، خاپوور و وێرانکراوە، دەستدرێژیمان کراوەتەسەر، چەوسێندراوینەتەوە، ماڵومناڵ و سامان و هەموو شتێکمان بەتاڵان براوە. بە هەزاران کورد و هاونیشتمانیی کوردستان لە ناوبراون، بێ پسانەوە هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی نەژادی و ڕەگەزیمان دراوە، بە هەزاران کورد و کوردستانی بەزۆرداری و بەتۆپزی دوورخراونەتەوە و ئاوارە و دەربەدەری دەرەوەی نیشتمانی خۆیانکراون. بەکورتییەکەی هەرچی کارەسات و ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن و ماڵوێرانکەر کە لە مێژوودا بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا هاتووە، بە زیادەوە و بەردەوام بەسەر ئێمەی کورد و هەموو هاونیشتمانیانی کوردستانیشدا هاتووە. بە کورتییەکەی کارەسات دوای کارەسات، تێکشکان و هەڵسانەوە دوای تێکشکان و هەڵسانەوە، بوونەتە مێژوو و ڕابردووی ئێمە. بەڵام هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوانەی ڕابووردوو، هیچیان نەبوونەتە هۆ و هۆکاری لەناوچوون و وره بەردانمان. هەتا ئێستا هەر ماوین و هەر هەین. ئەمڕۆ ئێمەی کورد نەتەوەیەکی زیندووین. زۆرتر لە چل ملیۆن مرۆڤی بێ دەوڵەتین، کورد ئەمڕۆ گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە. بەڵام نەتەوەیەکی ڕاپەڕیو و هۆشیارین، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەر هەبووە و هەر بەردەوامە و هەتا تاکە

کورد و کوردستانییەکیش هەبێت، هەر دەمێنێت. لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی رێگای دوور، دەڵێێن: دوای رووخانی ئیمراتۆرێتیی مادی بابوباپیرانمان، دوای لەناوچوونی میرنشینە سەربەخۆکانی هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان و دوای تێکشکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان لە رۆژهەڵاتی نیشتمان، پاش هەرەسهێنانی شۆرشی ١٤ ساڵەی ئەیلوول و دەستپێکردنەوەی شۆرشی نوێ، ئەمە یەکەمجارە کە هەلی وا زێرین بۆ نەتەوەی کورد و دانیشتوانی کوردستان پەرەخسێت، ئەمرۆ لە باشووری کوردستاندا دەسەڵاتێکی کوردیی خۆبەڕێوەبردن و نیمچە سەربەخۆ بوونی هەیە، ئەم بەشەی کوردستان ئازاد و سەربەخۆیە و خۆمان وەکو کورد و هاونیشتمانیانی کوردستان ئەم بەشەی نیشتمانەکەمان بەڕێوە دەبەین، ئەم ئازادی و سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنەش هەروا لە ئاسمانەوە بۆمان نەباریوە و رێکەوت نییە. ئەمە سەرەنجامی دەریایەك فرمێسك و خوێنی رژێنراوی ئێمەیە، بەرهەمی رەنج و ماندووبوون و لەخۆبووردن و دڵسۆزیی بەردەوامی تێکۆشەران و دڵسۆزانی کورد و کوردستانە. بەرهەمی ئەو مێژوو و رابردووە پڕ لە کارەسات و رووداوانەیە کە بەسەرماندا هاتوون. هەربۆیە ئەرك و فەرمانی نەتەوەیی و نیشتمانی و رەوشتیی هەمووومانە کە ئەم دەسکەوت و ئاوەدانی و ئاسایش و ئازادی و خۆشگوزەرانییەی ئەمرۆمان بەهەموو شێوە و شێوازێك کە بۆمان بکرێت بیانپارێزین و پەرەیان پێبدەین. ئەمرۆ هەموو نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان و جیهاندا چاوی هیوا و ئومێدیان پریوەتە ئەم تروووسکاییەی باشووری کوردستان. بەڵام مەخابن و زۆر بەداخەوە، ئێستا ئەم بەشەی کوردستان لە رابردوو خراپتر لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوەدایە، بەڵام بە شێوە و شێوازێکی نوێی ترسناکتر و خراپتر. ئێمەی کورد لە مێژووی بووونماندا بەو رابردووە پڕ لە کارەساتانەوە، دوژمنان و داگیرکەران نەیانتوانوە لەناومان بەرن و ناوی کورد و کوردستان بسڕنەوە، هەربۆیە ئەمرۆ هەر هەمان دوژمنان و داگیرکەران بە شێوە و شێوازێکی دیکە لە هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنماندان. لێرەوە هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی بە چەند ئاماژەیەك باسیان بکەین.

کارەساتی دروستکردنی گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان لەلایەن دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە:

ساڵانی هەشتاکان ئەوکاتەی کە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاشکرایانەی کەسایەتی و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بوو، وردە وردە بە کۆمەك و پشتیوانیی ئیتلاعاتی ئێران و دەوڵەتە عەرەبییە رەگەزپەرستەکانی ناوچەکە و تورکە تۆرانییەکان، دەنگ و رەنگی ئیسلامیی سیاسیی پەیدا بوو بوو، بەڵام هێشتا زۆر بەهێز نەبوون و پەرەیان نەسەندبوو، ئەوکاتە هاوبیرانی پاسۆك، هاواریان لە پارتی و یەکێتی دەکرد و بە زمانێکی سادە و پڕ خەمخۆری، پێیان دەگوتن، مەهێڵن ئەم کەس و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە گەشە بکەن و بەهێزبن، رێگایان پێمەدەن کە هێزی چەکداریان لە لە کوردستاندا هەبێت، بواریان پێمەدەن بە ئارەزووی دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، چالاکی بکەن و پێوەندیی بەم دەوڵەت و بەو دەوڵەتەوە بکەن، مەهێڵن ئەم میکرۆب و ڤایرۆس و شێرپەنجانە لە جەستەی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتیدا بڵاوببنەوە و خۆیان جێگیر بکەن، مەهێڵن ئەم دەستە رەشە دروستکراوانە، منداڵان و لاوان و خەڵکە هەژار و سادە و ساکارەکەی کوردستان بخەڵەتێن و فریویان بدەن و بەلای خۆیاندا رایانبکێشن، مەهێڵن بە ناوی ئاینی ئیسلامیی عەرەبییەوە کوردستان بکەن بە پاشکۆی دەوڵەتانی عەرەبی و فەرهەنگی

ڕەسەنی کوردەواری ئەنفال بکەن و ئیخوانچێتی و سەلەفیچێتی و وەهابیچێتی و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی بکەن، بەداخەوە کەس گوێی لە هاوار و پاڕانەوەی دڵسۆزانەی هاوبیرانی پاسۆك نەگرت. تا وای لێهات لە هەورامان، کە ئەو کاتەی ئەوان تێیدا باڵادەست بوون، کچان و ژنان لە ماڵەکانی خۆیشیاندا نەیاندەتوانی بێ لەچك و باڵاپۆشی ناشارستانییانەی ئیسلامیی عەرەبی، بەسەربەستی بژین. لێرەدا بە زمانێکی سادەی جەماوەرانە دەبێ بڵێین: ماڵی سوپا بەهێزەکەی ئەمەریکا ئاوا بێت کە توانی بە زەبری سەربازییانە هەر لە ئاسمانەوە کۆتاییان پێبهێنیت. بێگومان ئەگەر ئەو هێرش و هەڵمەتە سەربازییانەی ئەمەریکییەکان نەبووایە، ئێستا ئیسلامییەکان لە هەورامان و ناوچەکانی دەوروبەریدا هەر باڵادەست بوون و بەرەو شاری سلێمانیش هێرشیان دەهێنا. دەوڵەتی ئێران بە ئاشکرا، بە هەموو شێوەیەك، بۆ شێواندی باشووری کوردستان، هەموو کۆمەك و پشتیوانییەکی ئەو چەتە تێرۆریستە ئیسلامییانەی دەکرد. هەربۆیە هەزاران جار دەستخۆشی و ئافەرین لە ئەمەریکییەکان دەکەین و زۆر سوپاس بۆ ئەوان کە ئەو گورزە کوشندانەیان لێوەشاندن و لە هەورامان کۆتاییان پێهێنان.

بەڵام مەخابن، ئێستا باشووری کوردستان. یەك لەشکر کوردی بیرداعش و داعشی ئامادە و خۆمەڵاسداوی تێدایە.

هەروەك باسمانکرد، پاسۆك لە سەرەتای هەشتاکاندا هەڕەشە و مەترسیی ئیسلامی سیاسی وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی، خستە بەردەست پارتی و یەکێتی و چەند لایەنێکی دیکە و داوای لە پارتی و یەکێتی کرد، کە بۆ دژایەتی کردنی یەکتر، کۆمەك و پشتیوانیی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە نەکەن، چونکە ئەوانە هەڕەش و مەترسیی زۆر گەورە و ترسناکن لەسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، بەڵام بەداخەوە هیچ کەس و هیچ لایەنێك گوێیان لە داخوازییەکانی هاوبیرانی پاسۆك نەگرت، بێگومان ئەمە ئەنجامەکەیەتی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا یەك لەشکری گەورە و ئامادە و خۆماڵسداو لە بیر داعش و داعشی کوردی بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبوونەتەوە و خەریکی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و جیهاد و تەعریبچێتی و بەعەرەبکردنی کورد و کوردستانن. هەرچەندە جارێ لە کوێمانە، وا پروات باشووری کوردستان دەبێت بە (داعشستان)!؟

هاوبیرانی پاسۆك بانگەوازیان دەکرد و دەیانوت بیکەن بە خاتری کورد و کوردستان، بیکەن بەخارتی خوا و ویژدانی مرۆڤایەتی، کۆمەکی ئەو کەس و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە مەکەن. پاسۆك ئەو ڕاستییەی ئاشکرا دەکرد کە ئیسلامییە سیاسییەکان لە سەددام و بەعسییە فاشیستەکان و دەوڵەتی داگیرکەری عێراق مەترسیدارترن بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی کورد و نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئەوانە زۆر بەئاسانی لە ڕێگای ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە دەتوانن خەڵکە سادە و ساکار و نەخوێنەوارەکەی کوردستان فریوبدەن و هەڵیان بخەڵەتێنن و بیانکەن بە دوژمنی کوردایەتی، بیان کەن بە دوژمنی کەلوپەلی ڕەسەن و جوانی کوردەواری، بیانکەن بە دوژمنی سروودی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان، بە دوژمنی ئەی ڕەقیب، بیانکە بە دوژمنی بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتی، بیانکەن بە دوژمی هەموو شتێکی کورد و کوردایەتی. بەڵام بەداخەوە کەس گوێی لە هاوبیرانی نەتەوەیی نەگرت، یەکێتی و پارتی لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، هەر یەکەیان بەجیا دژی یەکتری، کۆمەك و پشتیوانییان لە چەند کەسایەتی و لایەنێکی ئیسلامی سایسیی کرد، پارەیەکی زۆر و بێئەندازەیان بەسەردا هەڵڕشتن، ئەمڕۆش لە

بوودجەی هەژارانی کورد و کوردستان، سەدان بنکە و بارەگا و حوجرە و فەقێخانە و تەکیە و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی تایبەتیی ئیسلامی و دەیان کەناڵی تەلەفیزۆنی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامەیان بۆ دامەزراندوون، مانگانە بەناوی بودجەی حیزبییەوە پارەیەکی زۆریان دەدەنێ و بە هەزاران کەسی ئیسلامی سیاسییان هەر لەسەر بوودجەی خەڵکی کوردستان. خانەنشین کردوون و مووچەی موفتیان دەدەنێ. هەر بە پارە و کۆمەك و کارئاسانی کردنی دەسەڵاتی باشووری کورتدستان، ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی رەگەزپەرستەکانی تورك و عەرەب و فارس، بە سەدان ماڵپەڕ و بڵاوکراوەی جۆراوجۆیان دامەزراندوە و لەم رێگایانەوە و بەهۆی ئەم دەستاوێژانەوە پروپاگەندە بۆ ئیخوانچێتی و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی دەکەن. بە هەموو شێوە و شێوازێك، بەرژەوەندییە گڵاو و ناڕەواکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دەپارێزن.

## بنبۆش کردنی ئابووریی کوردستان لە رێگەی حەج و عەمرە کردنەوە

١٤٠٠ ساڵە پارەی کورد و کوردستان بەناوی عەمرە و حەج کردنەوە بۆ عەرەبستانی سعودییە دەچێت. شایانی باسە هەر بەو پارەیە، زۆر لەمێژ بوو دەمانتوانی بەهێزترین دەوڵەتمان بۆ خۆمان دروستبکرایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا هەژاری لە کوردستاندا بنەبڕ بکرایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا سەوزترین و جوانترین و تەندروستانەترین ژینگە بۆ کوردستان مسۆگەر بکرایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا چەندین میلۆن لاوی کوردستان لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەرزترین پروانامەیان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی زانست و زانستە سروشتی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەست بهێنایە، هەر بەو پارەیە دەتوانرا، گەرماو و ئاودەست بۆ هەموو گوندەکانی کوردستان دروست بکرانایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا هەزاران هەزار پەڕتووك لە زمانەکانی دیکەوە وەربگێردرانایە و بە میلیۆنانیان لێ چاپ و بڵاوبکرانایەتەوە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر ئەنجام بدرانایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا ئەمڕۆ خۆشگوزەرانترین کۆمەڵگەمان هەبوویایە. هەر بەو پارەیە دەتوانرا جوانرتین و بەهێزترین و پێشکەوتووترین کوردستان بوونی هەبووایە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکەین کە بەپێی راگەیەندراوێکی وەزارەتی ئەوقاف، ساڵانە زۆرتر لە چوار هەزار کەس لە باشووری کوردستانەوە بۆ حەج و عەمرە کردن سەردانی عەرەبستانی سعودییەدەکەن.

با وای دانێین کە بەلایەنی کەمەوە تێچووی هەر حاجییەك٥٠٠٠ دۆلار بێت، کە بێگومان حەجکەری دەوڵەمەندی وامان هەیە بۆ کەشوفش و خۆهەڵکێشان زۆرتر لە ١٠٠٠٠ دۆلار خەرج دەکەن. ئەمە جگە لە هەموو ئەو کات و وزەیەی کە چ خۆیان بەفیرۆی دەدەن، چ بەهۆی حەج و عەمرە کردنی ئەمانەوە کات و وزەی خەڵکیتر بەفیرۆ دەڕوات.

با بەتێکڕایی وای دانێین کە ئەو حەجکەر و عەمرەکەرانەی ئەم ساڵ ١٠٠ میلیۆن دۆلاریان لە حەج و عەمرە کردندا خەرج کردووە. واتە ئەم برە پارەیەی کوردستان براوە بۆ سعودییە و کراوەتە ناو بوودجەی عەرەبستانی سعودییەوە.

بەو برە پارەیە، بەلایەنی کەمەوە دەتوانرا ئەم پرۆژانە لە کوردستان ئەنجام بدرانایە:

چەندین خوێندگە و نەخۆشخانە و پەڕتووکخانە و مەلەوانگە و بنکەی پەروەردەی ڕۆشنبیریی دروستبکرانایە. هەروەها دەتوانرا چەندین میلیۆن نەمام بنێژرانایە.

پێویستە بپرسین، ئایا کامەیان باشتر بوون بۆ کورد و کوردستان!؟ پارە بردن بۆ عەرەب یان ئاوەدان کردنەوە و سەوزتر کردنی کوردستان!؟ پارە بردن بۆ عەرەب یان نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی لە کوردستاندا!؟ پارە بردن بۆ عەرەب یان ئاوەدان کردنەوە و بە شارستانی کردنی کوردستان!؟ پارە بردن بۆ عەرەب یان چارەسەر کردنی کێشەی منداڵە هەژارە کرێکار و ئیشکەرەکان و سواڵکەرەکانی کوردستان!؟

ئەگەر سەردان کردنی عەرەبستانی سعودیە بەناوی حەج و عەمرە کردنەوە بۆ ئەوە بێت کە تاوان و گوناهەکانی خۆیان پاك بکەنەوە، ئەوە دڵنیابن، خوا ئاگاداری هەموو شتێکە و تاوان و گوناهەکانی مرۆڤ، نە بەسەردانی سعودیە و نە بەسەردانی هیچ شوێنێکی دیکەی گۆی زەوی و نە بە سەردانی گۆڕی هیچ کەسێك پاك نابنەوە و بەو شێوەیە ڕەزامەندیی لێخۆشبوونی یەزدانی بەدەست ناهێنرێت.

خوا دەبێت لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەبێت و ئاگای لە هەموو شتێکی هەموو بوونەوەرەکانی زەوی و هەموو بوونەوەرەکانی تری گەردوون بێت.

دەکرێت بێ ئەوەی کورنووش بۆ هیچ شوێنێکی ئەم گۆی زەوییە ببرێت، ڕوو لە خوا بکرێت و خواپەرستی بکرێت. دەکرێت سەر بەرزبکرێتەوە و ڕوو لە خوا بکەرێت، دەکرێت سەر دابخەرێت و ڕوو لە خوا بکرێت، دەکرێت چاوەکان کراوە یان داخراوبن و ڕوو لە خوا بکەرێت و خواپەرستی بکرێت.

سەردان کردنی سعودییە و پارە بردن بەناوی عەمرە و حەجەوە بۆ عەربستانی سعوودییە، لە خۆ هەڵخەڵەتاندن و دەوڵەمەندتر کردنی عەرەبستانی سعوودییە زایتر، هیچ سوود و مانایەکیتری نییە.

سەردان کردنی کورد بەناوی عەمرە و حەجەوە بۆ عەرەبستانی سعودیە، جگە لە پارە و کات و وزە بەفیرۆدان، هیچیتر نییە. جگە لە بنبۆش بوونی ئابووریی کوردستان، هیچ مانایەکیتری نییە. جگە لە دواکەوتن و خۆخەڵەتاندن، هیچ ئەنجامێکیتری نییە.

عەمرە و حەج کردنی کورد و کوردستانییان، بۆ دەوەڵەمەندتر بوونی عەرەب و عەرەبستانی سعودییە،کارەسەتی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ کورد و کوردستان.

پارەی حەج و عەمرە کردنی موسڵمانان بەم شێوەیە خەرج دەکرێت:

١- بەشێکی زۆری لە ڕێگای بازرگانی کردن بە حەج و عەمرەوە، دەچێتە گیرفانی بازرگانان و سەرمایەداران و سەرانی دەسەڵاتداری عەرەبستانی سعودییەوە و ئەوانیش بۆ گەندەڵێتی و بەدڕەوشتی و خۆشگوزەرانیی ژیانی تایبەتیی خۆیان سوودی لێوەردەگرن.

٢- بەشێکیشی بۆ دروست کردنی مزگەوت و خوێندنگەی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ئیسلام بەگشتی لەناو وڵاتان و میللەتانی دیکەدا تەرخان دەکرێت، کە ئەمە تەنها لەپێناوی عروبە و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا خەرج دەکرێت.

بێگومان ئەمە بەشی کەسانی تەعریبچی و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و تێرۆریزمی ئیسلامیی جیهانیشی تێدایە.

٣- بەشێکی دیکەیشی بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی عەرەبستانی سعودییە بەکار دەهێنرێت.

لە دواجاردا دەبێت بڵێین: با پاراستن و بەرگری کردن لە نەتەوە و لە نیشتمان، لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت. با ئەو پارەیەی بەناوی حەج و عەمرەکردنەوە دەبرێت بۆ عەرەبستانی سعودییە، بدرێت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و با بۆ ژیان و پێداویستییەکانی پێشمەرگەکانمان بێت کە بە گیان و سەروسامانی خۆیان بەرگری لە کورد و کوردستان دەکەن و دەیپارێزن.

## هەستی تاوانباری و خۆبەتاوانبارزانین

هەموو ئەو کوردانەی کە لە ترسی مردن و بۆ خۆپاککردنەوە و داوای لێبووردن کردن لە ئەڵڵای عەرەب، بەناوی حەجکردن و عەمرەکردنەوە، سەردانی عەرەبستانی سعودییە دەکەن و لە پێناوی ئەگەری لێخۆشبوونی هەڵەکان و تاوانەکانیاندا، پارەیەکی زۆری کات و وزە و رەنجی شانی خۆیان، وەکو بەرتیلی لێخۆشبوون، بە عەرەب دەدەن، دەبێ لە گەڕانەوەیاندا، ئەو پرسیارەیان لێبکرێت کە چ هەڵە و تاوانێکیان کردووە!؟

## حەج و عەمرە

بەدڵنیاییەوە ئەگە ئەمڕۆ خاوەنی چەند مەلایەکی دڵسۆز و مرۆڤپەروەری وەکو مەلای گەورەی کۆیە بووینایە، لەم هەلومەرجە ناسك و هەستیار و پڕ لە کێشەیەی ئێستادا، فەتوایان دەدا کە ڕەوا نییە هیچ کەسێك لە باشووری کوردستانەوە بەناوی حەج و عەمرەوە پارە و کات و وزەی خۆیان بەفیرۆ بدەن.

ساڵانە لە باشووری کوردستانەوە زۆرتر لە چوار هەزار کەس بۆ حەجکردن دەچن بۆ عەرەبستانی سعودییە، ساڵانە بە هەزارن هاونیشتمانیی دیکە بەناوی عەمرەوە بە میلیۆنان دۆلار لە سعودییە خەرج دەکەن و لەوسەرەوە بە ماندوویەتی و گیرفانی بەتاڵەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانێکی پڕ لە هەژاری و کرێچێتی و بێکاری و نەبوونی و برسێتی و بێ کارەبایی و بێ ئاوی بێ سووتەمەنی و بێ....هتد، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا ئەوانە چ گوناه یان تاوانێکیان کردووە کە وا لە خۆیان بەگومانن و گوایە بەسەردانکردنی وڵات و میللەتێکی دواکەتووی وەکو عەرەبی سعودییە، گوناه و تاوانەکانیان پاك دەبێتەوە و خوا لێیان خۆش دەبێت!؟ بۆ مەگەر خوا ئاگادار نییە کێ چی کردووە کێ چی نەکردووە!؟ ئیتر ئەم خۆخەڵەتاندنەی بۆچییە!؟

ئایا باشتر و مرۆڤانەتر نییە، ئەو پارەیە لە منداڵان و خوێندکارانی هەژاراندا خەرج بکەن و ژیان و داهاتوویەکی باشتر و بەختەوەرانەیان بۆ مسۆگەر بکەن!؟ ئەمە ئەو کارە باشەیە کە خوا و هەموو مرۆڤایەتیش پێیان خۆشە و لێی رازین.

باشووری کوردستان ئێستا لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بووە بە دوو ئۆردووگا، یەکەم، کوردی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر، دووەم،

ئیسلامی سیاسیی تەعریبچی و ئیخوانچی و بەکرێگیراوانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان. ئەمانە یەك لەشکری گەورەن لە جاش داعشی ئامادەکراو و خۆمەڵاسداو، بێگومان نیشانەکانی روون و ئاشکران کە لە داهاتوودا ئەنجامەکەی کارەساتاوی دەبێت!؟

## ئێمەی کورد خۆمان بەخۆبەخش، پشتیوانی و کۆمەکی لەشکری تێرۆریستی داعش دەکەین!؟

بە پێی ئاماری وەزارەتی ئەوقافی ئیسلامی، ساڵی ٢٠١٤، ٣٤ هەزار کورد لە باشووری کوردستانەوە بۆ عەمرەکردن، سەردانی عەرەبستانی سعودییەیان کردووە. ئەمە جگەلە چەند هەزارێکی دیکەش کە بۆحەجکردن، روویان لەوێ کردووە!؟

لەکاتێکدا کە کوردستان لە دژوار ترین تەنگەژەی ئابووریدا بووە، بە هەزاران منداڵی بۆیاخچی و ئیشکەر و کرێکار و هەژار و رەشورووت و برسیمان هەن، بەهەزارن پێشمەرگەی کرێچی و هەژارمان هەن، بە هەزاران کێشە و ناتەواوی و کەموکورییمان لە گشت بوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیاندا هەن. لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك باس دەکەین: چەك و تەقەمەنی و ئامرازەکانی بەرگری لە خۆکردنمان وەکو پێویست نین، کەموکوریمان لە هەموو بوارەکانی تەندروستدایدا هەیە، وەکو پێویست نەخۆشخانەمان نییە، نەخۆشخانەکانمان چەندین ناتەواوییان لە ئامرازەکانی نەشتەرگەری و چارەسەرکردنی نەخۆشەکاندا هەیە. لە کاتێکدا کە ئێمە خۆمان لە گەورەترین کێشەی دارایي داین، ٣٤ هەزار هاونیشتمانیی ئەم وڵاتە پرلەکێشە و هەژارییە، پارەی رەنج و ماندووبوونی خۆیان بردووە بۆعەرەب و دەوڵەتی داعش پەروەری سعودیە، ئایا ئەمەکارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانیی نییە!؟

ئەگەر هەر عەمرەکەرێك، (بێگومان بەلایەنی کەمەوە)، پری ٣ هەزار دۆلاری خەرج کردبێت، هەرئەوەندە دەکاتە ١٠٢ میلیۆن دۆلار!؟ با ٢٥ میلیۆنێکیش بۆ حەجکەران دابنێین، ئەمە زۆرتر لە ١٢٧ میلیۆن دۆلاری خەڵکی کوردستان چووتە گیرفانی عەرەب و بوودجەی دەوڵەت و وڵاتی سعودییەی داعش پەروەرەوە، با ئێمەی کورد لە خۆمان بپرسین، لەلایەکەوە لەشکری تێرۆریستی داعش هێرشمان بۆ دەهێنن و دەیانەوێت کۆمەڵکوژمان بکەن و وڵاتەکەمان داگیر و وێران بکەن، لەلایەکی دیکەوە هەر ئێمەی کورد خۆمان، لە رێگای حەج و عەمرە کردنەوە، بەخۆبەخش و بەپارەی رەنجی خۆمان، هاوکاری و کۆمەکی سەرچاوەکانی داعش دەکەین!؟

ئەرێ بەڕاست ئێمەی کورد، کەی بیرێك لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆمان دەکەینەوە!؟

## پەند و وانەیەك بۆ ئەوانەی کە دەچن بۆ حەج و عەمرە

پاشای سعودییە ئاودەستێکی لە زێڕ دروستکراوی، بە بۆنەی یادی سێ ساڵەی هاوسەرگریی کچەکەیەوە، پێشکەشی کچەکەی کرد کە نرخەکەی ٣ ملیۆن دۆلار بووە!؟

بنەماڵەی ئال سعود، بەهۆی ئیسلام و حەج و عەمرەوە گاڵتە بە پارە دەکەن، کوردیش بەهۆی هەمان ئایینەوە، ئەنفال دەکرێن و کۆمەڵکوژیی دەکرێن!؟

سەیرە، بێجگە لەو دواکەوتووانە، چونکە بە پەیداکردنی پارەکەوە ماندوو نەبوون، کێ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاودەستی لە ژێر دروستکراو بکات بەدیاری!؟

زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵە عەرەبستانی سعودیە، بەهۆی حەج و عەمرەکردنی موسڵمانانەوە، ساڵانە پرە پارەیەکی بێئەندازە زۆر و خەیاڵی پەیدا دەکەن. لەڕاستیدا حەج، هیچ خەرجییەکیشی بۆ ئەوان تێناچێت، موسڵمانان بەخواستی خۆیان سەردانی سعودیە دەکەن و ئەو پارەیەیان بۆ دەبەن و هەر حاجییەکیش پرە پارەیەکی زۆر لە کاتی حەج و عەمرەکردندا خەرج دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی عەرەبستانی سعودییە، وەك دەوڵەتێکی عەرەبی و ئیسلامی، لە ماوەی ئەم ١٤٠٠ ساڵەدا بۆ تەنها جارێکیش بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە هیچ نەبێت پارەی ساڵێکی قازانجی حەج و عەمرە بدەن بە هەژارانی وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە کە ئەوانیش هەر وەکو ئەوان، مرۆڤ و موسڵمانن. با هەژارانی ئەو وڵاتە عەرەبییە هاوخوێن و هاونیشتمان و هاوئایینانەشیان لە هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و مەینەتیدا نەژین. بەدڵنیاییەوە، بە پارەی یەك ساڵی قازانجی حەج و عەمرە، چەندین میلۆن مرۆڤی هەژار، لە هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و بێ خانە و لانەیی ڕزگاریان دەبێت، بەڵام ئایا دەوڵەتی سعودی و سەرمایەدارە سعودییەکان بە شتێك ئاشنان کە ناوی ڕەوشت و ئاکار و ویژدانی مرۆڤایەتی بێت!؟

## مزگەوتەکان، مەلا و بانگخواز و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، وەك هۆکار و کارگەی بەرهەمهێنانی داعشی کوردی

هیچ پێتان سەیر نەبێت کە کوردێکی زۆر لەناو لەشکری ڕەش و تێرۆریستی داعشدابن، هیچ پێتان سەیر نەبێت کە بیرداعشەکانی کورد، کوشتنی کریستیانەکان و کوردانی ئێزیدی و کاکەیی و یارسانی و زەردەشتی بە ڕاست و ڕەوا بزانن، هیچ پێتان سەیر نەبێت کە کوردێکی ئیسلامی سیاسی بڵێت: (پێش ئەوەی کورد بم موسڵمانم!؟). هیچ پێتان سەیر نەبێت کە کوردێك، عەرەب و عروبە بە پیرۆز بزانێت و لە هاونەتەوە و هاونیشتمانییەکانی خۆی بە باشتر و بەرزتر و گەورەتریان بزانێت، هیچ پێتان سەیر نەبێت کە ئیسلامییەکی سیاسیی کورد، ئازار و ئەشکەنجەدان و سووتاندن و کوشتن و سەربڕین و پارچەپارچەکردنی کوردێکی دیکەی ناموسڵمان بە ئەرك و فەرمانی ئایینیی سەرشانی خۆی بزانێت!؟ ئەی ئیشوکار و ئەرك و فەرمانی ئەو هەموو کەس و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە و ئەو ٥٢٣٠ مزگەوتەی باشووری کوردستان چی بووە، لە بڵاوکردنەوەی پووچپەرستی و بیروباوەڕی توندوتیژانە و جیهادکردن و داعش پێگەیاندن زیاتر!؟ ئەی لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان، باسی چی دەکرێت، خۆ باسی زانست و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر و سۆفتویر و گەشەسەندنی زانستی پزیشکی و گەردوونناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێت، خۆ باسی ماتماتیك و کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەستێرەناسی و پەروەردەی زانستییانە ناکرێت، خۆ باسی شۆڕشەکانی کورد و ژیانامەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد و کوردایەتی ناکرێت، خۆ باسی بیروباوەڕی کوردایەتی و پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان ناکرێت، خۆ باسی مێژووی کورد و جوگرافیای

کوردستان و وێژە و چیرۆك و رۆمان و هۆنراوەی کوردی ناکرێت، خۆ باسی بیروباوەڕی مرۆڤدۆستی و ئازادی و دیمۆکراسیی و مافە رەواکانی تاك و ئازادبیری و پرینسیپەکانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و سەردەمیانە ناکرێت، خۆ باسی ئەزموونی باش و پێشکەوتووی نەتەوە پێشکەوتوو و خاوەن شارستانێتییەکان بۆ خەڵکی کوردستان ناکرێت، خۆ کۆرسی فێربوونی زمانە پێشکەووتووەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و رووسی و ئیتاڵی و....هتد، لە مزگەوت و تەکیە و بنکە ئایینیەکاندا ناخوێندرێت!؟ هەر باس باسی پێویستبوون و پیرۆز بوونی کورنووش بردن بۆ عەرەب و عەرەبستانی سعودی دەکرێت، هەر باسی گرنگیی خۆبرسی کردن و خۆتینووکردن و لەخۆدان و ماتەمینی و شین و شەپۆر کردن دەکرێت، هەر باسی گەشتکردنی سعودییە و پارەبردن بۆ عەرەب و عروبە دەکرێت، هەر باسی توندوتیژیی دژی کچان و ژنان و سەرپرین و سووتاندن و پارچە پارچەکردنی کەسانی نا موسڵمان دەکرێت، هەر بە (باشە!؟) باسی رابردووی پڕ لە هەڕەشە و هێرش و پەلامار و شەڕ و کوشتارەکانی لەشکری عەرەب و عروبە دەکرێت، هەر بە (باشە!؟) باسی ژیان و کردەوەکانی کەسانی تێرۆریست و داگیرکەر و جیهادکار و مرۆڤکوژ و ئەنفالچییەکان دەکرێت، هەر باسی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و وەهابیزم و سەلەفیزم و تەعریبچێتی دەکرێت، هەر عەرەب و عروبە پیرۆز دەکرێت، هەر باسی جیهاد و نیکاح و زینا و سزاکانی ناو گۆڕ و دۆزەخی عروبە دەکرێت، سەرباری بوونی هەموو ئەمانەش، یەك بنکە و سەنتەری رۆشنبیریی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ کوردایەتی و کورد و کوردستان، لە باشووری کوردستاندا بوونی نییە!؟ بەڵام گەورەترین بوودجەی باشووری کوردستان بۆ وەزارەتی ئەوقاف و ئەو مزگەوت و کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە تەرخانکراوە!؟ ئیتر هیچ پێتان سەیر نەبێت، کە بەشێکی لەشکری چەتە تێرۆریستەکانی داعش، داعشی کوردی بن!؟

## دووروویی ئیسلامییە سیاسییەکان

ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان، واتە موسڵمانانی دەستی دوو، کە لەبەر مارشی نەتەوەیی کورد، سروودی پیرۆزی ئەی رەقیب هەڵناسن و لە هۆڵی پەرلەمانی بەناو کوردستاندا، بێ رێزی بە خۆیشیان و بە هەموو کورد و کوردستانییەکیش دەکەن، ئەوە درۆ لەگەڵ خۆیان و مێژوودا دەکەن، ئەو هەڵوێستە نانەتەوەیی و ناپاکییەیان تەنها هەر لەبەر ئەو لایەن و دەوڵەتە دوژمن بە کوردانەیە کە سەرچاوەی دارایی و ژیانی ئەوانن، ئەوان شینی پارە و رابواردن و خۆشگوزەرانی خۆیان دەکەن. بەهۆی ئەو دوژمنایەتییەوە کە بەرامبەر هەموو پیرۆزیەکانی کورد و کوردستان نیشانی دەدەن، دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، پارە و داهاتێکی موفتی زۆریان بەسەردا رژاندوون و لە سایەی بێ رێزی و سووکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمانی خۆیانەوە، بێ کار کردن و خۆماندووکردن، بێ خەم، دەخۆن و دەخۆنەوە، چ شتێکیتر لەم پاڵدانەوە و رابواردن و خۆشگوزەرانییە باشترە بۆ کەسانێك کە هیچ هۆش و هەست و سۆزێکی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییان نەبێت!؟

## ئیسلامییە سیاسییەکان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان

ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەك دەچێت کە بەردەوام، ژێر بەژێر لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە، کۆمەڵگەی کوردەواری بەعەرەب دەکەن، سیمای ڕەسەنی کوردەواری دەشێوێنن، بانگاشە دژی کوردایەتی دەکەن، ئەوانە دژی هەموو شتێکی ڕەسەنی کوردەوارین، دژی جلوبەرگی جوانی ئافرەتانی کوردن، دژی هەموو چالاکی و دیاردەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتووانەن، دژی هەموو شتێکی جوانن، دژی سروودی نیشتمانی و دژی ئاڵای پیرۆزی کوردستانن!؟ باڵێرەدا ڕابوەستین و تەنها لەسەر ئاڵای کوردستان شتێك باس بکەین: هەموو کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و تەواوی ئەو مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخواز و مجێور و خوێندکار و فەقێیانەی کە سەربەوانن، هەموویان پێکڕا دژی ئاڵای کوردستانن و پێیان وایە ئاڵای کوردستان کفری تێدایە، ئەوان ئەو ڕۆژە پرشنگدارەی نێو ئاڵای کوردستان کە هێمای ئایینی زەردەشتێتییە، بە ئاگرپەرستیی دادەنێن و دژایەتی و دوژمنایەتیی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە گڵاو و ناڕەوایەیان، هەتا ئێستا چەند پێشنیازێکی گەوجانە و نۆکەرپیشانەیان پێشکەش کردووە کە گوایە ئاڵای کوردستان بگۆردرێت و لەبری ئەو ڕۆژە جوان و پرشنگدارە، (الله اکبری) عەرەبی لە شوێنەکەیدا بنووسرێت!؟ شایانی وتنە کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەوڵ بدرێت ئاڵای نەتەوەیەك بە زمان و بە پیتی نەتەوەیەکی دیکە لەسەری بنووسرێت!؟

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە دەسەڵاتی کوردی و گەورە هێزەکانی باشووری کوردستان، تەنها هەر لەسەر ئەم پێشنیازە ناشایستە و تاوانئامێزەی ئیسلامییە سیاسییەکان، دەبووایە بە یاسا، هەموویانیان یاساخ بکردنایە و لێپێچینەوەی یاسییان لەگەڵدا بکردنایە، بە سزای ڕەوای خۆیانیان بگەیاندنایە، چونکە ئەو پێشنیازە نارەوایەیان بۆ گۆڕینی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بەو شێوە تەعریبچییانەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، بێ ڕێزی کردن و سووکایەتی کردنە بە پیرۆزترین هێمای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان. بەڵام مەخابن، دەسەڵاتی کوردی و بەرپرسان و لایەنە پێوەندیدارەکان، بێخەم و بێباکن لەم هەڕەشە و مەترسییانە، هیچ گوێ نادەنە ئاساییشی نەتەوەیی کورد و نیشتمانیی کوردستان، هەموو شتێك لە ئیسلامییە سایسییەکان بە ئاسایی وەردەگرن و بۆیان پەسەند دەکەن تا ئەو ڕۆژەی ئەو گەورەترین گۆڕەی کە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ پارتی و یەکێتی، بەردەوام خەریکی هەڵکەندنین، تەواوی دەکەن و بەکۆمەڵ زینووبەچاڵیان دەکەن!؟ هەموو شتێك کاتی خۆی دێت و ئیسلامییە سیاسییەکان بەردەوام خەریکن و هیچ پەلەیان نییە و لە کاژێری دیارینەکراوی (سفر)دا دەستبەکار دەبن!؟

### ئایا سەربڕین و خوێنڕشتن، جەژنە و پیرۆزە و خۆشییە!؟

کابرایەکی شێت یان نەخۆش کە ویستوویەتی کورەکەی خۆی سەرببڕێت، گوایە بەو تاوانە دڵی خوا لە خۆی ڕازی بکات!؟ پاشان، سەربڕین و خوێنڕشتنی کورەکە، گۆڕاوەتەوە بە ئاژەڵی بێگوناە، ئەمە چ جەژن و چ پیرۆزی و چ خۆشییەکە!؟

## دیاردەیەکی مەترسیدار و ترسناك بەڕێوەیە

هەتا هەزاران هاونیشتمانیی بێتاوان تێرۆر نەکرێن، هەتا دەیان شوێنی گشتی نەتەقێنرێنەوە و وێران نەکرێن، ئەو هێز و بەرپرسانەی کە وڵات بەڕێوە دەبەن و ئێستا سەرمەستی کورسی و دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و رابواردنن، لەم خەوە خۆشە، هۆشیار نابنەوە. ئەم دیاردەیە ترسناکە و وردە وردە پەرەدەسێنێت و کەسانی خۆکوژ و خۆتەقێنەرەوەش لەناو لاوانی کوردستاندا بە هاندانی ئەو گروپ و مالا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسیانە، دروست دەبن و خۆیان لە لە مۆڵ و بازاڕ و سینەما و شانۆخانە و هۆتێل و شوێنە گشتییەکانی دیکەدا دەتەقێننەوە. بارودۆخە کە بەرەو ئەوە دەچێت کە وردە وردە هەر لە رێگەی ئەو کەسە فریودراوانەوەی کە مێشکیان بە بێگانەپەرستی و پووچپەرستی و تەعریبچێتی و عروبە دەشۆنەوە، بارودۆخی ئاساییشی کوردستان تێکبچێت و ئەزموون و دەستکەوتەکانی کورد لەناو بەرن، ئەم دەسەڵات و هێزە کوردییانە، ئەم کێشە گەورەیە بە کەم دەگرن و فەرامۆشیان کردووە. بەڵام مەلا و بانگخواز و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بە بەرنامە خەریکی ئەوەن کە لەشکرێك لەو لاوە نائومێد و بێ پارە و سەرگەردان و بێ کارانە پێبگەیەنن و مێشکیان بە ئیسلامجێتی و عەرەبچێتی و عروبە بشۆنەوە و پێیان ئاسایی بێت کە لەپێناوی ئیسلامی عەرەبی و عروبەدا خۆیان بتەقێننەوە و هەزارن کورد و کوردستانی تێرۆر بکەن. لەمێژە کەسان و لایەنە دڵسۆزەکانی کوردایەتی هاوار دەکەن و هۆشداری دەدەن بە بەرپرسان و گەورە هێزەکانی باشووری کوردستان کە ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە جێگرەوەی بەعس و عروبەن و مەترسیدارن و هەڕەشەن بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان. ئەمانە پێویستە و دەبێت بە یاسا، یاساخ بکرێن و مۆڵەتی کارکردنیان لێبسێنرێتەوە و وتارخوێندنەوەی مەلاکان و بانگخوازەکان بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتیی ئاساییش و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکەی کوردستاندا بێت.

## گریمانەیەك

با وای دانێین، پەیامبەری موسڵمانان، محەمەدی عەرەب، عەرەب نەبووایە و لە کوردستان لەدایك بووایە و کورد بووایە، قورئانیش بە عەرەبی نەبووایە و هەر هەمان قورئان بە هەمان ناوەڕۆکەوە بە زمانی کوردی بووایە، ئایا ئەوکاتە هیچ عەرەب و تورك و فارسێك، محەمەدی کوردیان بە پەیامبەری خۆیان و ئایینی ئیسلامی کوردییان بە ئایینی خۆیان پەسەند دەکرد و دەبوون بە موسڵمان!؟

## ئەم پێشبینییە هەر بۆ ئێستا نییە

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، ژێر بە ژێر کار بۆ بە ئیسلام کردن و بە عەرەب کردنی سەرانسەری باشووری کورستان دەکەن.

ئەگەر لە ئەمڕۆوە ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە یاسا. یاساخ نەکرێن و هەڵنەوەشێنرێنەوە، ئەگەر هەموو ئەو مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخواز و فەقێ و چالاکووانە جادووگەرە ئیسلامییە سیاسییانە دەمکوت نەکرێن و لە تەعریب و عەرەبچێتی و عروبە

نەخرێن، بە دڵنیاییەوە هەرچیمان دامەزراندووە و هەرچیمان پێکەوە ناوە لە باشووری کوردستان، هەمووی وەك بەشە میراتی بۆ ئیسلامی سیاسی دەمێنێتەوە و هەموو شتێکمان لێ تێکدەچێتەوە. ئەوان بەردەوام بە ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی، تەلاری کوردایەتی بنبۆش دەکەن و گەنج و منداڵانی کوردستان بەلای خۆیاندا رادەکێشن و رۆژ بە رۆژ بەهێزتر و فراوانتر دەبن. وەزارەتی ئەوقافیش کە ئێستا بووە بە وەزارەتی بەعەرەبکردنی کوردستان و بڵاوکردنەوەی جەهالەت و گەمژەیی و نەزانین، ئەمانیش یارمەتیدەر و پشت و پەنای ئەو رەوتە ئیسلامچی و ئیخوانچی و تەعریبچییەن و ئەو بوودجە تۆکمەیەی کە لە دەسەڵاتی کوردیی وەردەگرن، هەمووی بۆ ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی و عروبە بەکار دەهێنن و توانیویانە سەرانسەری کوردستان بە مزگەوت بتەنن. ئەم وەزارەتە ١٦ بارەگای گەورەی لە باشووری کوردستاندا هەیە و بە هەزاران مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و چالاکووانی ئیسلامی و فەقێ و مجێوری ئیسلامیی سیاسی و کارمەندی جۆراوجۆر بەخێو دەکەن. ئێستا ئەم وەزارەتی ئەوقافە و بارەگاکانی گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و زۆرتر لە ٥٠٠٠ هەزار مزگەوت، نەخشی بنکەی تەعریب و بارەگاکانی بەعسییەکانی جاران دەبینن!؟

ئێمەی کورد یان خەوتووین، یان بێباکین لە چارەنووسی خۆمان، لە داهاتوودا لە رێگەی ئیسلام و ئەو کەس و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسانەوە، تەواو دەبین بە پاشکۆی قەتەر و عەرەبستانی سعودی و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەی کەنداو. لە ئێستاشدا، تورکیا و ئێرانیش دەستیان ژەنیوەتە نێو هەموو کاروبارێکی ژیانمانەوە!؟

ئێمە، ئێستا باشووری کوردستان بۆ ئەم وڵاتانە بەڕێوە دەبەین و بۆ ئەوانی ئاوەدان دەکەینەوە کە لە داهاتوودا ئەوان دەبن بە خاوەن ماڵ و ئێمەی کورد خۆیشمان دەبین بە کرێچی یان میوانێکی ملکەچ و خزمەتکاری ئەوان!؟

## تکایە فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

زۆر بەداخەوە سەرانی دەسەڵاتی کوردی، تەواو هاوکاریی ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان دەکەن و لە هەموو شتێکدا لە هەموو فەتوا و کاروکردەوەیەکی ناپاکانە و دوژمنکارانەیاندا، بێ هەڵوێستن بەرامبەریان و ملکەچیانن و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکەن. ئەمەش بێگومان بەهۆی کاریگەری و باڵادەستیی دەوڵەتانی دوژمنی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوەیە بەسەر ئەو دەسەڵاتە کوردییەوە. ئەو ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە و ئەو مەلا و بانگخوازانە، بەناوی ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە، ژەهری عەرەبی دەرخواردی کورد و کوردایەتی دەدەن. زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ لە سایەی ئازادی و دیموکراسیدا، لە سەردەمی بەعسی فاشیست زۆرتر، کورد و کوردستان بەعەرەب دەکرێ و فەرهەنگی رەسەنی کوردەواری لە لایەن ئەو ئیسلامیە سیاسیانە و ئەو مەلا و بانگخوازانەوە، ئەنفال دەکرێ. ئەو ناپاکانە بە پەیڤ و وتاری ناشیرن و پاشکەوتووانە، بە هەڕەشە و فەتوای ناڕەوایانە، بە جلوبەرگی ناشیرین و ناشارستانییانە، بە لەچك و باڵاپۆش و جبەی عەرەبییانە، سیما و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییان تەواو شێواندووە. دەبێت بڵێین کە هەتا ئێستا بەعسیزم و ئەنفال و بەعەرەبکردنی کورد و کوردستان هەر بەردەوامە!؟

# جاران و ئێستا

- دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان گەورەترین گۆڵی مێژووییان لە کوردی باشووور کردووە.

- مەخابن، ئێمەی کوردی باشوور لە لێواری هەرەس هێنان و مایەپووچبووندایین، کەچی زۆر بەداخەوە لێی بێباکین و خۆمانی لێ گێل دەکەین!؟

- هەتا ساڵی هەشتاکانیش، یەك کەس و باند و گروپی ئیسلامی سیاسیی رووی ئەوەیان نەبوو بە ئاشکرا خۆیان دەربخەن و بانگاشەی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و تەعریبچێتی بکەن، ئێستا بە ئاشکرا چەندین کەس و باند و گروپ و ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی بەشدارن لە دەسەڵاتی کوردیدا و زۆرترین بەشە بوودجەی میللەت لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ ئەوان تەرخانکراوە، خاوەنی چەندین کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و مانگنامە و هەفتەنامە و چەندین ماڵپەڕی جۆراوجۆرن، خاوەنی چەندین بنکەی ئایینی و بارەگا و تەکیە و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و مەڵبەند و سەنتەری جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیانن، تا ئەندازەکیش خاوەنی هێزی چەکداری تابەتیی خۆیانن، خاوەنی زۆرترین جەماوەری هەژار و سادە و ساکار و ناچار و بیرنەکەرەوەن!؟

- هەتا ساڵانی هەشتاکانیش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم کچی کورد لەچکی عەرەبی ئیسلامی لەسەردا بوو، بە دەگمەن باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانییانەی عەرەبی ئیسلامی، مۆدێلەکانی میرنشینەکانی کەنداو و سعودییە و ئیخوانەکانی میسر و تورکیایان دەپۆشی، ئێستا ئەم جلوبەرگە ناشیرین و دواکەوتووانەیە شوێنی جلوبەرگی رازاوە و جوان و ڕەسەنی کوردەوارییان گرتووەتەیە. جلوبەرگی ئیسلامی سیاسی، دیاردەی بەربڵاو و باوە و لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا ئەو سیما ناشیرین و ناشارستانییانەیە بەرچاو دەکەون!؟

- جاران یەك مەلا و مجێور و فەقێ و مامۆستا و خوێندکاری ئایینی دژی سرووودی نەتەوەیی کوردی، ئەی ڕەقیب نەبوو، دژی ئاڵای پیرۆزی کوردستان نەبوون، دژی جلوبەرگی جوان و ڕەسەنی ئافرەتانی کوردستان نەبوون، دژی مەلەوانگە و شانۆ و سەماگە و سینەما و وێنەگرتن و هیچ دیاردەیەکی پێشکەوتن و شارستانییانەی دیکە نەبوون، ئێستا بەدەگمەن مەلایەك، بانگخوازێك، مامۆستا و خوێندکارێکی ئایینی، مجێورێك، فەقێیەك دەدۆزیتەوە کە مووچەخۆری ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە نەبن و دژ و دوژمنی هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان نەبن!؟

- جاران مزگەوتەکانی کورستان ژمارەیان یەك لەسەر چواری ئەوانەی ئێستا نەدەبوو، ئێستا بە پێی ئاماری وەزارەتی تەعریبچیی ئەوقاف، ٥٢٣٠ مزگەوتی عەربیی ئیسلامی لە باشووری کوردستاندا هەن و باشترین و زۆرترین خزمەتگوزارییان بۆ دابینکراون، زۆربەی ناوی مزگەوتەکانیش عەرەبی و ئیسلامین!؟

- جاران مزگەوتەکان شوێنی خواپەرستی و کاروباری ئایینی بوون، شوێنی کەسانی چاکەخواز و کوردپەروەر بوون، بنکەی پشوودان و کۆبوونەوەی پێشمەرگانی شۆرشی کوردستان بوون، ئێستا هەموو مزگەوتەکان کراونەتە

بنکەی ئیسلامچێتیی سیاسی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و تەعریبچێتی و ئێستا کراونەتە شوێنی بڵاوکردنەوەی خورافیات و پووچپەرستی و جادووگەریێتی و هۆکارەکانی تری گەوجاندن و نەزان کردنی جەماوەر، بەتایبەتی منداڵان و لاوان، مزگەوت و تەکێ و شوێنە ئایینییەکانیتر گشتیان کراونەتە بنکەی پەرەپێدانی سووکایەتی پێکردن و توندوتیژیی دژی کچان و ژنانی کوردستان!؟

- جاران هیچ موسڵمانێکی کورد بەبیریشیدا نەدەهات کە بڵێت: (پێش ئەوەی کوردبم، موسڵمانم)، ئێستا ئیسلامییە سیاسییەکان و دۆست و لایەنگرەکانیان زۆر بە بەشانازییەوە دەڵێن ئێمە پێش ئەوەی کورد بین، موسڵمانین!؟

- جاران زۆربەی خەڵکی کوردستان منداڵەکانی خۆیان بە ناوی جوان و رەسەنی کوردی و کوردستانی ناو دەنان، ئێستا بەشانازییەوە زۆربەی خەڵك، ناوی عەرەبی و ئیسلامی لە منداڵەکانیان دەنێن، بۆ نموونە ئێستا مەریوان کراوەتە موصعەب!؟ کارزان بووە بە موثەننا!؟ کاوە بووە بە بیلال!؟ سیروان کراوەتە موعطەصەم!؟ کەژاڵ کراوەتە ئوسرا!؟ خونچە بووە بە نوورا!؟ نازەنین بووە هودا!؟ رووناك کراوەتە فەهیمە .....هتد!؟

- جاران سەرتاسەری باشووری کوردستان یەك فرۆشگەی تایبەتیی لەچك و جبە و باڵاپۆش و کەلوپەلی ئیخوانەکانی میسر و تورکیای تێدا نەبوو، ئێستا لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا، چەندین فرۆشگەی لەو بابەتەی تێدایە و لە پرفرۆشترین دوکانەکانی جلفرۆشین!؟

- جاران بە دەگمەن پەرتووکفرۆشییەکی تایبەتیی چاپەمەنیی ئیسلامییەکان هەبوو، ئێستا پێشبرکێ لەگەڵ پەرتووکفرۆشە ئاساییەکاندا دەکەن و ژمارەیان هەتا بێت روو لە زیاد بوونە!؟

- جاران بە دەگمەن کەسێك بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکرد، ئێستا بووە بە دیاردەیەکی هەستپێکراو و فرەژمارە!؟

- جاران ناوی کۆمەڵێك نەخۆشی و دەرد و بەڵای سەیروسەمەرەشمان نەبیستبوو و نەبوون، ئێستا ساڵانە لەشکرێك لە هاونیشتمانیان بەو نەخۆشیانە گیان لەدەست دەدەن!؟

- جاران خواردن و خواردنەوەی ماوەبەسەرچوو و خراپ هاوردەی کوردستان نەدەکران، ئێستا زۆربەی خواردن و خواردنەوەکان لە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراقەوە و وڵاتانی عەرەبیی دیکەوەبە ژەهراوی و تێکەڵکراوی میکرۆب و ڤایرۆس و ماددەی پر مەترسی و کوژەر، هاوردەی کوردستان دەکرێن و ساڵانە بە هەزاران کەس دووچاری نەخۆشی و مەرگی کتوپر دەبنەوە!؟

- جاران بە دەگمەن پیشەی بێزراو و نەخوازراوی لەشفرۆشی و کەسانی لەشفرۆش بە ئاشکرا هەبوون، ئێستا لەشفرۆشی زۆر زۆر بووە و بووە بە دیاردەیەکی هەستپێکراوی کۆمەڵگە!؟

- جاران خەڵك خۆی خزمەتی خۆی دەکرد، ئێستا بووە بە باو، هەر خێزانێك دانەیەك یان چەند کارەکەر و خزمەتکاری بێگانەیان لە ماڵ و باخچەماڵ و ڤێلاکانی دەرەوەی شار و کۆمپانیا و فرۆشگەکاندا راگرتووە!؟ لێرەدا با بەم بۆنەیەوە ئەم پرسیارە بکەین: کەسێك نەتوانێت خزمەتی خۆی و ماڵ و ژینگەی ژیانی خۆی بکات، ئەی خزمەتی نەتەوە و نیشتمانێکی چۆن بۆ دەکرێت!؟

- جاران بەرتیل و بەرتیلخۆری و دزی و تالآنچیتی و گەندەڵی بە گشتی، پڕ لە شەرمەزارترین شتەکان بوون، ئێستا ئەمانە هەموویان دیاردەی ئاسایی نێو سەرانسەری کۆمەڵگە و وڵاتەکەمانن!؟

- جاران کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و هاوڕێیەتی و خزمایەتی و ڕێز و خۆشەویستیی و چاکەخوازی و گیانی هاوکاری و یارمەتی لەناو خەڵکدا بەگشتی زۆرتر و باشتر بوون، ئێستا ئەم تایبەتمەندییە جوانانەی کوردەواری بەرەو نەمان دەچن و پێچەوانە دەبنەوە!؟

- جاران کەس بە ئاسانی و لەپڕێکدا، لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی و بۆ وەرگرتنی مووچە و پلەوپایە، سەنگەر گۆڕیی سیاسیی نەکرد و لە ڕێکخستنێکەوە نەدەچووە ناو ڕێکخستنێکی تەواو لەوەی پێشووی جیاوازەوە، ئەمە جاران کارێکی نەنگ و پڕ لە شەرمەزاری و ئابڕووچوون بوو، ئێستا بێپەروا لە پارتێکەوە باز دەدەن بۆ نێو پارتێکی دیکە، هەر ماوەیەی بانگاشە بۆ بیروباوەڕێك دەکەن، ئەم پەتایە چەندین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسیشی گرتووەتەوە و هەر ماوەیەی بۆ کەناڵی لایەنێکی جیاواز کار دەکەن و کێ و چ لایەنێك پتر بدات، دەبنە بێژەر و زوڕناژەنی ئەو کەس و لایەنە!؟

- ئێستا هەموو ڕۆژێك هەر دەبێ بڵێین خۆزگەم بە دوێنێ، هەموو مانگێ هەر دەبێت بڵێین خۆزگەم بە مانگی ڕابووردوو، هەموو ساڵێك هەر دەبێ بڵێین خۆزگەم بە پار!؟

## ئیسلام، لە ناوەڕۆکدا عەرەبچێتی و عروبەیە

وا باوە و دەڵێن: ئیسلام نەتەوە و نیشتمان ناناسێت و ئایینێکە، گوایە بۆ هەموو مرۆڤایەتییە و ئایینێکی جیهانییە. ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستانیش، کە موسڵمانی دەستی دوون، لەم ڕوانگەیەوە، دژ و دوژمنی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرین و تەنها بۆ دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی و دەسەڵاتداریتیی موسڵمانانی جیهان، تێدەکۆشن و جیهاد دەکەن، هەربۆیە دژی هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستانن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە، دژی زمانی عەرەبی و فەرهەنگی ئیسلامی عەرەبی نین و بە هەموو شێوەیەك، بە دڵ و بەگیان، لە ڕێگەی ئیسلامەوە، خزمەتی زمانی عەرەبی و فەرهەنگی عەرەبی دەکەن، کە ئەمەش لە دوا شیکردنەوەدا هەر دەکاتەوە ئیسلامچێتی و عەرەبچێتی و عروبە. ئەمە ڕاستی و ناوەڕۆکی ئیسلام و ئیسلامچێتییە. چونکە ئیسلام هەر ئایین نییە بەتەنها، بەڵکو فەرهەنگی کۆمەڵگەی عەرەبیی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەبەرە. ئیسلام بۆ عەرەب بە گشتی و بۆ عەرەبستانی سعودییە بەتایبەتی، بووەتە مایەی خێر و خۆشی و سەرچاوەی بەناوبانگ بوون و دەوڵەمەند بوون و خۆژیاندن. ساڵانە بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە، چەندین میلۆن موسڵمان بۆ حەج و عەمرەکردن و گەشتیاری ئایینی، سەردانی عەرەبستانی سعودییە دەکەن و چەندین ملیارد دۆلار پێشکەشی خەزێنەی عەرەب و عروبە دەکەن. ئەو پارەیەش، بەشێکی بۆ ترۆری ئیسلامی و بەشێکی بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و کاری بەدڕەوشتیی دەسەڵاتدارانی سعودییەیە و بەشێکیشی بۆ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریی وڵاتی سعودییە تەرخان دەکرێت. ئایینی ئیسلام بە هەموو شێوەیەك دیاردەیەکی عەرەبییە و لە خزمەتی عەرەب و عروبەدا بووە و هەر بەم شێوەیەیش دەمێنێتەوە. شایانی باسە لە قورئانی

عەرەبیدا تێکستێك هەیە کە ئەمەیە: (إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) سورة یوسف2. واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەرەبی هێناوەتە خوارەوە بۆئەوەی بیری لێبکەنەوە و عەرەبی پێ ژیرمەند بێت، واتە قورئان تەنها بۆ ئەوە داهێنراوە کە عەرەب ئاقڵ بکات. جا ئیتر ئەمە چ پێوەندییەکی بە کورد و کوردستانەکەی ئێمەوە هەیە!؟ ئێمەی کورد ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی دێرینی خۆمان بدەینەوە، ئەو راستییەمان بۆ روون و ئاشکرا دەبێت کە باوباپیرانی ئێمە پێش هەموو ئایینەکانی دیکە پروایان بە خوا و بە خواپەرستی و یەکتاپەرستی هەبووە. بۆ نموونە، ئایینی زەردەشتی کە ئایینێکی مرۆڤپەروەر و ژینگەپارێز و ئاژەڵدۆست و ئاشتیخواز و رێزلەیەکتر گرتن و یەکتر خۆشەویستن بووە، ئەو سەردەمە، بێ جیاوازی، ئایینی هەموو نەتەوە ئارییەکان بووە. زەردەشتی پەیامبەری کورد و ئارییەکان، پێش ئیسلام و پێش هەموو ئایینەکانی دیکەی رۆژهەڵات، مرۆڤایەتیی بۆ مرۆڤ بوون و خواپەرستی و رێزلەیەکتر گرتن و ئاشتی و خۆشەویستی و ژینگەپارێزی و ئاژەڵدۆستی و ژیانێکی باشتر و بەختەوەرانەتر بۆ هەموو مرۆڤەکان، رێنوێنی کردووە. لە راستیدا عەرەب و ئیسلام هیچ شتێکی نوێیان بۆ ئێمەی کورد و گەلانیتری ناوچەکە پێنەبووە و هیچی تازەیان نەهێناوە کە پێشتر لەلای دانیشتوانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە، نەزانراو بوو بێت. لەشکری هێرشهێنەر و داگیرکەری موسڵمانە عەرەبەکان بەزەبری شمشێر و خوێنڕشتن و زۆرداری و کوشتبڕ و باج سەندن، ئایینەکە و فەرهەنگە بیابانییەکەی خۆیان بەسەر کورد و گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتدا سەپاندووە. عەرەب بۆ بڵاوکردنەوە و سەپاندنی ئیسلام و فەرهەنگی دواکەوتوانە و زۆردارانەی خۆیان، دەریایەك فرمێسك و خوێنی کورد و گەلانی دیکەیان رژاندووە. ئێمەی بەدرێژایی مێژووی بەزۆر بە موسڵمان کردنمان، نەك هەر لە هیچ روویەکەوە لە ئیسلام سوودمەند نەبووین، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی سەپاندنی ئیسلامەوە، لە نیشتمانەکەی ئێمەدا، بە هەزاران مرۆڤی بێ تاوانیان ئازار و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی داوە و هەزاران کوردیان کوشتوپر و کەمئەندام کردووە، هەزاران ماڵ و کێڵگە و باخ و بێستان و خوێندنگە و پەرستگەیان وێران کردووە، لەپێناوی مانەوە و سەپاندنی دەسەڵات و فەرهەنگی ئیسلامییانەی خۆیاندا، هەموو شتێکیان وێران کردووە و لەناو بردوە و شتێکیان نەهێشتۆتەوە کە جیاواز بوو بێت لە ئایینی ئیسلام و فەرهەنگی بیابانییانە و دواکەوتووی خۆیان. ئێمەی کورد، بەهۆی موسڵمانکردنمانەوە، یەکێك بووین و یەکێکین لە زیاندمەنترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەهۆی ئیسلامەوە، نە توانیمان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان پێکبهێنین و نە توانیمان سنوورەکانی نیشتمانەکەی خۆمان بپارێزین، نە توانیمان فەرهەنگە جوان و رەسەنەکەی خۆیشمان بپارێزین و گەشەی پێبدەین، لە راستیدا ئێمەی کورد، بە هاتنی لەشکری داگیرکەری موسڵمانی عەرەب و بەزۆر بە موسڵمان کردنمان، هەموو شتێکی خۆجێی و رەسەنی خۆمان لەدەست دا و مایەپووچ بووین. هەتا ئێستا ئەمە مێژووی راستینەی ئێمەیە و ئەمە مێژووی ئیسلام و لەشکری داگیرکەری موسڵمانە عەرەبەکانە لەگەڵ ئێمەدا!؟ ئیتر کورد وەك نەتەوە، لە ئەمڕۆوە و لەو دەمەوەی کە هۆشیار دەبێتەوە و رابووردووی خۆی دەناسێت، دەبێت لە سفری شارستانێتییەوە دەست بە ژیان بکاتەوە!؟

## داعشی دەرەوە و جاش داعشی ناوخۆ

بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ئەم چەتە تێرۆریستانەی داعش وەکو لەشکرێکی بەکرێگیراو و دڕندە، هەر کۆتاییان پێدەهێنرێت، بەڵام ئەمە چارەسەری کێشە سەرەکییەکە نییە کە داعش و هاوشێوەکانی دروستکردووە، داعش بەرهەمی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی عەرەبییە کە بە هەموو شێوەیەك نامۆیە بە هەموو شتێکی کورد و کوردستان. ئێمە دەبێت لە ڕەگوریشەوە کێشە سەرەکییەکە چارەسەر بکەین کە ئەویش ئەو ئایدۆلۆژیا دواکەوتووە نامرۆڤانەیەیە کە داعشی پەروەردەکردووە، کێشەکەی دیکە، بیرداعش و جاش داعشە دەمکدارە دروستکراوەکانی ناوخۆی کوردستانن کە بەناوی ئیسلامی عەرەبییەوە کورد و کوردستان تەعریب دەکەن، ئەمە ئەو کێشە مەترسیدارەیە کە لە کۆمەڵگەکەی ئێمەدا بوونی هەیە و دوای نەمانی داعشیش، هەر دەمێنێتە و تا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکەین، هەمیشە هەر مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشمان دەبێت، ئەوانەش بریتین لە کەسان و باند و گروپە ئیسلامیيە سیاسییەکان و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان، واتە، جاش داعشە ناوخۆییەکانی باشووری کوردستان!؟

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان، مەبەستی بێت لە داهاتوودا نەڕوخێت و ئیسلامییە سیاسییەکان کوردستان نەکەن بە ئەفگانستانی سەردەمی تاڵیبان، پێویستە و دەبێت هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بە یاسا، یاساخ بکات و داوا لە هەموو مەلا و بانگخواز و مامۆستایەکی ئایینی بکات کە خۆیان یەکالا بکەنەوە: ئایا ئەوان مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینین، یان ئیخوانچی و سەلەفی و وەهابی و تەعریبچی و سیاسەتچی و دەسەڵاتخوازن!؟

## ئایینی ئیسلامی عەرەبی، دژی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییە!؟

لە ئایینی ئیسلامدا، نەتەوە و نەتەوەپەروەری و نیشتمان و نیشتمانپەروەری شوێنی نییە. ئیسلام تەنها پړوای بە کۆمەڵگەی ئیسلامی و ئوممەی موسڵمانان هەیە، جا چونکە ئیسلام لەناو عەرەبدا سەریهەڵداوە و بە زمانی عەرەبییە، ئەمە لە ناوەڕۆکدا هەر دەکاتەوە عەرەبچێتی و تواندنەوەی نەتەوە ناعەرەبەکان لە بۆتەی ئیسلامچێتی و عەرەب و عروبەدا!؟

## بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە

لە باشووری کوردستاندا، گوایە ئازادی و دیمۆکراسی هەیە و یاسا سەروەرە و بە یاسا مافی مرۆڤەکان دەپارێزرێت، لێرەدا، لەم روانگەیەوە جێگەی خۆیەتی کە ئەوە بپرسین: ئەگەر ئەمە وا بووایە و راست بووایە، ئەی بۆچی بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە بە فەتوای نامرۆڤانە و نادادپەروەرانەی کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و چەند مەلا و بانگخوازێکی مووچەخۆری ئەوان، نووسەرێکی ئازادبیر و بێ تاوانی وەك کاك مەریوان هەڵەبجەییان نیشتمانبەدەر و ئاوارە و دەربەدەر کرد، سەرەنجام نە میللەت، بەو هەموو رێکخراو و دامەزراو و

چالاکوانانەی مافی مرۆڤ و نە دەسەڵات بەو هەموو پۆلیس و ئاسایش و هێزی تایبەتی و دژەتێرۆر و زێرەڤانی و هێزی پێشمەرگە و پاراستن و دەزگای زانیارییانەوە، نەیانتوانی ئەو نووسەرە بێ تاوانە بپارێزن و نەهێڵن هەروا بە ئاسانی ئاوارە و دەربەدەری هەندەرانی بکەن و لەوێش لەترسی بەکرێگیراوانی ئیسلامی سیاسی نەتوانێت بە ئازادی بژی. ئایا ئەمە شەرم و شەرمەزاری نییە بۆ هەموو میللەت و بۆ دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان!؟ ئەی بۆچی هەر ئەو میللەتە و ئەو دەسەڵاتە پێیان ئاسایی بوو و پەسەندیشیان کرد کە ئیسلامییە سیاسییەکان چەند تێرۆریستێکی سەربە گروپەکانی خۆیان کە هەڵاتبوون بۆ ئەفگانستان و لەوێش هەر خەریکی کاروکردەوەی تێرۆریستانەبوون، بانگهێشتنی کوردستانیان بکەنەوە و بە ڕێز و ئیمتیازەوە بیانهێننەوە و مافی لێخۆشبوون و پلەوپایەی ناو حیزب و دەسەڵاتیشیان پێشکەش بکەن!؟ ئەرێ بەڕاست ئێمەی کورد چ جۆرە میللەتێکین و دەسەڵاتی کوردیش چ جۆرە دەسەڵاتێکە، ئەم جۆرە مۆدێلی ئازادی و دیمۆکراسییە سەیروسەمەرەیە تەنها هەر لەناو کۆمەڵگە شێوێنراو و بێ یاسا و تاکسالاری و مەلاسالاری و ئایینسالارییەکەی ئێمەدا دەبینرێن!؟

## بانگەوازێکی نەتەوەیی و نیشتمانی

### دوای شەڕی داعشە تێرۆریستەکان، پێویستە چی بکەین؟

### ئەم پێشنیازانە پێویست و گرنگن:

١- سوپایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ و بێلایەن. بە ڕێکوپێکی و پرچەکی پێکبهێنرێت.

٢- خزمەتی سەربازی بۆ نیشتمان بکرێت بە ئەرك و فەرمانێکی ناچاری بۆ هەموو گەنجێکی سەروو 18 ساڵانەوە کە یاسای سەربازی بیانگرێتەوە.

٣- شەڕەپەڕۆ و شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەموو لایەنەکاندا کۆتایی پێبهێنرێت.

٤- بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە دروست بکرێت بۆ تەبایی و یەکڕیزی و پێکەوە کارکردن بۆ کاتی هەموو ئەگەر و پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا.

٥- کۆتایی بە میلیشیای پارتەکان و بەرپرسەکانیان و بەرپرسە گەورەکانی دەسەڵات بهێندرێت و ئەو بوودجە زۆرەی بۆ میلیشیای پارتەکان و بەرپرسەکان خەرج دەکرێت، لە پرۆژە و کاری خزمەتگوزاریدا خەرج بکرێت کە بەرژەوەندیی هەموو کۆمەڵگەی تێدا ڕەچاوکرابێت.

٦- بە یاسا هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان یاساخ بکرێن و نابێت هیچ ئایین و ئایینزایەکی کوردستان خاوەنی پارتی سیاسی و میلیشیا بێت.

٧- لایەنە پێوەندیدارەکان بتوانن کۆنترۆڵی وتاری هەموو مزگەوت و کۆبوونەوە ئایینییەکان بکەن و منداڵان و لاوان لە بیروباوەڕی توندوتیژانە دووربخرێنەوە.

٨- هیچ منداڵ و گەنجێکی لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بۆیان نەبێت هاتوچۆی مزگەوت و کۆبوونەوە و بۆنە ئایینییەکان بکەن.

٩- لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ هەموو ئەو مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخوازانەدا بکرێت کە لە رابووردوودا بیروباوەڕی توندوتیژانەیان لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوکردووەتەوە و ئیتر بەهیچ شێوەیەك جارێکیتر ڕێگەیان پێنەرێتەوە لەو بوارەدا تێهەڵبچنەوە.

١٠- هەموو ئەو سەرمایەدارە میلۆنێر و میلیاردێرانەی کە لە بارودۆخی ئاشتی و ئارامیی کوردستاندا سوود مەند بوون، داوایان لێبکرێت، هەر یەکەیان خانوویەك یان چەند خانوویەك بۆ پێشمەرگە کرێچییەکان دروست بکەن و لەپێش هەموویانەوە بۆ ماڵومناڵی ئەو پێشمەرگانەی کە لە شەڕی چەتە تێرۆریستەکانی داعشدا گیاني پاکیان بە کورد و کوردستان بەخشیوە یان بریندار و کەمئەندام بوون.

١١- مووچەی خانەنشینی هەموو ئەو کەسانە ببڕدرێت کە شایستەی ئەو پاداشتە نین، وەکو کۆنە جاش و سەرجاش و کۆنە بەعسی و خۆفرۆشتووەکانی رابردوو کە ئێستا بە ڕێز و پلەوپایەی بەرزەوە لەناو گەورە هێزاکاندا خانەنشینکراون.

١٢- مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان و کادرە باڵاکانی پارتەکان نیواونیو بکرێت و ئەو نیوەیەیتر بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگە و ماڵومناڵەکانیان خەرج بکرێت.

## کۆمەڵناسیی ئایین

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە بوونی مرۆ و کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە. بەرهەمی جیهانبینییە ئایدیالیستییەکانە، بەرهەمی ترس و نائومێدیی مرۆڤەکانە بەرامبەر بە ژیان و مردن، بەرامبەر بە دیاردە سروشتییەکان و ترس لە کۆتایی و داهاتووی نادیاری بوون و ژیان. ئایین جیهانبینی و ئەندێشەی رازی کردن و دڵخۆشکردن و ترساندنی مرۆڤە هەژار و بێ دەرەتان و لاوازەکانە، لەهەمان کاتیشدا ئایین، لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیدا، ئامرازێکی کاریگەر و گرنگە بەدەست بەشێکی کەمینەی مرۆڤەکانەوە بۆ باڵادەست بوون و چەوساندنەوە و بەکارهێنانی بەشێکی زۆرینەی تری مرۆڤەکان. لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، خوایەك لە سەروو بوون و هەبوون و گەردوون و مرۆڤایەتییەوە هەیە کە باڵا دەستە بەسەر هەموو شتێکدا، بوون و نەبوونی هەموو شتێك لە فەرمانی خواوەیە. ژیان و مەرگی هەموو بوونەوەرێك بەدەست خوایە، هەموو گۆڕانکاری و بزووتنەوەیەکی سروشت هەر بەویستی خوایە، بەڵام شایانی باسە کە ئاییەنەکان هیچ راڤە و روونکردنەوەیەکی زانستیانە و ژیریێژانەیان نییە و لە تواناياندا نییە بۆمان روون بکەنەوە کە خوا بۆ ڕێگە دەدات بە مرۆڤەکان کە ئازاری دەروونیی یەکتر بدەن و ئەشکەنجەی جەستەیی یەکتر بکەن، یەکتر زیندانی بکەن، یەکتر بکوژن، یەکتر بسوتێنن، یەکتر سەربڕن، یەکتر پارچەپارچە بکەن. خوا بۆ ڕێگە دەدات، دەوڵەمەندە بێ ویژدانەکان، هەژارەکان بچەوسێننەوە، مرۆڤەکان دزی لەیەکتر بکەن، ماڵی یەکتر تاڵان و وێران بکەن، مرۆڤە دڕندە و تاوانبارەکان بۆ بتوانن مرۆڤە بێ دەسەڵات و بێتاوانەکان زیندانی بکەن، ئازار و ئەشکەنجەیان بدەن، بیانچەوسێننەوە، بیانکوژن، سەرباری هەموو ئەمانەش، ئایینەکان هیچ لێکدانەوەیەکی زانستیانە و لۆژیکانەیان نییە بۆ دیاردە سروشتییەکان، وەك لافاو، زەویلەرزە، گڕکان، هەورەبروسکە، یان کارەساتەکانی وەك دەرد و پەتا و

نەخۆشییە کوژەرەکان، ئایین بۆ ئەو کارەساتە سروشتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییانەی کە بە میلیۆنان مرۆڤ و بوونەوەری دیکەیان لەناو بردووە، هیچ هۆکار و چارەسەرێکی پێشنیاز نەکردووە، ئایینەکان بە درێژایی مێژووی بوونیان هەر مرۆڤەکانیان لە ئازاری مەرگ و گۆڕ و ئاگری دۆزەخ و سزای ڕۆژی دوایی ترساندووە، یان بە پێدانی بەڵێنی چوونە بەهەشت، داوا لە مرۆڤە هەژارەکان دەکەن کە بە هەموو ئازار و تاڵی و ناخۆشییەکی ژیانیان، بە داهاتوو و چارەنووسیان ڕازیبن، چونکە ئەوە ئارەزوو و ویستی خوای لەسەرە. لە مێژوودا بەهۆی ململانێ و نەگونجانی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئایینەکانەوە، بە میلیۆنان مرۆ یەکتریان کوشتووە، مرۆڤەکان هەرچی کار و کردەوەیەکی ناڕەوا و خراپ و ناشایستە هەیە، بەرامبەر بە یەکتر ئەزموون و پیادەیان کردووە. کەواتە ئەرك و فەرمان و چاکەخوازیی ئایینەکان بۆ مرۆڤایەتی، هەر ڕازیکردن و ترساندن و بەڵێن بەخشینەوە بووە بەبێ ئەوەی هەتا ئێستا هیچ یەکێ لەو بەڵێنانە جێبەجێ بووبێتن.

## سەرهەڵدانی دیاردە نائاساییی و زیانبەخشەکان

- پەرەسەندنی خێرای ئیسلامی سیاسی و زۆرتر بوونی ژمارەی ناپێویستی مزگەوتەکان و ناولێنانیان بە ناوی عەرەبییەوە، زۆرتر بوونی ژمارەی شێخ و مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و فەقێ و نووشتەچی و جادووگەر، ئەمانە لەشکرێکی نانخۆر و شوێنگر و بێکار و بێ بەرهەمن بۆ کۆمەڵگە و لەلایەن دەسەڵاتەوە، پارە و مووچەیەکی موفت و بەلاش لە بوودجەی میللەت بۆ ئەمانە تەرخانکراوە. بڵاوبوونەوەی خورافیات و پووچپەرستی و بیرکردنەوەی پرووپووچ و دژ بە زانست و لۆژیك و پێشکەوتن و شارستانێتیی ژیانی سەردەم، لەناو زۆربەیەتیی جەماوەردا، بەتایبەتی لەناو منداڵان و لاوان و خەڵکە گوندنشینەکاندا لە پەرەسەندندایە.

- زۆرتر بوونی لەچکبەسەر و جبەلەبەر و باڵاپۆشلەبەر و لاسایی کردنەوەی جلوبەرگی دواکەوتووانەی وڵاتە عەرەبییەکان. زۆرتر بوونی دوکانی فرۆشیاری جلوبەرگی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لە لەچك و جبە و باڵاپۆش و سەرپۆش و جەندین مۆدێلی ناشیرین و دواکەوتوانە و ناشارستانییانەی ئیسلامی تورکی و ئێرانی و عەرەبی. ئەمانە هەموویان بۆ دوژمنایەتی کردن و نەهێشتن و لەناوبردنی جلوبەرگی جوان و ڕازاوە و ڕەسەنی کوردەوارییە.

- پەیدابوون و زۆرتر بوونی چاپەمەنی و پەڕتووکفرۆشی و سی دی و دی ڤی دیی تایبەت بە ئیسلامی سیاسی لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا.

- سەرەتای سەرهەڵدانی لاوانی خۆبەخش و خۆکوژ لە کۆمەڵگەدا بە پەروەردە و هاندانی گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و بە دنەدانی چەندین مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی سەر بەو گروپانە. ئەمەش لە داهاتوودا کارەساتی خۆتەقاندنە و وێرانبوون و کوشتاری بەکۆمەڵی لێدەکەوێتەوە.

## پێشنیازێك بۆ دەسەڵاتی کوردی

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بەتەمایە بەردەوام بێت و باشووری کوردستان بەرەو داهاتوویەکی ئاشتی و دیموکراسی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بەرێت،

پێویستە و دەبێت، یان مزگەوتاکان دابخەن، یان با دەرگای مزگەوتەکان کراوە بێت بۆ هەموو نووسەر و رۆشنبیر و رەخنەگرێکیش تاکو بۆیان هەبێت کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەی تێدا بگێرن و بەرهەم و پەیامەکانی خۆیان بە هەمووان بگەیەنن. با مزگەوەتەکان هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی تێدا ئەنجام بدرێت و لە خزمەتی هەموو میللەتدا بن. ئەگەر وا نەبێت، کەواتە هەر لە خزمەتی ئیسلامچێتی و عەرەبچێتی و عەرەب و عروبەدا دەبن!؟

## بەرهەمەکانی دەسەڵاتی سیاسیی باشوور

لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئێوەدا، یەك لەشکری ڕەش و تابووری پێنجەم لە کەسان و باند و گروپی ئیسلامی سیاسی و هەزاران مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئایینیی سەر بەمان، دروستبوون و رۆژ بە رۆژیش لە بەهێزبوون و پەرەسەندنان، لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبی ئیسلامی لە باشووری کوردستاندا دروستکراون کە گەورەترین خەرجیی بوودجەی کوردستانیان بۆ تەرخانکراوە و بێجگە لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی و عروبە و توندوتیژیی دژ بە کچان و ژنان و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و خورافیات و ترسنۆکی زیاتر هیچ سوود و بەرهەمێکیان بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری نەبووە و ناشیان بێت. ئەوە چارەکە سەدەیەکە کە لەشکرێك لە بەرپرسانی سیاسی و سەرمایەداری درۆزن و دز و تاڵانچی و بەرتیلخۆر و گەندەڵ و بێویژدان دروستبوون کە سامانی ژێرزەوی و سەرزەویی باشووری کوردستان بە تاڵان دەبەن و بەناوی خۆیانەوە بانکەکانی هەندەرانیان پڕ لە دۆلار و یۆرۆ و پاوەند و ریاڵ کردووە و هەر بەردەوامیشن و تێرناخۆن!؟ بەڵام لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا نەتانتوانی پێویسترین و گرنگترین لەشکر بۆ پاراستنی کورد و کوردستان دروست بکەن کە (لەشکری نیشتمانیی کوردستان)ە.

## ئیسلامی سیاسی و عروبە

بە گریمانەیەك، ئەگەر سەدام زیندوو ببێتەوە و بەعسییەکان دیسانەوە دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەمجارەیان بۆ بەعەرەب کردن، یان لەناوبردنی کوردی باشوور، زەبروزەنگ و باروت و ئاسن و کیمیایی بەکار ناهێنن و سوپا و هێزە چەکدارەکانی جارانیان نانێرنەوە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان، بەڵکو ئەم شتانە دەکەن: چەند باند و گرووپێکی دیکەی ئیسلامی سیاسیی کوردی، دورست دەکەن و ئەو خەرجییانەی کە پێشتر لە کورد و کوردستاندا بەکاریان دەهێنا، ئەمجارەیان بەشێکی مزگەوتی زۆرتری پێ دروست دەکەن و بەشەکەی تریشی دەدەن بە ئیسلامییە سیاسییەکان، بەم شێوەیە بەبێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن و کات و وزە و توانای خۆیان بەکار بهێنن و یان یەك بەعسی و یەك سەربازی عەرەب بەکوشت بدەن، بە ئامانجە ناڕەواکانیان دەگەن و هەموو کوردی باشوور دەکەنە موسڵمانی خزمەتکاری عەرەب و عروبە!؟

## گەوجاندن

ئەوانەی باسی ئازاری ناو گۆڕ و رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن، هەر درۆ دووبارە دەکەنەوە یان مەبەستێکی تایبەتییان هەیە. هەر کاتێك مردوویەك زیندوو بۆوە، ئەو بۆی هەیە باسی ئەم شتانە بکات، بەو ئەگەرەشەوە کە ئەمیش بە مەبەستێکی تایبەتی درۆ نەکات!؟

## بێ رابووردووەکانی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی

شایانی باسە، لە رابووردوو و لە ئێستادا، ئەو کەس و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە یەك فیشەکیان نەناوە بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە و تەنانەت یەك چرکە کاتی خۆیان و یەك دڵۆپ فرمێسك و خوێنیان بە کورد و کوردستان، نەبەخشیوە. ئێستایش بە بیانووی ئەوەی کە گوایە هێزی چەکداریان نییە، ئامادە نین، بچنە بەرەکانی جەنگەوە و دژی لەشکری چەتە تێرۆریستەکانی داعش بجەنگن. بەکورتییەکەی،باشووری کوردستان تەمەڵخانەی ئەوانە، لەسەر بوودجەی میللەت، لە باشترین و خۆشترین و ئاسوودەترین بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن!؟

پێویستە دەسەڵاتی کوردی و پارتی و یەکێتی، داوای روونکردنەوە و هەڵوێست لە هەموو مەلاکان و مامۆستا ئایینیەکان و بانگخوازەکان و هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بکەن کە هەڵوێستی فەرمیی خۆیان لەسەر داعش و کارەساتی شەنگال و ئێزیدییەکان بۆ میللەتی کورد بە گشتی و بۆ ئێزیدییەکان و پرواداراانی ئایین و ئایینزا جیاجیاکانی نێو کوردستان بەتایبەتی، بە روون و ئاشکرایی دەرببڕن!؟

ئەو باند و گروپ و مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و فەقێ و خوێندکارە ئایینییە ئیسلامییە سیاسیانە، دروستکراو و بەکرێگیراون و گەورەترین هۆکاری ئاژاوەنانەوە و دواکەوتنی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانن و خۆیان و چالاکییەکانیان لە ئێستا و داهاتوودا، گەورەترین و ترسناکترین هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان.

ئەمڕۆ هەمووومان بەچاوی خۆمان دەبینین کە لەشکرێك مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاریی ئایینیی سەر بەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، بەردەوام ، چ بە ئاشکرا و چ بە ژێربەژێر، لە هەوڵی دوژمنایەتی و بنبۆش کردنی دەسەڵاتی کوردی و ناشیرین کردنی فەرهەنگی رەسەنی کوردەواری و مینرێژکردنی رێبازی بزووتنەوەی کوردایەتیدان، بە ئاشکرا بە چەندین شێوە و شێواز و بەرنامەی داڕێژراو و ئامادەکراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری لەناو میللەتدا دەسڕنەوە و دەیانەوێت تۆوی کوردایەتی لە جەستەی میللەتدا بنبڕ ببێت. بە ئارەزووی خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچ هێز و لایەنێك بتوانێت پێشگیرییان بکەن، لە وتاردان و بانگاشەکانیاندا، بێ رێزی و سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن. هەڕەشە لە هەموو چالاکوانێکی بواری مافە رەواکانی ئافرەتان دەکەن. هەڕەشە لە نووسەران و رەخنەگران و ئازادبیرانی کۆمەڵگە

دەکەن. بەرامبەر ئەم هەڕەشە و مەترسییانە، دەسەڵاتی کوردی و پارتە گەورەهێزەکان و بەدەسەڵاتەکانی کوردستان، بە هەر هەموویان بە تەنها مەلایەك ناوێرن، بە کردەوە ئەو مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخوازانە، زۆرینەی خەڵکی هەژار و سادە و ساکاری کۆمەڵگەیان خستووەتە ژێر کاریگەریی بانگاشە ژەهراوییەکانی خۆیانەوە، زۆرینەی مەلا و بانگخوازەکان، بە هاندان و پشتیوانیی ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە، بێ ڕێزی و سووکایەتی و بووختان بە کچان و ژنانی کوردستان دەکەن، هیچ کەس و هیچ لایەن و دەسەڵاتێك ناتوانێت و ناوێرێت لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەکی یاسایی و کوردایەتییانەیان لەگەڵدا بکات، بە کردەوە ئیسلامییە سیاسییەکان دەستیان خستووەتە ناو کاروبار و ژیانی تایبەتیی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەوە. بە ئاشکرا لاوانی کورد بۆ کاری تێکدەرانە هاندەدەن و ڕەوانەی ناو لەشکری چەتە تێرۆریستەکانی داعشیان دەکەن. ئەم ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە ترسناك و مەترسیدارە، بەم شێوەی ساڵانی ڕابووردوو و بە شێوەی ئەمڕۆ بەردەوام بێت، رووخان و هەرەس هێنانی دەسەڵاتی کوردی و یەکێتی و پارتی و هەموو بزووتنەوەی کوردایەتی لە داهاتوودا مسۆگەرە و ئەو کاتە هەموومان وەك یەك زیانمەند و مایەپووچ دەبین.

لە پێناوی ئەوەی کە لە باشووری کوردستانیشدا هەمان ئەزموونەکانی کارەساتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئەفگانستانی سەردەمی تاریکستانی تاڵیبان دووبارە نەبنەوە، پێویستە و دەبێت ئایین لە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی جیابکرێتەوە و مەلاکان و کەسایەتییە ئایینییەکان بۆیان نەبێت خۆیان تێکەڵی ژیانی تایبەتیی تاکەکان و لایەنەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کۆمەڵگە بکەن و دەبێت بە یاسا هەموو باند و گروپێکی ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستاندا هەڵبوەشێنرێنەوە و یاساخ بکرێن. پێویستە مۆڵەتی یاسایی کارکردن بە ڕێکخستنی نەتەوەیی بدرێت و لە هەموو شار و شارۆچکەکان، بنکەی کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەری دابمەزرێن. بەڕاستی زۆر درەنگ بووە، فریا بکەون هەتا بەتەواوەتی کار لە کار نەترازاوە و تا ئیسلامی سیاسی، نەبوونەتە زۆربەیەتی و هێز و دەسەڵاتی یەکەم، دەبێت کۆتایی بە ڕەوتی ترسناکی ئیسلامی سیاسیی بهێنرێت.

ئەمڕۆ باشووری کوردستان، لەسەر دەستی ئیسلامی سیاسی و مووچەخۆرە بەکرێگیراوەکانیاندا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پووچپەرستی و تاریکستان و پاشکەوتن دەچێت، بە ئاشکرا کوردبوون و کوردایەتی و هەست و هۆش و گیانی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بەرەو سڕینەوە و نەمان دەچێت، ئێستا پرۆسەی تەعریبچێتی و بەعەرەب کردنی کورد لە سەردەمی بەعسییەکان، زۆرتر و بەگورتر و کاریگەرترە.

بەکورتییەکەی ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسیانەی کوردستان، شانبەشانی زۆربەی مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخوازەکان، ئیسلامیان کردوە بە ژەهرێکی عەرەبی و دەرخواردی کورد و کوردایەتیی دەدەن. سەرانی دەسەڵاتی کوردییش لاواز و بێ هەڵوێستن بەرامبەریان. بە ئاشکرا دیارە کە دەسەڵاتی کوردی و ئەزموونی باشووری کوردستان، بەرەو تێکشکان و هەرەس هێنانی یەکجاری هەنگاو دەنێت. بێگومان لەدوا ئەنجامدا تاکە زەرەرمەند هەر نەتەوەی کورد دەبێت کە لەم سەدەی بیستویەکەمەدا، لەم سەدەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەدا، ژیان و چارەنووسی بەرەو تاریکستان دەبەن.

ئێستا زۆر درەنگ بووە و خەریکە کار لە کار دەترازێت. لێرەوە بانگەواز بۆ هەموو کوردپەروەران و لایەنە دڵسۆزەکانی کورد و کوردایەتی دەکەین کە فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

## ناپاکی لە نەتەوە و نیشتمان هەرگیز کۆن نابێت، هەرگیز لە بیر مێژوو ناچێتەوە

رادەستکردنی پۆلێك پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان-رۆژهەڵات، لەناوچەی هەورامان لە لایەن بزووتنەوەی ئیسلامیییەوە بە ئیتڵاعاتی ئێران، تاوان و ناپاکییەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

ئەگەر یاسا و دادگا و دادوەر لە باشووری کوردستاند هەبوونایە و یاسا سەروەر بووایە، دەبووایە ئەو تاوانبارانە بە سزای رەوای خۆیان بگەیەندرانایەن و ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسیانە بە یاسا، یاساخ بکرانایە و مافی هەبوون و کارکردنیان لە کوردستاندا نەبووایە!؟

ئیسلامییە سیاسییەکان دەسەڵاتییان هەبێت، گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەسەر کورد و کوردستاندا دەهێنن.

بە گرتەی ڤیدیۆیی و لە راگەیاندنە فەرمییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر ئەم تاوان و ناپاکییەی ئیسلامییە سیاسییەکان بە بەڵگە و بەڵگەنامەوە ئاشکرا کراوون.

## ئاڵای تاوان

لە هەر شوێنێك ئاڵای رەشی لەشکری رەشی داعشتان کەوتە دەست، بیسوتێنن، لەناوییەرن، لەو نووسینە مەترسن، ئەو نووسینە ترسناکە، بەو نووسینە ئەنفالیان کردین و بەو نووسینە کەمەڵکوژییمان دەکەن، بیسووتێنن، لەناوییەرن.

## خراپ بەکار هێنانی ئازادی و دیمۆکراسی

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە خۆپیشاندانی ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستانە دژی پەڕتووکە رەخنەییەکەی کاك مەریوان هەڵەبجەیی لەسەر ئیسلام، بەناوی: سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا، پیشان دەدات، بە هەزاران ئیسلامی سیاسیی ریشدار و شەرواڵکورت و تورە و دەم بەهاوار دەبینرێت کە بە ئاشکرا و بێ ترس و بێباك، داوای خوێنڕشتن و کوشتن و پارچەپارچەکردنی نووسەرەکەی دەکەن!؟

ئەگەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان، پرِوای بە ئازادیی بیروباوەڕ هەبووبایە، دەبووبایە رێگایان نەدایە ئەو نووسەرە رەخنەگرە لە لایەن ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیانەوە، نیشتمانبەدەر بکرایە.

ئەو پەڕتووکە، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە و بابەتییانەیە و هیچ بیرورایەکی خراپی تێدا نییە و سەرچاوەی ئەو پەڕتووکە، هەموویان بریتین لە سەرچاوە

عەرەبییە ئیسلامییەکانی مێژووی ئیسلام. شایانی باسە لە زمانە ئەوروپییەکاندا بە هەزاران لێکۆڵینەوەی لەم بابەتە، لە شێوەی پەڕتووک و نامیلکە و وتاردا بڵاوکراونەتەوە و هیچ کەس و لایەنێکیش فەتوایەکی دژی نووسەرەکانیان دەرنەکردووە!؟

## نەخوێندەواری

ڕێژەی نەخوێندەوار و نەخوێندەواری بە شێوەیەکی ترسناك لە باشووری کوردستاندا ڕوو لە زۆرتر بوون و بەرزتر بوونەوەیە.

ساڵانێك لەمەوبەر کە وەزیری ڕۆشنبیریی ژاپۆن لەوە ئاگادارکرایەوە کە هێشتا ژنێکی نەخوێندەوار لە ژاپۆندا ماوە، وەزیر، هەر بە بیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە، یەکسەر دەستی لەکار کێشایەوە!؟

با لێرە باسی نەخوێندەوارە بەساڵاچووەکان نەکەین و هەر باسی منداڵان و لاوانی نەخوێندەوار بکەین. ئەمڕۆ ڕێژەیەکی ترسناك لە نەخوێندەوار و نەخوێندەواری لەناو منداڵان و لاوانی باشووری کوردستاندا دەبینرێت و بەردەوامیش ئەم ڕێژەیە لە زۆرتربوون و بەرزبوونەوەدایە. هەتا ئێستا لە زۆربەی گوندەکانماندا، خوێندنگە نییە و هەتا ئێستا هیچ هەڵمەتێکیش بۆ نەهێشتنی دیاردەی ترسناکی نەخوێندەواری ئەنجام نەدراوە، لە وڵاتێکدا نە یاسا هەبێت، نە لێپرسینەوە هەبێت، نە خوێندن و خوێندەواری بە تۆپزی بێت، نە خزمەتی سەربازی بۆ نەتەوە و نیشتمان، هەبێت و نە بە زۆر بێت، شایانی باسە خوێندن و خوێندەواری و خزمەتی سەربازی لە هەموو جیهاندا هەیە و بەزۆرە و گوێڕایەڵ نەبوونی سزای یاسایی هەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا نە دادگە و دادوەران ئازاد و سەربەخۆبن، نە سیستەمی کارگێڕی و پەروەردە و فێرکاریی پێشکەوتووی سەردەمیانە هەبێت، نە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە شێوازی پەروەردە و فێرکاریدا هەبێت، نە سوپای یەکگرتووی نیشتمانی هەبێت، بەڵام ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبیی ئیسلامی هەبێت، سەدان تەکیە و خانەقا و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی ئیسلامی عەرەبی هەبێت، لەشکرێکی گەورەی چەندین هەزاری لە مەلای سەلەفی و مامۆستای ئایینیی مێشك عەرەبی و کۆمەڵێك باند و گروپی ئیسلامی سیاسیی بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە یاسایی بوونیان هەبێت، سەدان باندی سیخووڕی و باندی مامەڵەی دزی و تاڵانی و لەشفرۆشی و مادەی هۆشبەر بوونیان هەبێت،کچ کوشتن و ژن کوشتن هەبێت، لەبری سەروەریی یاسا، ڕێککەوتنی خێڵەکی - سوڵحی عەشایەری هەبێت، لە هەزاران گەڕەك و گوند و شار و شارۆچکەدا، نە مەلەوانگە، نە پەڕتووکخانە، نە بنکەی تەندروستی، نە شوێنی سەما و یاریە وەرزشییەکان بوونیان هەبێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە، لە وڵاتێکی ئاوادا، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، کێ بیکات!؟ گۆڕانکاری و چاکسازی کێ بیکات!؟ بە سیستەم کردنی کارگێڕی و وڵات بەڕێوەبردن کێ بیکات!؟ پێشخستن و بە سیستەم کردنی پەروەردە و فێرکاری و خزمەتی سەربازی کێ بیکات!؟ هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن و شارستانێتی، کێ بیکات!؟ ئەرێ بەڕاست ئەم شتانە، کێ بیکات!؟

## ناوی کوردی نامێنێت!؟

فەرهەنگ، ناسنامەی میللەتە، هەر میللەتێك خاوەنی فەرهەنگی رەسەن و تایبەتیی خۆی نەبێت، میللەتێکی بێ ناسنامەیە.

ئیسلامییە سیاسییەکان داوا لە دایکان و باوکانی کورد دەکەن کە ناوی عەرەبیی ئیسلامی لە منداڵەکانیان بنێن، بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە لە قورئاندا هاتوون، بەم شێوەیە ناوی رەسەن و تایبەتیی کوردەواری دەسڕنەوە و کورد بێ ناسنامە و فەرهەنگ دەکەن!؟

نەفرەت لەو کەس و لایەنە بەکرێگیراوانەی کە راسپێردراون و هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت فەرهەنگی کوردەواری و ناسنامە نەتەوەیی کورد، لە ناو ئیسلامی عەرەبیدا بتوێننەوە.

## شەهید و تەعریب

ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان، دەیانەوێت لە رێگەی مانای وشەی (شەهید)ی ئیسلامی عەرەبییەوە، بێ رێزی و سووکایەتی بە ئێزیدییەکان و کاکەییەکان و یاسانییەکان و زەردەشتییەکان و کریستیانەکان و هەموو ئەو ئایین و ئایینزایانەی کوردەواری و کوردستان بکەن و ئەو تێکۆشەرە کورد و کوردستانییانەی کە سەر بەو ئایین و ئاینزایانەن، و لە پێناوی کورد و کوردستاندا گیانیان بەخشیوە، بە کافر و گومڕا و دۆزەخییان بناسێنن!؟

تکایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیسلامییە سیاسییەکان، با ئیتر لەمەودوا، لە گفتار و وتارەکانماندا وشەی (شەهید)ی عەرەبیی ئیسلامی بۆ تێکۆشەرە گیانبەخشیوەکانی کورد و کوردستان بەکار نەهێنین. لەبری ئەو وشە عەرەبییە ئیسلامییە، چەندین وشەی رەسەن و خۆماڵیی کوردیمان هەن و هەمان واتا دەگەیەنن، وەك: گیانبەخشیو، ژینبەخشیو، پاکڕەوان، گیانپاك، گیانبەختکردوو، رەنگە وشەی دیکەش هەبێت هەر هەمان واتا بگەیەنێت، هەرچۆن بێت، با ئیبتر ناچاری وشەی شەهیدی عەرەبیی ئیسلامی نەبین و چیتر بەکاری نەهێنین. مەرج نییە هەر وشەیەك لە رابردوودا بەکارمان هێنا بێت و بوو بێت بە باو، ئیتر هەتا هەتایە هەر دەبێت ناچاربین بەکاری بهێنین، بۆ نموونە دوژمن ناوی شاری کەرکووکی کوردستانی تەعریب کرد بوو و ناوی نابوو، (تەئمیم)، بەڵام ئێستا هیچ کەس و لایەنێك ئەو ناوە بۆ کەرکووك بەکار ناهێنێت. شەهیدیش بەهەمان شێوە، ناوێکی تەعریبچییانەیە و نەشیاوە بۆ ئەو تێکۆشەر و لەخۆبووردوو و گیانبەخشیوانەی کوردایەتی کە گیان و ژیانی خۆیان پێشکەشی کورد و کوردستان کردووە. با هەمووومان بەرەنگاری بەعەرەب کردن و عەرەبچێتی ببینەوە کە ئەمڕۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، لە رێگای ئیسلامییە سیاسییەکانەوە بە بەرنامە و بە تەرخان کردنی بوودجەیەکی تۆکمە و فرە زۆر هەوڵی بۆ دەدەن!؟

بەرەو پاکتاو کردنی هەموو وشەیەکی زیانبەخشی بێگانە و نامۆ لە زمانی شیرینی کوردیدا.

بەرەو یاساخ کردنی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە جاش داعشەکان.

## ڕووداوێکی سەیر کە بە چاوی خۆم بینیم

ڕۆژێکیان لە سلێمانی، لەبەردەم چاپەمەنیفۆرشی مامۆستا ئەنۆر برزوودا، کە لە نێزیکی باخچەی گشتیدایە، راوەستابووم، ٤ مەلا بە مەندیل و جبەی درێژی مەلایانەوە هاتن بۆ پەڕتووککڕین، دوای ئەوەی کە پەڕتووکەکانیان هەڵگرت، ویستیان دەست بکەن بە گیرفانیاندا و پارەکەی بدەن، هەر ئەوەندە مامۆستا ئەنۆر دەمی سووتا، وتی با لەسەر خۆمان بێت، ئیتر هەر هەموویان سوپاسی مامۆستا ئەنۆریان کرد و بە پەڕتووکەکانەوە لێیاندا و ڕۆیشتن. بەڕاستی زۆرم پێسەیر بوو، بە مامۆست ئەنۆرم ووت، بۆچی وات پێوتن و پارەت لێوەرنەگرتن، بە پێکەنینەوە وتی من ئەم موجامەلەیەی هەموو کەسێك دەکەم، بەڵام خەڵك خۆی دەبێت بزانێت کە ئەمە دوکانی پەڕتووکفرۆشییە و سەرچاوەی بژێوی ژیانی خۆم و خێزانەکەمە، ئیتر وتی دەی هەر گوێشی مەدەرێ با ئەوەش بڕوات!؟

زۆر بیرم لەو ڕووداوی پارەنەدانەی ئەو مەلایانە کردەوە، زۆرم پێ سەیروسەمەرەبوو کە بەو ئاسانییە بەو موجامەلەیە، پارەیان نەدا و ڕۆیشتن. بەڵام کە چەند سەرچاوەیەکم لەسەر ژیانی فەقێکان و فەقێیەتی خوێندەوە، زۆر باش لەو بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەی ئەو مەلایانە تێگەیشتم. ئەمانە هەر لە فەقێیەتییەوە، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە کەسوکار و سەرگەرمییانەوە بە خوێندنی فەقێیەتییەوە، بۆ خواردن کۆکردنەوە، ماڵ بە ماڵ گەڕاون و لەسەر ئەوە راهاتوون کە هەموو شتێکیان هەر لەسەر رەنج و ماندووبوونی خەڵکیتر بێت. لە منداڵییەوە فێری کارکردن و بەرهەمهێنان نەکراوون. پەندێکی کوردەواریش هەیە کە دروست بەسەر ئەو ڕووداوەدا جێبەجێ دەبێت کە ئەمەیە: (خوویەك گرتت بە شیری، تەرکی نادەی بە پیری). بێگومان لەگەڵ رێزی زۆرمدا بۆ مەلا دڵسۆز و پیاوچاکەکانی کوردستان.

## دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستاندا، کەوتووەتە بۆسەوە

زۆر کەس و لایەن لەڕووی دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە دەپرسن: ئایا دەسەڵاتی کوردی، سەرانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، ئاگاداری پەیامەکان و چالاکییەکانی ئەو لەشکرە مەلا و بانگخوازە تەعریبچییانە نین، ئایا ئاگاداری کاروکردەوە و بەرنامەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان نین!؟

لە راستیدا باش ئاگادارن، بەڵام بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یان نەزانن، دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، کەوتوونەتە بۆسەی ئیسلامییە سیاسییەکانەوە و لێ ڕزگار بوونیان نییە، ئەم بۆسەیە جارێ هەر بەردەوامە و درێژ خایەنە و لە کاژێری سفردا پلانەکەی خۆی جێبەجێ دەکات.

بە دڵنیاییەوە، دەسەڵاتی کوردی لە باشوور، داهاتووی نییە و هەرەس دێنێت، بێگومان هەر لە ئێستاوە دەڵێم، زۆر زۆر بەداخەوە. ئیسلامییە سیاسییەکان بە بەرنامە ئیشی بۆ دەکەن، ئەوان بەرنامەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان جێبەجێ دەکەن. ئێستا سەردەمی کیمیایی بەسەرچووە، لەبری کیمیایی، پووچپەرستی و تەعریبچێتی و تۆرانچێتی و شیعەگەریمان پێدا دەکەن. دەسەڵاتی کوردی و سەرانی دەسەڵاتدار، لەبەر ئەوەی پابەندن بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دەوروبەرەوە، ناتوانن هیچ لێپرسینەوەیەك لەگەڵ ئەو لەشکرە

مەلا و بانگخوازە تەعریبچییانەدا بكەن. بە كورتییەكەی ئیسلامییە سیاسییەكان كۆمەككار و پشتیوانی و پشت و پەنایان هەیە و دەوڵەتانی توركیا و ئێران و سعودیە و قەتەر و سەدان لایەن و هێز و رێكخراوی ئیسلامیی جیهانیان لەگەڵدایە و هەموو جۆرە كۆمەكێكیان پێدەكەن، ئەمە كورتی و كوردییەكەیەتی.

## تۆ بڵێی وا بێت!؟

دەڵێن: خوا ئیشی نابەجێ ناكات، تا كێو نەبینێت، بەفری تێناكات!؟

منداڵە هەژارەكان، تەنها وەك نموونەیەك لە نادادپەروەری و بەشمەینەتیی ژیانی مرۆڤەكان.

- با بپرسین: ئەگەر خوا بەتەمای ئەزموون كردنی مرۆڤەكان بێت، ئەی بۆچی لەبری منداڵە هەژار و بێتاوانەكان، ئەو ئەزموونەی لەسەر مرۆڤە خراپكارەكان نەكردووە و نایكات!؟

ئایا راست و رەوایە كە ئەوە هەڵبژاردن و بڕیاری خوا بێت بۆ ژیان و چارەنووسی منداڵانی بێتاوان و فریشتە و پاك و بێگەرد!؟

ئەم نووسینە گوزارشت لە چەند وێنە و دیمەنێكی دڵتەزێنی منداڵانی هەژاران دەكات.

## باشووری كوردستان، سەیرانگە و تەمەڵخانەی ئیسلامییە سیاسییەكانە!؟

گروپە ئیسلامییە سیاسییەكان و لایەنگرە مووچەخۆرەكانیان، نوێنەری داعشن و لە چاوەڕوانیی هاتنی لەشكری تێرۆریستانی داعشدان!؟

ئیسلامییە سیاسییەكان، لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستاندا، خاوەنی هیچ خەبات و رابووردوو و شانازییەك نە بوون و نین. ئەوانە، هاتوونەتە سەر سفرەی ئامادەكراو و لە بارودۆخی ئازادی و دیمۆكراسیی باشووری كوردستاندا، ئەمان سوودمەندترین و بەختەوەرینن و ژێربەژێریش بەرنامەی دوژمنانی كورد و داگیركەرانی كوردستان جێبەجێ دەكەن و بە هاوكاری و كۆمەكی ئەوان، كار بۆ پاشكەوتن و گەوجاندن و بەئیسلامكردن و بەعەرەبكردنی كۆمەڵگەی كوردەواری دەكەن.

باشووری كوردستان بۆ باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەكان و مەلا و بانگخواز و ئەندام و لایەنگرە مووچەخۆرەكانیان، بووە بە سەیرانگە و تەمەڵخانە. نە كار دەكەن، نە ماندوو دەبن، نە هیچ بەرهەمێكیان بۆ كۆمەڵگە هەیە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی كورتبینی كوردییەوە، بوودجەیەكی زۆریان بۆ پراوەتەوە و خاوەنی چەندین كەناڵی تی ڤی و رادیۆ و بنە و بارەگا و گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕی ئەلەكترۆنین، كە هەموو ئەم ئامراز و دەستاوێژانە بۆ ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تۆرانیچێتی و تەعریبچێتی و گەوجاندی كۆمەڵگەی كوردستان بەكار دەهێنن.

هەتا ئێستا ئیسلامییە سیاسییانەكان نە چەكدارێكیان، نە ئەندامێكیان نە بەرپرسێكیان، بەرەكانی شەڕی دژ بە لەشكری داعشی ئیسلامییان بە خەویش نەبینوە، تەنانەت، یەك دڵۆپ فرمێسك و خوێنیان بۆ كورد و كوردستان لێنەڕژاوە.

بەڕاستی خوا بۆی داون، لەسەر بوودجەی هەژارانی میللەت، بوون بەخاوەنی هەموو شتێکی خۆیان، هەر دەخۆن و دەخۆنەوە و لە پشووی ژیان و خۆشگوزەرانیدا، بێ خەم و بێ باك، پاڵی هەمیشەییان لێداوەتەوە.

ئەرێ بەراست بۆ هیچ کەس و هیچ لایەنێك لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و لە سەرانی پارتی و یەکێتی و گۆران ناپرسن: بوونی ئەو کەس و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، جگە لە مشەخۆری و زیانداری و دواخستنی کورد و کوردستان، چ سوودێکیان هەیە!؟

بەرەو یاساخ کردنی رەوتی ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان.

## سەرپەڕاندن لە عەرەبستانی سعودییە بەردەوامە

لەکاتێکدا کە هەموو جیهانی خاوەن شارستانێتی بە پێشکەش کردنی دیاری و چەپکەگوڵ و شادی و خۆشی و ئاهەنگێرانەوە پێشوازییان لە هاتنی ساڵی نوێ کرد، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو مرۆڤایەتیی پێشکەوتووەوە، وڵاتی سعودییە بە پەڕاندنی سەری مرۆڤێك پێیان نایە نێو ساڵی نوێوە. ئەمەیە وڵاتی سەرچاوەی ئەو ئاییینەیە کە خۆیان پێی دەڵێن ئایینی ئاشتی و چاکە و بەختەوەری بۆ مرۆڤەکان!؟ شایانی باسە سعودییە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سەری مرۆڤی بە فەرمی تێدا پەڕێندراوە. سەرباری ئەم تاوانانەش، لەو وڵاتە کچان و ژنان، بەگشتی خاوەنی هیچ مافێکی رەوای مرۆڤانە نین. سعودییە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین کۆمەك و پشتیوانیی بە چەتە تێرۆریستەکانی داعش دەکات و یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پارمەتیدانی تێرۆر و تێرۆریستانی جیهان.

سعودییە یەکێکە لە دەوڵەمەنترین وڵاتەکانی جیهان، جگە لە سامانی نەوت و بازرگانیی جۆراو جۆر، گرنگترین سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونەکەشیان پارەی ئەو حاجی و عەمرەکەرانەیە کەسەردانی ئەو وڵاتە دەکەن، داهاتی حەج و عەمرە ساڵانە چەندین میلیارد دۆلارە کە خۆبەخش لەلایەن موسڵمانانەوە بۆیان دەبرێت، هەموو حەجکەر و عەمرەکەرێك بە گیرفانی پڕەوە روو لە سعودییە دەکەن و لەوسەرەوە بە گیرفانی بەتاڵەوە دەگەڕێنەوە، ئەمە یەکێ لە گەورەترین سەرچاوەی داهاتی نیشتمانییە بۆ عەرەبستانی سعودییە!؟

سعودیە نزیکترین وڵاتە لە وڵاتانی ئەسیوپیا و سودان و ئەریتریا و یەمەن و عێراقەوە کە لە هەندێك لەم وڵاتانە رۆژانە بە سەدان کەس لە برساندا گیان لەدەست دەدەن بەبێ ئەوەی سعودییە هەتا ئێستا کەمترین کۆمەکێکی بەو وڵاتانە کردبێت!؟

با لێرەدا بپرسین، ئایا کامەیان خواپەرستی و چاکەخوازی و مرۆڤپەروەرییە، پارمەتی دانی هەژاران و مرۆڤە رەشوڕووت و برسییەکان یان پارە بردن بۆ یەکێ لە دەوڵەمەندترین و گەندەڵترین و پیاوسالارترین وڵاتی جیهان!؟

ئەرك و فەرمانی مامۆستا ئایینی و مەلا چاکەخواز و نیشتمانپەروەرەکانەکە فەتوایەکی کوردانە و نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانە دەربکەن و بە ئازایانە و ئاشکرا بڵێن ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەو پارەیەی کە دەکرێتە دەستی سەرمایەدارەکانی سعودییەوە، پارمەتیی هەژاران و کرێچییەکان و منداڵە چەوساوە ئیشکەرەکانی وڵاتی خۆمانی پێبدەین، یان بەو پارانە هەوڵ بدەین

شاری وێرانکراوی کۆبانی و شەنگال، دروست و ئاوەدان بکەینەوە. ئەمە خواپەرستی و چاکەخوازی و مرۆڤایەتیی راستینەیە.

## دەسەڵات و ئیسلامی سیاسی

لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، چ پێشکەوتوو بێت و چ پاشکەوتوو، دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیاری یەکەمە لە ئاسایش و پاراستنی میللەت و وڵات، دەسەڵات دەبێت ئاگادار بێت کە ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییە سیاسییەکان، بە ئاشکرا بانگاشەی توندوتیژی و جهیاد و کوشتوکوشتار و بیروباوەڕی بۆگەن و فاشیستانەی داعشیزم دەکەن، کێشەکە بە تەنها هەر یەك مەلا نییە و تەواو بێت، ئەوانە ئێستا یەك لەشکری گەورەن، ٥٢٣٠ مزگەوت، بە ئاماری وەزارەتی ئەوقاف لە باشووری کوردستاندا هەیە، بە سەدان تەکیە و خانەقا و حوجرە و فەقێخانە و نووشتەخانە و دەروێشخانە و خوێندنگەی ئیسلامی هەیە، ئەی ئەم دامەزراوە ئیسلامییانە خەریکی چین، ئەی کێ بەرپرسیارە لەمانە!؟ دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەرپرسیاری یەکەمە و بە پارە و بە بوودجەی زۆر کۆمەك و پشتیوانییان دەکات. بە سەدان گرتەی ڤیدۆیی لەلایەن ئەو مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیانەوە لە ناو یوتوب و پێگە ئەلەکترۆنییەکانی دیکەدا هەن، ئەوانە بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە تەعریبچێتی دەکەن و بە ئاشکرا و ئازادانە پشتیوانی چەکدارە تێرۆریستەکانی داعش دەکەن و هاوسۆزییان بۆ دەردەبڕن، ئەی کێ لەوانە بەرپرسیارە!؟ مەگەر هەر هەموویان مووچەخۆری دەسەڵاتی سیاسیی کوردی نین!؟

## خوا ئافەریدە و بەخشندە و میهرەبانە

خوا ئەو بوونەوەرە تووڕە و ئازاردەر و سوتێنەر و ترسناکە نییە کە هەندێ لە ئایینەکان ئاوا پێمان دەناسێنن، خوا هەموو شتێکی دروست کردووە و باڵادەستە بەسەر هەموو شتێکدا، ئەوەی خراپە و خراپە دەکات هەر خۆمانین کە لەگەڵ یەکتریدا خراپین و خراپە دەکەین، ئەوانەی لە خوا دەترسن، خۆیان کەسانی ترسنۆکن و لە جەوهەری بوونی خوا تێنەگەیشتوون. باشە بکە و خراپە مەکە و لە هیچ کەس و هیچ شتێکیش مەترسە. خوا هەر هەبووە و هەر هەیە و هەر دەمێنێت. خوا ئافەریدە و بەخشندە و میهرەبانە.

## منداڵان و ئایین

منداڵان پەپوولەی باخی ژیانن، پێویستە بە مێتۆدی زانستیانە و سەردەمیانەی بەسوود پەروەردە بکرێن، تا گەورە دەبن نابێت دووچاری هیچ ئایین و ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕێکی ئاسمانی و زەمینی بکرێن، نابێت خۆشی و شادی و مافە رەواکانی منداڵێتییان لێ زەوت بکرێت. ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان بە جلوبرگی دواکەوتووانەی ئیسلامییانە دەپێچنەوە و هەر لە منداڵییەوە لە خۆشی و شادیی منداڵێتی بێبەشیان دەکەن و لە باری دەروونییەوە ناتەندروستیان دەکەن، بەزۆر ناچاری خوێندنەوە و رەوانکردنی تێکستی سەختی ئایینییان دەکەن. ئایا راست و رەوایە کە ئەو منداڵانە دەبێت بە جلوبەرگی دیاریکراوی

ئایینییەوە بپێچرێنەوە و تێکستی سەخت و ئاڵۆزی ئایینیان بەزۆر پێ لەبەر بکرێت، ئایا لەو تەمەنە کەمەدا دەتوانن لە واتا و ناوەڕۆکی ئایین تێبگەن!؟

## ٢٤ساڵ کارەسات و تەنگەژەی ڕۆشنگەری

لە مێژووی کورد و کوردستاندا نەبووە کە لەماوەی ٢٤ ساڵدا تەنها لە بەشێکی کوردستاندا (لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی کوردیی ئازاد و نیوە سەربەخۆدا)، زۆرتر لە پێنج هەزار مزگەوتی عەرەبی و سەدان حوجرە و فەقێخانە و تەکیە و خانەقا و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی ئیسلامی دروست بکرێن، یەك لەشکری گەورە مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی و وەهابی و ئیخوانچی و باند و گروپی توندڕەو و جیهادی سەرهەڵبدەن!؟ ئەمە لەکاتێکدا لە شارە گەورەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی کەرکوك و دهۆك، بۆ دەرمانیش یەك بنکەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی بوونی نییە، یەك سەنتەری پەروەردەی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بۆ منداڵان و لاوان بوونی نییە، بۆ نموونە لە شاری سلێمانی تەنها یەك پەڕتووکخانەی گشتی هەیە کە ژمارەی پەڕتووکەکانی ناگاتە ژمارەی پەڕتووکەکانی پەڕتووکخانەیەکی گەڕەکێکی وڵاتە پێشکەوتووەکان!؟ بێگومان (ئەگەر پارە و داهات و بوودجەی دەستەڵاتی کوردی بە میلیاران دۆلار نەبوایە، باس کردنی ئەم راستییە لە شوێنی خۆیدا نەدەبوو). هەروەها زۆربەی زۆری گوند و شارۆچکەکان بێبەرین لە خەستەخانە و بنکەی تەندروستی و فریاگوزاریی سەرەتایی، بێبەرین لە مەلەوانگە و پەڕتووکخانە و باخچە و یاریگە بۆ منداڵان و لاوان. لە ماوەی ئەو ٢٤ ساڵەی رابووردوودا چەندین هەزار سەرمایەدار و بازرگانی بێ پێشینەی کاسپی کردن و بێ ئاگا لە زانستی ئابووری و بازرگانی، بوون بە میلیۆنێر و میلیاردێر، ئەمە لەکاتێکدا کە بە هەزاران منداڵ و گەنج و لاوی هەژار و هەژاران، رۆژانە لە بازاڕ و کۆڵانەکاندا خەریکی پیشەی بۆیاخچێتی و دەستگێری و کرێکاری و کاری نایاسایی سەخت و رێگەپێنەدراون!؟ بە هەزاران سواڵکەر لە شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێن، بە هەزاران ژن و پیاوی بەساڵاچوو لە هەژاریدا، یان سواڵکەرن یان خەریکی کاری دەسگێرین!؟

کارەساتیش ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەموو ئەو دیاردە خراپانەوە، راگەیاندنەکانی دەستەڵات و بەکرێگیراوەکانیان هەر خەریکی پینەوپەڕۆی کەموکوری و گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتی و نادادپەروەرییەکانن و پەسنی دەستەڵات و ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی دەکەن، کە لە راستیدا فڕیان بە راستیی ژیانی زۆربەیەتیی میللەتەوە نییە!؟

لەلایەکەوە دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ژێرخان و سەرخانی ئابووریی کوردستانیان تاڵان و بنبۆش کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوەکان و مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینی و فەقێ و خوێندکارە ئیسلامیە مووچەخۆرەکانیان وردە وردە خەریکە باشووری کوردستان دەکەنە ئەفگانستانی سەردەمی رەش و تارکستانی تاڵیبان!؟

پرسیارەکە ئەوەیە: کێ و چ کەسان و لایەنێك لەو بارودۆخە خراپ و دژوار و نەخوازراوانە بەرپرسیارن و چ پلان و بەرنامەیەکی زانستی و ریالیستانە و درێژخایەن هەیە بۆ پێشگرتن بەو رەوتە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەو و

تەعریبچییانە، چ هەوڵدانێك هەیە بۆ راستکردنەوە و چاکسازیی ئەو کەموکوری و کێشە و تەنگەژە و دیاردە خراپانە!؟

## چەند بابەتێکی گرنگ و پێویست بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە و بڕیارلەسەردان

٢٤ ساڵە کێشەی کۆمەڵایەتی، کارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانی، تەنگەژەی ئابووری، پشێوی و ترس و دڵەڕاوکێ، هەروەها بەشمەینەتییەکانی وەکو بێ کارەبایی، بێ ئاوی، بێکاری، بێ شوێنی و کرێچێتی، بێ مووچەیی، ململانێی نائاسایی و ناڕەوا و دژایەتی و دوژمنایەتی و شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆی نێوان لایەنە سیاسییە چەکدارەکان، سیمای گشتیی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بووە!؟

- ئایا زۆربەی زۆری ئەو رووداو و کارەساتانەی کە لەو ٢٤ ساڵەی رابووردوودا لە باشووری کوردستان گوزەراون، ئاپرووبردنی ئازادی و دیمۆکراسی و سێکولاریزم نەبوون!؟

- ئایا ئێمەی کورد لە واتای ئازادی و دیمۆکراسی و کۆمەڵگەی شارستانێتی، وەکو ئەوەی کە پێویست بێت تێگەیشتووین، ئەگەر وابوایە، ئەی چۆن بوو لەماوەی ٢٤ ساڵی رابووردوودا لەژێر سایەی ئەو جۆرە ئازادی و دیمۆکراسییەدا، یەك لەشکری گەورە لە کەسانی سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و وەهابی و ئیخوانچی و ئیسلامی سیاسیی تەعریبچی و توندڕەو سەریان هەڵداوە!؟

- ئایا دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، هەر وەکوو رابووردوو، لە بەرنامەیدا نییە و نایێت کە بە یاسا کۆتایی بە باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستراو و بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بهێنێت، یان هەر رێگەیان پێدەداتەوە کە هەر بەردەوامبن و هەر خەریکی ئیخوانچێتی و سەلەفیچێتی و وەهابیچێتی و تەعریبچێتی و جهیادی کوشتوکوشتاربن، تا سەری دەسەڵاتیش بخۆن و باشووری کوردستانیش بکەن بە ئەفگانستانی سەرەمی رەش و تارکستانی تاڵیبان!؟ ئایا وتاردانی مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییە توندڕەو و تەعریبچییەکان کۆتایی پێدەهێنرێت و لێپرسینەوە لەگەڵ تەعریبچییەکان و توندڕەوەکان و جیهادییەکان و داعشە ناوخۆییەکاندا دەکرێت!؟

- ئایا پەرلەمانی کوردستان، کە لە سەدا هەڤدەی لە ئیسلامییە بیرداعشەکانە، هۆڵێکی پڕ لە مووچەخۆری ملکەچی پارتەکان و بەرپرسە دەسەڵاتدارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی نییە، ئایا بەراستی ئەو پەرلەمانتارە ملکەچ و مشەخۆر و بێ بەرهەمانە، نوێنەری کۆمەڵگەی کوردستانن!؟

## عەرەب و ئیسلام

ئیسلام زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەبەر لە عەرەبستانی سعودییە سەریهەڵداوە. واتە دیاردەیەکی مێژوویی عەرەبییە و پێش ئەوەی ئایین بێت، فەرهەنگ و دابونەریت و بیروباوەڕی رابووردووی عەرەبە. واتە لە رووی مێژووییەوە، عروبە و ئیسلام، دوو رووی یەك دراون.

# شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلوول و ئەم دەسەڵاتە کوردییەی ئێستا

لە شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلوولدا، بە هەموو کەموکوری و ناتەواوییەکیشیەوە، بەڵام لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا، تەنانەت یەك شێخ و مەلا و مامۆستای ئایینی نەیانکرد و نەیانتوانی، تەنانەت یەك فەتوا دژی هیچ نووسینێك، دژی هیچ نووسەر و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرێك بدەن، لەو شۆڕشەدا، ئایین و سیاسەت تەواو لێکجیاکرابوونەوە و مزگەوتەکانیش، جگە لەوەی کە خواپەرستی و کاروباری ئایینی تێدا ئەنجام دەدران، لە هەمان کاتیشدا شوێنی کۆبوونەوە و پشودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوون.

ئێستا بەهۆی کاریگەرییەکانی ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، مزگەوتەکان کراون بە بنکەی ئیسلامچێتیی سیاسی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و تەعریبچێتی و پەروەردە و ئامادەکردنی تێرۆریستان، زۆربەی زۆری مەلا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییەکانیش بە ئارەزووی خۆیان و بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە، بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بەردەوام خەریکی بەئیسلامکردن و بەعەرەبکردنی وڵاتی کوردەوارین. بە ئازادانە و بە خواست و بەرژەوەندیی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، نووسەران و ڕۆشنبیران و ئازادبیرانی کوردستان، شاربەدەر و وڵاتبەدەر دەکەن. مارشی پیرۆزی نەتەوەیی کوردی، ئەی ڕەقیب، یاساخ دەکەن، بە کوفر و تاوانی دەزانن، لەناو هۆڵی پەرلەماندا لەبەری هەڵناستن، چەژنی نەورۆزی پیرۆزی کوردەواری بە کفر دادەنێن، دژی پۆشینی جلوبەرگی ڕەسەن و جوان و ڕازاوەی ئافرەتان، بانگاشە بۆ لەچك و جبە و باڵاپۆش و جلوبەرگی دواکەوتووانەی عەرەبی و ئیخوانی و ئیسلامی سیاسیی دەکەن. بەردەوام بە ئاشکرا و بێ باکانە سوکایەتی و بێ ڕێزی بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کورد و کوردستان دەکەن، تێرۆریستان و خۆکوژان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەهێننە کوردستانەوە و کاری تێرۆریستی و وێرانکارییان پێئەنجام دەدەن. هەموو هەوڵ و ئامانجێکیشان تێکدانی باری ئاساییشی باشووری کوردستان و گەیشتنیانە بە کورسیی دەسەڵاتی سیاسی. ئاشکرایە کە گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، چەند دەستەیەکی زیانبەخشن و نامۆن بە کورد و کوردستان، تابووری پێنجەمن و بەکرێگیراو و ئاژاوەگێڕن و وەکو مین لە هەموو کوردستاندا چێندراون بۆ کاتی پێویست کە دەرفەت لە دەسەڵاتی کوردی و بزووتنەی کوردایەتی بهێنن. سەرەنجام بتوانن خۆیان شوێنی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی ئەمڕۆ بگرنەوە و ببنە خاوەنی بوودجە و داهاتی کوردستان و بەرنامە دواکەوتوو و دۆزەخییەکانی دوژمنای کورد و داگرکەرانی کورستان جێبەجێ بکەن و شتێك نەهێڵن ناوی پێشکەوتن و شارستانێتی بێت، هەموو هەوڵ و مەبەستێکیان هەر ئەوەیە کە ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی شوێنی کوردایەتی بگرنەوە.

با لێرەدا پرسیارێکی پێویست و ڕەوا ئاراستەی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی خۆمان بکەین و بپرسین: دەسەڵاتی کوردی و سەرکردە و بەرپرسە سیاسییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بۆ وا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و سست و زەلیلن بەرامبەر گفتار و وتار و کاروکردەوەی ناکوردانە و تێکدەرانەی ئەو مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیە سیاسی و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە!؟

## مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی جاران و ئەوانەی ئێستا

مەلا و مامۆستا ئایینییە بەڕێز و دڵسۆزەکانی جاران، زۆر ناسراو و ناودار نەبوون، لاپەڕەی ناو فەیسبوکیان نەبوو، وتاری بڵاوکراوە و گرتەی ڤیدۆییان نەبوو، ڕێکلامچییان نەبوو، موچەی موفت و ناپاسایی باند و گروپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوەکانیان نەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە، کەسانی خواپەرستی ڕاستینە بوون، پاك بوون، دڵسۆزی خەڵك بوون، چاکەخواز و بەویژدان بوون. زمانبەد و بوختانچی و ئاژاوەچی و تێکدەر نەبوون، هاونیشتمانیی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر بوون، لایەنگری کوردایەتی و شۆڕشی کوردستان بوون، مزگەوت و شوێنە گشتی و بۆنە تایبەتی و گشتییەکانیان بۆ مەبەست و مەرامی ناڕەوای سیاسی و بۆ سەلەفیزم و وەهابیزم و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی و بێگانەپەرستی بەکار نەدەهێنا، دژی پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان نەبوون، دژی و ئازادی و مافە ڕەواکانی کچان و ژنان نەبوون، لە وتارەکانیاندا بیروباوەڕی توندڕەوی و توندوتیژییان بڵاو نەدەکردەوە، بەکورتییەکەی مامۆستای ئایینی و خواپەرستی ڕاستینە و چاکەخوازی کۆمەڵایەتی و هاونیشتمانیی پاك و دڵسۆز و بەسوود بوون.

## سەردانی لاپەڕەی فەیسبوکی مامۆستایەکی ئایینی ناسراو و ناوداری خۆمانم کرد، ویستم بزانم لەناو لاپەڕەکەیدا چ باسە!؟

چیم بینی: هەر هەمووی باسی عەرەب و عروبە و خۆشەویست کردنی عەرەب و پیاهەڵدانی خەلیفەکانی عەرەب و پەسن کردنی جەنگاوەرە خوێنڕێژەکانی لەشکری فتوحاتچی و داگیرکەر و وێرانکەری عەرەب بوو. لە باسی دۆزەخە خەیاڵییەکەی عەرەب و خۆ بە کۆیلەکردن بۆ عەرەب و عروبە زیاتر، هیچی دیکەی تێدا نەبوو. تەنانەت بە یەك وشەش نە ناوی کورد و نە ناوی کوردستانی تێدا نەبووا!؟

هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەوانە دەستێکی ڕەش و گومانلێکراون، بێگومان ئەوانە بە هیچ شێوەیەك و بە هیچ پێوەرێك، مەلا و مامۆستای ئایینی نین. ڕوون و ئاشکرایە کە بە چ پووچپەرستی و ژەهر بڵاوکردنەوەیەك دەژین، ئەوانە لە دروستکراو و کۆیلە و بەکرێگیراوی عەرەب و عروبە زیاتر، هیچیتر نین!؟

## مزگەوت و ئاوارەکان

لە باشووری کوردستاندا، بە پارەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و ئیسلامچییەکانی ناوخۆ، زۆرتر لە پێنج هەزار مزگەوتی عەرەبی دروستکراون، بەڵام لەم وەرزی سەرما و تۆفانەدا، دەسەڵاتی کوردی و مەلا ئیسلامییە سیاسییەکان، تەنانەت ڕێگا بە یەك منداڵی ئاوارەکراو و بێ خانە و لانە نادەن کە پەنا بۆ مزگەوتەکان بەرن تا لە سەرمادا گیانیان لە دەست نەدەن!؟

نێزیکەی ٢ میلیۆن ئاوارە و خەڵکی ماڵوێرانبوو و سەرگەردان ڕوویان کردووەتە باشووری کوردستان، وەك ئاشکرایە کە لە باشووری کوردستاندا (بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف)، ٥٢٣٠ مزگەوتی پۆشتە و نەرم و گەرم و کارەبادار و ئاوەدان

هەن، کەچی هەتا ئێستا ئەو مزگەوتانە نەك ٥٢٣٠ مرۆڤی برسی و تینوو و سەرمابوو و بێ پارە و بێ خانەو لانەیان نەگرتووتە خۆیان، بەڵكو تەنانەت یەك منداڵی ئاوارە و سەرگەردان و بێتاوان، لە مزگەوتێكدا تنۆكێ ئاوی نەخواردووەتەوە، ژەمێك خۆراكی پێشكەش نەكراوە، چركەیەك گەرمی نەبووەتەوە، ئیتر مزگەوت بۆ هەژاران و ئاوارەكان، هەبێت چییە و نەبێت چییە!؟

ئەرێ پارتە دەسەڵاتدارەكانمان بۆچی ئاوا بێ دەسەڵات و زەلیل و ملكەچ بوون بەرامبەر مەلا و بانگخواز و ئیسلامییە سیاسییەكان!؟

تكایە فریای ئاوارە و دەربەركراوەكانی شەنگال و كۆبانی بكەون، ئەوانە، هاوخوێن و هاونەژاد و هاونیشتمانمانن!؟

## ناوی منداڵان

دوای رووخانی دەوڵەتی عێراق و ئازادبوونی باشووری كوردستان، هەر باوك و دایكێكی كورد، ناوی عەرەبییان لە منداڵەكانیان نابێت، دەبێت نیشانەی پرسیاریان لەسەر دابنرێت!؟

## بەسەرهاتێكی سەیروسەمەرە : وانەیەكی گرنگ لە رەگەزپەرستێتیی عەرەبی سورریاوە!؟

لێرەدا جێگای خۆیەتی كە هەزاران دەستخۆشانە و ئافەرین لەكوردانی رۆژئاوا بكەین كە هەڵمەتێكی گۆرینی ناوە عەرەبیەكانیان دەستپێكردووە و ناوی كوردیی جوان و شیرین و رەسەن لە خۆیان و منداڵەكانیان دەنێن. لە باشوور، بە پێچەوانەی رۆژئاواوە، ئیسلامییە سیاسییەكان كارێكیان كردووە كە وردە وردە ناوی كوردی نامێنێت و هەمووی دەبێت بە عەرەبی و ئیسلامی!؟

- مامۆستای نەمر، كەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەكانیدا بەسەرهاتی خێزانێكی كوردی رۆژئاوامان بۆ دەگێرێتەوە و باسی رەگەزپەرستێتیی عەرەبی سوریا دەكات بەرامبەر كوردانی رۆژئاوا،كە ئەمەیە: خێزانێكی كورد دەیانەوێت كۆرپەكەیان ناوبنێن (ئازاد)، لەكاتی ناونووس كردنیدا، فەرمانبەرە عەرەبەكە لێیان دەپرسێت ئازاد مانای چییە؟ ئەوانیش دەڵێن ئەوە وشەیەكی كوردییە و واتاكەی بە عەرەبی پێدەڵێن. فەرمانبەرە عەرەبەكەش پێیان دەڵێن ئەوە ناوێكی عەرەبی نییە و یاسادا ناوی كوردی بەكار بهێنرێت. خێزانە كوردەكەش توورە دەبن و دەڵێن ئێمە نامانەوێت ناوی عەرەبی لە كۆرپەكەمان بنێین، خۆ ئێمە عەرەب نیین!؟ كابرا دەڵێت نابێت!؟ ئیتر باوكی منداڵەكە لە داخا دەڵێت باشە ناوی دەنێین (گوو)، فەرمانبەرەكە لەو وشەیەش تێناگات و دیسان دەپرسێت (گوو) یانی چی؟ پاش ئەوەی كە مانای گووی تێدەگەیەنن، عەرەبە كە دەڵێ باشە بەڵام بە عەرەبی دەبێت ناوی بنێن (خەرە) واتە (گوو). ئەمە رەگەزپەرستێتی و ئەوپەڕی فاشیزمی عەرەبییە بەرامبەر بە كوردا!؟ ئەوان وا بیر لە كورد دەكەنەوە و كوردە نەگبەتە بێگانەپەرستەكەش بە خۆبەخش و بێ بەرامبەر، هەر خەریكی ئیسلامچێتی و تەعریبچێتییە!؟

## ناولێنانی منداڵان بە زمانی نەتەوەیی، بەشێکە لە خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتمان.

جاران زۆربەی خەڵکی کوردستان منداڵەکانی خۆیان بە ناوی جوان و ڕەسەنی کوردی و کوردستانی ناو دەنان، ئێستا بەشانازییەوە زۆربەی خەڵك ناوی عەرەبیی ئیسلامی لە منداڵەکانیان دەنێن، بۆ نموونە ئێستا مەریوان کراوەتە موصعەب!؟کارزان بووە بە موثەننا!؟کاوە بووە بە بیلال!؟ سیروان کراوەتە موعطەصەم!؟ کەژاڵ کراوەتە ئوسرا!؟ خونچە بووە بە نوورا!؟ نازەنین بووە هودا!؟ ڕووناك کراوەتە فەهیمە .....هتد!؟

## موسڵمانە سیاسییەکان، ئایینی ئیسلامیان کردووە بە کێشە بۆ هەموو مرۆڤایەتی

کێشەی سەرەکیی زۆربەی زۆری موسڵمانان هەر بەتەنها ئەوە نییە کە دان بە هیچ ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕێکی دیکەی مرۆڤایەتیدا نانێن و ناتوانن خۆیان لەگەڵ خواپەرستان و باوەڕدارانی ئایینەکانی دیکە بگونجێنن. بەڵکو ئەوان هەموو ناموسڵمانێك بە دوژمنی خۆیان و ئایینەکەیان و بە دوژمنی پەیامبەر و الله کەیان دەزانن. لەهەمان کاتدا لەناو خۆیشیاندا کۆك و تەبا و یەك نیین و چەندین ئایینزا و ڕەوت و ڕێچکەی جۆراوجۆر و لێکجیاوازی ئیسلامیی دژبەیەکیان هەیە و دابەش بوون بەسەر چەندین باند و گروپ و لایەنی ئایینی و ئایینزایی و سیاسیی توندڕەودا و هەموویان دژ و دوژمنی یەکترین!؟

کارەساتەکە ئەوەیە کە موسڵمانە توندڕەو و سیاسییەکان، خۆیان و هەموو مرۆڤایەتیشیان دووچاری تەنگەژە و ترسولەرز و وێرانکاری و کوشتوکوشتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە!؟

## خۆزگە بە ٢٤ ساڵ لەمەبەر

تەنها هیوا و ئومێدی نەتەوەی کورد، لە ئێستا و لە داهاتوودا، هەر باکوور و ڕۆژئاوایە.

باشووری کوردستان لە دەست چووە، ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبی و بنکەی بەعەرەبکردنی تێدایە. سەدان تەکیە و حوجرە و فەقێخانە و خوێندنگەی ئیسلامی عەرەبی تێدایە. چەندین باند و گروپی ئیسلامی سیاسیی بیروباوەڕ داعشیزمی تێدایە و خاوەنی هەزاران هەزار ئەندام و لایەنگر و دۆستن. بە هەزاران مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و مجێور و قورئانخوێن و فەقێ و خوێندکاری ئایینیی تێدایە. ئەمە هەمووی لەماوەی ٢٤ساڵ دەسەڵاتدارێتیی پارتی و یەکێتیدا پەیدا بوون. با بپرسین: ئەم کۆمەڵگە بە ئیسلامکراو و بەعەرەبکراوە بەچی ڕاست دەکرێتەوە و چۆن و بە چ شێوە و شێواز و بەرنامەیەك، دەکرێنەوە بە کورد و کوردستانی و بە نەتەوەپەروەر و بە نیشتمانپەروەر!؟ ئەوەی ئیسلامی سیاسی بە پارە و بەرنامەی ئیخوانەکانی میسر و تورکیا و ئیتڵاعاتییەکانی ئێران و وەهابییەکانی سعودییە و قەتەر لە باشووری کوردستان کردوویانە، بە چەندین ٢٤ ساڵیتر ناتوانین بگەڕێنەیەوە بۆ ٢٤ ساڵ لەمەبەر!؟ ئایا ئەمە کارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانیی نییە!؟ ئایا ئەمە

پاشکەوتن و بەجێمان نییە لە کاروانی پێشکەوتنی شارستانێتیی مرۆڤایەتی!؟ ئەی چار چییە و لەمەدوا پێویستە و دەبێت چی بکەین!؟

## ئیسلام و داعشیزم و داعش

ئیسلام، سەرچاوەی داعشیزمە. داعش موسڵمانی راستینەیە. هەرکەسێك خۆی بە موسڵمان بزانێت و وەك داعش بیرنەکاتەوە و هەڵسوکەوت نەکات، نە لە ئیسلام تێگەیشتووە و نە موسڵمانی راستینەیە.

## لە سەیروسەمەرەکانمان

لەلایەکەوە، گوایە یاسا سەروەرە و یاسا پێرەو و جێبەجێ دەکەین، لەلایەکی دیکەوە، لیژنەی فەتوا باڵادەستە و بە بە رێککەوتنی خێڵەکی - سوڵحی عەشایەری، کێشە و تاوانە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر دەکەین، ئایا بە پێرەوکردن و پێکەوە گونجاندنی ئەم دوو دیاردە دژبەیەك و پێکەوە نەگونجاوە، دەتوانین کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و سەردەمیانە و دیمۆکراسییانە بەدیبهێنین!؟

## پرسیارێکی سادە و ساکار

ئایا دەگونجێت خوایەك کە ئەم بوون و گەردوونە ئاڵۆز و بێ کۆتاییەی دروست کردبێت و بەو سیستەمە رێکوپێك و بەردەوامە هەڵیبسوورێنێت و رایبگرێت، تەنها هەر زمانی عەرەبی بزانێت و هەر ویستبێتی بە زمانی بیاباننشینە بێ شارسانێتییەکانی ئەو سەردەمە، ئامۆژگاریی هەموو مرۆڤایەتی بکات!؟

ئایا ئەمە لەگەڵ مەزنێتی و توانا و دەسەڵاتی خوایەتی و خوادا یەك دەگرێتەوە!؟

## داعش هەر ئەم شتەی باشە

سەرهەڵدانی داعش و داعشیزم، دەرکەوتنەوەی رووی راستینەی ئیسلامی عەرەبییە.

## هەڵبژاردن و دەنگدان

دەنگدان بە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، دەنگدانە بە فاشیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی، دەنگدانە بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان.

## لە سەیروسەمەرەکانی جاشایەتی

لە سەردەمی بەعسییە فاشیستەکاندا، ئەو کورد و کوردستانییانەی کە بە شێوەی چەکداری یان بە هەر شێوازێکی دیکە، شانبەشانی بەعسییەکان و دەوڵەت و سوپای دڕندەی عێراق، لە سەنگەری دژایەتی و دوژمنایەتیی

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و شۆرش و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوەستانایەتەوە، پێیان دەوترا جاش و جاشولکە و ناپاك و خۆفرۆشتوو و نیشتمانفرۆش و سوك و ریسوا و....هتد. بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا کە جاشایەتی و ناپاکیی لە نەتەوە و نیشتمان، لە شێوەی رەوتی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامچێتی و مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسیی دەمپیس و جنێوفرۆش و ئاژاوەگێر و ئیخوانچی و سەلەفیی جیهادی و تەعریبچیدا خۆی دووبارە و نوێکردووەتەوە، کەچی کە پێیان دەوترێت جاش و جاش- ئیسلامی و ناپاك و خۆفرۆشتوو و نیشتمانفرۆش و بێگانەپەرست و تەعریبچی، پێیان وایە کە تۆمەتیان پێدەکرێت و هەستیان دەڕوشێنرێت!؟

وا پروا، جاشایەییش دەبێت بە پیشەیەکی سیاسیی رێزلێگیراو!؟

## ئیسلام و عروبە

ئیسلام و ئیسلامییەکان، بە بیرکردنەوە و بە کردەوە دژی هۆنراوە نووسین و وێنەکێشان و خۆرازاندنەوە و ئاراییشتی کچان و ژنانن. دژی باسکردن و پیاهەڵدان و پەسن کردنی جوانیی جەستەی مرۆڤن. دژی هەموو شت و دیاردەیەکی ناعەرەبی و نائیسلامین.

ئیسلام، سەرباری ئەوەی کە ئایینە، فەرهەنگ و دابونەریتی نەتەوەیی عەرەبە، کە زۆرتر لە ١٤٠٠ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە،کەچی قورئان و ئیسلام و یاساکانی ئیسلامی عەرەب و موسڵمانان، هەتا ئێستا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە و هیچ گۆرانێکارییەکی پێویستیان تێدا نەکراوە تا بگونجێن لەگەڵ هەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەمرۆی گۆران و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا. موسوڵمانەکان و بەتایبەتی عەرەب، هەتا ئێستا هەر بەهەمان یاسا و رێسای ئەو سەردەمەی پەیدابوونی ئیسلام و قورئان بیردەکەنەوە و کاری پێدەکەن. هەربۆیە ئەمرۆ ئیسلام بووەتە کێشەیەکی ترسناك و مەترسییەکی گەورە و چارەسەرنەکراو بۆ مرۆڤایەتی. ئیسلام و موسوڵمانە توندڕەوەکان، خۆیان تێکەڵی ژیانی تایبەتیی هەموو کەسێك دەکەن و بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئارەزوو و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان دەستنیشان دەکەن. هەربۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئیسلامییەکان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و ببنە فەرمانڕەوا، خۆبەخۆ بیرکردنەوە و جۆری ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێننەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا. ئیتر دەکەونە بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو شتێك و هەموو بیرکردنەوە و دیاردەیەکی نائیسلامی و ناعەرەبیدا. باشترین نموونەی دەسەڵات و پیادەکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی قورئان و ئیسلام بەگشتی، وڵاتەکانی سعودیە و ئێران و ئەفگانستانی سەردەمی تاڵیبان و پاکستان و سودان و سۆماڵ و جەزایر و میسر و لیبیا و سوریای ئەمرۆیە کە لای هەمووان ئاشکرایە چ کارەسات و ماڵوێرانی و پاشکەوتن و بەدبەختییەکیان بەسەر ئەم وڵاتانەدا هێناوە. بێگومان ئەگەر گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردستانیش لەو وڵاتانە ئەگەر خراپتر نەبێت، بەدڵنیاییەوە باشتر نابێت. ئەو ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە هێشتا وەکو پێویست هێز و دەسەڵاتیان نییە و کورسیی دەسەڵاتیان نەکەوتووەتە دەست، بە ئاشکرا هەڕەشە لە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکەن و خۆرازاندنەوە و ئاراییشت و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەییان لێ یاساخ دەکەن. جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەورۆز و مارشی

نەتەوەیی کوردی، (ئەی رەقیب) تەکفیر دەکەن. ئەمرۆ بەبەرچاوی ئەم دەسەڵاتە لاواز و ترسنۆك و گەندەڵە خۆماڵییە کوردییەوە، بەناوی ئیسلام و جیهادەوە خەریکن سەرانسەری باشووری کوردستان و هەموو شتێکی کوردی بەعەرەب دەکەن. دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی بەناو کوردی و بەناوەڕۆك عێراقچی و تاسەر ئێسك و خوێن دز و گەندەڵ، سەرمەستی دەسەڵات و کورسی و سەرمایە کۆکردنەوە و دزی و رابواردنن، بێباك و بێئاگان لەوەی کە ئیسلامی سیاسی، بە هاوکاری و کۆمەك و دنەدان و هاندانی دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، خەریکی هەڵکەندنی گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵن بۆ ئەم دەسەڵاتە کوردییە و بۆ هەموو ئەندامان و سەرانی پارتی و یەکێتی. ئیسلامییەکان لەسایەی ئەم دەسەڵات و دیمۆکراسییە نارەوا و نادادپەروەر و شێوێنراوەی باشووری کوردستانەوە، بەردەوام لە گەشەسەندن و زۆربوون و خۆبەهێزکردندان. ئەگەر ئەم رەوتە ئیسلامییە تەعریبچییە بەم شێوەیەی ئەمرۆ بەردەوام بێت، لە چەند ساڵی داهاتوودا ئیسلامییەکان دەبنە زۆرینە و بەدەنگدان بێت و بەزۆر بێت، کورسیی دەسەڵات لەژێر سەرانی پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا دەردێنن و دەبنە فەرمانداری دیکتاتۆر و نافەرمانڕەوای باشووری کوردستان. ئەمەش گەورەترین تراژیدیا و کارەسات و بەدبەختی و ماڵوێرانی و پاشکەوتنی هەموو مێژووی کورد و کوردستان دەبێت.

## داعش و ئیسلام

ئیسلام، وەکو فەرهەنگی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵی پێش ئێستای کۆمەڵگەی دواکەوتووی عەرەبستان، یەك جیهانبینی و یەك شێوازە، بیرکردنەوە و رەفتارە دڕندەییەکانی داعشەکان و ئیسلامییە سیاسییەکان، هەر ئەو پەیام و یاسایانەی ئیسلامە کە باوەڕیان پێیان هێناوە و جێبەجێیان دەکەن. خۆ ئەوان، تێکستەکانی ئایینی زەردەشتی و ئایینی بودایی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و یاساکانی ئەمڕۆی فەڕەنسا و سویسرا و هۆڵەندە و سوید و ژاپۆن، پێڕەو ناکەن. داعشەکان موسڵمانن و یاساکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن. داعشیزم، ئیسلامی عەرەبی و عروبەیە.

## داعشی ئاشکرا و ئازاد

ئێوە سەرنج بدەن، هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان، بە ئاشکرا و ئازادانە، بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستانەوە، دژ و دوژمنی جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز و هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دیکەی کورد و کوردستانن، بەڵام یەك باند و گروپی ئیسلامی و یەك مەلا و بانگخوازی ئیسلامی نەبینران کە بە وتەیەك یان بە نووسین و گرتەیەکی ڤیدۆیی، هەڵوێستی خۆیان دژی کاروکردەوە دڕندەیی و تێرۆریستییەکانی داعش و رووداوە دڕندەییەکانی تێرۆریستان لە پاریس، دەرببڕن!؟

## پرسیارێك كە پێوەندیدارە بە ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان و دوارۆژی هەموومانەوە!؟

زۆرتر لە نیو سەدەیە باشووری كوردستان لە شەر و رووبەڕووبوونەوەی چەكدارانە و سیاسییانەی دوژمنانی كورد و داگیركەرانی كوردستاندایە. ئەرێ هەتا ئێستا كەسێك بینیویەتی و بیستویەتی، هیچ كەس و باند و گروپێكی ئیسلامی سیاسی، خاوەنی مێژووی یەك فیشەكبن كە نابێتیان بە دوژمنانی كورد و داگیركەرانی كوردسانەوە!؟

ئێستا، باشووری كوردستان لە گەورەترین شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی لەشكری چەتە تێرۆریستەكانی داعشی فاشیزمی ئیسلامیدایە، رۆژانە دەیان پێشمەرگەی پارێزەری كورد و كوردستان، ژیان و گیانی خۆیان پێشكەشی پاراستنی كورد و كوردستان دەكەن، ئەرێ كەس بینیویەتی و كەس بیستویەتی، یەك مەلا و یەك بانگخوازی ئیسلامی سیاسی، یان یەك ئەندام و یەك لایەنگری ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە لە بەرەكانی شەڕی داعشدا فیشەكێكیان نابێت بە داعشێكەوە، یان دڵۆپێك فرمێسك و خوێنیان بۆ كورد و كوردستان لێ رژابێت!؟

ئەو ئیسلامییە سیاسییانە، بەختدار و خۆشبەختن و هاتوونەتە سەر سفرەی ئامادە و لەتەڕ دەخۆن و لە وشكاییدا پاڵیان لێداوەتەوە، نە كار دەكەن و نە ماندوو بوون و نە ماندوو دەبن، هەر هەموویان بوودجەی زۆر و موفتی پارووی دەمی هەزارانی میللەت لە دەسەڵاتی سیاسیی باشووری كوردستان وەردەگرن و لەسەر بەشە بوودجەی میللەت، بوون بە خاوەنی هەموو شتێك، خاوەنی دەیان كەناڵی تەلەفیزۆنی و رادیۆ و بنكە و بارەگا و مزگەوت و تەكیە و خانەقان و بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە دەخۆن و دەخۆنەوە و پاڵیان لێداوەتەوە، سەرباری هەموو ئەمانەش، هەر هەموویان بێ جیاوازی لە رێگەی ئیسلامی عەرەبییەوە، خەریكی بەعەرەبكردنی كۆمەڵگەی كوردەوارین و بەرنامە دۆزەخی و نارەواكانی دەوڵەتانی دوژمن بە كورد و كوردستان جێبەجێ دەكەن. ئێستا هەر هەموویان چاوەڕوانی سەركەوتن و هاتنی لەشكری ئیسلامی داعش دەكەن تا پێكەوە خەونی تۆرانچێتییانە و عروبانەی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی خۆیان بهێننە دی!؟

ئەرێ میللەت و دەسەڵاتی كوردی، بۆچی داوای هەڵوێست و بەرپرسیارێتی لە ئیسلامییە سیاسییەكان ناكەن بەرامبەر لەشكری دڕندەی داعش!؟

## دیاردەیەكی ترسناك

ئیسلامییە سیاسییەكان لە هەموو شوێنێك باڵادەستن!؟

لە هەموو شوێنە گشتییەكاندا، لافیتە و نیشانەیەكی ئیسلامی سیاسی بەرچاو دەكەوێت.

راستییەك: ئیسلامییە سیاسییەكان بەلایانەوە گرنگ نییە كە لە هەڵبژاردنەكاندا، بە بەراورد لەگەڵ تەزویركردنی لایەنەكانی دیكەدا، دەنگیان زۆر نەهێناوە، گرنگ ئەوەیە ئەوان توانیویانە بەرنامەكانی خۆیان بە ئاشكرا و بە ئازادانە جێبەجێ

بکەن. ئێستا بەگشتی زۆربەیەتیی میللەتیان هێناوەتە سەر سکەی بەرنامە دۆزەخییەکانی خۆیان، ئەم دیاردەیە وەکو نموونەیەك.

ئێستا لە هەموو شوێنە گیشتییەکاندا، هەر ئافرەتێك لەچك بەسەر نەبێت، یان نوێژ نەکات و لە ڕەمەزاندا، بەڕۆژوو نەبێت، لەلایەن لەچکبەسەرەکانەوە زۆری لێدەکرێت و هاندەدرێت بۆ لەچکپۆشین و لەمەش خراپتر بەچاوی کافرێتی و سووکایەتییەوە سەیری ئافرەتانی بێ لەچك و ئازادبیر و نوێژنەکەر و ڕۆژوونەگر دەکرێت!؟

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، لە زۆربەی زانکۆ و پەیمانگە و خوێندنگە و فەرمانگە جۆراوجۆرەکاندا، تەنانە لە بەرەکانی شەڕیشدا لەگەڵ لەشکری فاشیزمی ئیسلامیدا، نوێژی بەکۆمەڵ دەکرێت و بەکۆمەڵ کورد لە کوردستانەوە کورنووش بۆ عەرەبستانی سعودییە دەبەن. خۆ خواپەرستی کورنووش بردن نییە بۆ هیچ کەسێك و هیچ وڵاتێك و هیچ میللەتێك. ئێمەی کورد لە خواپەرستی تێنەگەیشتووین. ئەمەی دەگوزەرێت، خۆبەکۆیلەکردن و بێگانەپەرستی و تێنەگەیشتنە لە ئایین و خواپەرستی.

خوا لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە و ئاگای لە هەموو شتێکی هەموو بوونەوەرەکانی زەوی و هەموو بوونەوەرەکانی تری گەردوون هەیە.

دەکرێت بێ ئەوەی کورنووش بۆ هیچ شوێنێکی ئەم گۆی زەوییە ببرێت، ڕوو لە خوا بکرێت و خواپەرستی بکرێت. دەکرێت سەر بەرزبکرێتەوە و ڕوو لە خوا بکەرێت، دەکرێت سەر دابخەرێت و ڕوو لە خوا بکرێت، دەکرێت چاوەکان داخراو یان کراوەبن و ڕوو لە خوا بکەرێت و خواپەرستی بکرێت.

## بەرگری کردن لەکۆبانی و بست بە بستی خاکی کوردستان، ئەرك و فەرمانێکی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانییە، نەك ئایینی

ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان و مووچەخۆرەکانیان، کە فشاریان بۆ دێنن بە ناچاری شتێك لەسەر کۆبانی بڵێن، دەڵێن: پشتیوانی کردنی کۆبانی، ئەرکێکی ئایینییە!؟

کۆبانی شارێکی گەمارۆدراوی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە لایەن چەتە تێرۆریستەکانی هاوئایینی ئەوانەوە هەوڵی کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی دەدرێت، ئەمە چ پێوەندییەکی بە ئایینەوە هەیە!؟ بەرگری کردن لە کۆبانی ئەرکێکی ئایینی نییە، ئیسلامییە سیاسییەکان بۆئەوەی خۆیان لە نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بدزنەوە، باسی ئەرکی ئایینی دەکەن، لە کاتێکدا کۆبانی ئەمڕۆ لەژێر فەرمان و ڕۆشنایی تێکستی ئایینەکە و هاوئایینەکانی ئەواندا هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت.

کۆبانی پرسی نەتەوە و نیشتمانێکە، پێوەندیی بە هیچ ئایینێکەوە نییە، پشتیوانی کردن و بەرگری کردن لە کۆبانی و هەموو بستێکی خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەرك و فەرمانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕەوشتی و مرۆڤانەیە.

بستێکی خاکی کوردستان، بۆ هەموو کوردێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر، لە هەموو شتێکیتر، پیرۆزتر و گرنگتر و پێویستترە.

## مەلاکان و ئیسلامیيە سیاسییەکان لە باشوورەوە دژایەتی و دوژمنایەتی مافە رەواکانی کوردانی رۆژئاوا دەکەن!؟

ئیسلامییە سیاسییە تەعریبچییەکان، دوژمنانی مافە سروشتی و رەواکانی کچان و ژنان، لە رێگەی مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیانەوە، دوژمنایەتیی کوردانی رۆژئاوا و ئازادییە تاکە کەسییەکانی کچان و ژنانی رۆژئاوا دەکەن. بێگومان بە ئاشکرا دیارە کە ئەو مەلایەیان راسپاردووە کە دژ و دوژمنی ئازادییە دیمۆکراتییەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوا بێت، بە ئاشکرا لە نامەکەیدا، دژایەتی و دوژمنایەتیی خۆی و رەوتە ئیسلامییە سیاسییەکان دەردەبڕیت و هەڕەشە لە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات. ئەو تەعریبچی و ئیخوانچی و میت و ئیتڵاعاتییانە، دژی هەموو دیاردەیەك و گۆڕانکارییەکی سەردەمییانە و پێشکەوتووانەن و هەر بیروباوەڕ و یاسا و رێسایەك لەگەڵ بەرژەوەندییە گڵاوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا، یەکنەگرێتەوە، ئەمان فەرمانیان پێکراوە کە دژی بوەستنەوە، باشە بڵێ مەلا، تۆیەك لە هەموو ژیانتدا بۆ چرکە ساتێکیش پێشمەرگە نەبوویت و بۆ چرکە ساتێکیش کوردایەتیت نەکردووە، بە چ مافێك خۆت کردووە بە نوێنەری میللەت و بەناوی هەموو کوردی باشوورەوە، ئامۆژگاریی کوردانی رۆژئاوا دەکەیەیت کە چی بکەن و چی نەکەن، ئەمە کەی ئیشی تۆیە، کەی ئەرك و مافی تۆیە دەست بخەیتە ناو کاروباری رۆژئاوای کوردستانەوە ئەگەر فوو تێنەکرابێتی و هان نەدرابێتیت و رانەسپێردرابێتیت!؟

تکایە، ئەی رۆشنبیران و نووسەران و دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی، تکایە، ئەی داکۆکیکاران لە مافە رەواکانی ژنان و کچانی کوردستان، بێ هەڵوێست دامەنیشن و وەڵامی پێویستی ئەو مەلایە و ئەو لایەنانەش بدەنەوە کە ئەو مەلایانە بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد و کوردایەتی و مافە رەواکانی تاکەکانی کۆمەڵگە هان دەدەن. دەبێ بێ دەنگ نەبین و بەگژیاندا بچینەوە و ئەو مافە ناڕەوایەیان لێبستێننەوە کە بە ناڕەوا بە خۆیانیان داوە تا دژایەتی و دوژمنایەتی کوردانی رۆژئاوا بکەن!؟

## رەوتی ئیسلامی سیاسی و چارەنووسی باشووری کوردستان

باشووری کوردستان بەهۆی رەوتی ئیسلامی سیاسییەوە. بەرەو تێشکان و هەرەسهێنان و گەڕانەوە بەرەو سەدە تاریکەکانی مێژوو دەچێت.

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا ئەوەی هەست پێدەکرێت و دەبیسترێت و دەبینرێت، ئەوەیە کە یەك لەشکری گەورە و ئامادە و خۆماڵاسداو لە جاش داعش، بوونیان هەیە و لەمەش خراپتر و کارەساتبارتر، لە رووی یاساییەوە رێگەپێدراون بۆ ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە ئەمڕۆ هەمووومان ئەنجامەکانی هەست پێدەکەین و دەیانبینین کە کۆمەڵگەکەمان بەرەو تەعریبچێتی و ئیخوانچێتی و ئیسلامچێتیی عەرەبی و عروبە و پاشکەوتن و نەزانی و تاریکستان هەنگاو دەنێت!؟

## داعشی بێگانە و جاش داعشی خۆماڵی

کێشەی باشووری کوردستان هەر بەوە چارەسەر نابێت کە لە داعشە بێگانەکان پاکبکرێتەوە، ئەمە بەشێکە لە ئەرك و فەرمانەکە، بەشەکەی دیکە زۆر مەترسیدارترە کە جاش داعشەکانی ناوخۆن. ئەو ئیسلامییە سیاسییە جاش تورکیایی و جاش ئێرانی و جاش عەرەبییانەن کە بە عەرەبی بیردەکەنەوە و لە رێگەی جاشایەتی و بێگانەپەرستی و ئیسلامچێتیی عروبەوە، خەریکی بە عەرەب کردنی کورد و بە ئیسلامکردنی کوردستانن.

## جاشداعشێکی کوردی باشوورلە رۆژئاوا خۆی تۆپاند

گێلە کوردێکی هەڵخەلتێنراو، موسڵمانێکی دەستی دوو، خۆ بەسووکزانێك، گەمژە و نەزانێك، جاش داعشێك، رەوشت نزمێك، بێ ویژدانێك، دڕندەیەك، لە کۆبانی، خۆی بە کوردانی رۆژئاوادا تەقاندووەتەوە.

ئەوە بەرهەمی پەروەردەی ئیسلامی سیاسیی بوو بۆ کورد و کوردستان.

ئەمە دیاریی مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشوور بوو بۆ کوردانی رۆژئاوا!؟

با ئاگادار بین لە باشووری کوردستاندا یەك لەشکر لەم جاش داعشە ئامادە و خۆماڵاسداوانە بوونیان هەیە، هەر هەموویان چاوەڕوانی کاتژمێری سفر دەکەن بۆ هاتنی لەشکری فاشیزمی ئیسلامی، لەشکری داعشی دڕندە، تا لەگەڵ داعشدا بتوانن دەسەڵاتی کوردی پروخێنن و دەسەڵاتی خیلافەتی فاشیزمی ئیسلامی دابمەزرێنن.

دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر ئیسلامییە سیاسییەکان، هەر دەڵێی دەرزی بەنجیان لێدراوە و بێ باکن بەرامبەر بە عەرەبکردن و بە ئیسلامکردن و بە ئێخوانکردنی کورد و کوردستان.

تکایە زۆر درەنگ بووە، فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

نەفرەت لە ئیسلامیی سیاسی بە خۆیان و هەموو شتێکیانەوە.

## ئەو جۆرە پرسیارانە باش نین!؟

ئەم پرسیارەی کە لێرەدا بە ئاسانتر و کورتتر، بۆتان دەنووسمەوە، زۆر بە هێمنی و بەڕێزەوە لە مەلایەکی لای خۆمانم پرسی، مامۆستا لەبری ئەوەی وەڵامێکی لۆژیکانەی پرسیارەکە بداتەوە، بە کەمێك گرژومۆنی و توورەییەوە وتی: کورم ئەم جۆرە پرسیارانە باش نین!؟ وتم مامۆستا گیان لەبەرچی باش نین!؟ وتی خوا ئەو جۆرە پرسیارانەی پێخۆش نییە. وتم چۆن زانیتان خوا ئەم جۆرە پرسیارانەی پێخۆش نییە!؟ مامۆستا دیسانەوە وتی باش نییە و لێیدا و رۆیشت.

ئەمە ناوەڕۆکی پرسیارەکە بوو:

بۆچی یەزدان، کە دروستکەری بوونە، دروستکەر و راگری ئەم گەردوونە ئاڵۆز و بێ سنوورەیە، پاش چەندین ملیۆن ساڵ لە پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی، ئینجا بیری کەوتەوە کە لەسەر یەکێ لە پلانێتەکانی گەردوون کۆمەڵێك بوونەوەر، بەناوی مرۆڤەوە هەن و دەبێت پەیامێکیان بۆ بنێریت و بەهۆی ئەو پەیامەوە ئەو مرۆڤانە یەزدان بپەرستن و کاروباری خۆیان بەهۆی ئەو پەیامەوە رێکبخەن. بۆچی یەزدان لەناو ئەو هەموو نەتەوە پێشکەوتوو و ژیرمەند و خاوەن شارستانێتییانەی ئەو سەردەمەدا، تەنها بەزمانی میللەتی عەرەبی دواکەوتووی بیابانی عەرەبستان ئەو پەیامەی خۆی بە زمانی عەرەبی بنێرێت و دەبێت هەموو نەتەوە ناعەرەبەکان ناچار بن زمانی عەرەبی فێرببن تا بتوانن لە پەیامەکەی یەزدان کە قورئانە، تێبگەن و پێرەوی یاسا و رێنماییەکانی قورئانی عەرەبی بکەن!؟ ئەی بۆچی بۆ هەر نەتەوەیەك بە زمانی خۆیان ئەو پەیامەی خۆی بۆ نەناردن تا هەر نەتەوەیەك بە بێ ماندووبوون و بەبێ ئەوەی لەشکری داگیرکەری موسڵمانی عەرەبی بەزەبری شمشێر و خوێنڕشتن و زەبروزەنگ و زۆرداری و داگیرکاری بە موسڵمانیان بکەن و پەیامەکەی یەزدان، بەزۆر بە زمانی عەرەبی بەسەریاندا بسەپێنن!؟ ئایا باشتر نەبوو، هەر نەتەوەیەك بەزمانی نەتەوەیی خۆی پەیامە ئاسمانییەکەی یەزدانیان پێبگەیشتایە تا بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بیانخوێندایەتەوە و بەئاسانی بیانتوانیایە تێبگەن و پێرەوی لێبکەن!؟ ئایا دەگونجێت خوا هەر زمانی عەرەبی زانیبێت و ئاگاداری زمانی نەتەوەکانی دیکە نەبوو بێت!؟ ئایا ئەمە لەگەڵ گەورەیی و توانای خوادا یەکدەگرێتەوە!؟

## نوێژەکانتان و پارانەوە و نزاکانتان تەنها هەر بە زمانی خۆتان بکەن

بۆچی هەر دەبێت نوێژ و پارانەوە و نزاکان هەر بە زمانی عەرەبی بکرێن!؟

مەگەر خوا لە زمانی هەموو مرۆڤەکان تێناگات!؟

## باشووری کوردستان بەرەو داعشستان دەچێت

سەرانی پارتی و یەکێتی، لە هەشتاکانەوە بەردەوام بۆ دوژمنایەتی کردنی یەکدی، بە چەك و بە پارە کۆمەکیان و بە باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان کردووە و گەلێك ئاسانکارییان بۆ کردوون. لە دەسەڵاتی ئێستای باشووردا، ئیسلامییە سیاسییەکان و وەزارەتی تەعریبچیی ئەوقاف، گەورەترین ئیمتیازیان هەیە و زۆرترین بوودجەیان بۆ تەرخانکراوە. ئەو ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، لە رێگەی ئیسلامی عەرەبییەوە تا ئەندازەیەکی زۆر کۆمەڵگەی باشووری کوردستانیان بە ئیسلام و بەعەرەب کردووە و ئێستا لە زۆربەی خێزانەکاندا بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی داعشانە بوونی هەیە.

لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان و مووچەخۆرەکانیان، رۆژانە بەردەوام و بێ ترس و وەستان، زۆرترین بێ رێزی و سووکایەتی بە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکەن، بێ رێزی و سووکایەتی بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن، لە رێگەی ئیسلامی عەرەبییەوە، کورد بەعەرەب و کوردستان بە پاشکۆی وڵاتە عەرەبییەکان دەکەن، کەچی بەرامبەر ئەمە سەرانی پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی کوردی، ناوێرن و ناتوانن لە سەر هیچ شتێك، هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییان لەگەڵدا بکەن. بە هەر هەموویان دەمی درێژی مەلا و بانگخواز و کەسێکی ئیسلامی سیاسییان پێ ناگیرێت!؟

ئەمڕۆ سیمای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردەواری لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە شێوێنراوە و کوردستان رۆژ بە رۆژ بەرەو دواکەتن و نەزانی و تەعریبچێتی و عروبە، هەنگاو دەنێت و لەچکبەسەر و جبەلەبەر و باڵاپۆشلەبەری مۆدێلە ناشیرین و پاشکەوتوو و ناشارستنابیەکانی وڵاتە عەرەبییە دواکەوتووەکانی کەنداو، بووەنە سیمای بەرچاوی کوردەواری و وا پروان لە داهاتوودا هیچ جیاوازییەك لە شێوە و شێوازی جلوبەرگ و بیرکردنەوە و هەڵسوکەتی باشووری کوردستان و کۆمەڵگە عەرەبییە دواکەتووەکاندا نامێنێت!؟

با بپرسین، ئێمەی کورد لەپێناوی چیدا شۆرش و خەباتی چەکدارانەمان کرد!؟

با بپرسین، ئێمەی کورد لە رابووردوودا ،ئەو دەریا فرمێسك و خوێنەمان لەپێناوی چیدا لێ رژا!؟

ئەمڕۆ باشووری کوردستان خەریکە تەواو دەبێتە داعشستان و پاشکۆیەکی ملکەچی عەرەب و عروبە!؟

وا پروا، لە رابووردوودا چیمان کردووە و چیمان بنیات ناوە، لە داهاتوودا هەمووی بە میرات بۆ ئیسلامی سیاسی دەمێنێتەوە!؟

ئیسلامیيە سیاسییەکان لە باشووری کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و هێز و دەسەڵاتیان هەبێت، هەمان مێژووی رەشی ئەفگانستانی سەردەمی تاریکستانی تاڵیبان بە خراپتر و دڕندانەتر دووبارە دەکەنەوە و ئەوسا سەد ساڵی دیکە کات و خەباتمان پێویست دەبێت تا بگەینەوە بە سەد ساڵ لەمەوبەر!؟

ئەی هاوار ئیسلامی سیاسی و جەهالەت و ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی و عروبە لە کوردستاندا راوەستێنن!؟

## هەڵوێستی ئیسلامیيە سیاسییەکانی کوردستانبەرامبەر بە داعش

ئێستا لە باشووری کورستاندا ٥٢٣٠ مزگەوت و یەك لەشکر مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئایینی و چەند باند و گروپێکی ئیسلامی سیاسی هەن، کەچی هەتا ئێستا هیچ یەکێ لەمانە بە روون و ئاشکرایی دانیان بەو راستییەدا نەناوە کە داعش گروپێکی چەتەی تێرۆریست و بەکرێگیراون و دوژمنی کورد وکوردایەتین!؟ هەندێکیان کە فشاریان بۆ دێنن، زۆر بە ناچاری، نەرمە رەخنەیەك بە ئاڵۆزی و ناڕوونی لە داعش دەگرن و دەڵێن: داعشەکان هەندێك هەڵەیان کردووە و ئەوانە موسڵمانی راستینە نین.....هتد. بەڵام با بپرسین ئەگەر داعش موسڵمانی راستینە نەبن و جێبەجێکاری ئیسلام و ئیسلامێتی نەبن، ئەی کێ موسڵمانە و جێبەجێکردنی ئیسلامێتی چۆن بووە و چۆن دەبێت!؟ لە راستیدا داعش موسڵمانی راستینە و تەواون و یاساکانی قورئان و ئیسلامێتی جێبەجێدەکەن و ئەمانە باند و گروپێکی چەتە و تێرۆریست و دژ بە ژیان و پێشکەوتن و شارستانێتین.

ئەگەر دەسەڵاتێکی ئازا و نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەرمان هەبووایە، دەبووایە هەر ئەو رۆژەی کە ئیسلامیيە سیاسییە بەکرێگیراوەکان، کە سووکایەتی و بێ رێزییان بە سروودی نیشتمانیمان، ئەی رەقیب کرد و لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان و چەند شوێنێکی دیکەیش لەبەری هەڵنەستانەسەرپێ،

لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکردنایە و بە سزای ڕەوای خۆیانیان بگەیاندنایە. تازە ئاوە پیسەکەیان ڕشتووە و بووە بە زەلکاو و ئەو ناپاکانە ژێرەمەلەی تێدا دەکەن. ئێستا بارودۆخەکە وردە وردە خەریکە لەدەست دەچێت. وا پروات دەبێت چاوەڕوانی زۆر شتی خراپتریش بکەین.

## پەروەردەی دڕندانەی داعش و داعشیزم لە خوێندنگەکانی باشووری کوردستاندا

خوێندنگە لە هەموو ئاستەکاندا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، دەبێت شوێنی خوێندن و پەروەردە و فێرکاریی زانستییانە و تەندروستانە بێت. دەبێت سەرچاوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و فێرکاریی بەسوود و بیرکردنە و هەڵسوکەوتی پێشکەوتووانە و مرۆڤپەروەرانە بێت.

زۆر بەداخەوە، ئەمڕۆ خوێندنگەکانی باشووری کوردستان، لە لایەن ئیسلامی سیاسی و هەندێك لە مامۆستا مووچەخۆر و لایەنگرەکانیانەوە، بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئیخوانیزم و سەلەفیزم و وەهابیزم و ئیسلامچێتی و عروبە بەکار دەهێنرێن.

وردە وردە بەهۆی پەروەردەی ئیسلامچێتی و عروبەی داعشیانە و داعشیزمەوە، شتێك نامێنێت ناوی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و ئاشتیخوازی و مرۆڤپەروەری بێت.

ئەمڕۆ تەنانەت داعش و داعشیزم، خزێنراوەتە نێو دایەنگەکان و باخچەی ساوایان و خوێندنگە سەرەتاییەکانیشەوە. هەر لە سەرەتا و لەو تەمەنی منداڵییەوە، لەبری فێرکردن و سەرگەرم کردنی منداڵان بە چالاکیی جۆربەجۆری فێرکارییانەی بەسوود و یاریی خۆش و بەکەڵك و پێویستی منداڵانەوە، بە پلان و بەرنامەی پاشکەوتووانە و نامرۆڤدۆستانەی سعودییە و قەتەر و تورکیا و ئێران، منداڵانی کوردستان فێری کڕنووش بردن و دەست ماچ کردن و پرواوبەخۆنەبوون و بێگانەپەرستی و پووچپەرستی و ملکەچی و کۆیلەیەتی دەکرێن. لەبری پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانیان بە گیان و هەست و هۆشی خۆشەویستی و میهرەبانی و نەرمونیانی و ئاشتیپەروەری لەگەڵ خۆیان و دەوروبەردا، فێری ڕکوکینە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە و ترسان لە ئازاری ناو گۆڕ و سووتان بە ئاگری دۆزەخ و ئەشکەنجەی ڕۆژی دوایی و سزای سووتێنەرانەی ئایینیانە و خواوەندانە دەکرێن!؟

شایانی باسە، سەرهەڵدانی هەموو ئەم دیاردە خراپ و زیانبەخشانە، بە ئازادی و بە ئاشکرا بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە دەکرێن!؟

باشووری کوردستان بووە بە وڵات و کۆمەڵگەیەکی پاشاگەردانیی بێ خاوەن و بێ یاسا و بێ لێپرسینەوە و پڕ لە دیاردەی سەیروسەمەرە و نەخوازراو!؟

باشووری کوردستان بە پلان و بەرنامەی دوژمنکارانە و دۆزەخیانەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە، لە ڕێگەی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوەکان و مەلا و بانگخواز و مووچەخۆر و لایەنگرەکانیانەوە، بەرەو بە داعش بوون و داعشیزم و تاڵیبانیزم دەبرێت.

ئەی دڵسۆزانی میللەت، ئەی سیاسەتمەداران، ئەی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی کوردی، زۆر زۆر درەنگ بووە، وا وردە وردە کار لە کار دەترازێت، فریای خۆتان و چارەنووسی باشووری کوردستان بکەون!؟

## هیستریای ئاڵای ڕەشی داعش

ئیسلامیە سیاسییە جاش داعشەکانی کورد، بۆ کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان و شەنگال و کوردانی ڕۆژئاوا، یەك وشەیان نەنووسیوە و یەك هەڵوێستی مرۆڤپەروەرانە و کوردانەیان پیشان نەداوە، بەڵام لەسەر پیشاندانی دڕنادن و سووتاندنی پارچە پەڕۆیەکی ڕەشی ئاڵای ڕەشی داعش، تووشی هیستریا بوون!؟

## لەشکری ڕەشی داعش و بیروباوەڕی دڕندانەی داعشیزم لە باشووری کوردستاندا ئامادەن

لەمەودوا دەبێت چاودێریی جاش داعشەکانی ناوخۆ بکەین، هەموو ئیسلامییەکی سیاسی، نوێنەر و بەکرێگیراوی داعشیزم و داعشەکانن. باند و گروپە ئیسلامیە سیاسییە دروستکراوەکان، لەشکری خۆمەڵاسداوی داعشن و چاوەڕوانی کاتژمێری سفر دەکەن بۆ هاتنی داعشە هاوئایینەکانیان.

یەك مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و فەقێ و مجێور و خوێندکاری ئیسلامی سیاسی، هیچ باند و گرووپێکی ئیسلامی سیاسیی کوردستان، بە ڕوون و ئاشکرایی دانیان بەو ڕاستییەدا نەناوە کە داعشەکان تێرۆریستن و دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتین. ئەمانە لە ناوەڕۆکدا جاشی داعشن و مەترسین بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان.

بە هاندان و فەتوای مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیەکانی سەر بەو گروپە ئیسلامیە سیاسیانە، بەسەدان گەنجی کوردیان فریوداوە و بۆ شەڕکردن و کورد کوشتن ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستانسنیان کردوون. ئەمە ناپاکیی مەزنە و پێویستە و دەبێت یەك بە یەك لێپێچەنەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت و بە یاسا بەسزای ڕەوای خۆیان بگەیەنرێن.

بۆ هەموو و هەڵە و تاوانێك، پەشیمانبوونەوە و لێخۆشبوون هەیە، جگە لە ناپاکیکردن لە نەتەوە و لە نیشتمان نەبێت.

تکایە هەتا درەنگتر نەبووە و کار لە کار نەترازاوە، با فریای باشووری کوردستان بکەوین!؟

## خانمە گۆڕانخوازێکیش بوو بە حاجیژن، ئەویش تەواو خۆی گۆڕی!؟

شایانی باسە چەند ئەندام پەرلەمانێکی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکە، بە پارەی موفتی بوودجەی میللەت و دەسەڵاتی کوردی، بۆ حەجکردن و عەمرەکردن سەردانی عەرەبستانی سعودییەیان کردووە و بەرگی حاجێتییان پۆشیوە!؟

بێ ناوهێنان: ئەم ساڵ ئەندام پەرلەمانێکی باشووری کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان، لەگەڵ حاجییانی کورددا بەڕێکەوتووە و بە جلوبەرگی دواکەوتووانەی ئیسلامی سیاسییەوە خۆی پێچاوەتەوە. هەتا ئێرە، با بڵێین، مافی خۆیەتی و ئازادیی تاکەکەسییە. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەم گۆڕانخواز و نوێنەری گۆڕانخوازانە، بەو سەردانەی عەرەبستانی سعودییە، ویستویەتی چی بگۆڕێت و کە بوو بە حاجی ژنیش، چی لە ژیانی خۆی و ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆڕێت کە ئەویان بۆ نوێنەرایەتی کردنی خۆیان هەڵبژاردووە!؟

ئایا باشتر نەبوو، مرۆڤانەتر نەبوو، ئەو پرە پارەیەی کە لە بوودجەی میللەت لرفیان لێداوە و بۆ عەرەبە ملیاردێرە داوێنپیسەکانی دەسەڵاتی سعودیەیان بردووە، وەکو کۆمەکێکی مرۆڤانە و مرۆڤایەتییانە پێشکەشی منداڵە هەژار و برسییەکانی ناو کامپەکانی کوردستانیان بکردایە!؟ئایا باشتر نەبوو، ئەو پرە پارە تێچووەی ئەو حەج و عەمرەکردنەیان تەرخان بکردایە بۆ خزمەت کردنی ژینگەی کوردستان!؟

ئایا نەتەوەپەروەرانەتر نەبوو، ئەو هەموو کات و وزەیەی لەو گەشتەدا بۆ عەرەب و عروبەیان بەخەرج دا، سەردانی چەند خێزانێکی ئەو پێشمەرگە ژینبەخشیوانەیان بکردایە کە گیانی پاکی خۆیان لەپێناوی پاراستنی ئەوان و کورد و کوردستاندا بەخشیوە!؟

## پاڕانەوە چ سوودێکی هەیە!؟

هەر کاتێك بە پاڕانەوە و هانان برد بۆ بوونەوەرێك یان هێزێك کە لە دەرەوەی ئەم گۆی زەوییە بێت کە ئێمە لەسەری دەژین، دەچینە ناو بۆشایی ئەندێشەپەروەرییەکی بێ ئەنجامەوە. با نموونەیەکی ئاسان بهێنینەوە: ئەگەر سڵاوت لە کەسێك کرد و وەڵامی نەدایتەوە، جارێکی تر سڵاوت لێبکردەوە و هەر وەڵامی نەدایتەوە، دیسان جارێکیتر هەر سڵاوت لێ کردەوە و هەر وەڵامی نەدایتەوە، ئەگەر بەردەوام هەر خەریکی سڵاو کردنی بێ وەڵام بیت، ئەوە دڵنیابە کە بە کێشەی دەروونی و نەخۆشیی پرواپەخۆنەبوون و خۆبەکەمزانییەوە ئالوودە بوویت.

پاڕانەوەش لە خوا هەر هەمان ئەو سڵاوکردنە بێ وەڵامەیە. هیچ کەسێك خوای نەبینەوە و هیچ زانیارییەکی پێویستمان لەسەر بوون و نەبوونی خوای ناو ئایینەکان نییە، کەچی بەردەوام لێی دەپاڕێنەوە کە یارمەتییان بدات و خەونەکانیان بۆ بهێنێتە دی!؟

ئایا باشتر نییە لەبری پاڕانەوە لە خوایەك کە نەبینیوتە و نە دەزانی چییە و نە دەکرێت بزانی لە کوێیە، یان بەو شێوەیەی کە ئاییینەکان باسی دەکەن، هەیە یان نییە، ئایا خۆت یارمەتی خۆت بدەیت و ئەوەی پێویستە، خۆت بۆ خۆتی بکەیت، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان داوای یارمەتیی لەو کەسانە بکەیت کە دەتوانن یان دەیانەوێت یارمەتیت بدەن، ئایا ئەمە کردەنی و باشتر نییە!؟

## فەتوا و فرمێسك و خوێن

فەتوای نوێی مەلایەکی باشوور : ئەوەی سێ هەینی لەسەر یەك نەیەت بۆ مزگەوت، ئەوە لە دین دەردەچێت!؟

لە دین دەرچوونیش، سزاکەی لە دوا ئەنجامدا هەر کوشتنە!؟

ئەمە دیموکراسیێتییە یان پاشاگەردانییە، هەر مەلایەك بە ئارەزووی خۆی، فەتوا بۆ میللەت دەردەکات و هیچ لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەکی یاساییش نەبووە و نییە!؟

ئەم فەتوایە بە گاڵتە مەگرن. ئەمە سەرەتای سەردەمێکی نوێیە و فەتوایەکی زۆر مەترسیدارە، ئەگەر ئەم جۆرە فەتوایانە بنبڕ نەکرێن، فەتوای خراپرتیشیان بەدوا دێت. دەبێتە بیانوویەك بۆ تاوانبارکردنی هەموو ئەو کەسە ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز و ئازادبیرانەی کە ئایین بە پرسی تاکەکەسی دەزانن. ئەم فەتوایە ببێت بە باو و بۆیان بچێتە سەر، ئیتر بە ئاشکرا فەتوای کافر بوون بۆ هەموو ئەو کەسانە دەردەکەن کە نوێژ ناکەن و ڕۆژو ناگرن و ناچن بۆ مزگەوت، ئەوسا بە ئاسانی ئازاردان و خوێنڕشتن و کوشتنی کافرە نوێژنەکەرەکان و ڕۆژونەگرەکان، دەبێتە ئەرك و فەرمانێکی ئایینی. دەکرێت ئەم جۆرە فەتوا مەترسیدارانە، دەستپێکی گەورەترین ئاژاوەی نێو کۆمەڵگەبن. لە رابووردوودا، دەریایەك فرمێسك و خوێن بەهۆی فەتوای مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکانەوە ڕژێنراوە.

ئەی بەڕاست، دەسەڵاتدارێك، بەرپرسێك، سیاسەتمەدارێك، کادرێك، پێشمەرگەیەك، ئاساییشێك، زێرەڤانییەك، پۆلیسێك، مرورێك، کارمەندێکی ئاژانسی پاراستن یان دەزگای زانیاری، کەسێك نییە، بتوانێت بەکردەوە پێش بەم جۆرە فەتوایانە بگرێت!؟

## فەیسبوکی ئیسلامی

لاپەڕەی تێرۆریستێکی ئیسلامی سیاسیی باشوور لە فەیسبوکدا، زۆرتر لە دوو سەد و پەنجا هەزار کەس لایکی کردووە، ئیتر بۆچی دەڵێن، داعش لەناو کورد و کوردستاندا هیچ بنکە و جەماوەرێکیان نییە!؟

## نەفرەتلە (تۆڵەی شەرەف)

چەمکی کارەساتاویی (تۆڵەی شەرەف)، یەکێ لەترسناکترین هاوردەکانی عەرەب و ئیسلامە بۆ کوردستان، بەردەوام کچان و ژنان – خوشکان و دایکانمان، باجەکەی دەدەن!؟

## بەعسیزم و تەعریب و ئەنفالی هەموو شتێکی کورد و کوردستان هەر بەردەوامە

زۆر ترسناکە: ئێستا زۆرتر لە رابووردوو، سەرانی دەسەڵاتی کوردی، تەواو هاوکاریی ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسیانە و ژمارەیەکی زۆر لە مەلا و بانگخوازی گەوجێنەر و تەعریبچی دەکەن و لە هەموو شتێکدا لە هەموو فەتوا و کاروکردەوەیەکی ناپاکانە و دوژمنکارانەیاندا، گشت ئاسانکارییەکی پێویستیان بۆ دەکەن، بێ هەڵوێستن بەرامبەریان و زەلیل و زەبوون و ملکەچیانن. ئەمەش بێگومان بەهۆی کاریگەری و باڵادەستیی دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکەوەیە بەسەر ئەو دەسەڵاتە کوردییەوە. ئەو ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە و ئەو مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرانەیان، بەناوی ئایینەوە ژەهری

عەرەبی دەرخواردی منداڵان و لاوانی هەژار و بێ ئەزموون و نائومێدی کوردستان دەدەن. ئەمڕۆ لە سایەی ئازادی و دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی کوردیدا، لە سەردەمی بەعسی فاشیست زۆرتر، فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواری لە لایەن ئەو ئیسلامیە سیاسیانە و ئەو مەلا و بانگخوازانەیانەوە، ئەنفال دەکرێ و کورد و کوردستان بەعەرەب دەکرێن. ئەو ناپاکانە بە پەیڤ و وتاری ناشیرن و پاشکەوتووانە، بە هەڕەشە و فەتوای ناڕەوایانە، بە جلوبەرگ و بە لەچك و باڵاپۆش و جبەی ناشیرین و ناشارستانییانەی ئیخوانچیانە و عەرەبییانەوە، سیما و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییان تەواو شێواندووە. بە دڵنیاییەوە هەتا ئیسلامی سیاسیی هەبن، بەعسیزم و ئەنفال و بەعەرەبکردنی کورد و کوردستان هەر بەردەوام دەبێت.

## کێن ئەوانە و لەکوێن ئەو دەسەڵاتدار و لایەنانەی کە گوایە باشووری کوردستان بەڕێوەدەبەن!؟

پرسیارێك:

ڕۆژانە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە، مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئاینییە ئیسلامییە سیاسییەکان، بە نووسین و وتاردان و بە گرتەی ڤیدۆیی، سووکایەتی و بێ ڕێزی بە ژنان و کچانی کوردستان دەکەن، بیروباوەڕی توندڕەوانە و توندوتیژانە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکەنەوە، بە ئاشکرا بانگاشە بۆ جیهاد و داعش و داعشیزم دەکەن، بێ ڕێزی و سووکایەتی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و مارشی نەتەوەیی کوردی، سروودی پیرۆزی ئەی ڕەقیب دەکەن، فەتوای دەربەدەرکردن و کوشتن بۆ ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕەخنەگران دەردەکەن، بە ویست و خواست و بەرژەوەندیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، چییان بوێت و چییان پێ سپێردرابێت، دەینووسن و دەیڵێن و بڵاوی دەکەنەوە، لە هەمانکاتیشدا، مووچەی زۆر و مووفت لە وەزارەتی داعشپەروەری ئەوقافی ئیسلامی سیاسی وەردەگرن، مزگەوتەکان و پرسەکان و کۆبوونەوە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بۆ بانگاشەی ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی بەکار دەهێنن، ئەوە ماوەی ٢٤ ساڵە، هەتا ئێستا هیچ کەس و هیچ لایەنێك نەیوێراوە و نەیتوانیوە سکاڵایەکیان لەسەر تۆمار بکات، هەتا ئێستا دەسەڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکان، بەو هەموو ئەندام و لایەنگر و هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی و پۆلیس و ئاسایش و دژەتێرۆر و دەزگاکنی پاراستن و زانیارییەوە، نەیاتوانیوە و نەیانوێراوە، لێپرسینەوەیەکی یاساییان لەگەڵدا بکەن، یان سزایەکی شۆڕشگێرانەی یەکێ لەو وەهابی و سەلەفی و و ئیخوانچی و تەعریبچی و جاش داعشانە بدەن!؟

دیارە ئەم ماستە، چەند گوریسێکی سیاسی و بەرژەوەندیی دوو لایەنەی تێدایە!؟

کار وا پروات، بەدڵنیاییەوە سەرەنجام، ئیسلامییە سیاسییەکان و وەزارەتی تەعریبچی و داعشپەروەری ئەوقای ئیسلامی سیاسی، سەری پارتە دەسەڵاتدارەکان و دەسەلاتی سیاسیی کوردی دەخۆن!؟

# کارەسات وماڵوێرانی و تاریکستان چاوەڕوانمانن

ئەو ڕاستییە تاڵ و و هۆشدارییە پێویستانەی کە دەبێت دووبارەیان بکەینەوە!؟

ئەمڕۆ لە سایەی ٢٤ ساڵی گوایە، ئازادی و دیموکرسی و خۆبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا، لەشکرێك لە مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاریی ئایینیی سەر بەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، بوونیان هەیە و لەناو کۆمەڵگەدا بە ئاشکرا و بە ئازادانە ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و سەلفیچێتی و وەهابیچێتی و تەعریبچێتی دەکەن، ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان، گەورەترین هەرا و دەنگۆ و پشێوی و ئاژاوەیان لەناو کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا دروست کردووە، لەسەر پۆشین و شێوازی جلوبەرگێك کە بە دڵی ئەوان نەبێت و لەگەڵ مێشکی دواکەوتووانەیاندا نەگونجێت، داوا لە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکەن جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی نەپۆشن، چونکە لە ڕوانگەی ئایینە عەرەبییەکەی ئەوانەوە شیاو و ڕێگەپێدراو نییە، داوا لە کچان و ژنانی کوردستان دەکەن و بە چەندین شێوە و شێوزی ناڕەوا و دۆزەخیانە ناچاریان دەکەن کە جلوبەرگی ناشیرین و دواکەوتووانە و ناشارستانییانەی ئیخوانەکانی میسر و تورکیا و عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداو بپۆشن، وەکو باڵاپۆش و جبە و لەچکی عەرەبی، بە هەموو شێویەك بێ ڕێزی و سووکایەتی بە کچان و ژنانی کوردستان دەکەن و بە ئاشکرا و بە ئازادانە لە بۆنە ئایینییەکان و لەسەر سەکۆی مزگەوتەکانەوە توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێیینە بەیان دەکەن و بە وتار و گرتەی ڤیدۆییش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویان دەکەنەوە، هیچ سانسۆر و کۆنتڕۆڵ و لێپرسینەوەیەکیش نییە، خەڵکی بەزۆر و بە ترساندن و ئاگری دۆزەخ ناچاری نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەج و عەمرە کردن دەکەن، دژی موزیك و جوانکاری و پەیکەر و وێنە و تابلۆ و دژ و دوژمنی هەموو دیارەیەکی پێشکەوتووانەی سەردەمیانەن، دژی هونەر و وێژە و زانست و شارستانێتین، بەڵام دژی دەستبرینەوە و خۆبەخاوەن کردنی چوار ژن و بەزۆر بەشوودانی کچانی منداڵی خوار تەمەنی یاساییەوە نین، دژی سەربڕین و کوشتوکوشتاری مرۆڤ نین لەپێناوی ئەڵڵاکەی عەرەب و عروبەدا، دژی بێ ڕێزیکردن و سووکایەتی کردن بە پیرۆزییە نەتەوەیی نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان نین، بەڵام دژی مارشی نەتەوەیی میللەتەکەی خۆیانن، لەبەر سرووودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب هەڵناسنەوە، بە خۆبەخش یان بە پلان، ئەم ناپاکییە گەورەیە دەکەن، دژی ناولێنانی منداڵانی کوردن بە زمانی دایکیان، داوا دەکەن کە ناوی منداڵانی کورد، ناوە ئیسلامی-عەرەبییەکان بێت، مەریوان و شاسوار و ڕووناك و نازەنینی کوردی دەکەن بە ئوسامە و موصعەب و ئوسرا و عائیشەی عەرەبی، بەبەردەوامی و ژێر بە ژێر لە هەوڵی دوژمنایەتی و بنبۆش کردنی دەسەڵاتی سیاسیی بەنجکراو و خەولێکەوتووی باشووری کوردستاندان کە مەخابن، بەردەوام و بە هەموو شێوەیەکیش کۆمەك و پشتیوانیشیان لێ دەکەن، بە پیلان و بەرنامەی داڕێژراو و ئامادەکراو و هاوردەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە، بە چەندین شێوە و شێواز، لە هەوڵی دژایەتی و دوژمنایەتی کردن و ناشیرین کردنی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواریدان، بە پشتیوانی و کۆمەك و بوودجەی ئەودیو سنوورەکانی کوردستان، خەریکی مینرێژکردنی ڕێبازی کوردایەتی و شێواندنی هەموو سیمایەکی جوان و ڕەسەنی کورد و کوردەوارین، لەناو جەماوەردا، بەتایبەتی لەناو منداڵان و لاواندا، لە هەوڵی نەهێشتنی

هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەریدان، ئامانجیان سڕینەوە و تۆویر کردنی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و کوردایەتین لە جەستەی میللەتی کورددا، هەموویان لە دڵەوە، لە بیروباوەڕیانەوە، هاوسۆزن لەگەڵ لەشکری تێرۆریستی داعشدا و بە هاوئایینان دادەنێن و ناوبەناو لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان و ڕاگرتنی هاوسەنگی بوون و مانەوەی خۆیان، یان هەر کە زۆر ناچار دەبن، داعشەکان بە موسڵمانی کەمێك گومڕا ناودێر دەکەن، ئەم چالاکی و هەوڵە هەرە خراپانە، ئەم ئاژاوەگێڕی و تەعریبچێتییە، ئەم ڕەوتە ئیسلامچی و تەعریبچییە، هەر هەمووی بە بەرچاوی ڕاگەیاندنە کوردی و کوردستانییە نابەرپرسیارەکان و دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی سیاسیی کوردییەوە ڕوودەن و هیچ کاردانەوە و لێپرسینەوە و هەڵوێستێك،بەرامبەریان نەبووە و نییە و نابینرێت!؟

ئەی میللەت و ئەی دەسەڵاتی کوردی، لەخەو ڕابن و هۆشیار بینەوە، فریای ژیان و چارەنووسی خۆتان بکەون، پەند و وانەیەك لە ئەزموونە کارەساتاوییەکانی ئاخووندەکانی ئێران و تاڵیبانەکانی ئەفگانستان وەربگرن، با ئەو مێژووە تاڵ و تاریکستانە لە باشووری کوردستانیشدا دووبارە نەبێتەوە!؟

## وتاری مەلا و بانگخوازەکان و هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی

با لە دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردسان و لە سەرکردە و سەرکردایەتییە دەسەڵاتدارەکان بپرسین: ئەرێ ئێوە ئاگاتان لە وتارەکانی ناو مزگەوت و بۆنە ئایینییەکانی ئەو کۆمەڵگە و وڵاتە هەیە کە گوایە ئێوە بەڕێوەی دەبەن!؟

با بپرسین ئەم دەسەڵاتە، یان دەزگاکانی پاراستن و زانیاری و ئاسایش، بۆچی ناتوانن یان نایانەوێت کۆنترۆڵی ئەو وتار و لێدوانانە بکەن و یان خۆیان وتاریان بۆ بنووسن و ئیشی ئەوان تەنها هەر خوێندنەوەیان بێت، ئەی مووچە لەسەر چی و بۆچی لە دەسەڵات وەردەگرن!؟

با لە سەر سەکۆی مزگەوتەکان باسی ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەریلا و شەڕڤانە ئازا و گیانلەسەردەستەکان بکەن و میللەت هان بدەن بۆ یارمەتیدان و کۆمەککردن و پشتیوانی کردنی ئەو پارێزەرانەی میللەت و نیشتمان، با دەستی یارمەتی و نەوازش بۆ منداڵان و خێزانی پێشمەرگەکان درێژ بکەن، با باسی ژینگەپارێزی و ئاشتی و خۆشەویستیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بکەن، نەك پروپاگەندەکردن بۆ عەرەب و عروبە و ئیسلامچێتی و سەلەفیزم و ئیخوانچێتی و وەهابیزم و تێرۆریزم و بڵاوکردنەوەی پووچپەرستی و توندوتیژیی دژی کچان و ژنانی کوردستان!؟ ئێمە هەموو هەستمان پێکردووە و دەیبینین و دەیبیستین کە وردە وردە باشووری کوردستان وا خەریکە دەبێتە ئەفگانستانی سەردەمی ڕەش و تاریکستان و کارەساتاوی تاڵیبان!؟

ئەی هاوار، فریای ژیان و چارەنووسی خۆتان بکەون!؟

## لە سەیروسەمەرەکانمان

باشووری کوردستان: وڵاتێك بێ خاوەن بێت و یاسای تێدا پێڕەو نەکرێت و پاشاگەردانی بێت، ئاسایە کە ئەم دیاردە خراپانەشی تێدا سەرهەڵبدات!؟

مەلایەکی تەعریبچی و گەوجێنەر، کە ئیسلامییە سیاسییەکان ژێربەژێر و ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی لێ دەکەن، بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە، خەستەخانە یان گوایە (نۆرینگەیەکی پزیشکی)ی کردووەتەوە و لە بەغدا مۆڵەتی پزیشکی و کردنەوەی ئەو خەستەخانەیەی وەرگرتووە، ئێستا بەناوی (طبی نبوی)یەوە، خەڵکێکی نەزان و بیرنەکەرەوە، بۆ چارەسەر کردنی دەرد و نەخۆشییەکانیان سەردانی دەکەن و ئەم پیشە نایاساییە بووە بە سەرچاوە ژیانی خۆی و خەریککردن و گەوجاند و خەڵەتاندنی هەموو ئەوانەی کە پروایان پێکردووە. لەمەش گەوجانەتر و خراپتر، ڕاگەیاندنە کوردییە نابەرپرسیارەکان، زوو زوو بانگهێشتنی دەکەن و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز دەکەن، هەربۆیە ئێستا بووە بە یەکێك لە هەرە بەناوبانگترین پزیشکەکانی کوردستان!؟

زۆر بەداخەوە لەم کۆمەڵگە شێوێنراوەی ئێمەدا چ بێ یاسایی و چ پاشاگەردانی و چ کارەساتێك باڵادەستن!؟

## کورد و خوێندەواری و قورئان

تێبینی: باشترین وەرگێڕانی قورئان، هەتا ئێستا وەرگێڕانەکەی مام هەژاری نەمرە.

- ئەمڕۆ بۆ زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ دەچێت کە ئایینی ئیسلامی عەرەبی تێکەڵی ژیانی کوردەواریمان بووە، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا پەڕتووکێك بەزمانی کوردی نییە کە بەڕاستی و بەشێوەیەکی مێژووییانە و زانستییانە و بابەتییانە، ئەو مێژوو و ڕووداوانەی تێدا نووسرابێتەوە. تەنانەت (قورئان)یش لە سەدەی بیستویەکەمیندا کراوەتە کوردی کە لێرەدا جێگای خۆیەتی هەزاران تاجە گوڵینەی ڕێز و ئەمەگ و پێزانین، پێشکەشی سەر گڵکۆ پیرۆزەکەی (مام هەژار)ی نەمر بکەین کە شانبەشانی شاکارەکانی دیکەی ئەو کارە بێوێنەیەشی بۆ مێژوو و فەرهەنگی کوردی ئەنجامداوە و (قورئان)ی تەواو و دروست وەکوو خۆی بۆ وەرگێڕاوین. خۆزگە (مام هەژار)ی نەمر ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیابایە و ئەو کارە گرنگەی ئەنجام دابایە.

- تا ساڵی پەنجاکانیش، خوێندەوار لەناو کورددا، ڕێژەیەکی زۆر کەم و دەگمەن بوو، جا دەبێت پێش ١٤٠٠ ساڵ کە لەشکری داگیرکەری خێڵە دڕندە و چاوچنۆك و ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب کە بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن، ئایینی ئیسلامی خۆیان بەسەر کوردستان و ئێراندا سەپاندووە و بە خوێنڕشتن و وێرانکاری و تاڵانیی سامان و کچان و ژنان و لاوانی کورد و فارس، کۆتایی پێهاتووە، دەبێت کورد چی لە زمانی سەختی قورئان تێگەیشتبێت، هەتا ئێستایش کە سەدەی ٢١ هەمینی مرۆڤایەتییە، ڕێژەی نەخوێندەواریمان لە زۆر وڵاتی دواکەوتووی دیکە زۆرترە، بە دڵنیاییەوە لە هەزار موسڵمانی کورد، یەکێك نادۆزیتەوە کە قورئان و حەدیسەکانی خوێندبێتەوە یان تێیان گەیشتبێت. لە ڕاستیدا بە موسڵمان کردنی کورد، بە زۆر و زەبری شمشێر و خوێنڕشتن و وێرانکاری و تاڵانی بووە و ئێستایش بووە بە فەرهەنگ و بە میرات نەوە بۆ نەوە بۆمان ماوەتەوە و کە بێگومان لە هەموو مێژووی خۆماندا هیچ سوودێکمان لە ئیسلامبوون و لە ئیسلامی عەرەب و عروبە وەرنەگرتووە و بە درێژایی ئەو مێژووە

تاڵە، لە زیان و کارەسات وماڵوێرانی و مایەپووچیی فەرهەنگی و مادیی زیاتر، هیچیترمان بۆ نەماوەتەوە!؟

- شایانی باسە، عەرەب و ئیسلامی عەرەبی، هیچ شتێکی نوێیان بۆ کورد و فارس نەهێناوە. پێش ئیسلام، ئێمە خاوەنی فەرهەنگی ڕەسەن و ئایینی ڕەسەنی کوردەواریی خۆمان بووین، ئایینی یەکتاپەرستی و خواپەرستیی زەردەشتی کە یەکێکە لە کۆنترین و ئاشتیخوازترین و مرۆڤپەروەرانەترین ئایینەکانی مرۆڤایەتی. دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین کە عەرەب و ئیسلام، هیچی نوێ و سوودبەخشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کورد و کوردستان نەهێناوە.

## چ جەژنێك!؟

ئایا سەیر و نامۆ نییە بە مرۆڤایەتیی ئەم سەردەمە کە ئایینێك بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە، سەربڕین و خوێنڕشتنی پەلەوەران و ئاژەڵانی بێ تاوان و بەستەزمان بە پیرۆز و جەژن و خۆشی بزانێت!؟

## بانگەواز

ئەگەر بە زووترین کات هەڵوێست وەرنەگرین و فریای خۆمان نەکەوین، ئەوا چارەنووسی باشووری کوردستان لە بەردەم هەڕەشە و کارەسات و هەرەسهێنانێکی گشتیدایە!؟

تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوە و ڕاگەیاندنەکان و کاروکردەوەکانی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی خۆمان و سیاسەتەکانی سەرانی پارتی و یەکێتی، زۆر ئاڵۆز بووە، ئێوە سەرنج بدەن، کەسان و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە ئاشکرا گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ ئەم دەسەڵاتە و بۆ یەکێتی و پارتی هەڵدەکەنن، ژێر بەژێر بنبۆشیان دەکەن، ڕۆژانە لە سەکۆی مزگەوت و تەکیە و بارەگاکانیانەوە و توندوتیژی و ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و عەرەبچێتی و عروبە لە ناو منداڵان و گەنجانی کوردستاندا بڵاو دەکەنە و دوژمنایەتیی کوردایەتی و هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن، کەچی ئەم دەسەڵاتە نووستووە، هەتا ئێستا هەر لە شیرین خەودایە و یەك لێپێچینەوەی یاسایی لە گەڵدا نەکردوون، بەپێچەوەوانەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبن و سنووری دەسەڵاتی مەلاکان و مامۆستا ئایینیەکان و بانگخوازەکان و کەسان و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان فراوانتر و بەهێزتر دەبێت، دەسەڵات و سەرانی پارتی و یەکێتی هەر بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و نووستوون!؟ چارەنووسی باشووری کوردستان بەرەو تاریکستان و شەوەزەنگی نەزانی و خورافیات و پووچپەرستی بە خێرایی هەنگاو دەنێت!؟ ئەو کەس و لایەنە ئیسلامییە سیاسیانە هەموویان بێ جیاوازی پشتیوانی و لایەنگری داعشەکان دەکەن و هەتا ئێستا یەك وشەیان دژی داعش دەرنەبڕیوە!؟ ئەو ئیسلامییە سیاسیانە تابووری پێنجەمن لە کوردستاندا و پاڵپشت و پشتیوانێکی دڵسۆز و باوەڕپێکراون بۆ داعشەکان و هەموو دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان. ئەگەر بە زووترین کات فریای خۆمان نەکەوین و چارەسەری ئەو ئیسلامییە سیاسییانە نەکەین و بە یاسا یاساخیان نەکەین و

کۆتاییان پێنەهێنین، چارەنووسمان هەر ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکی گشتیی ترسناکتر دەبێت!؟

ئەی هاوار هەڵوێست وەرگرن و فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

با کێشەیەکیتریش باس بکەین:

جگە لە مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەمڕۆ زۆتر لە میلیۆنێك عەرەب لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێ بوون و دەژین، ئەمانەش زۆربەی زۆریان هەر وەك عەرەبەکانی شەنگال، پشتیوان و پاڵپشتی داعشەکان دەبن!؟

ئێستا هەموو کورد داوای ئەوە دەکات کە با بەشێوەیەکی کاتی ئەو عەرەبە هەڵاتووانە، لە دەرەوەی شارەکان، بخرێنە کامپەوە و ژیانیان پارێزراو بێت و لەژێر چاودێریی پۆلیس و ئاسایش و لایەنە پێوەندیدارەکانیتردابن. ئەمە، تا کاتی ڕەوانەکردنەوایان بۆ ئەو شوێنانەی کە لێوەی هاتوون، تاکە چارەسەرە.

پێشنیازی چارەسازانە و ریالیستانەش بۆ مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی هەر ئەوەیە کە هەموویان بە یاسا، یاساخ بکرێن و بۆیان نەبێت بەناوی ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی ئەنجام بدەن، وا پروات هەموو باشووری کوردستان دەبێت بە دیشداشەلەبەر و لەچك بەسەر و جبە و باڵاپۆش لەبەری عەرەبی و تورکی و ئێرانی!؟ خەریکە ساف لە سافی باشووری کوردستان سیمای عەرەبی و تورکی و ئێرانی بەخۆیەوە دەگرێت، بێگومان ئەگەر ئەم بارودۆخە و ئەم ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە مەترسیدارە، هەروا بەردەوام بێت، جلوبەرگی ڕەسەن و جوان و رازاوەی کوردەواری و فەرهەنگ و دابونەریتی ڕەسەنی کوردی و کوردستانی، لەبەر مەترسیی لەناوچووندا دەبن!؟ ئێستا بە ڕوون و ئاشکرایی، کوردەواری و کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، تەواو شێواوە و لە پاشاگەردانی و تەنگژەی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و خورافیاتپەرستی تەعریبچێتیدایە!؟ بەگشتی باوردۆخەکە بەشێوەکە کە ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیدایە!؟

## تاڵانی و ئەشکەنجە و کووشتن لە پێناوی خوادا، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە

دروستکارێك (یەزدان)، گەردوونی بێ کۆتایی دروست کردبێت و بە ڕێکوپێکی بیچەرخێنێت، بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەویی دروست کردبێت بۆئەوەی پێکەوە بژین و سیستمێکیشی بۆ ژیان بۆ دانابێتن، ئیتر چ پێویستی بەوە هەیە مرۆڤەکان لە پێناوی ئەودا تاڵانی بکەن و یەکتری ئازار و ئەشکەنجە بدەن و یەکتری لەناوبەرن!؟

ئەگەر یەزدان خودی خۆی، گۆی زەوی، یان بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەویی بەدڵ نەبووایە، پێویستی بە یارمەتیی مرۆڤ نەدەبوو و زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لە کەمترین کاتدا لە گەردووندا بیانسڕێتەوە.

## دەنگوباسێکی زۆر ناخۆش و ترسناك بۆ کورد و کوردایەتی

بەپێی هەواڵێکی ڕاگەیاندنە کوردییەکان، وڵاتی سعودییە بەم زووانە کونسوڵخانە لە هەولێر دەکاتەوە. سعودییە و قەتەر و تورکیا و ئێران و چەندین دەوڵەت و ڕێکخراوی دیکەی جیهانی بەردەوام بە هەموو شێوازەکان کۆمەك و پشتیوانیی کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان و تێرۆریستان و تێرۆریزمی ئیسلامی جیهانی دەکەن. ئەو وڵات و دەوڵەتە دوژمنانەی کورد و داگیرکەرانەی کوردستان، لە ڕێگەی ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانیانەوە، بەرنامە گڵاو و دۆزەخییەکانی خۆیان لە باشووری کوردستاندا جێبەجێ دەکەن. ئەو شاڵاوی بەعەرەب کردنەی کورد کە لە ڕابوورددوودا سەددام و بەعسییەکان بۆیان تەواو نەکرا، لە ئێستادا، بەهۆی ئیسلامییە سیاسییەکانەوە بەردەوامە و لەماوەی ئەو ٢٤ ساڵەی دەسەڵاتی کوردییدا کە هەموو کۆمەك و پشتیوانی و ئاسانکارییەکیان بۆ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی پێشکەش کردووە، بەعەرەب کردن بووە بە دیاردەیەکی ئاشکرا و بەرچاو و سیما و باڵاداستیی ئیسلامی سیاسی لە هەموو گوند و شارۆچکە و شارێکی باشووری کوردستاندا، بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

دامەزراندنی کوسوڵخانەی سعودییە لە هەولێر، واتە گوڕ و برەودان بە ڕەوتی سەلەفی و وەهابی و ئیخوانچێتی و ئیسلامی سیاسی و بەعەرەب کردنی زۆرتر و خێراتری کۆمەڵگەی باشووری کوردسان. ئیتر لەمەودوا بە بەرنامە و بە نهێنی یان بە ئاشکرا، ڕاستەخۆ کۆمەك و پشتیوانیی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەکەن و بۆ بەعەرەبکردنی کورد و بە ئیسلام کردنی باشووری کوردستان، بە هەزاران نۆکەر و بەکرێگیراو پشتیوانی و ئامادە دەکەن.

با بپرسین، جگە لە چوونی حەجکەران و عەمرەکەران لە کوردستانەوە بۆ سعودییە و بنبۆش کردنی ئابووری کوردستان، لەم ڕێگایەوە، ئیتر کوردستان چ پێوەندییەکی دیکەی بە عەرەبستانی سعودییەوە هەیە، عەرەب لە هەموو مێژووی خۆیاندا، نەیانتوانیوە دەرزییە کون بکەن، نەیانتوانیوە، نە بۆ خۆیان و نە بۆ مرۆڤایەتی، داهێنانێك لە هیچ بوارێکی ئابووری و تەکنەلۆژی و پزیشکی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بکەن، یەك هەنگاو زانستی مرڤایەتییان لە هیچ ڕوویەکەوە نەبردووەتە پێشەوە، ئیر دەبێت ئێمەی کورد چ کەڵك و سوودێك لە کردنەوەی کوسوڵخانەی یەکێ لە گەندەڵترین و پیاوسالارترین و دواکەوتوترین وڵاتانی عەرەبی وەربگرین!؟

وڵاتێك ئاڵاکەی بە شمشێری ملپەڕاندنی مرۆڤ ڕازاندبێتەوە، دەبێت چاوەڕاونی چیی لێبکرێت!؟

## مزگەوت

با مزگەوت هەبێت، کەس نەیگوتووە و کەس ناڵێت مزگەوت نەبێت، بەڵام ئەوەی سەیرە و جێگەی سەرسوورمانە ئەمەیە: هیچ وڵاتێکی عەرەبی کە ئایینەکە بەزمانی ئەوانە و هی ئەوانە، هێندەی باشووری کوردستان مزگەوتی تێدا نییە. وا پروات باشووری کوردستان بەهۆی ژمارە زۆریی مزگەوتەوە دەچێتە پەڕتووکی گینسەوە!؟ بەڵام لەسەرتاسەری باشووری کوردستاندا تەنها یەك مەڵبەندی

رۆشنبیریی نەتەوەیی نییە، ئەو سەنتەرانەش کە دروستکراون، هیچ بەرهەمێکیان بۆ کوردایەتی نییە، هەموویان بنکەی سیاسین و لەخزمەتی پارتە سیاسییەکاندان نەك کورد و کوردایەتی. لە هیچ گوندێکی باشووری کوردستاندا بنکەیەکی خزمەتگوزاریی و تەندروستی، پەڕتووکخانە، مەلەوانگە، شوێنیی تایبەتیی یاریی بۆ منداڵان، باخچە....هتد نییە. زۆربەی زۆری گوندەکان بێ کارەبان، بێ خوێندنگەن، بێ ڕێگاوبانی هاتووچۆن، منداڵانی گوندەکان بێبەرین لە هەموو پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریی ژیان، ئیتر کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دیمۆکراسی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی چۆن دروست دەبێت و بەچی دروستی دەکەن!؟

## بێ ئەمەکی

هەر کەسێك رێز لەپیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانییەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی نەگرێت،کەسێکی بێ ئەمەگە و مافی ئەوەی نییە شانازیی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەریی هەبێت.

## توولەمار و ئەژدیها

توولەمارە ئیسلامییە سیاسییەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو، لە ئیسلامییە سیاسییەکانی ئەمڕۆ بۆ کورد و کوردستان خراپتر و ترسناکتر دەبن، ئەوانە بەشێوەیەکی وا بێگانەپەرستانە پەروەردە دەکرێن کە مێشکیان تەواو عەرەبی دەبێت و هەموو شتێکی کورد و کوردستان بەلایانەوە خراپ و بێباوەڕی دەبێت!؟

ئەوەی توولە مار بەخێو بکات، لە ئەنجامدا هەر بەخۆیە دەدات. پارتی و یەکێتی ٢٤ ساڵە دژی یەکتر، ئەو توولەمارانە بەخێو دەکەن و کۆمەك و پشتیوانییان دەکەن، ئەو توولەمارانە وردە وردە دەبنبە ئەژدیها و لە داهاتوودا پارتی و یەکێتی و دەسەڵاتی کوردی هەڵدەلووشن.

## بێ رابووردووەکانی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی

ئیسلامییە سیاسییەکان بەرامبەر بە کورد و کوردستان، خاوەنی هیچ شانازییەك نین، تەنانەت یەك چرکە بۆ کورد ماندوو نەبوون و یەك دڵۆپ فرمێسك و خوێنیان لەپێناوی کوردایەتیدا نەڕژاوە، بەڵام لە وەرگرتنی بوودجەی میللەتدا، سوودمەنترین کەسانن. هەموو رابووردوو و خەباتی ژێرزەمینیشیان کە جاروبار باسی دەکەن، بریتییە لە گوێگرتن و لەبەرکردنی قورئان و خوێندنەوەی پەڕتووکەکانی حەسەن بەننا و سەید قوطب، لەناو مزگەوت و حوجرە و تەکیەکاندا. بوون و چالاکییەکانیشیان هەمووی لە خزمەتی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندایە، لەڕێگای ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتییەوە، خەریکی بەعەرەب کردن و بە تۆرانی کردنی کورد و بەپاشکۆ کردنی کوردستان بە وڵاتە عەڕەبییەکان و تورکیا و ئێرانەوە. هیچ کەس و لایەنێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر ناپرسن، ئەم ئیسلامییە سیاسییە مشەخۆر و بێ رابووردووانە، بۆ کورد و کوردستان ، هەبن چییە و نەبن چییە!؟

## ئیسلامی سیاسی

ئیسلامی سیاسی لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت، بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان لەو شوێنەدا پارێزراوە.

## خوا لەکوێیە!؟

ناڵێین خوان نییە، بەڵام دەڵێین: خوا بۆ هەژاران و برسییەکان و چەوساوەکان، هەبێت چییە و نەبێت چییە!؟

## کارەساتێکی مێژووی ئێران، لە باشووری کوردستاندا دووبارە دەبێتەوە

بەئیسلامکراویی باشووری کوردستان، بووە بە دیاردەیەکی ئاشکرا و نکوڵیلێنەکراو!؟

(شا و دەوڵەتی ئێران چەند دوژمنی کورد بوون و دەوڵەتی ئێران ئێستایش چەند دوژمنی کوردە، ئەمە لای هەمووان روون و ئاشکرا و زانراوە).

ئێرانی سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئێرانێکی پێشکەوتوو بوو و لەڕووی سەربازیشەوە، زۆر پڕچەك و بەهێز و بە دەسەڵات بوو. ئەم هۆکارانە ئەو پڕوا پتەوەیان لای شاهی ئێران دروست کردبوو کە هیچ هێزێکی دەرەکی و ناوخۆیی ناتوانێت، ئێران پروخێنێت، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانکراوەوە، چەند ئاخوندێکی شیعە و چەند هەزار خۆپیشاندەرێك، تەختوتاراجی بنەماڵەی پەهلەوییان هێنایە خوارە و ئێرانیان بەم ئێرانەی ئێستا گەیاند.

ئێستا باشووری کوردستان بە هەمان ئەزموونی ئێرانی جاراندا تێدەپەڕێت و هەمان مێژووی تێدا دووبارە دەبێتەوە. چەند کەسان و باند و گروپێکی ئیسلامی سیاسیی بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، توانیویانە بەشێکی زۆری دانیشتووانی باشووری کوردستان بکەنە ئەندام و لایەنگر و دۆستی خۆیان، بە هەزاران مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئایینیان پێگەیاندووە و ئێستا خاوەنی یەك لەشکری گەورەی جاش داعشی ئامادە و خۆمەڵاسداون و لە ئامادەباشیدان بە بەرنامەی ئامادەکراو و درێژخایەن، دەسەڵاتی کوردی و ئەزموونی باشووری کوردستان هەرەس پێبهێنن و خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی رابگەیەنن، ئەمەش ئەو بۆسە ترسناکەیە کە دەسەڵاتی کوردیی تێکەوتووە لە داهاتوودا هەر دەبێت باجەکەی بدات.

لە ماوەی ٢٤ ساڵدا، لەژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا، باشووری کوردستان بووە بە خاوەنی ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبی و سەدان تەکیەخانە و خانەقا و حوجرە و فەقێخانە و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی ئایینی و یەك لەشکری گەورە لە مەلای سەلەفی و وەهابی و ئیخوانچی و تۆرانچی و تەعریبچی، ئەم لەشکرە هەموو توانایەکی راگەیاندنیان لەبەردەستدایە، بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆیان توندوتیژیی دژی کچان و ژنان بڵاو دەکەنەوە و بە ئاشکرا، بانگاشەی

ئیسلامچێتی و تەعرتیبچێتی دەکەن، وردە وردە بە هێمنی و بێ شەڕوشۆڕ، سەرانسەری باشووری کوردستانیان بە ئیسلامی کردووە و لە هەموو شار و شارۆچکە و گوند و ماڵێکدا گەرایان چاندووە و ئەو تووڵەمارانەی جاران بەخێو دەکران و وا دەزانرا هەر بەبێ زیان دمێننەوە، ئەمڕۆ بە هەولێریانەوە داوە و ئیتر لەمەودوا هەر جارەی بە شوێنێکی دیکەی جەستەی دەسەڵاتی کوردییەوە دەدەن. جا بۆخۆتان هەر بڵێن نەتەوەییەکان و چەپەکان، ئاژاوەگێڕن!؟ داهاتوو لە پێشمانەوەیە، پڕچەککردنی ئیسلامییە سیاسییەکان لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سعودییە و قەتەرەوە، ئەگەرێکی تەواو چاوەڕوانکراوە. داهاتوویەکی ترسناك و پڕ لە ئاژاوەی ناوخۆ و خوێنڕشتن و شەڕی ناو گەڕەك و ماڵەکانی شار و شارۆچکە و گوندەکان، لەگەڵ لەشکری جاش داعشی ئیسلامی سیاسیی کوردی و عەرەبە هاوئایینە نیشتەجێبووەکاندا بەڕێوەیە!؟

## ناوی کوردی نامێنێت!؟

فەرهەنگ، ناسنامەی میللەتە، هەر میللەتێك خاوەنی فەرهەنگی ڕەسەن و تایبەتیی خۆی نەبێت، میللەتێکی بێ ناسنامەیە.

ئیسلامییە سیاسییەکان داوا لە دایکان و باوکانی کورد دەکەن کە ناوی عەرەبیی ئیسلامی لە منداڵەکانیان بنێن، بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە لە قورئاندا هاتوون، بەم شێوەیە ناوی ڕەسەن و تایبەتیی کوردەواری دەسڕنەوە و کورد بێ فەرهەنگ دەکەن!؟

نەفرەت لەو کەس و لایەنە بەکرێگیراوانەی کە ڕاسپێردراون و هەوڵ دەدەن و دەیانەوێت فەرهەنگی کوردەواری و ناسنامە نەتەوەیی کورد، لە ناو ئیسلامی عەرەبیدا بتوێننەوە.

## خۆمان دوژمنی خۆمانین

وەزارەتی ئەوقافی ئیسلامی و کولیەی شەریعەتی ئیسلامی و مزگەوت و حوجرەکان، شانبەشانی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، هەر هەموویان کارگەی بەرهەمهێنانی جاش داعشن لە باشووری کوردستاندا، کەچی لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، زۆرترین ئازادییان هەیە و زۆرترین بەشە بوودجەی میللەتیان بۆتەرخان کراوە، ئەمە چ شەرمەزارییەکی گەورە و چ کارەساتێکی نەتەوەییە!؟

## ئایا دەسەڵاتی کوردی، بۆی هەیە و دەتوانێت سەد هەزار هاونیشتمانیی کوردستان کۆمەڵکوژی بکات!؟

مەلاکان بە ئاشکرا هەڕەشە لە دەسەڵاتی کوردی دەکەن و دەڵێن: دەتوانین بە فەتوایەك، سەد هەزار گەنجی تورە و توندڕەو بۆ خۆپیشاندان دژی ئێوە بهێنینە سەر جادە!؟ چەکدارکردنی گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان لەلایەن دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە، هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە و لە داهاتوودا دەبنە مەترسی و هەڕەشەیەکی ترسناك بۆسەر دەسەڵاتی کوردی و ئاساییشی نەتەوەیی نیشتمانیی کورد و کوردستان.

## چەند بەڕێزێك نووسیویانە کە ئیسلامییە سیاسییەکان ناتوانن ببنە مەترسی بۆسەر دەسەڵاتی کوردی!؟

ئەمە وەڵامەکەیە:

بەڕێزان، زۆر سوپاس بۆ سەرنجەکانتان، بەڵام یەك مەترسیی زۆر گەورە هەیە با باسی بکەین، ئەو ئیسلامییە سیاسییانە، ئێستا خاوەنی هەزاران هەزار گەنجی مێشکشۆراوە و توندڕەون، ئەی ئەگەر لە داهاتوودا توانیان سەد هەزار کەس بهێننە سەر جادە و دەست بکەن بە خۆپیشاندان و کاری تێکدان و وێرانکردن، ئایا دەسەڵاتی کوردی بۆی هەیە و دەتوانێت سەد هەزار هاونیشتمانیی ئیسلامی سیاسی، با جاش داعشیش بن، بیانکوژێت!؟ وردە وردە بە هاندانی ئەو مەلا و بانگخوازە توندڕەوانە، کار دەگاتە سەر ئەوەی کە بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی کوردی، توندوتیژی بەکار بهێنن لە پێناوی ئەوەدا کە خۆیان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. لە مێژووی نێزیکدا نموونەی ئێرانمان لەبەرچاودایە، ئێرانیش هەر بە هەمان شێوە بوو، چەندین توێژەرەوە و ئامۆژگاری دووربین، ساڵانێکی زۆر پێشنیازیان بۆ شاهی ئێران دەکرد کە ئەوەندە پارە و زەوی و ئیمتیازی جۆراوجۆر نەدات بە ئاخووندەکان، بەڵام شا هەمیشە دەیگووت: خەمتان نەبێت، هەموویانم بە پارە و ئیمتیاز دەستەمۆ کردوون. خەمتان نەبێت، ئێمە سوپا و ساواکمان هەیە و زۆر بەهێزین و هەر دەمێنینەوە. پاشان ئەنجامەکەیمان بینی. ئێستا باشووریش هەر هەمان ئەزموونی شاهی ئێران دووبارە دەکاتەوە، دەسەڵاتی کوردی، لەسەر بوودجەی میللەت، پارەیەکی زۆریان بۆ باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان تەرخان کردووە. ئێستا ئەم ئیسلامییە سیاسییانە، خاوەنی دەیان کەناڵی تیڤین. سەدان رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامە و وێبسایتیان هەیە و بە بەرنامە چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن. بە هەزاران مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئایینی سەر بەو باند و گروپە ئیسلامییانەن و مووچەخۆری ئەوانن، وەزارەتی ئەوقاف بۆ کاروباری ئایینی، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی باشووردا، بەناوی یەکێتیی زانایانی ئایینییەوە، خاوەنی ١٦ بنکەی گەورەیە. بە هەزاران فەرمانبەر و مووچەخۆریان هەیە، بەڵام بەرامبەر ئەم لەشکرە گەورەیە، بەرامبەر بە ٥٢٣٠ مزگەوت و سەدان حوجرە و تەکیە و خوێندنگەی ئایینی، تەنانەت یەك بنکەی رۆشنبیریی نەتەوەیی، بوونی نییە، ئیتر بەچی و چۆن ئەم بارە لاسەنگە راست دەکرێتەوە!؟ دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە هەرکاتێك شەپۆلی توندوتیژیی ئیسلامی سیاسی دەستی پێکرد، نە پۆلیس و نە ئاسایش و نە زێرەڤانی و نە پێشمەرگەش ناتوانن ئەو جەماوەرە زۆرە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە کۆمەڵکوژی بکەن، سەردەم، سەردەمی جیهانگیرییە، دەسەڵاتی کوردی ناتوانێت و بۆی نییە، هەزاران خۆپیشاندەری توندڕەوی ئیسلامی سیاسی کۆمەڵکوژ بکات، ناچار بارودۆخەکە وەکو ئێران تێکدەچێت و شەر و ئاژاوەی ناخۆ بەرپا دەبێت، نیشانەکانی ئەم پێشبینیانە، وەکو رۆژی رووناك دیارن، ئێوە سەیرێکی ئەو جەماوەرە فرە زۆرە بکەن کە رۆژانی هەینی لە مزگەوتەکانەوە شەپۆل دەدەن!؟ ئەم ترس و خەمخۆریی و پێشبینییانە، هەر خەو و خەیاڵات نیین، کێشەکان بوونیان هەیە و رۆژانە خۆیانمان پیشان دەدەن.

ئیسلامییە سیاسییەکان، ساڵانێکی زۆرە بە بەرنامە خەریکی جەماوەر پەیداکردنن و تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتوو بوون لە راکێشانی هەست و سۆزی گوندی و گوندنشینەکانی کوردستان و جەماوەری گەنجاندا، توانیویانە بە هەزارن گەنجی چالاك و توورە بەلای خۆیاندا رابکێشن و بیانکەن بە ئەندام و لایەنگر و

دۆستی خۆیان، لە گوندەکانی کوردستاندا، جەماوەرێکی فرە زۆریان هەیە، ئەمانیش زیاتر ئیش لەسەر گەنجانی بێ ئەزموون و خەڵکی سادە و ساکاری گوندنشینەکان دەکەن، ئەم دوو جۆرە نێچیرە زۆر بە ئاسانی راو دەکرێن. ئیسلامییەکان ئێستا لە سەنگەر و بۆسەدان بۆ لێدانی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام جارێ وەکو پێویست هێزیان نییە و لە بارودۆخەکە دڵنیا نین، بەڵام ئەو کاژێری سفرەی ئەمان رۆژی خۆی هەر دێت. دەسەڵاتی کوردی بێ باکە و لە شیرین خەودایە، کاتێك خەبەریان دەبێتەوە کە کار لە کار ترازابێت. هیوادارم هەرگیز ئەو رۆژە رەشە و ئەو کارەساتانە نەبینین.

## بەڵای دیمۆکراسی

بە ئەزموونی ئەم ٢٤ ساڵەی ئازادی و خۆبەڕێوەبردن و نیمچە سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەو راستییە باشتر ئاشکرا بووە کە سیستمی ئازادی و دیمۆکراسیی رەها (بێ کۆنترۆڵ)، بەکەڵکی نەتەوەی بێ دەوڵەت نایەت و لە دوا ئەنجامدا لێی دەبێت بە بەڵا و بەزیانی میللەت دەشکێتەوە.

هەمووماں بەرهەمی ئەو ئازادی و دیمۆکراسییەی ئەو ٢٤ ساڵەمان بەچاوی خۆمان دەبینین کە بووتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی خراپ و نەشیاو و نەخوازراو کە هەر لە بەیان کردن نایەن.

هەر بەهۆی ئەو ئازادی و دیمۆکراسییە خراپ و زیانبەخشەوە، لەشکرێك داعش و بیرداعشی ناوخۆ سەریان هەڵداوە و رەوتێکی هاوردەکراوی ئیسلامی سیاسیی ئیخوانچی و سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و وەهابی و تەعریبچی بە هەموو شێوە و شێوازێك خەریکی گەوجاندن و شێواندن و بەعەرەبکردنی کورد و کوردستانن!؟

دەبێت بیر لە چارەسەر و رێگەچارەیەك، بیر لە پێرەوکردنی سیستمێکی گونجاو و سوودبەخش بکرێتەوە و کۆمەڵگەکەمان لە گەوجاندن و شێواندن و ئاژاوەگێڕی و خۆنەویستی و بێگانەپەرستی رزگار بکەین و بە بەرنامە و پەروەردە و فێرکاریی پێشکەوتووانە و سەردەمییانە، هەست و هۆش و گیانی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و ئاشتیخوازی و رێز و خۆشەویستیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بژێینینەوە. ئەمە هەر ئەرك و فەرمانی حیزبە کوردییەکان و دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵکو ئەرك و فەرمانی سەرشانی هەموو کورد و کوردستانییەکی دڵسۆز و تێکۆشەریشە.

## ئەزموونی باشوور و پێگەیشتنی دوو نەوە

رەخنەگرتن گرنگ و پێویستە، بەڵام ئەوەی رەخنەی گرت، بە ئاژاوەچی و تاوانبار و گێرەشێوێن و ناپاك و هەموو شتێکی خراپ، تۆمەتبار و تاوانباری مەکەن!؟
با هەموو بە رابوردوومواندا بچینەوە، نەترسین و رەخنە بگرین، مەرج نییە رەخنە هەر بۆ رەخنەگرتن و رووخاندن بێت، پێویستە رەخنە لە خۆمان و پارتەکانمان و دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بگرین، لەپێناوی ئەوەدا کە خۆمان چاکتر بکەین و بەرەو گۆرانکاری و چاکسازی و پێشکەوتن و دامەزراندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانێتی و پێشکەوتوو هەنگاو بنێین.

لە ماوەی ٢٤ ساڵدا، دوو نەوە لەناو باشووری کوردستان پێگەیشتوون. بۆ نموونە ئەو کۆرپانەی کە ٢٤ ساڵ لەمەوبەر لەدایك بوون، ئێستە تەمەنیان ٢٤ ساڵە.

ئەوانەی کە ١٠ ساڵ پێش ئێستا ٨ تا ١٠ ساڵان بوون، ئێستا ١٨ و لە سەروو هەژدەوەن، کەواتە، دوو نەوە پێگەیشتووە. ئەگەر باشوور خاوەنی سەرکردایەتییەکی ژیرمەند و دڵسۆز و دووربین بووایە، دەکرا لە نەوەکانی ئەم سەردەمەمان، باشترین و ئازاترین و دڵسۆزترین لەشکری نیشتمانیی کوردستان پێکبهێنرایە. دەکرا لەو نەوانە، بە هەزاران پیشەکار و تەکنیکار و کادری سیاسی و سەربازی و پسپۆڕی هەموو بوارە جیاجیاکانی زانستییەکان، پەروەردە بکرانایە. بێگومان ئاشکرا بوو کە ئەمانە هیچی نەکراوە، ئەگەر وا نەبوویایە، ئەمڕۆ لەم بارودۆخە دژوارەدا، دەسەڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشوور داوایان لە پێشمەرگە دێرینەکان نەدەکرد کە چەك هەڵبگرنەوە و ڕوو بکەنە بەرەکانی شەڕی داعش!؟ ئەو پێشمەرگە دێرینانە هەموویان لە ڕابووردوودا بە ئەرك و فەرمانی خۆیان هەستاون و توانا و تەمەنی ژیانی خۆیان لە پێناوی کوردستاندا پێشکەش کردووە، ئێستا زۆربەیان گەورەساڵن و ئەو توانا و هێز و گوڕەی جارانیان نەماوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە. ئایا باشتر نەبوو لە ماوەی ئەو ٢٤ساڵەدا، لەبری هۆتێلی ٥ ئەستێرەیی و سوپەرمارکێت و مۆڵی گەورە گەورە، لەبری ئەو هەموو گوندە ئەوروپی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و ئەمریکییانە کە هەر هەمووی بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانە لە هەژارانی میللەت، بەو بوودجە و پارەیە، لەشکری یەکگرتووی نیشتمانیی کوردستان پێکبهێنرایە و شانبەشانی ئەمەش، هەر بەو بوودجە فرە زۆر و تۆکمەیە، دیاردەی کرێچێتی و بێ کاری و هەژاری و سوڵکردن و کاری نایاسایی منداڵی هەژاران چارەسەر بکرانایە!؟ بە پێچەوانەوە، ئەوەی هەتا ئێستا لە باشوور بینراوە هەر ئەم سەرەنجامەیە: هەزاران هەزار میلۆنەر و سەدان ملیاردێر سەریان هەڵداوە و ئەمڕۆ کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر دوو لەشکردا، هەژاران و دەوڵەمەندان. لە هەموو ئەمانەش خراپتر و مەترسیدار، بوونی ئەو هەزاران مزگەوتە عەرەبی و تەکیە و حوجرە و جادووگەرخانە و نووشتەخانە و خوێندنگە ئیسلامیانەن کە لەماوەی ئەو٢٤ ساڵەدا پەیدا بوون. بوونی ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە و ئەو لەشکرە مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخواز و مجێور و فەقێ و نووشتەچی و جادووگەر و شێخ و سەیید و خوێندکارە ئایینیانەی کە سەربەوانن و مووچەخۆری ئەوانن، ئەمڕۆ گەورەترین لەشکری جاش داعشی ئامادە و خۆمەڵاسداو لە باشووردا بوونی هەیە کە گەورەترین و مەترسیدارتین هێزی شاراوەن بۆسەر دەسەڵاتی کوردی و بۆ لەناوبردنی ئەزموونی ئازادی و دیمۆکراسی و خۆبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی باشووری کوردستان.

لێرەدا دەبێت ئەم ڕاستییەش بۆ مێژوو دەربڕین: ئەم کێشە و مەترسییە گەورە و ترسناکەی ئیسلامی سیاسیی باشوور، ئەگەر ئەمڕۆ بنەبڕ و چارەسەری نەکەین، ئیتر لە ساڵانی داهاتوودا، کارێکی ئاستەم دەبێت بۆمان، با لە ئێستاوە دەسەڵاتی کوردی و پارتە دەسەڵاتدارەکان و دڵسۆزانی کوردایەتی، فریای کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بکەون و ئایین لە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی جیا بکەنەوە.

ئێستا بەهۆی ئەم تەنگژە و مەترسییەی کە لەشکری چەتە تێرۆریستاکانی داعش، واتە باڵی سەربازیی دەوڵەتی میلیتاریست و فاشیستی تورکیا و سعودییە و قەتەر، باشوور و ڕۆژئاوا کوردستانیان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی گەورە کردووەتەوە، ئاشکرا بوو کە نە خاوەنی لەشکری یەکگرتووی نیشتمانیین و نە خاوەنی چەك و پێداویستییە سەربازییەکانین تا بتوانین لەکاتی پێویست و تەنگانەدا بەرگرییان لە خۆمان پێبکەین. باش بوو ئەمجارەس ئەمەریکییەکان و ئەوروپییەکان بە هانامانەوە هاتن و لە تێشکان و

هەرەسهێنانێکی دیکە رزگاریان کردین، ئەگەرنا ئێستا دانیشتووانی باشوور زۆربەی لەسەر سنوورە دەستکردەکان وەك پەنابەر لەژێر خێمەکاندا ژیانیان دەگوزەراند.

بە پێچەوانەی باشوورەوە، لێرەدا با ئاماژەیەکی خێرا بە بارودۆخی کوردانی رۆژئاوای کوردستان بکەین، دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین و بڵێین ئافەرین بۆ کوردانی رۆژئاوا کە لەماوەی کەمتر لە ٣ ساڵدا، توانیان ئەو لەشکرە ئازا و دڵسۆز و رێکوپێکە لە کچان و کورانی تازەپێگەیشتووی خۆیان دروست و پەروەردە بکەن و بەوپەڕی ئازایەتی و خۆڕاگرییەوە رووبەڕووی گەورەترین لەشکری فاشیزمی ئیسلامی ببنەوە و تێکیشی بشکێنن و ببنە جێگەی تێڕامان و سەرسورمانی هەموو جیهان. هەتا ئێستا بەو توانا کەمەوە، توانیویانە چەند هەزارێك لە چەتە تێرۆریستەکانی داعش بتۆپێنن و بەسزای رەوای خۆیانیان بگەیەنن.

ئێمەی کوردی باشوور، ئەگەر بمانەوێت ئەوەی لەماوەی ئەو ٢٤ ساڵەدا کردوومانە و بنیاتمان ناوە، لە ئێستا و لە داهاتوودا لەدەستمان نەچن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە و پێویستە و دەبێت بەخۆماندا بچینەوە و پەند و وانە و ئامۆژگاری لە ئەزموونە چاك و سەرکەوتووەکانی خۆمان و باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵات و هەموو جیهانی پێشکەوتوو و شارستانی وەربگرین.

ئەمرۆ هەمووومان لەبەردەم ئەزموونێکی نوێداین. ئەرك و فەرمان و بەرپرسیارێتییەکی گەورە و چارەنووسساز رووبەڕووومان بووەتەوە، دەبێت پێکەوە رێبواری لەخۆبووردوو و کۆڵنەدەری ئەم کاروانە مەزنەی کوردایەتی بین.

## یاسا و فەتوا

لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی تاکپەرستی و خێڵسالاری و ئایینسالاریدا دا کە یاسا پێرەو نەکرێت و یاسا سەروەر نەبێت، فەتوا جێگەی یاسا دەگرێتەوە. لیژنەی فەتوا شوێنی دادگە و دادوەر دەگرنەوە!؟

## لە سەدەی ٢١ هەمیندا!؟

- چەندین پەڕتووکی جۆراوجۆر لەلایەن ئیسلامییە سیاسییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە کە هەر هەموویان بۆ گەوجاندن و دواخستنی کۆمەڵگەکەمانە، یان بۆ سووکایەتی و بێ رێزیکردنە بە ژنان و کچانی کوردستان، بۆ نموونە پەڕتووکی شۆڤێری کردن بۆ ئافرەتان نەشیاو و نەگونجاوە، گەلێك نووسراوی پروپووچ و دواکەوتووانە و زیانبەخشی دیکەی لەم بابەتانە!؟

- ئازادی گرنگ و پێویستە، بەڵام بێ سنوور نییە، سنووری ئازادی ئەوەیە کە ئەو ئازادییە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەبێت، دژی گیانداران و ژینگەی ژیان نەبێت.

- هەر ئایین و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیایەك، ئەگەر پیرۆز و پێویست و بەکەڵکبن، هەر لەبەر ئەوەیە کە لە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدابن، بێ مرۆڤ و مرۆڤایەتی، بوون و نەبوونی ئەم بابەتانە هەر وەك یەکە.

- دەسەڵاتی کوردی و سەرانی یەکێتی و پارتی، بەم جۆرە ئازادی و دیمۆکراسێتییەی کە لە باشووری کوردستاند پێرەوی دەکەن، کەوتوونەتە ناو

بۆسەی ئیسلامی سیاسییەوە، ئەم جۆرە ئازادی و دیمۆکراسییە، گۆڕی بەکۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی کوردی و بیروباوەڕی کوردایەتی، کە ئیسلامییە سیاسییەکان بە پاچ و خاکەنازی دوژمنانی کورد و داگیرکەرتانی کوردستان ژێربەژێر کەندڕ و گەورەتری دەکەن تا کاژێری سفر، ئەوسا شتێك نامێنێتەوە ناوی دەسالاتی کوردی و بزووتنەوەی کوردایەتی بێت. باشووری کوردستان وا پروات و بەردەوام بێت، بە هەمان ئەزموون و مێژووی ئێرانی سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی و ئەفگانستانی سەردەمی تاریکستانی تاڵیباندا تێپەڕدەبێت.

- بڵاوکردنەوەی ئەم ژەهرانە، زەنگی مەترسیدارن بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی کورد و ئاساییشی نیشتمانیی کوردستان. دەبێت بە یاسا ئەم ژەهر و چالاکییە ژەهراوییانە یاساخ بکرێن. پێویستە و دەبێت چالاکییەکانی هەموو باند و گروپ و کەسە ئیسلامییە سیاسییەکان، یاساخ بکرێن و کۆتاییان پێبهێنرێت.

- ئێستا ئیتر زۆر درەنگ بووە و خەریکە کار لەکار دەترازێت، هەرچیمان دروستکردووە و هەرچیمان بنیات ناوە، وەکو میراتی بۆ ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان دەمێنێتەوە و هەرەسێکی خراپتر و ترسناکتر لە شۆڕشی ئەیلوول و ئەنفالەکان و ڕەوە بەکۆمەڵەکە لە چاوەڕوانیماندایە. ئەو ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوە، لە بەعس و بەعسیزم و ئەنفال و کیمیایی مەترسیدارترە. تکایە ئەی سەرانی دەسەلاتی کوردی و پارتی و یەکێتی و گۆڕان و چەپەکان و نەتەوەییەکان، بەخۆتاندا بچنەوە و فریای خۆتان و باشووری کوردستان بکەون!؟

## خوا تا کێو نەبینێت، بەفری تێناکات

بە گاڵتە نییە کە وتوویانە: پەندی پێشینان فەلسەفەی ژیانە.

ئێوە بیر لەوە بکەنەوە کە هەموو ئەو توانا تەکنەلۆژییە سەربازییانەی کە لە دەستی وڵاتانی وەکو ئەمەریکا و ڕووسیا و چین و فەرەنسە و ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و یابان و ئیسرائیلدا هەن، لە دەستی عەرەب و ئیسلامییە سیاسییەکاندا بوونایە، ئایا مرۆڤایەتی چی بەسەردا دەهات، ئایا بیروباوەڕ و ئایین و ئاینزایەکی دیکە، جگە لە ئیسلام و عروبە، تۆویان دەما!؟

لە کوردستانی خۆیشماندا، ئەگەر ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە ئێستا لە دەستی پارتی و یەکێتیدا هەیە، لە دەستی ئیسلامییە سیاسییەکاندا بوونایە، ئایا چی بەسەر پارتییەکان و یەکێتییەکان و گۆڕانخوازەکان و لایەنە سێکولار و چەپ و نەتەوەییەکاندا دەهات!؟ داعش باشترین نموونەکانیانە.

## جاش داعشە دەمامکدارەکان

یەك لەشکر جاش داعشی نهێنی لە باشووری کوردستاندا خۆیان مەڵاسداوە، ئەوانە، گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانن، مەلای سیاسی و مامۆستای ئایینی سیاسی و بانگخواز و فەقێی سیاسیی سەر بەوانن. ئەوانە هەموویان شانە نهێنییەکانی لەشکری ڕەشن. ئێستا ئیتر کاتی ئاشکرا کرن و گرتنیانە، کاتی ڕاپێچکردن و لێکۆڵینەوە و سزا دانیانە. هەر کورد و کوردستانییەك کە دەیەوێت

لەژێر فەرمانی یاسا و ڕێسای ئیسلامی سیاسیدا بژی، ڕەوانەی سعودیەی بکەن با لەوێ لە خزمەتی عەرەب و عروبەدابن، ئەوە شانازیی ئەوانە.

## دەنگدانی ناپاکییانە

دەنگدان بە گروپە ئیسلامییەکان، دەنگدانە بە تێرۆریزم و پاشکەوتن، دەنگدانە بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان. دەنگدانە بە نەهێشتنی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواری و بە نەمانی مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، بە نەمانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، دەنگدانە بە نەمانی کوردایەتی و سڕینەوەی ناوی کورد و کوردستان.

## دیمۆکراسیی ناتەندروست

ئەم زەلکاوی بە ناو دیمۆکراسییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان کە ئیسلامی سیاسی تیایدا بڵاو بۆتەوە و گەشەی سەندووە، ڕۆژێك دێت سەری ئەم ئەزموون و دەسەڵاتە کوردییەی باشووری کوردستان بخوات. ئەو گروپە ئیسلامییە بەکرێگیراو و دروستکراوانە، ئەو ئیخوانچی تەعریبچی و و تێرۆریستانە، بەبێ ئەوەی یەك چرکە کوردایەتییان کردبێت، بەبێ ئەوەی یەك دڵۆپ فرمێسك، یەك دڵۆپ خوێنیان بۆ کورد و کوردایەتی ڕشتبێت، هاتوونەتە سەر سفرەی ئامادە و بەبێ ماندوو بوون و خۆماندوو کردن، بە پارەی بێگانە و بودجەی کوردستان، خۆشترین بارودۆخی ژیانیان بۆ مسۆگەر کراوە، لەمەش خراپتر و سەیروسەمەرەتر، داوای کورسیی دەسەڵاتیش دەکەن و دەمیان لە هەموو کەس و لایەنێکی دیکە درێژترە و شەرم لە هیچ شتێك ناکەن و هەموو شێوە و شیوازێکیان گرتووەتە بەر بۆ گەیشتنە کورسیی دەسەڵاتی سیاسی. دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش بە هەموو شێوەیەك کۆمەك و پشتیوانیی مادی و مانەوییان دەکەن تا لە ڕێگای ئەم ئسلامییە سیاسییانەوە، کۆتایی بە دەسەڵاتی کوردی و هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و کوردستانێتیی کورد بهێنن.

## خوا و مرۆڤ

- هەموو مرۆڤێك، خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی.

- جەستەی گشت بوونەوەرانی گۆی زەوی، نە شەرمە، نە شانازیە، خوا، سروشت، یان ڕێکەوت، بەو شێوەیە ئافەریدەی کردوون. ئیتر هیچ پروادار و دەسەڵاتدارێك، بەناوی خۆیان و خوا و ئایین و ئایینزاوە، ئەو مافەیان نییە، خواستی تایبەتیی خۆیان بەسەر شێوازی نیشاندانی ئەو جەستەیەدا بسەپێنن.

- هەموو مرۆڤێك بە ڕووتی لەدایك دەبێت، ئەگەر جەستە شەرم بووایە، خوا مرۆڤی بە پۆشاکەوە دروست دەکرد.

- ئەگەر دەرکەوتنی جەستەی مرۆڤ نەنگی بێت، کەواتە خوا بە نەنگییەوە مرۆڤی دروست کردووە!؟

- ئاپڕوومەندیی مرۆڤ، لە خۆپێچانەوە و شاردنەوەی جەستەیدا نییە، بەڵکو لە بیری چاك و وتەیچاك و کرداری چاکی دایە.

## ئیسلام و شارستانێتی

وێرانکردنی مۆزەخانەی موسڵ لەلایەن لەشکری تێرۆریست و فاشیزمی ئیسلامیی داعشەوە، کاروکردەوەیەکی نوێ نییە، لە ڕابووردووشدا لەشکری داگیرکەری موسڵمانانی عەرەب، هەمان کاروکردەوە و تاوانیان ئەنجامداوە و بە هەزاران پەرستگە و پەیکەر و پاشماوەی مێژوو و شارستانێتی میللەتی ئێمەیان وێران کردوون، یان بەتاڵانیان بردوون. مەگەر مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئاینییەکانمان بە ئاشکرا باسی ئەوە ناکەن کە نیگارکێشان و وێنەگرتن و پەیکەر دروستکردن، لە ئایینی ئیسلامی عەرەبیدا، نەشیاوە و حەرامە و سزای لەسەرە!؟

## پیرۆزبایی هەڵە

بۆ هەموو ئەو خۆشەویست و بەڕێزانەی کە بە هەڵە پیرۆزبابیی جەژنی ڕەمەزان و قوربانی عەرەبییان لێکردوم، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیی زۆرمدا بۆ هەموولایەك، ئەمە وەڵامی برای خۆتانە:

تەنها جەژنێك کە شایستەی ئەوە بێت ئێمەی کورد پیرۆزبایی لەیەکدی پێبکەین، هەر جەژنی پیرۆزی نەتەوەیی نەورۆزە. لە داهاتووشدا ڕۆژی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردسان دەبێت، بەهیوای ئەو ڕۆژە پیرۆزە. هەموو ڕۆژێکتان هەر شادی و سەرکەوتن بێت.

## کارەساتی موسڵمانێتیمان

١٤٠٠ساڵە ئەو فەرهەنگە نامۆ و دواکەوتووەی کە بە زۆر و زەبری شمشێر و لە ڕێگەی هێرشی داگیرکارانە و دڕندانە و خوێنڕێژیانە و سووتاندن و وێران کردنەوە، سەپاندیان بەسەرماندا، ئێمەی کورد هەموو شتێکمان شێوێنراوە و شارستانێتی و مێژوومان لەناو براوە. زۆرترین زیانی مرۆیی و جەستەیی و فەرهەنگی و شارستانێتیمان لێکەوتووە. بەهۆی ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە، مێشکمان وەستاوە و توانای بیرکردنەوە و بەهۆشداهاتنەوە و داهێنانمان تێدا بەنج کراوە. هەتا ئێستا بەهۆی باڵادەستیی ئەو فەرهەنگ و دابونەریتیە نامۆ و پاشکەوتوو و توندوتیژ و نامرۆڤدۆستانەوە، نەمانتوانییەوە یەك زانا و یەك داهێنەر و یەك داهێنان لە هیچ بوارێکی زانستیدا، پێشکەش بە کۆمەڵگەی خۆمان و بە مرۆڤایەتی بکەین. ئایا ئەم سڕبوون و خامۆشی و بەستەڵۆکە هزرییەمان هەتاکەی بەردەوام بێت؟! ئەم کارەساتە نەتەوەیی و نیشتمانییەمان کەی کۆتایی پێدەهێنین!؟

## لەشکری خۆمەڵاسداوی داعشی کوردی لە فەیسبوك

نموونەیەك لە ڕندەیی ئیسلامی سیاسیی کوردی!؟

لە فەیسبوکدا، چەندین لاپەڕەی ئیسلامییە سیاسییە جاش داعشەکان هەن کە بەناوی جۆراوجۆرەوە بابەت بڵاودەکەنەوە، چەند دانەیەکیان بە ئاشکرا داوای بەردباران کردنی شاجوانی کوردستان دەکەن. جا،کارەساتەکە هەر ئەمە نییە بەتەنها، بەڵکو هەزاران بەشداربووی فەیسبوك لایکی ئەو هەڕەشەی مەرگەی شاجوانی کوردستانیان بۆ ئەو لاپەڕانە کردووە!؟

ئیتر بە خەیاڵ بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە داعشانە دەسەڵاتیان هەبێت و ئەو شاجوانە لە گۆرەپانێکدا ڕووبەڕووی ئەو لەشکرە بکەنەوە، دەبێت چ دۆزەخێك بەرپا بکەن!؟

## مامۆستای ئایینی

مامۆستایەکی ئایینی، دەتوانێت خەڵك کۆبکاتەوە و بە ئامۆژگاریی چاك، ڕەوشتی چاکیان فێر بکات، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە، مامۆستایەکی ئایینیی دیکە، زۆر بەداخەوە دەتوانێت خەڵکی گەمژە و نەزان و توندڕەو کۆبکاتەوە و بەردبارانی مرۆڤیان پێ بکات!؟

## خەو و فریودان

ئەگەر درۆزنێك هەر جۆرە خەوێك بگێڕێتەوە، کەس ناتوانێت پێی بڵێ ئەو خەوەت نەبینیوە و درۆ دەکەیت، چونکە هیچ کەسێك بە ڕاستی و بەکردەوە لەناو خەوی هیچ کەسێکی دیکەدا بوونی نییە. خەوگێڕانەوە، ئاسانترین ڕێگایە بۆ فریودانی کەسانی دیکە.

## یەك لەشکر داعشی ناوخۆ

ئەگەر ئەم داعشە ناوخۆییانە، پشت ئەستوور نەبن بە کۆمەك و هاوکاری و پشتیوانیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و یەك لەشکر داعشی ناوخۆ، ئا بەم ئازادی و ئاشکراییەوە دەتوانن و دەوێرن، بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە سووکایەتی و بێ ڕێزی بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان بکەن. بێگمان هەڵوێست و توانای دەسەڵات و دەسەڵاتدارنیش باش دەزانن!؟

## ئایا خوا لە عەرەبستانی سعودییە نیشتەجێیە!؟

خوا پێویستی بە مرۆڤ نییە، پێویستی بە هیچ کەسێك نییە کە  نوێژی بۆ بکات و ڕۆژووی بۆ بگرێت و کورنووشی بۆ بەرێت.

ئەوانەی منداڵەکانیان بە جلوبەرگی ناشارستانییانەی ئیسلامییە سیاسییەکان دەپێچنەوە و بەناوی خواپەرستییەوە، بەزۆر فێری نوێژ و ڕۆژوو و کورنووش بردنیان دەکەن بۆ عەرەب و عەرەبستانی سعودییە، گوناهێکی گەورەیان بەرامبەر دەکەن، زۆر لە منداڵان مەکەن و منداڵان ناچارای فێربوونی هیچ شتێك مەکەن کە نەتوانن تێبیگەن.

مەگەر خوا لە عەرەبستانی سعودییەیە تا کورنووش بۆ ئەوێ ببردرێت!؟

## نیو سەدە لە پێشکەوتن و شارستانێتیی سەردەم دواخراوین

ئەگەر لە ئەمڕۆ بتوانرێت ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخواز و دۆست و لایەنگرە مووچەخۆرەکانیان یاساخ بکرێن، ئینجا بە دڵنیاییەوە ٢٥ ساڵمان دەوێت تا بتوانین خۆمان بخەینەوە بارودۆخی پێش ٢٥ ساڵی پێش ئێستا، بێگومان ئەم بارودۆخ و پاشکەوتنەی ئەمڕۆ، بەهۆی دەستێوەردان و پارەی سعودییە و قەتەر و تورکیا و ئێرانەوە رووی داوە، واتە ئەو وڵاتانە، بە زەبری پارە و لە ڕێگەی ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانیانەوە، بە خشکەیی نیو سەدە لە پێشکەوتن و لە شارستانێتی سەردەم، دایانپراندووین.

## تاڵانی و ئەشکەنجە و کووشتن لە پێناوی خوادا، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە

دروستکارێك (یەزدان)، گەردوونی بێ کۆتایی دروست کردبێت و بە ڕێکوپێکی بیچەرخێنێت، بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەویی دروست کردبێت بۆئەوەی پێکەوە بژین و سیستمێکیشی بۆ ژیان بۆ داناێتن، ئیتر چ پێویستی بەوە هەیە مرۆڤەکان لە پێناوی ئەودا تاڵانی بکەن و یەکتری ئازار و ئەشکەنجە بدەن و یەکتری لەناوبەرن.

ئەگەر یەزدان خودی خۆی، گۆی زەوی، یان بوونەوەرەکانی سەر گۆی زەویی بەدڵ نەبووایە، پێویستی بە یارمەتیی مرۆڤ نەدەبوو و زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لە کەمترین کاتدا لە گەردووندا بیانسڕێتەوە.

## پێناسەیەك بۆ داعش

ئامانجی سەرەکیی سەرهەڵدانی دیاردەی داعش و تێرۆریزمی داعشیزم، ژیاندنەوەی ناسیۆنالیزمی تێکشکاوی عەرەبییە کە لە ڕابووردوودا لە ئیخوانیزم و ناسریزم و بەعسیزمدا بەرجەستە بوو بوو، ئەمڕۆ داعش وەك دیاردەیەکی تێرۆریستانە دەیەوێت تۆڵەی ئەو تێکشکانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکاتەوە و بە دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و بە ناوی ئیسلامی عەرەبییەوە، خۆی بکات بە جێگرەوەی ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبییە تێکشکاوانەی ڕابووردوو.

## مۆدێلی جلوبەرگی ئیسلامی

زۆر بەداخەوە، لەچك و باڵاپۆش و رووپۆشی ئیخوانچیانەی تورکی و عەرەبی و مۆدێلە ناشیرین و دواکەوتوو و ناشارستانییەکانی ئێران و قەتەر و سعوودییە، سیمای شارستانیانەی کوردەوارییان گۆڕیوە و شێواندوویانە. ئەو جلوبەرگە نامۆ و نائاساییانە، کە هێمای فەرهەنگی پاشکەوتووانەی ئیسلامین، بوونەتە کۆت و بەند و زیندان بۆ زۆرێك لە کچان و ژنانی کوردستان. شایانی باسە رۆژ بە رۆژ فرۆشگای جلوبەرگی ئیسلامی لە زۆر بووندان و فرۆش و برەویان روو لە زیادی دەکات، بێگومان ئەگەر هەر وا پروات، جلوبەرگی رەسەنی کوردی و کوردەواری، بەجارێ باوی نامێنێت و لەناو دەچێت!؟

## باشووری کوردستان تەمەڵخانەی ئیسلامییە سیاسییەکانە

ئەرێ بەراست بۆچی هیچ کەس و لایەنێك ناپرسێت، ئەو هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دابەستانە، بوودجەی زۆر و موفت لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان وەردەگرن، ئایا هەتا ئێستا کەس بیستویەتی و بینیویەتی، ئەو ئیسلامییە سیاسییانە یەك وشە دژی تاوانەکانی لەشکری چەتەتە تێرۆریستەکانی داعش بڵێن و بنووسن!؟ هەتا ئێستا یەك فیشەکیان نەناوە بە داعشەوە، یەك دڵۆپ فرمێسك و خوێنیان لە پێناوی کورد و کوردستاندا نە نەڕژاوە!؟

پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا لەپێناوی چیدا، دەسەڵاتی کوردی، ئەم دابەستە جاش داعشانە، لەسەر بوودجەی میللەت، بەخێو دەکەن!؟

## بانێك و دوو هەوا!؟

ماوەیەکی زۆرە ئێمەی کورد لە باشوور و رۆژئاوادا، لەگەڵ تێرۆریستانی داعشی ئیسلامدا، لە شەڕێکی سەخت و خوێناویداین، بەڵام باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هەموو مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییە مووچەخۆرەکانیان، کە بوودجەی موفت و زۆر لە دەسەڵاتی سیاسیی کورد وەردەگرن، نەك هەر بەشدار نەبوون و بەشدار نین لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەی داعشدا، بەڵکو داعش بە تێرۆریست و دوژمنی کورد نازانن و لەمەش خراپتر، لە رەفتار و وتارەکانیاندا، هاوکار و هاوسۆزن لەگەڵ داعشدا، ئەرێ بەڕاستی ئەمە ناو بنێین چی!؟ نەزانی یان ترسنۆکی و بێ هەڵوێستی و کورتبینیی دەسەڵاتدارانی کورد!؟ یان چیترا!؟

## موسوڵمانە توندڕەوەکان و ئیسلامییە سیاسییەکان، ئایینی ئیسلامیان کردووە بە کێشە بۆ هەموو مرۆڤایەتی

کێشەی سەرەکیی زۆربەی زۆری موسڵمانان و هەموو ئیسلامییە سیاسییەکان، هەر بەتەنها ئەوە نییە کە دان بە هیچ ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕێکی دیکەی مرۆڤایەتیدا نانێن و ناتوانن خۆیان لەگەڵ خواپەرستان و باوەڕدارانی ئایینەکانی

دیکەدا بگونجێنن. بەڵکو هەموو ناموسڵمانێك بە دوژمنی خۆیان دەزانن. لەهەمان کاتدا لەناو خۆیشیاندا تەبا و یەك نیین و چەندین ئایینزا و رێچکەی جۆراوجۆری دژبەیەکیان هەیە و دابەش بوون بەسەر چەندین باند و گروپ و لایەنی سیاسیی توندڕەودا و دژ و دوژمنی یەکتریشن!؟

کارەساتەکە ئەوەیە کە موسوڵمانە توندڕەوەکان و ئیسلامییە سیاسییەکان، خۆیان و هەموو مرۆڤایەتیشیان دووچاری ترسولەرز و وێرانکاری و کوشتوکوشتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە!؟

## ئیسلام و ناتەبایی

ئیسلام وەك ئایین، یەکگرتوویی خۆی لەدەستداوە و دابەش بووە بەسەر چەندین ئایینزا و رێچکەی ئایینیی لێکجیاواز و چەندان باند و گروپ و لایەنی ئیسلامی سیاسیدا، بەهۆی ئەمەوە، موسوڵمانان و ئیسلامییەکان لەناو خۆیشیاندا لەسەر ئایین و مێژووەکەی خۆیان رێك و تەبا نین، یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و یەك رێگا نین و بوون بە چەندین پارچە و رێبازی دژبەیەکەوە!؟

## ئیسلامییە سیاسییکان لەناو خۆیشیاندا ناتەبان

ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە، دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و هێز و دەسەڵاتیان هەبێت، تەنانەت گەڕەك و کۆڵانەکانیش لەناو خۆیاندا دابەش دەکەن و لە هەموو شوێنێك سەنگەری دژایەتی و دوژمنایەتی و یەکتری لەناوبردن لە یەکدی دەگرن!؟

## ئیخوانچی و تەعریبچییەکان

لە وێنەیەکدا، گروپێکی ئیسلامی ئیخوانچی و ئۆردوگانچی لەسەر شاخێکی کوردستان بۆ خۆدەرخستنی سیاسی، بە جلوبەرگی مۆدێلی دواکەوتوو و ناشیرین و ناشارستانییانەی تورکی و عەرەبیی ئیخوانچییەکانەوە، سیمای ئەو شاخە جوان و رازاوەیەی کوردستانیان ناشیرین کردووە. لەو وێنەیەوە، بیر لە چارەنووسی فەرهەنگ و جلوبەرگی رەسەن و جوان و رازاوەی کوردەواری بکەنەوە!؟ ئەو ئیخوانچییە دوستکراو و بەکرێگیراوانە، جلوبەرگی رەسەنی کچان و ژنانی کورد و کوردەواری، کوفر و شەرم و شەرمەزارییە لەلایان، هەر تەنها شانازی بەو جلوبەرگە ناشیرین و دواکەوتوو و ناشارستانیانەی مۆدێلی ئیخوانەکانی تورکیا و میسرەوە دەکەن!؟

ئەرێ بەڕاست، سروشتی رەنگین و جوانی شاخەکانی کوردستان و ئەو جلوبەرگە دواکەوتوو و ناشیرین و ناشارستانییانەی ئیخوانچییەکانیان وتووە!؟

## هەولێر، پایتەختی گەشتیاری یان.....!؟

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کۆمەڵێك شێخ و دەروێش و ریشدرێژ و پرچدرێژ، بە شمشێری عەرەبییەوە بەناو جادەکانی هەولێردا خۆنیشاندانێکیان سازکردبوو و

دیمەنێکی زۆر ناشیرین و ترسناکیان هەبوو. بۆ بەدبەختیی کورد، لەم سەدەی ٢١ هەمینەدا، لەبری ئەوەی خاوەنی لەشکرێك زانا و زانستکار و داهێنەر و رۆشنبیر و نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و کۆمەڵناس و دەروونناس و گەردووناس و فێمینیست و سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و هونەرمەند و ژەنیار و شانۆکار و وەرزشکار و تەکنیککار و پیشەکاری دەستڕەنگین و داهێەر بین، کەچی خاوەنی لەشکرێکی گەورەی دەروێش و نووشتەکار و فەقێ و خوێندکاری خوێندنگەی ئیسلامیی سیاسیین.

خاوەنی لەشکرێکی گەورەی شێخ و دەروێش و ڕێشدرێژ و مەلای سەلەفی و ئیخوانچی و وەهابی و جیهادی و بانگخوازی ئیسلامیی سیاسیی بەکرێگیراو و تەعریبچین!؟

## لە هەولێرەوە

پێشانگەی نێونەتەوەیی پەڕتووك لە هەولێری پایتەختدا!؟

خاك بەسەرمان، ئەگەر ئەمە بارودۆخی رۆشنبیریی پایتەختەکەمان بێت!؟

لەمێژە هاوار دەکەین، رێگە مەدەن کوردستانەکەمان بکەنە ئەفگانستان و تاڵیبانستان!؟

لە دەهەمین پێشانگەی نێونەتەوەیی پەڕتووك لە هەولێری پایتەختدا، زۆرتر لە نیوەی پەڕتووکەکان، ناونیشانی ئایینی بوون و وەك چەند کەسێکی بەچاودیدە گێراویانەتەوە، پەڕتووکە ئیسلامییەکان، زۆرترین کڕیار و فرۆشیان هەبووە و وەك باس دەکەن، ئیسلامییە سیاسییەکان و ئایینداڕە توندڕەوەکان رۆڵی سەرەکییان تێدا گێراوە و جەماوەر بە لێشاو پەڕتووکی ئیسلامییان کڕیوە و بە شێوەیەك بووە کە پەڕتووکە ئیسلامییەکان، لەلایەن کڕیارەکانیانەوە بە عەرەبانە براونەتە دەرەوە. هەروەها چەندین ناونیشانی پەڕتووکی عەرەبی و کوردی، کە هەموویان بڵاوکراوەی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون و ئاماژە بوون بۆ بیری توندڕەوی و توندوتیژیی وەهابیزم و سەلەفیزم و داعشیزم، شەوێك پێش کردنەوەی پێشانگاکە، لەلایەن لایەنێکی پێوەندیداری سەرپەرشتکاری پێشانگەکەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و لابراون!؟

## بڵندگۆی مزگەوتەکان

دەنگی بانگدەران و وتاری مەلاکان لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە میللەتێکی هەراسان و بێزار و توورە کردووە.

نابێت ئایین بکرێتە هۆکاری هەراسان کردن و بێزارکردن و توورە کردن و تێکدانی باری دەروونی و تەندروستیی مرۆڤەکان. لە باشووری کوردستاندا، شەوورۆژی پێنج جار لە زۆرتر لە پێنج هەزار مزگەوتەوە کە هەر مزگەوتێك چەند منارە و هەر منارەیەك چەند بڵنگۆی پێوە جێگیرکراوە، بە هەزاران بڵندگۆی مزگەوتەکان کە هەر هەموویان خراونەتە سەر دوا پلەی دەنگەکانیان و بەو دەنگە بەرزانەوە، بە تایبەتی لە شەوان و بەرەبەیاناندا، بە هەزاران کۆرپە و منداڵ و کەسانی

بەساڵاچوو و نەخۆش و کرێکار و فەرمانبەر، لە ناکاو و لە شیرین خەودا بە ئاگایان دێننەوە و باری دەروونی و تەندروستییان دەشێوێنن.

مەلا و مامۆستا ئایینییەکان لە گوتارەکانیاندا دژی بەرهەم و دروستکراوە تەکنیکییەکانی ناموسڵمانەکان دەدوێن و بە دروستکراوی خۆیان وتەنی کافرەکان ناودێریان دەکەن، بەڵام پییان شەرم نییە کە لەو بەرهەمی تەکنەلۆژیای کافرانەوە، پەیام و وتارە ئایینییەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە!؟

لێرەدا پێویستە باسی راستییەك بکەین کە لە ساڵانی هەفتاکاندا لەلایەن پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانییەوە بانگدان و وتاردانی مزگەوتەکانی لە بڵندگۆکانەوە یاساخ کرد و تەنها لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە بە رۆژ، بڵندگۆکان بەکار دەهێنران. ئیتر هیچ مزگەوتێك بە یاسا بۆی نەبوو بڵندۆکان بۆ بانگدان و وتاردان بەکار بهێنن.

پێویستە و دەبێت لایەنە پێوەندیدارەکان سنوورێك بۆ ئەم کێسە کۆمەڵایەتی و ئاینییە دابنێن و چارەسەرێکی گردەبری بۆ بدۆزنەوە.

## خۆخەڵەتاندن!؟

ئێمەی کوردی باشوور، لەلایەکەوە شەڕی لەشکری داعشی فاشیزمی ئیسلامی دەکەین و لەلایەی دیکەشەوە پەرلەمانەکەمان لە سەدا هەقدەی لە داعشەکانە!؟ ئەمە چ پاشاگەردانی و کارەساتێکە!؟

## باشوور و داعشی کوردی

بیرداعشەکان، جاش داعشەکان لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا بوونیان هەیە و لەشکرێکی خۆماڵاسداوی ئامادەی چاوەڕوانن!؟

ئێمەی کورد دەبێت تێبگەین، بیرکردنەوەی فاشیزمانە و دیاردەی دڕندانەی داعشیزم لە کیمیایی و تێزاب و بارووت و ئاسن و ئاگر و مەرگ، ترسناکترە بۆ کورد و کوردایەتی.

ئەگەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان بیەوێت تێکنەشکێت و بمێنێتەوە، دەبێت بە یاسا، بیرداعشەکان و جاش داعشەکان و داعشیزم یاساخ بکات.

## خەوی دووردرێژ

زۆر زۆر درەنگ بووە و خەریکە تەواو کار لەکار دەترازێت، تکایە هۆشیارتر ببنەوە و ئازایانەتر وەرنە پێشەوە و ئیتر دەبێت تێبگەن!؟

پاش ٢٤ ساڵ خەوێکی درێژخایەن، تازە بەتازە هەندێك لە دەسەڵاتدارن خەریکە تێدەگەن کە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوەکان، هەڕەشە و مەترسین بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان و بۆسەر دەسەڵات و کورسییەکانی خۆیشیان. هەرچۆنێ بێت زەرەر لەنوێ بگەڕێتەوە هەر باشە،

ئەگەر ئەمەش بەڕاستیان بێت و بە بەباشی و بەتەواوەتی لەو هەڕەشە و مەترسییە ترسناکە تێگەیشتبێتن!؟

ئەگەر وایە و ڕاست دەکەن، فەرموون، با دەسەڵاتداران بوار بە نەتەوەیی و چەپەکانیش بدەن، با ئەوانیش وەکو ئیسلامییە سیاسییەکان، مۆڵەتی کارکردنی فەرمییانەیان هەبێت و بەپێی یاسا بوودجە و کۆمەکی مادییان هەبێت تاکو بتوانن کەناڵی تیڤی و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و بنکەی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ و تایبەت بەخۆیان هەبێت و بۆ خزمەتکردنی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان بەکاریان بهێنن.

ئێمە دەبووایە پێش ئەوەی دووچاری هێرش و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی لەشکری تێرۆریستی داعش ببووینایەتەوە، جاش داعشەکانی ناوخۆمان چارەسەر بکردنایە. لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی مەلا و بانگخوازەکان کارێکی پێویستە، بەڵام دەبووایە ٢٤ ساڵ پێش ئێستا بکرایە و دەسەڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکان و لایەنە پێوەندیدارەکان، کۆنترۆڵی وتارەکانی مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکانیان بکردایە، تازە زۆر درەنگ بوو و کار لە کار ترازاوە و هیچ ئەنجامێکی باش و چاوەڕوانکراوی نابێت، ئەمڕۆ لە باشووردا، یەك لەشکر داعشی کوردی لەناوخۆدا بە نهێنی چالاکن و ڕۆژانە بانگاشە بۆ داعش و داعشیزم و تەعریبچێتی دەکەن!؟ئەو جاش داعشانەی ناوخۆ مەترسیدارتر و ترسناکترن بۆ ئێستا و داهاتوومان، زۆر بەداخەوە کە ئێستا هێزێکی جەماوەریی گەورە و زۆرن و بوونەتە میکرۆب و ڤایرۆس و شێرپەنجەی ناو کۆمەڵگەی کوردستان. ئەگەر نەمانەوێت هەمان ئەزموونە خوێناوی و وێرانکاری و کارەساتبارەکانی ئەفگانستانی سەردەمی ڕەشی تاڵیبان، دووبارە بکەینەوە، دەبێت، ئەو کێشەیە لە ڕەگوریشەوە چارەسەر بکرێت، دەبێت بەیاسا، هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان یاساخ بکەین و گشت ئەو مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیانەی کە سەربەو ئیسلامییە سیاسیانەن و لە گفتار و وتارەکانیاندا توندوتیژی و هەڕەشە و بانگاشەیان بۆ داعش و داعشیزم بەیان کردووە، لێپێچینەوەی یاسییان لەگەڵدا بکرێت و بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەندرێن. بەڵام ئایا دەسەڵاتی کوردی، دەتوانێت و دەوێرێت ئەم کارانە بکات!؟

فریای باشووری کوردستان بکەون، زۆر درەنگ بووە، ئیسلامییە سیاسییەکان، بە بەرنامە و بە پشتیوانی و کۆمەکی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، کۆمەڵگەکەمان بەرەو تاریکترین و ترسناکترین و دواکەوتووترین و خراپترین چارەنووس دەبەن!؟

## ئەگەر ئەم ڕەوتە ئیسلامچێتییەی ئێستا هەر بەردەوام بێتهەموو شتێکمان دەبێت بە عەرەبی!؟

وا پڕوات، پاش ٢٥ ساڵیتر، ناوی جادەی سالمی سلێمانی دەبێت بە شاریعی عومەری کوری خەتاب، وەك چۆن ئێستا مزگەوتێك لە سلێمانی بەناوی عومەری کوری خەتابەوە هەیە!؟ ناوی جادەی پیرەمێرد دەبێت بە شاریعی خالیدی کوری وەلید، وەك چۆن ئێستا مزگەوتێك لە سلێمانی بەناوی خالیدی کوری وەلیدەوە هەیە!؟

ئیتر با زۆرتر کاتتان نەگرم، خۆتان بیر لە هەموو ناوە کوردییەکانیتر بکەنەوە کە چییان بەسەر دێت!؟

## خوا لە سعودیە نییە

هەموو ئایینەکان دەڵێن: خوا لە هەموو شێینێکدا بوونی هەیە.

ئەگەر خوا لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەبێت، ئیتر کورنووش بردن بەناوی خواپەرستییەوە، بۆ عەرەب و عەرەبستانی سعودییە، چ مانایەکی هەیە!؟

## لە سەیروسەمەرەکانی موسڵمانان

هەموو موسڵمانانی جیهان کۆببنەوە و هەرچی توانای جەستەیی و هزریی خۆیان بەکار بهێنن، بەبێ بەکارهێنانی فڕۆکە و ئامێرە دروستکراوەکانی (خۆیان وتەنی: کافرەکان)، ناتوان چەند مەترێك لە ئاستی زەوی بەرز ببنەوە، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان و باند و گروپە توندڕەوەکان، هەر لە خۆیانەوە، خۆیان لێکردووین بە نوێنەر و وتەبێژی خوا و بەناوی خوا و ئاسمانەکانەوە، هەر شتێك لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت، دەیڵێن و دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە. هەر بەناوی خواوە، فەتوای ئازاردان و زیندانی کردن و کوشتن و شاربەدەرکردنی نووسەران و رۆشنبیران و رەخنەگران و نەیارانیان دەردەکەن. بوار بە هیچ کەس و لایەنێك نادەن، رەخنە لە کەموکوری و هەڵە و تاوانەکانیان بگرێت، رەخنەگرتن لە تێکستەکانیان بە خوانەناسی و کوفر و تاوان و گومڕایی ناوزەد دەکەن. گشت ئایین و ئایینزاکانی دیکە بە هەڵە و ناپێویست دەزانن و هەوڵی سڕینەوەیان دەدەن. هەموو شتێکی ناموسڵمانەکان، هەموو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی نائیسلامی و ناعەرەبی بە کوفر و خوانەناسی و خراپ دادەنێن و دژایەتی و دوژمنایەتییان دەکەن و ئەگەر توانا و هێز و دەسەڵاتیشیان هەبێت، بوونی هەموویان دەسڕنەوە. بە کورتییەکەی هەموو شتێك، هەموو کاروکردەوە و چالاکییەك بۆ خۆیان بە رەوا دەزانن و بۆ ناموسڵمانەکانیش بە خوانەناسی و گومڕایی و کفر و تاوانی دادەنێن و بە فەتوای ئیسلامییانە، دەمکوتکردن و ئازاردان و زیندانی کردن و لەناو بردنیان حەڵاڵ و شەرعی دەکەن!؟

## وەڵامی رەخنە، بە هەڕەشە و بوختان و جنێو

ئیسلامییە سیاسییەکان، لەبەرئەوەی هیچ وەڵامێکی زانستیانە و بابەتیانە و ژیریێژانەیان پێ نییە، ناچارن بە هەڕەشە و ترساندن و بوختان و بەکار هێنانی چەندین جنێو، وەڵامی نەیار و رەخنەگرەکانیان بدەنەوە.

ئەمانە هەندێك لەو وشە ناشایستانەن کە ئیسلامییە سیاسییەکان لە وەڵامی رەخنەگرەکانیاندا بەکاریان دەهێنن:

سەگ، تانجی، بەراز،. کەر. مانگا. گوێرەکە، (پرسیارێك: ئایا خوای بەخشەر و دلۆڤان، ئەم گیاندارانەی تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە ئیسلامییە سیاساییەکان وەکو سووکایەتی پێکردن و جنێو دژی نەیارەکانیان بەکاریان بهێنن!؟).

بێ ئابڕوو، بێ شەرم، بێ نامووس، بێ ئەدەب، بێ ڕەوشت. بێ قیمەت. جاهیل، نەزان، گەوج، دەبەنگ، گێل، گەمژە، هیچ نەزان، ئاژاوەچی، ئاژاوەگێڕ، مولحید، خوانەناس، موشریك، گومڕا، ناپاك، درۆزن، فێڵباز، ڕیاکار، یەهوودپەرست، ئەوروپایی، نەسڕانی.....هتد.

## وڵاتی بێ خاوەن

باشووری کوردستان وڵاتێکی بێ خاوەنە، بێ یاسایە، بێ سیستمە، پاشاگەردانییە، هەربۆیە بووەتە گۆڕەپانی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی.

بەپێی ئامارێك، کە یەکێ لە کەسە ئیسلامییە قەتەرنشینەکان دانی پێدا ناوە، وڵاتانی سعودییە و قەتەر، لەماوەی ١١ ساڵدا، لە ڕێگەی ئەو و کەسان و باند و گروپ ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، 2 میلیارد و ٧٥٠ میلیۆن دۆلاریان بۆ بەئیسلام کردن و بەعەرەبکردنی باشووری کوردستاندا خەرج کردووە. بەو پارەیە چەند هەزار مزگەوتێکی عەرەبی دروستکراون. پانزە هەزار منداڵی هەتیوکراوی شەڕی یەکتر کوشتنی پارتی و یەکێتی بەخێو و پەروەردە و ئامادەکراون بۆ نێو ڕیزەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان. بۆ نموونە ئێستا هەر تەنها لە شارۆچکەی سۆران، زۆرتر لە سێ هەزار سەلەفی هەیە. هەر بەو پارەیە بە هەزاران لایەنگر و ئەندامی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان نێردراوان بۆ مالیزیا و سوودان و میسر و قەتەر و سعودییە و ئەندۆنیزیا و چەند وڵاتێکی دیکە بۆ خوێندن و پێگەیشتن و پاشان کردنیان بە کادری سیاسی و بۆ ڕاکێشانی منداڵان و لاوان و خەڵکی سادە و هەژار و داماو و ناچارکراو، بەلای خۆیاندا.

با بپرسین: ئایا دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و پارتە دەسەڵاتدارەکانمان و بەرپرس و سیاسەتپیشەکانمان ئاگاداری پەرەسەندن و بەهێز بوون و بەجەماوەری بوونی خێرای ئەم ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە ترسناکە هەن!؟

ئەی بۆچی هیچ کاردانەوەیەکیان نییە و هیچ لێپرسینەوەکیان لەگەڵدا ناکەن!؟

## ژاپۆن و ژاپۆنی وەك نموونە

ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ژاپۆن و شێوەی ژیانی میللەتی بیرکەرەوە و ڕەنجدەری ژاپۆنی، لە باڵاترین و باشترینەکانە!؟

ئەمڕۆ وڵاتی ژاپۆن و نەتەوەی ژاپۆنی، لەڕیزی پێشکەوتووترین و بەختەوەرترین وڵاتان و میللەتانی جیهاندان. بێگومان ئەگەر ژاپۆنییەکانیش وەکو ئێمەی کوردی بیرنەکەرەوە و خۆنەویست و بێگانەپەرست، زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ، شەو ڕۆژی پێنج جار خەریکی کڕنووش بردن بۆ عەرەبستانی سعودییە و عەرەب و عروبە بوونایە، ئایا دەیانتوانی بگەنە ئەم ئاستی پێشکەوتن و شێوازی ژیانەی ئێستایان!؟

ئەگەر ژاپۆنییەکانیش وەکو ئێمەی کوردی بیرنەکەرەوە و خۆنەویست و بێگانەپەرست، زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەری ڕەنج و تێکۆشانی ژیانی خۆیان بەناوی حەج و عەمرەی بازرگانیی عروبەوە، ببردایە بۆ عەرەبستانی سعودییە و لەوسەرەوە بەدەستی بەتاڵ و هەڵخەڵەتێنراوی بگەڕانایەتەوە بۆ ژاپۆن، ئایا

دەیانتوانی ئەم میللەتە پێشکەوتوو و بەناوبانگ و خاوەن شارستانێتییەی ئێستایان بوونایە!؟

ئێمەی کوردی بیرنەکەرەوە و خۆنەویست و بێگانەپەرست، ١٤٠٠ ساڵە دەستبەرداری ئایین و فەرهەنگی رەسەنی خۆمان بووین و لە ڕێگای ئیسلامی عەرەبی و عروبەوە، بۆ عەرەب و عروبە دەژین و هیچمان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان نەکرد و بووین بەم نەتەوە ژێردەستە و بێ دەوڵەت و نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و مایەپووچەی ئەمڕۆمان!؟ئەرێ کەی ئێمەی کوردیش وەکو گشت نەتەوەکانی دیکە، تێدەگەین و فێردەبین، بیر لە خۆمان و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆمان بکەینەوە!؟

## مەلایەکی سەلەفی، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بە ئاشکرا بە دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان دەڵێت:

(جەیشەکەت و خۆت و دەسەڵاتەکەت و حیزبەکەت و حکومەتەکەت و ئیلحاد و عیلمانیەتەکەت و ئەوروپایەکەی کە تۆ پشتی پێدەبەستیت، هەر هەمووی وەڵڵاهی قیمەتی یەك باڵە مێشی نییە لای ئێمە)!؟

واتە: هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و پۆلیس و ئاساییش و دژەتێرۆر و زێرەڤانی و هەموو چەکدارانی تایبەتیی پارتەکان!؟

باپرسین: ئەم مەلایانە چیتر ماوە بەدەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستانی نەڵێن!؟

ئەرێ بەراست، ئەم دەسەڵات و پارت و بەرپرس و سیاسییە دەسەڵاتدارانە بۆچی بەو هەموو هێز و توانایەیانەوە، ئاوا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و لاواز و بێ دەسەڵاتن بەرامبەر ئەو جۆرە مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخوازە توندڕەو و تەعریبچییانە!؟

بێ گومان ئەگەر نەتەوەییەك و چەپێك و نووسەر و ڕەخنەگر و ڕۆشنبرێکی بێ پشتوپەنا ئەوە بڵێن، ئەگەر زیندانی نەکەن، یان نەیکوژن، بە دڵنیاییەوە نیشتمانبەدەری دەکەن!؟

ئەم ماستە چ گوریسێکی سیاسیی تێدایە!؟

## ڕەمەزانی عەرەبی، بۆ بێزارکردن و زیان گەیاندن بە دانیشتووان

- پرسیارێك: خوایەك ئەم گەردوونە بێ سنوورەی دروست کردبێت و بەم ڕێکوپێکییە بەڕێوەی بەرێت، چ پێویستییەکی بەوە هەیە، مرۆڤە دروستکراوەکانی خودی خۆی، مانگێك خۆیان بۆ ئەو برسی و تینوو و ماندوو و لاواز و ناتەندروست بکەن!؟

- مەی خواردنەوە و سەما کردن و وازی کردن، ١١ مانگ باشە و یەك مانگ خراپە!؟

- بە بڕیاری دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامچیی کوردی، لە مانگی ڕەمەزاندا، دەبێت هەموو مەیفرۆشی و باڕ و یانەکانی خواردنەوە و سەماکردن و وازیکردن دابخرێن، واتە سەرچاوەی بژێوی ژیانی هەزاران هاونیشتمانی، بە بڕیارێکی سیاسیانەی دەسەڵاتی کوردی، یاساخ دەکرێت!؟

- لەم مانگەدا، ئەگەر لە برسا و لە تینویەتیدا گیانیش لەدەست بدەیت، بۆت نییە لە سەر جادە و شوێنە گشتییەکاندا خواردن و خواردنەوە بخۆیت و بخۆیتەوە، کەس بۆی نییە جگەرە بکێشێت، کەسیش بۆی نییە ڕەخنە لەم بڕیارە ناڕەوایە بگرێت!؟

- ئایا ڕاستی و ڕەوایی و دادپەروەریی ئەم بڕیارە هەڵە و خراپانە لە کوێیدایە!؟

- لە ڕاستیدا، جگە لە باشووری کوردستان و عەرەبستانی سعودی و ئەفگانستان، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی، لە مانگی ڕەمەزاندا، زیان بە کاسبی کردن و سەرچاوەی بژێوی ژیانی دانیشتووان ناگەیەندرێت!؟

- با بپرسین: خۆ هەموو میللەت موسڵمان نین، ئەی مافە ڕەواکانی پرواداڕانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کوردستان چی!؟

- بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە کە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، ئەم بڕیارە ناڕەوا و ناردروست و ناشارستانیانەیان، لەژێر فشاری باڵادەستیی ئیسلامییە سیاسییەکاندایە و هەموو ئەو بڕیارانە بۆ بەرژەوەندییە ناڕەواکانی ئەوان و ئاغاکانیان دەدات!؟

## جنۆکە

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، مەلایەکی ریشداری ڕووخسار ترسناك، بە دارێکەوە بەربووەتە گیانی ئافرەتێك کە گوایە ئەو مەلایە بەو لێدان و ئەشکەنجەدانە، جنۆکە لە جەستەیدا دەردەکات!؟

پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا پێشتر کەس بینیویەتی کە ئەو جنۆکەیە چووبێتە ناو جەستەی ئەو ئافرەتەوە!؟

ئایا ئەو ئافرەتە ئەگەر بەچاوی خۆی جنۆکەکەی بینیوە، ئەی بۆچی هێشتوویەتی بچێتە ناو جەستەیەوە!؟

ئەی ئەگەر کەسێك بە لێدان بتوانێت گوایە جنۆکە لە جەستەی کەسێکی دیکەدا دەربکات، خۆ دەبێت دەرچوونی جنۆکەکە بەچاوی خۆی ببینێت، ئەی کە دەیبینێت، بۆچی نایگرێت و ڕادەستی لایەنە پێوەندیدارەکانی ناکات، تا ئەو جنۆکەیە جارێکی دیکە نەتوانێت بچێتە ناو جەستەی کەسێکی دیکەوە!؟

ئا بەم شێوەیە، کەسە بێ ویژدانەکان، بەناوی ئایین و ئاییندارییەوە، کەسانی بیرنەکەرەوە و سادە و ساکار و خۆشباوەڕ، گەوجتر دەکەن و هەڵیاندەخەڵەتێنن. سەرباری ئەوەی کە بە لێدانی جەستەیان، ئازاریان دەدەن، پارەشیان لێ دەکێشنەوە!؟

ئەم گاڵتەجاڕی و شانۆگەریی جنۆکە لە جەستە دەرکردنە، ئێستا زۆر پەرەی سەندووە و بووتە جۆرە پیشەك و پارەی پێ پەیدا دەکەن و خەڵکی نەزانیشی پێ هەڵدەخەڵەتێنن و گەوجتریان دەکەن!؟

شایانی باسە، ئەرك و فەرمانی دەسەڵات و لایەنە پێوەندیدارەکانە کە ڕێنمایی زانستییانە بە میللەت بدەن و ئەو جۆرە کاسپی و گەوجاندن و هەڵخەڵەتاندنانە، یاساخ بکەن و سزایا بۆ دابنێن.

## بانێکە و دوو هەوا

ئیسلامیيە سیاسییەکان هەموو شتێك بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن، بەڵام ئەگەر کەسان و لایەنەکانی دیکە شتێك بکەن و بڵێن و بنووسن کە لە بەرژەوەندیی ئەوان و دوژمنان و داگیرکەرانی کورد و کوردستاندا نەبێت، کە ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن و بەرژەوەندییە ناڕەوا و دۆزەخییەکانیان دەپارێزن، خێرا تەکفیری دەکەن و فەتوای وڵاتبەدەرکرد یان کوشتنیان دەدەن!؟ دەسەڵاتی کوردیی خۆیشمان، بێ باکە و بۆ هەموو چالاکییەکانیان بوودجەی تۆکمە و موفتی بۆ پریونەتەوە و گشت ئاسانکارییەکایان بۆ دەکەن، بەڵام هەر هەمان دەسەڵات، بە هەموو هێزی پێشمەرگە و زێرەڤانی و هێزی تایبەتی و دژەتێرۆر و پۆلیس و ئاساییش و پاراستن و زانیاری و گشت توانا جۆربەجۆرەکانی دیکەیانەوە، ناتوانن، مەلا و مامۆستایەکی ئایینی و بانگخوازێکی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی دەمکوت بکەن و لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکەن!؟ ناتوانن یەك ڕووناکبیر و یەك بیرئازاد و یەك ڕەخنەگر، لە هەڕەشە و گورەشە و فەتوای ئەوان بپارێزن!؟

ئیسلامیيە سیاسییەکان، بازاڕەکانی کوردستانیان پڕ کردووە لە پەڕتووك و سی دی و دی ڤی دیی ئیسلامی و هەموویشیان بۆ ڕێکلام کردن و بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی، ئیخوانچێتی و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتین. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی سەنتەر و دامەزراوە ئیسلامییەکان زۆرتر و پیتر دەبن، ژمارەی پەڕتووك و نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤار و پەڕتووکفرۆشییەکانیان لە شارۆچکە و شارەکانی باشووری کوردستاندا، ڕوو لە زیاد بوون دەکەن. بێگومان هەر هەموویشی بۆ بەعەرەبکردنی کورد و بە ئیسلامکردن و بە پاشکۆکردنی کوردستانە بە وڵاتە عەرەبییەکان و ئێران و تورکیاوە. بۆ ڕاکێشان و پەیدا کردنی زۆرترین دۆست و لایەنگر و ئەندامە بەلای خۆیاندا، تا دەبنە زۆربەیەتی و ئەوسا بە ئاشکرا، لەلایەن، تورکیا و ئێران و عێراق و سعودییە و قەتەرەوە پرچەکیان دەکەن و بە زەبروزەنگ و کوشتوکوشتار، دەسەڵاتی سیاسیی دەگرنە دەست و هەموو ئەوەی بنیاد نراوە، بە میراتیی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە!؟ ئەمە هۆکاری دروست کردن و بەهێز کردن و مانەوەیانە!؟

کار وا بڕوات، لە داهاتوودا، هەمان ئەزموون و ڕووداوەکانی ئێرانی ئیسلامی و ئەفگانستانی سەردەمی تاڵیبان دووبارە دەکەینەوە!؟

## بۆ مێژوو

مەرج نییە ئەم تێبینییە ڕاست بێت، یان ئەم پێشبینییە ڕوو بدات، کە هیواداریین هەرگیز وا نەبێت و ڕاست نە بێت و ڕوو نەدات.

- دەبێت بێ ڕێزیکردن و سووکایەتی کردن بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان، هێڵی سووربن.

- دەبێت داعشیزم و تەعریبچێتی و ئیخوانچێتی و وەهابیزم و سلەفیزم و جیهادی ئیسلامی، هێڵی سووربن.

- دەبێت بێ ڕێزی کردن و سووکایەتی کردن بە کچان و ژنانی کورد و کوردستان، هێڵی سووربن.

- هەموو نیشانەکان و دیاردەکان و ڕووداوەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، ئاماژەن بۆئەوەی کە لە داهاتوویەکی نادیاردا، پارتە دەستەڵاتدارەکانی باشوور، بەتایبەتی، پارتی و یەکێتی، لەگەڵ لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان و گەنجە بێکار و بێ چارەنووس و تووڕەکاندا، ڕووبەڕووی گەورەترین ئاژاوەگێڕی و پشێوی و شەڕی چەکدارانە و خوێناوی دەبنەوە، بێگومان ئەگەر دەستەڵاتی سیاسیی کوردی بیانەوێت و مەبەستیان بێت ئەم پێشهاتانە، ڕوو نەدەن، پێویستە و دەبێت بڕیارێکی ئازایانە و بوێرانە بدەن و بەزووترین کات، بێ دواکەوتن، بووجەی هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان ببڕن و مووچەی هەموو ئەو مەلا و بانگخوازە توندڕەو و شەڕەنگێزانە رابگرن و لە چالاکی ئایینی و وتارخوێندنەوەیان دوور بخەنەوە و بە یاسا، هەموو گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان هەڵبوەشێننەوە و یاساخیان بکەن.

- ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، جارێ بە بێ چەك و بە بێ هێزی چەكدار، سەرلەبەری باشووری کوردستایان تەنیوەتەوە و لەناو جەماوەری هەژار و سادەوساکار و گوندنشینەکاندا، توانیویانە زۆرترین جەماوەر بەلای خۆیاندا ڕبکێشن، بەتایبەتی منداڵان و لاوان کە ئەوان سەرپەرشتییان دەکەن و بە پارە و پەروەردەی ئیسلامییانە بەلای خۆیاندا ڕایانکێشاون و بۆ داهاتوو ئامادەیان دەکەن و دەیانکەن بەگژ دەستەڵاتی کوردیدا. شایانی باسە، هەموو هەوڵ و ئامانج و مەبەستی ئیسلامییە سیاسییەکان گەیشتنە بە کورسی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەلاتە بۆ جێبەجێ کردنی پلان و بەرنامە ئیسلامییە تەعریبچییەکانیان. ئەمەش کاروکردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو و ئاستەم نییە، خۆ دەسەڵاتی کوردی لە ئێرانی سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی زیرەکتر و بەهێزتر و بە دەستەڵاتتر و دەوڵەمەندتر نین. وا پروات هەمان ئەزموون و ڕووداوە خوێناوی و وێرانکاری و دڵتەزێنەکانی ئێران و ئەفگانستان، لای ئێمەیش بە شێوە و شێوازێکی خراپتر، دووبارە دەبنەوە. جا ئێوە دڵی خۆتان هەر بەوە خۆش بکەن کە بڵێن وا نییە و ئەمە نائومێدی و ڕەشبینییە!؟

## خۆتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە ئامادە بکەن

٢٤ساڵە خۆتان بەرامبەر ڕەوتی ترسناکی ئیسلامی سیاسی خەواندووە!؟

وا پروات، وردە وردە کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، داعشە نوستووەکانی ناوخۆ، دەستەی چەکدارانە لەناو شار و شارۆچکەکاندا دروست دەکەن و ناو بەناو جەزرەبە و دەست لە نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران و دامودەزگاکانی دەسەڵات دەوەشێنن. ڕووداوەکەی شەڕی نێوان چەکدارانی داعشی ناوخۆ لە هەولێر، لەگەڵ هێزەکانی ئاساییشدا، وەك نموونە و سەرەتایەکە!؟

## لەناو لاپەرەکەیدا، لەبری ناوەکانی کورد و کوردستان، هەر تەنها عەرەبچێتی و عروبەم بینی

سەردانی لاپەرەی فەیسبوکی مامۆستایەکی ئایینی ناسراو و ناوداری خۆمانم کرد، ویستم بزانم لەناو لاپەڕەکەیدا چ باسە!؟

چیم بینی: هەر هەمووی باسی عەرەب و عروبە و خۆشەویست کردنی عەرەب و پیاهەڵدانی خەلیفەکانی عەرەب و پەسن کردنی جەنگاوەرە خوێنرێژەکانی لەشکری فتوحاتچی و داگیرکەر و وێرانکەری عەرەب بوو، هەر باسی دۆزەخە خەیاڵییەکەی عەرەب و خۆ بە کۆیلەکردن بۆ عەرەب و عروبە بوو، بەکورتییەکەی لەم باسوخواسانە زیاتر، هیچی دیکەی تێدا نەبوو. تەنانەت بە یەك وشەش نە ناوی کورد و نە ناوی کوردستانی تێدا نەبوو!؟

ڕوون و ئاشکرایە ئەوانە چ دەستێکی ڕەش و گومانلێکراون، بێگومان ئەوانە بە هیچ شێوەیەك و بە هیچ پێوەرێك، مەلا و مامۆستای ئایینی نین. ڕوون و ئاشکرایە بە چ پووچپەرستی و ژەهر بڵاوکردنەوەیەك دەژین، ئەوانە لە دروستکراو و کۆیلە و بەکرێگیراوی عەرەب و عروبە زیاتر، هیچیتر نین!؟

## ئەمە چ کۆمەڵگەیەکە!؟

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقافی ئیسلامی، لە باشووری کوردستاندا، ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبی هەن و سێ هەزار مەلا و مامۆستای ئایینی هەن کە وتاری ڕۆژانی هەینی دەخوێننەوە. ئەمە جگە لە زۆرتر لە سەدان حوجرە و تەکیە و خانەقا و خوێندنگەی جۆراوجۆری ئایینی و جادووگەرخانە و نووشتەخانە و....هتد.

ئینجا میللەتێك خاوەنی ئەو هەموو مزگەوت و حوجرە و تەکییە و خانەقا و خوێندنگەی ئایینی و جادووگەرخانە و نووشتەخانانە و خاوەنی ئەو لەشکرە زۆرە مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و فەقێ و مجێور و خوێندکارەئیسلامییانە بێت، بەڵام خاوەنی ١٠٠ ڕۆژنامەنووسی پیشەکار و ١٠٠کۆمەڵناس و دەروونناس و ئەستێرەناس و پزیشکی کارامە و بەناوبانگ نەبێت، خاوەنی ١٠٠ نووسەر و وەرگێری پیشەکار و خاوەنی ١٠٠ سەنتەری ڕۆشنبیری و پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی نەبێت، ئیتر چاوەڕوانی چ داهاتوویەکی پێشکەوتووانە و بەختەوەرانە و شارستانییانەی لێدەکرێت!؟

## کورد هەر بە خۆی فێرە!؟

فەتوای دەربەدەرکردن و ئازار و ئەشکەنجەدان و زیندانی کردن و تۆڵەی ئاپرووکڕینەوە و کوشتنەوە و تیرۆرکردن، هەر لە باشووری کوردستاندا بوونەتە دابونەریت و یاسای ئاسایی و کارپێکراوی کۆمەڵگە!؟

بەبێ ناوهێنان: ئێوە سەرنج بدەن، ڕۆژانە بە دەیان وتار بە زمانە بێگانەکان، بەتایبەتی بە زمانە ئەوروپییەکان لە دژی ئایینی ئیسلامی عەرەبی بڵاودەبێتەوە، ساڵانە بە سەدان لێکۆڵینەوە و پەڕتووکی ڕەخنەگرانە و دژئاڕاستانە دژی پەیامبەری موسڵمانان و قورئان و ئایینی ئیسلام بەگشتی، بەو زمانانە بڵاو

دەکرێنەوە، هەندێك لەو وتار و پەڕتووکانە ڕەخنەی زۆر توندوتیژانە و هەڕەشەئامێز و تەنانەت بێ ڕێزی و سووکایەتی و وشەی ناشایستە و نەخوازراویش لەخۆدەگرن، بەڵام هەتا ئێستا هیچ مەلا و بانگخواز و مامۆستایەکی ئایینی کوردستان نەیانتوانیوە و نەیانوێراوە، تەنانەت بە تاکە وشەیەکیش وەڵامی ئەو بێگانانە بدەنەوە!؟ یان فەتوایەکی هاوشێوەی فەتواکانیان کە دژی ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕەخنەگرانی هاونیشتمانی و هاوخوێن و هاونەژادەکانی خۆیان، دەریانکردووە، فەتوایەکیش دژی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕەخنەگرانەی ئیسلام دەربکەن، بەڵام بە سەدان وتار و نامیلکە و پەڕتووکیان دژی ڕەخنەگرە خۆماڵییەکانی خۆمان بڵاوکردووەتەوە. ڕەخنە هەر ڕەخنەیە، چ کورد لە ئیسلامی بگرێت و چ بێگانە لە ئیسلامی بگرێت، پرسیارەکە لێرەدایە: ئەی بۆچی ئەو فەتواچییانە ناتوانن و ناوێرن بە یەك وشەش وەڵامی ئەو ڕەخنەگرە بێگانە دژبەئیسلامانە بدەنەوە، بەهیچ شێوەیەك زات ناکەن و ناتوانن و ناوێرن، تەنانەت بە یەك وشەش فتوایەك دژی ڕەخنەگرە بێگانەکان دەربکەن، بێگومان ئەمەیش هۆکارەکەی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕەخنەگرە بێگانانە، بەتایبەتی ئەمەریکی و ئەوروپییەکان، پشتیوانی و پاڵپشتی بەهێز و بەدەسەڵاتیان لەپشتەوەیە، ئەو فەتواچییانە، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاساکانی ئەو وڵاتانە و دادگا نێونەوەییەکان دەکرێنەوە، دووچاری بەشوێنداگەڕانی پۆلیسی ئینەرپۆڵ دەبنەوە، گەڕانی وڵاتان و گەشتکرنیان لێ یاساخ دەکرێت، سزای یاسایی دەدرێن....هتد. بەڵام چونکە نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانی کورد و کوردستان، هیچ هێز و دەوڵەتێك پشتیوانیان لێناکات و پاڵپشتێکی ئازا و بەهێز و بەدەسەڵاتیان لەپشتەوە نییە، هەموو مەلا و بانگخواز و مامۆستایەکی ئایینیی کوردی پێیان فێرن و پێیان دەوێرن و زۆر توندوتیژ و بێ ویژدان و بێ بەزەییشتن بەرامبەریان، فەتوای ئەشکەنجەدان و زیندانی کردن و کوشتن و نیشتمانبەدەرکردنیان بۆ دەردەکەن، بێ ڕێزی و سووکایەتییان پێدەکەن، چەندین تۆمەت و بوختان دەدەنە پاڵیان....هتد. هەر بۆ نموونە، دەستیان چووە گیان و ژیانی چەندین نووسەر و ڕۆشنبیر و ڕەخنەگری خۆمانەوە و تێرۆریان کردن!؟

لەڕاستیدا ئەوەی لە باشووری کوردستان، (وڵاتی بێ یاسا و بێ خاوەن)دا و ئەوەی لەژێر سایەی سیاسەتپیشەکان و پارتە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی کوردیدا بۆ باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکان لواوە، لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، مەگەر هەر لە باشووری کوردستاندا و لەنێو سیاسەتی کوردیدا، نموونە و وێنەی هەبێت!؟

## پڕوانامەی نایاسایی و دکتۆری بێ پڕوانامەی یاسایی

زانست وەك ڕێز و خۆشەویستیی ڕاستینە وایە، بە پارە و زۆرداری ناکڕدرێت.

ساڵانە، باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بۆ خوێندن و بەدەست هێنانی پڕوانامەی دکتۆرا، بێگومان بە پارەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان دەکەن و هەموو خەرجییەکانیان بۆ مسۆگەر دەکەن و پاش چەند ساڵێك وەکو دکتۆر و خاوەنی پڕوانامەی دکتۆرا و دکتۆری، بە مەبەستی سیاسی و بۆ دەستەڵات زەوت کردن و بە دەسەڵات گەیشتن، بەرهەڵدای ناو کۆمەڵگەی کوردستانیان دەکەن.

بێگومان ئەمە زۆر مەترسیدارە و لە داهاتوودا گەورەترین هەڕەشە و مەترسی دەبێت بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان!؟

با هۆشیار و ئاگادار بین، ئەو بەرنامە دڕندانە و دۆزەخیانەیەی بەعسییە رەگەزپەرست و فاشیستەکان بۆ بەعەرەب کردن و سڕینەوەی کورد و کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا، بۆیان تەواو نەکرا، ئەمڕۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، لە رێگای کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، بەناوی ئیسلامچێتی و شیعەگەری و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و تۆرانیزم و داعشیزم و ئیسلامی سیاسی و سیاسەتی ئیسلامییەوە، تەواوی دەکەن!؟

با دەسەڵاتی باشووری کوردستان، بەدواداچوون بۆ ئەو ژمارە زۆرە دکتۆرایانەی ئەندامان و لایەنگرانی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بکات کە چۆن و لە کوێوە ئەو هەموو دکتۆرەیان دروست کردووە و بە بەرنامە، بۆ گەوجاندن و بەعەرەب کردن، بەریان داوەتە ناو کۆمەڵگەی کوردستانەوە!؟

هەموو دکتۆرەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان، پروانامەکانیان لە وڵاتە هەرە داوکەوتووەکانەوە بۆ کڕاوە، یان بەدەستیان هێناوە، وەکو، سوودان و سۆماڵ و میسر و یەمەن و سعوودییە، با بپرسین کامەیە بەرهەم و زانست و داهێنانەکانی ئەو لەشکرە نەخوێنەوارە خاوەن پروانامە دکتۆرایانەی ئیسلامییە سیاسییەکان!؟

کامەیە بەرهەمە هزری و ئەکادیمی و زانستییەکانیان، بۆچی هیچ کەس نەیبینیون!؟

فریای باشووری کوردستان بکەون، ئەمڕۆ لەلایە باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیە مووچەخۆرەکانیانەوە، ئیسلامچێتی و تەعریب، وەکو ئاگر و ئاسن و ژەهر و چەکی کیمیایی دەکرێت بە جەستەی کورد و کوردستاندا!؟

## تەمەنی مرۆڤ و تەفسیرەکانی قورئان

قورئان، دوای مردنی پەیامبەری موسڵمانان، بەردەوام راڤە دەکرێت و شیدەکرێتەوە و هەتا ئێستا بە هەزاران پەڕتووک و لێکۆڵینەوە و تەفسیری دووروودرێژ و چەند بەرگیی لەسەر نووسراوە و لای کەسیش ئاشکرا و زانراو نییە کە کەی کۆتایی بە تەفسیرکردن و شیکردنەوە و روونکردنەوەی ماناکانی دەهێنرێت.

شایانی باسە بە زمانی کوردیش، جگە لە دوو وەرگێڕان، چەندین پەڕتووک و لێکۆڵینەوە و تەفسیریش لەسەر قورئان بڵاوکراونەتەوە.

بە کورتییەکەی، هەتا ئێستا، بە کات و رەنج و ماندووبوونێکی زۆر، جگە لە چەند راڤە/تەفسیرێك بە فارسی، ئەم تەفسیرانەشم بە کوردی خوێندوونەتەوە:

١- تەفسیری (نامی) بۆ قورئانی پیرۆز، مامۆستا مەلا عبدلکریمی مدرس. ٧ بەرگە.

٢- تەفسیری قورئانی پیرۆز، عثمان عبدالعزیز محمد، ٧بەرگە.

٣- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد امین.

٤- پوختەی تەفسیری قورئان، مەلا محمد مەلا صالح.

٥- تەفسیری رامان،ئەحمەد کاکە مەحموود.

٦- تەفسیری گوڵشەن، نظام الدین عبد الحمید، ٢ بەرگە.

- هێندەی ئاگاداربم، چەند تەفسیرێکی دیکەش بەکوردی بڵاوکراونەتەوە کە بەداخەوە دەستم نەکەوتوون، وەکوو تەفسیرەکانی خوالێخۆشبووان: مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەمەدی خاڵ، ئیتر ئاگاداری هیچ جۆرە تەفسیرێکی دیکەی کوردی نیم.

ئەوەی پێویستە دەربارەی ئەو تەفسیرانە بگوترێت ئەوەیە کە ئەو تەفسیرانە بەگشتی هەموویان چەند بابەتێکی دووبارەن و هەندێکیش لە نووسەرانی ئەو تەفسیرانە بە ئارەزووی خۆیان شیکردنەوە و راڤەیان بۆ ئایەتەکان کردووە و لەسەر چەند رووداو و مانای ئایەتێکیش کۆك و تەبا و هاورا نین و هەر یەکەیان بۆچوونی تایبەتی و جیاوازی خۆی لەسەر دەربڕیوە.

دوای خوێندنەوەی ئەو تەفسیرانە، ئەم سەرنج و تێبینییەم لەلا دروست بوو:

ئایا پەیامی خوا بۆ مرۆڤایەتی و بۆ رێنیشاندان و ئاسان کردنی ژیانی مرۆڤە دروستکراوەکانی خۆی، نەدەبوو روون و ئاشکرا و ئاسان بووایە و بەبێ هەڵاواردن و جیاوازی کردن لە نێوان نەتەوەکاندا، هەمان پەیام بە زمانی هەموو نەتەوەکان بنێردرایە و پێویستی بە وەرگێڕان و بە نووسینی هەزاران پەڕتووك و لێکۆڵینەوە و تەفسیری لێکجیاواز نەبووایە، چونکە بەڕاستی تەمەنی مرۆڤ زۆر لەوە کەمتر و کورتترە کە فریای خوێندنەوەی ئەو هەموو پەڕتووك و لێکۆڵینەوە و تەفسیرانەی قورئان بکەوێت!؟

## خۆتان بیری لێبکەنەوە

گوایە ئەڵڵای عەرەب و ئیسلام، زانا و توانایە و بەسەر هەمووشتێکدا باڵادەستە!؟

ئەی بۆچی شەیتان توانیویەتی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ، بە خۆراگری و بە زیندوویی لەناو کەعبەدا خۆی بشارێتەوە و بمێنێتەوە!؟ نە ئەڵڵا و نە محەمەد و نە هەموو موسڵمانان، نەیانتوانیوە نە بیبینن و نە بریندار بکەن!؟

شەیتان لەناو ماڵی ئەڵڵادا، هەتا ئێستا هەر بە خۆراگری و بە زیندوویی ماوەتەوە!؟

پرسیارێك: هۆکاری ئەوە چییە کە موسڵمانان بە بەردی بچووك شەیتان بەردباران دەکەن، بەڵام بۆ کوشتنی مرۆڤ، بەردی گەورە بەکار دەهێنن!؟

## ئامانجەکە، دژایەتی و دوژمنایەتییە، نەك خەمخۆری و بەرپەڕچدانەوەی پەیامەکە

سەرنج بدەن لە فەیسبوك و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی تردا، یان بەشێوەیەكی گشتی لە ڕاگەیاندنەكاندا، ڕۆژانە چەندین كەس بە ناوی نهێنی یان بە ناوی ڕاستینەی خۆیانەوە، چەندین وشە و ڕستە و نووسراو و بابەتی ناشیرین و بوختانئامێز و ناشایستە، دژی فەیلەسووفان و پەیامبەران و سەركردەكان و سیاسەتمەدارەكان و پەرلەمان و پارتەكان و دەسەڵات و هۆزانڤانان و نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەم لایەن و ئەو لایەن و ئەم ئایین و ئەو ئایین دەنووسن، تەنانەت دژی یەزدانیشن، كەچی نە وەزارەتی ئەوقاف و نە ئیسلامییە سیاسییەكان و نە هیچ مەلا و مامۆستایەكی ئایینی و نە هیچ فەتواچییەك، نە باسیان دەكەن و نە بایەخیشیان پێدەدەن، بێگومان هۆكار و هۆیەكەیشی ئاشكرایە، چونكە ئەو كەسانە، كەسانێك نین كە ناسراوبن و لە بنەماڵەیەكی دەستڕۆیشت و دەوڵەمەند یان بەدەسەڵاتبن، یان نوێنەرایەتیی هیچ بیروباوەڕ و ڕەوت و لایەنێك ناكەن و كەسانی ئاسایی نێو كۆمەڵگەن و كاریگەرییەكیان نییە كە شایانی باس بێت و هەڕەشە و مەترسی دروس بكەن. تەنها بەو شێوازە ناشایستە تایبەتییەی خۆیان بیروبۆچوونەكانی خۆیان دەردەبڕن و دەتوانن و دەشوێرن بڵاوی بكەنەوە. بەڵام، هیچ كەس و لایەنێك هیچیان لەسەر ناڵێن و نانووسن و ناكەن، هیچ پەرچەكردارێكیان بەرامبەر نیشان نادەن. پرسیارەكە لێرەدایە: ئەی بۆچی ئەگەر كەسێكی ناسراو و بەناوبانگ، یان هۆزانڤانێك، نووسەر و ڕۆشنبیرێكی ناودار، ئەندام پەڕلەمانێك، كادرێكی سیاسیی سەر بە لایەنێك، بەرپرسێكی باڵا، تەنانەت ئەگەر یەك وشە یان یەك ڕستە بنووسن و بە دڵی وەزارەتی ئەوقاف و ئەو مەلا و مامۆستا ئایینی و بانگخواز و فەتواچییانە نەبێت، یان لە بەرژەوەندیی ئەو ئایدۆلۆژیا و لایەن و ڕەوتە نەبێت كە ئەوان كاری بۆ دەكەن و بووتە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، خێرا بە چەندین شێوە و شێواز بەرەنگاریان دەبنەوە و دەیاندەنە دادگا و لە میدیا و ڕاگەیاندنەكاندا ماوەیەك زۆربەی خەڵكیان پێوە مەشخووڵ دەكەن!؟ ئایا ئەم ماستە نەك، هەر موویەك، بەڵكو گوریسێكیی سیاسیشی تێدا نییە!؟ ئایا ئەگەر دەستێكی ڕەش و گومانكلێكراو لەپشت ئەو كەسانەوە نەبێت كە دژایەتی و دوژمنایەتی هەمووو كەس و لایەن و بیروباوەڕ و نووسراوێك دەكەن كە لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی خۆیان و ئەو لایەنانەدا نەگونجێت كە ئەوان كاریان بۆ دەكەن و مووچەخۆریانن، ئەی دەبێت مەبەستەكە چیتر بێت و چ هۆكار و ئامانجێكی دیكە بێت!؟

## گومان و دژوەستانەوە دەستی پێكردووە

ساڵانی پێش دروست بوونی ئەلقاعیدە و ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەكان و تێرۆریستانی داعش، بەگشتی میللەت بەبێ ئەوەی بزانن ئایین چییە و قورئان و حەدیسەكان چییان تێدایە، بە میراتی لە پێشینانەوە و لە ڕێگەی ئیسلامی عەرەبییەوە، خواپەرستییان دەكرد و ئەرك و فەرمانە ئایینییەكانی ئیسلامییان بێ لێتێگەیشتن و بێ بیرلێكردنەوە و بە كوێرانە، جێبەجێ دەكرد، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و داعشیزمەوە، پرسیار لەناو خەڵكدا دروست بووە و بەدواداچوون دەستی پێكردووە كە ئایا ئەو كاروكردەوانەی داعش و ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەكان دەیكەن، پێوەندیی بە قورئان و حەدیسەكان و ئیسلامەوە هەیە یان نا!؟ بێگومان بە لێكۆڵینەوە لە قورئان و حەدیسەكان،

ئاشکرا بووە کە بەڵێ ڕاستە ئەوەی داعش و ئیسلامییە سیاسییە تێرۆریستەکانی دیکە دەیڵێن و دەینووسن و ئەنجامی دەدەن، سەرچاوەی هەر هەموویان قورئان و حەدیسەکانە. ئیتر وردە وردە لەناو میللەتدا هەزاران گومان و هەڵگەڕانەوە و دژوەستانەوە سەرهەڵدەدەن. ئەمڕۆ سەرەتاکانی ئەو گۆرانکارییانە هەستپان پێدەکرێت و بە کردەوە دەبینرێن. بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا گۆڕانکاریی زۆرتر لەم بارەیەوە ڕوو دەدەن.

بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و پێشکەوتوو و بەختەوەر.

## ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە

مێژووی ئایین و ئایینزاکانی وەکو زەردەشتی و کریستیانی و ئێزدایەتی و کاکەییو یارسانی و.....هتد، هاوشانە لەگەڵ مێژووی کورد و کوردستاندا، کەچی ئیسلامییە سیاسییەکان کە خۆیان هەمووی چەند دەیەیەکە لە هەناوی ڕەشی ئیخوان موسلیمونی عروبەوە پەیدا بوون، تازە بە تازە بە ئایینداڕەکان و شوێنکەوتووەکانی ئەو ئایین و ئایینزا ڕەسەنانەی کورد و کوردستان دەڵێن کە ئەوانیش با هەبن و مافی خۆیانە پێڕەوی لە ئایین و ئایینزاکانی خۆیان بکەن!؟

چەند ناڕەوا و سەیروسەمەرەیە، ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام بێت!؟

## گفتار و وتار و ڕەفتاری هەندێك لە مامۆستای ئایینی و مەلا و بانگخوازەکانی ئێستا

- ڕۆژانە لە وتار و گفتار و گرتە ڤیدۆییەکاندا، توندوتیژی و توندڕەوی و توورەیی و جنێودان و بەکارهێنانی وشە و دەستەوشەی ناڕەوا و ناشایستە و نەخوازراو لەلایەن هەندێك لە مامۆستا ئایینی و مەلا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە دەبینرێن و دەبیسترێن!؟ ئەمە بۆچی!؟

- ئایا ئەرك و فەرمانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و خواپەرستیی بەو شێوە و شێوازە ناشارستانی و نەخوازراوانە جێبەجێ دەکرێن!؟

- بێگومان، ئێستایش ئێمە خاوەنی گەلێك مامۆستای ئایینی و مەلای پاك و دڵسۆز و ڕێزدار و نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەرین، بەڵام بەداخەوە، ئەو مرۆڤە خواپەرست و چاکەخوازانە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە کەمی دەکەن!؟

پرسیارێك:
بۆچی مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی کوردستانی پێش سەرهەڵدانی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان، توندڕەو و توورە نەبوون، جنێویان نەدەدا، بێ ڕێزی و سووکایەتییان بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان نەدەکرد، بێ ڕێزی و سووکایەتییان بە کچان و ژنانی کوردستان نەدەکرد، دژی سروودی پیرۆزی نیشتمانیی کوردستان، ئەی ڕەقیب، نەبوون، دژی جەژنی پیرۆزی نەورۆزی کوردەواری نەبوون، مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی جاران، لە گفتار و وتارەکانیاندا هەمیشە هەر ئامۆژگاریی چاکی خەڵکیان دەکرد کە ڕەوشتیان جوان و چاك بێت و لەگەڵ یەکتردا باش بن و یەکترییان خۆش بوێت و دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن.

مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی جاران دژی پێشمەرگە و شۆڕشی کورد و ڕێباز و بیروباوەڕی کوردایەتی نەبوون، بەکرێگیراو و نۆکەری دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان نەبوون، سیخوری میتی تورکیا و ئیتلاعاتی ئێران و سعودییە و قەتەر نەبوون، مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی جاران، کەسانی بەڕێز و ڕێزدار و ڕێزلێگیراو بوون لەناو هەموو میللەتدا، هانی هیچ کەسیان نەدەدا بۆ کاری توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی و تێکدەری، هەموویان کەسانی پاك و دڵسۆز و خواپەرست و چاکەخواز بوون. ئەی ئێستا بۆچی هەموو شتێك پێچەوانەبووەتەوە!؟

ئەی ئێستا بۆچی هیچ شتێك لەشوێنی خۆیدا نەماوە و هەموو شتێك گۆڕاوە و خراپ بووە ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرەو خراپتر بوون دەچێت!؟

مەلا و مامۆستا ئایینییەکانی ئێستا بۆچی توندڕەون و تووڕە دەبن و هاوار دەکەن و جنێو بە هەموو کەس و لایەنێك دەدەن!؟

ئایا ئەم ماستە چەند گوریسێکی سیاسیی تێدا نییە!؟

ئایا ئەمە پلان و بەرنامەی دۆزەخییانەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان نییە!؟

ئایا ئەمە بۆ ئاژاوەگێڕی و تێکدانی بارودۆخی ئارامی و ئاساییش و ئاشتیی باشووری کوردستان نییە!؟

تکایە، با هەموومان بەرامبەر ئەو بێ ڕێزی و سووکایەتی کردنە کە لەلایە هەندێك مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینییەوە بە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکرێن، بەرامبەر بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان دەکرێن، بەرامبەر بە سروودی پیرۆزی نیشتمانیی ئەی ڕەقیب و جەژنی پیرۆزی نەتەوایەتیی نەورۆز دەکرێن، بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبین!؟

داوا لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی دەکەین کە لەمە زۆرتر بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و لارەمل و ملکەچی ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان نەبن!؟

فریای باشووری کوردستان بکەون، با گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و مووچەخۆرەکانیان ئاژاوە و پشێویی کۆمەڵایەتی و شەڕی خوێناوی و جەنگی ناوخۆی کارەساتاوی بەرپا نەکەن!؟

## بەرەکانی شەڕیش مەکەن بە مزگەوت

دیاردەیەکی خراپ لە بەرەکانی شەڕدا سەری هەڵداوە، ئێستا ئیسلامییە سیاسییەکان مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکانی سەربە خۆیان و مووچەخۆرەکانیان دەنێرنە بەرەکانی شەڕ و هانی پێشمەرگەکان دەدەن کە پێکەوە نوێژی بەکۆمەڵ بکەن، وتاری ئیسلامییانەیان بۆ دەخوێننەوە و تێکۆشان و ئازایەتی و گیانبەخشینی پێشمەرگەکان، بە جیهاد و خواپەرستی ناوزەد دەکەن و بە ئاگری دۆزەخ و ئازار و ئەشکەنجەی ناو گۆڕ دەیانترسێنن!؟

ئیسلامییە سیاسییەکان لە هەموو مێژووی خۆیاندا یەك فرمێسك و یەك دڵۆپ خوێنیان بۆ کورد و کوردستان لێنەڕژاوە. یەك فیشەکیان بە یەك دوژمن و داگیرکەری کوردستانەوە نەناوە. خاوەنی یەك چرکە خەباتی کوردایەتی نین. ئەمانە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بۆ دژایەتی و دوژمنایەتیی کورد و کوردایەتی دروستیان کردوون و بۆ ئەم ئامانجە دۆزەخی و گڵاوەیان، هەموو کۆمەکێکی مادی و مانەوییان پێکردوون و بەردەوامیش دەیانژێنن و سەرچاوەی داهاتیان بە گشتی، دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سعودییە و قەتەر و چەندن ڕێکخراوی ئیسلامیی جیهانین.

دەسەڵاتی باشووری کوردستانیش، لەڕوانگەی ترس و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانەوە، بوودجەی تایبەتی و تۆکمەیان بۆ پریونەتەوە و هەموو کۆمەك و پشتیوانییەکیان دەکان و هاوکاریانن و ئاسانکارییان لە گشت بەرنامەکانیاندا بۆ دەکەن. ئەمڕۆ باشووری کوردستانە پاشاگەردانی و بێ یاسا و بێ خاوەنە، بووە بە تەمەڵخانە و سەیرانگە بۆیان، بووە بە گۆرەپانی چالاکییەکانیان دژی هەموو شتێکی ڕەسەن و پیرۆزی کوردەواری و کوردایەتی. ڕۆژانە لە مزگەوتەکان و کۆبوونەوەکان و بارەگاکانیانەوە، لە ڕێگەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانیانەوە توندوتیژیی ئیسلامییانە بڵاو دەکەنە و بانگاشە بۆ داعش و داعشیزم و عروبە دەکەن. بێ ڕێزی و سووکایەتی بە گشت پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن.

تازەترین داهێنانیان ئەوەیە کە مەلا و بانگخواز و مامۆستاکانی خۆیان دەنێرنە بەرەکانی شەڕ و کاتی پیرۆزی پێشمەرگەکان دەکوژن و پێشمەرگەکان بە کاروباری ئیسلامی و شتی ناپێویستەوە مەشغووڵ دەکەن. وتار بۆ پێشمەرگەکان دەدەن و بە ئاشکرا دەڵێن: ئەم خەباتەی پێشمەرگە، جیهادە و خواپەرستییە و لەپێناوی خوا و ئاییندایە!؟

ئەمە زەنگێکی و مەترسیدار و ترسناکە و دژی هەست و هۆش و گیانی کوردبوون و کوردایەتییە.

پێشمەرگەیەتی و کوردایەتی، هیچ پێوەندییەکیان بە ئیسلامێتی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و داعشیزم و جیهادی ئیسلامی عەرەبییەوە نییە و دوو جیهانی تەواو لێکجیاوازن.

پێشمەرگە، تێکۆشەرێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەرە و ئازایەتی و تێکۆشان و گیانبەخشینیان، تەنها لەپێناوی کورد و کوردستان و کوردایەتیدایە. خەباتی پێشمەرگەکان تەنێ لە پێناوی پاراستنی کورد و کوردستاندایە، بەڵام ئیسلامییە سیاسییەکان بە ناردنی ئەو کەسە ئایینیانەی خۆیان دەیانەوێت، باڵاپۆشی ئیسلامچێتی و جیهادچێتی لە پێشمەرگە و کوردایەتییەوە بئاڵێنن!؟

تکایە فشار بخەنە سەر دامودەزگا پێوەندیدارەکان کە ڕێگا بەم جۆرە کارانە نەدەن و پێشمەرگە بەبێ ئەو مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینیانەش، لە بەرەکانی جەنگدا، دەتوانن خواپەرستیی خۆیان بکەن.

ئیسلامییە سیاسییەکان تەواو شووڵیان لێهەڵکێشاوە و بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە خۆیان تێکەڵی هەموو کاروبارێکی پێشمەرگە و دەسەڵات و ژیانی تایبەتیی تاکەکان و چالاکییە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دەکەن،

هەموو بۆنەیەك بۆ بەرنامە ئیسلامچێتی و تەعریبچێتییەكانی خۆیان بەكار دەهێنن!؟

سیاسەتپیشەكان و سەركردە و سەركردایەتییەكانی دەسەڵاتی باشووری كوردستان، بێ ئاگا و خەولێكەوتوو و سەرمەستن بە بەرژەوەندییە تایبەتیەكانی خۆیانەوە، ئاگایان لە میللەت و وڵات نەماوە و باشوور، ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو جەهالەت و تاریكستان و بارودۆخی خراپتر هەنگاو دەنێت، بێگومان سەرەنجانەكەشی ترسناكە و بە كارەساتی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ كورد و كوردایەتیی، تەواو دەبێت.

## دەسەڵاتێكی خەوتوو و داهاتوویەكی ترسناك

دەسەڵاتی كوردی لە باشووری كوردستان، بەتایبەتی پارتی و یەكێتی و گۆڕان، بێ خەم لەسەر كورسیی دەسەڵات و بوودجەی میللەت، پاڵیان لێداوەتەوە و سەرمەستی خۆشگوزەرانییەكانی ژیانی تایبەتیی خۆیانن. بێ باك و بێ ئاگا لەوەی كە دوژمنانی كورد و داگیركەرانی كوردستان، لەڕێگای ئیسلامییە سیاسییەكان و مەلا و بانگخواز و لایەنگرە مووچەخۆرەكانیانەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر و بەگوڕتر خەریكی بەعەرەبكردنی هەموو شتێكی كورد و كوردستانن، بەبەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە، بە ئاشكرا و بە ئازادی، بێ ڕێزی و سووكایەتی بە گشت پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی كورد و كوردستان دەكەن. هەموو جۆرە بێ ڕێزی و سووكایەتی و بووختانێك بە ئافرەتان دەكەن، لەسەر سەكۆی مزگەوتەكان و كۆڕ و كۆبوونەوەكانیانەوە، هانی لاوان دەدەن بۆ توندوتیژی و خۆتەقاندنەوە و كاری ئاژاوەگێری و تێكدەرانە. ئێستا بەهۆی نیشانەكانی باڵادەستیی ئیسلامی سیاسییەوە، سیمای هەموو كۆمەڵگە گۆڕاوە. لەشكرێك لە لەچكبەسەر و باڵاپۆشلەبەر و جبەلەبەر و لاسایی كردنەوەی جلوبەرگە ناشیرین و ناشارستانییەكانی مۆدێلەكانی ئافرەتانی سعودییە و میرنشتنەكانی كەنداو و توركیا و ئێران لە هەموو شوێنێكی باشوور دەبینرێن. تەنانەت لەسەر ڕێگای شارەكانیش تابلۆی ئیسلامی سیاسی دەبینرێن. مزگەوتەكان لە شەو و ڕۆژێكدا پێنج جار لە ڕێگای ئەو هەزاران هەزار بڵندگۆیانەوە كە بەرزترین دەنگیان بۆ كردوونەتەوە و لە یەككاتدا بە زمانی عەرەبی بانگ لە خەڵی كورد دەكەن كە بە عەرەبی خواپەرستی بكەن. ئەم بڵندگۆیانە بەرەبەیانیان بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە خەوتن و تەندروستیی هەزاران هەزار كۆرپە و منداڵ و نەخۆش و پیر و پەككەوتە، بەو دەنگە هەرە بەرزانەی بڵندگۆكان، خەوی ئەو خەڵكە بێتاوانە دەزڕێنن و لە شیرین خەویان دەكەن. هیچ كەس و لایەنێكش ناوێرێن و ناڵێن، ئەمە لە ڕووی ویژدانەوە، لەڕووی تەندروستییە و زیانمەندە و پێویستە و دەبێت چارەسەر بكرێت!؟ ئایا ئەمانە هەموو نیشانەی بەهێزی و بەدەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نین!؟ ئیسلامییە سیاسییەكان و مەلا و بانگخوازەكانیان، خۆیان تێكەڵی هەموو كاروبار و شێوە و شێوازێكی ژیانی تاكەكانی میللەت كردووە و بە ئارەزووی خۆیان ئەرك و فەرمان بۆ خەڵك دەستنیشان دەكەن و هەر فەتوایەك كە لە بەرژەوەندیی خۆیان بێت، بەبێ ئەوەی پرس بە دەسەڵات بكەن و گوێ بە كەس بدەن، بەیانی دەكەن!؟ بەكورتییەكەی باڵادەستیی ئیسلامی سیاسی لە هەموو شوێنێك دەبینرێت و هەستی پێدەكرێت، دەسەڵاتدارانیش خەمی هیچیان نییە و دڵی خۆیان بەوە خۆش كردووە كە ئیسلامییە سیاسییەكان لە هەڵبژاردنەكاندا لە ١٧% دەنگیان هێناوە، ئەمە بەبێ ئەوەی كە ئەگەر فریاگوزاریی تەزویر نەبوویایە، ڕەنگە خۆیشیان هەر هەمان ڕێژەی

ئیسلامییەکانیان دەنگ بهێنایە. سەرانی دەسەڵات و سەرانی پارتی و یەکێتی و گۆران، بە هێزەکانی پێشمەرگە و زێرەڤانی و ئاسایش و پۆلیس و دژەتێرۆر و پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆیانەوە پشت ئەستوورن و جارێ ترسی هیچیان نییە. بەڵام با بپرسین ئایا ئەمان لە ئێرانی سەردەمی شا و ئەفگانستانی سەردەمی کۆمۆنیستەکانی سەربە سۆڤێتی جاران و لیبیای قەزافی،بە دەسەڵاتتر و بەهێزتر و پارەدارترن، ئایا ناکرێت پەند و وانە و ئامۆژگارییەك لەو رابووردووە وەربگرن!؟ بێگومان هەر کەس و لایەنێك زۆربەیەتیی میللەتیان لەگەڵدا بێت و پشتیوانیان بکەن، هەر جۆرە دەسەڵاتێك، چەند گەورە و بەهێز و بەدەسەڵاتیش بێت، بە ئاسانی پێیان دەڕوخێنرێت. ئیسلامییە سیاسییەکان بەردەوام کار لەسەر خەڵکی گوندی و گوندنشین و هەژار و سادە و ساکار دەکەن و کار لەسەر منداڵان و لاوان دەکەن و بە بەرنامە و بە شێوە و شێوازەکانی خۆیان بەلای خۆیاندا رایان دەکێشن و دەیانکەن بە دۆست و لایەنگر و ئەندامی خۆیان، شایانی باسە، تا ئەندازەیەکی زۆر و بەرچاویش سەرەکوتوو بوون. باشووری کوردستان ئێستا لە کێشە و تەنگەژەی هەڕەشە و مەترسیی ئیسلامی سیاسیدایە و لە داهاتوودا بە هەمان ئەزموون و مێژووی ئەو دەسەڵاتە روخێنراوانەدا تێپەڕ دەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئیسلامییە سیاسییەکان بتوانن سەد هەزار گەنجی بێکار و بێ پارە و توورە بهێننە سەر جادە و بە هاندانی ئەوان دەست بکەن بە خۆپیشاندان و کاری ئاژاوەگێڕی و تێکدان، ئایا دەسەڵات دەتوانێت سەد هەزار هاونیشتمانی بکوژێت!؟ ئایا هیچ هێزێك هەیە بەر بەو لافاو و لێشاوەی خۆپیشاندەران بگرێت!؟ ئایا دەسەڵات بیریان لەم گریمانانە کردووەتەوە!؟ بێگومان داهاتوو و کات، ئەم پێشهات و کارەساتە ترسناکانە یەکاڵ دەکاتەوە. بەڵام هێشتا دەسەڵاتی کوردی، جارێ کاتیان زۆر لەبەردەمدا ماوە کە رێگەچارەیەك بدۆزنەوە و ئەو مێژووە تاڵە دووبارە نەکەنەوە. جارێ تەواو کار لە کار نەترازاوە، بەڵام ئایا سەرانی دەسەڵات و پارتی و یەکێتی و گۆران لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان تێگەیشتوون و تێدەگەن تا بتوانن بۆ داهاتوو، پێشگیریی لەو کارەسات و رووداوە ترسناکانە بکەن!؟

## بانگەوازێك بۆ هەموو هاوبیران و هاورێیان و دڵسۆزان و لایەنە پێوەندیدارەکان

وەك هەمووومان ئاگادارین، رەوتی ئیسلامی سیاسی، کە دروستکراو و بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن، ئەمڕۆ لە جاران زۆرتر و چالاکتر و لە رووی جەماوەر و پارەداری و پشتیوانییەوە بەهێزتر و بەدەسەڵاتترن، خاوەنی چەندین کەناڵی تیڤی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامە و پێگەی ئەلەکترۆنین، بە زەبری پارەبەخشینەوە و بەهۆی راگەیاندنە سۆزئامێز و چەواشەکارییەکانیانەوە، توانیویانە دۆستی و لایەنگریی جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی هەژار و بێکار و کرێچی و دانیشتوانی گوندنشین و شارۆچکەکانی کوردستان بەلای خۆیاندا رابکێشن. زۆربەی زۆری مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکان و فەقێ و شێخ و دەروێش و نووشتەچی و جادووگەرەکانی کوردستانیان بە پارە کڕیوە و ئێستا زۆربەی زۆریان سەر بەوانن و بۆ ئیسلامیی سیاسییەکان کار دەکەن و لە خزمەتی رەوتی ئیسلامی سیاسیدان. ئێستا لە باشووری کوردستاندا، بە ئاماری وەزارەتی ئەوقاف، ٥٢٣٠ مزگەوت و زۆتر لە دوو هەزار حوجرە و تەکیە و خانەقا و خوێندنگەی جۆراوجۆری ئیسلامی هەیە. ئەمانە هەموویان ژێربەژێر کار بۆ ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و وەهابیزم و سەلەفیزم و داعشیزم دەکەن، زۆربەی زۆریان هاوسۆزی لەشکری تێرۆریستی داعشن و خەوی گەورەیان دروستکردنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییە، ئەو باند و گروپە ئیسلامییە

سیاسییانە، هەموویان مانگانە پارە و بوودجەی زۆر و موفت لە دەستەڵاتی کوردی وەردەگرن و جگە لەمە، سەرچاوەی دیکەیشیان زۆرە، خاوەنی چەندین کەناڵی پشتیوانی و کۆمەك و هاوکاریی ماددی و مانەوین، خاوەنی پشتیوانیی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و سعودییە و قەتەر و گەلێك کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی ئیسلامیی نێودەوڵەتین. بەردەوام هاوکاری و کۆمەکیان پێدەکرێت و پارەیەکی زۆریان بەسەردا ڕژاندووە، ئەمانیش ئەو پارەیە بۆ گەوجاندن و دواخستنی کۆمەڵگە و بە ئیسلامکردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی کورد بەکار دەهێنن. بەرامبەر هەموو ئەم هەوڵ و چالاکییە بەربڵاوانەی ئیسلامییە سیاسییەکان، هیچ بەرهەڵستییەك و بەربەستێکی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بەهێز و ڕەوتێکی نەتەوەیی کوردی و کوردستانی بوونی نییە و دەستەڵاتی کوردیش هەموو کۆمەك و پشتیوانی و ئاسانکارییەك بۆ ئیسلامییە سیاسییەکان دەکەن و بە هیچ شێوەیەك ناوێرن و ناتوانن لێپرسینەوە لە هیچ مەلایەك و بانگخوازێك و مامۆستایەکی ئایینی بکەن کە ڕۆژانە لە وتار و گفتارەکانیاندا بیروباوەڕی توندڕەوی و توندوتیژانەی سەلەفیزم و وەهابیزم و تێرۆریزم و داعشیزم و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی بڵاو دەکەنەوە. لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان و لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، وتاری ئاگرین و توندوتیژانە دژی دەسەڵات و دژی ئافرەتانی بێ لەچك و سفوور دەدەن، بە ئاشکرا هەڕەشە لە کچان و ژنانی نوێژنەکەر ڕۆژوونەگر دەکەن. بە کورتییەکەی ئەوەی ڕۆژانە دەیبینین و دەیبیستین، هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە تەواو شووڵیان لێهەڵکێشاوە و ناخۆشیان کردووە و بارودۆخێکی ئیسلامچێتی و تەعریبچێتیی تەواو هەڕەشەئامێز و ترسناکیان دروست کردووە.

شایانی باسە پێشتر زۆرمان لەسەر ئەم دیاردە خراپ و ترسناکانە نووسیوە و لێرەدا بۆئەوەی ئەم بابەتە زۆرتر درێژ نەبێتەوە، ئەم پێشنیازانە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بە گرنگ و پێویست دەزانین کە وەکو ئاگاداری و هۆشدارییەك، بۆ دەسەڵات و بەرپرسان و سیاسەتمەداران و پارتە دەسەڵاتدارەکان و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بەیان دەکەین:

ئەگەر بمانەوێت چارەنووسمان هەمان چارەنووسی ئێران و ئەفگانستان نەبێت، پێویستە و دەبێت ئەم هەنگاوانە بنرێن:

١- بە یاسا، هەموو باند و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و گشت هەوڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییەکی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و داعشیزم، یاساخ بکرێن و سزای یاساییان بۆ دابنرێت.

٢- وەزارەتی ئەوقاف، یان دابخرێت، یان دەسەڵات و بوودجەیان کەم بکرێتەوە و کاروبار و چالاکییەکانیان، لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانەوە سەرپەرشتی و کۆنتڕۆڵ بکرێت.

٣- کۆنتڕۆڵی هەموو مزگەوتەکان و گفتار و وتاری مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکان بکرێت و دەبێت ئەوانە هەموویان لەژێر سەرپەرشتی و کۆنتڕۆڵی لایەنە پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستاندا بن.

٤- یارمەتی و هاوکاریی کەسان و کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەییەکان بکرێت و هەوڵ بدرێت لە هەموویان، پارتێکی نەتەوەیی سەردەمییانەی پێشکەوتوویان لێپێکبهێنرێت و لەلایەن دەستەڵاتی سیاسیی کوردییەوە مۆڵەتی یاسایی

هەبوون و کار و چالاکییان پێبدرێت و بوودجەیان بۆ تەرخان بکرێت و کەناڵی تیڤی و رادیۆ و گۆڤار و رۆژنامە و میدیای تایبەتیی خۆیانیان هەبێت.

## تکایە فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

- ئیسلامییە سیاسییەکان، مەلا و بانگخوازە مووچەخۆرەکانیان، چییان بوێت، بە ئاشکرا و بە ئازادانە، بە بەرچاوی دەستەڵاتی سیاسیی کوردییەوە، ئەنجامی دەدەن.

- ئیسلامییە سیاسییەکان، بێباکن لەوەی دەیڵێن و دەینووسن و دەیکەن، چونکە دڵنیان هەموو دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە هەموو شێوە و شێوازێك لە پشتیانەوەن و هاوکار و پشتیوان و پاڵپشتیانن. تەواو لەوەش دڵنیان کە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، بەهۆی پابەندبوونیانەوە بە وڵاتانی دەوروبەرەوە، نە دەتوانن و نە دەوێرن، هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکەن!؟

- ٢٤ ساڵە کۆمەڵێك مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی، لەسەر سەکۆی مزگەوتەکانەوە، بە ئاشکرا و بە ئازادانە، بیروباوەڕی توندوتیژانە لەناو میللەتدا بڵاو دەکەنەوە، سووکایەتی و بێ ڕێزی بە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکەن، دژی سروودی نیشتمانیی کوردستان، (ئەی رەقیب)ن، بە کوفر و حەرامی ناوزەد دەکەن، دژی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی کوردەوارین، دژی هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستانن، بە ئاشکرا و سەربەستانە، لە رێگەی ئیسلامچێتییەوە، تەعریبچێتی دەکەن و کورد بە عەرەب دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و کوردستانێتی دەدەن. کەچی هەتا ئێستا، یەك مەلا و یەك بانگخوازی تەعریبچی، نەدراوە بە دادگە و لێپرسینەوەیەکی یاساییان لەگەڵدا نەکراوە!؟ ئەی کەی بەتەمان رایانوەستێنن و لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکەن!؟

- دەستەڵای سیاسیی کوردی، ٢٤ ساڵە بە هەموو هێزێکیانەوە، بە هەموو شێوە و شێوازێك، دژایەتی و دوژمنایەتیی نەتەوەییەکان و چەپەکان دەکەن، ٢٤ ساڵە لەبەر ململانێی یەکتر، کوردستانیان رادەستی رەوتی ئیسلامی سیاسی کردووە، تازە بە تازە خەریکە لەو هەموو هەڵە و کورتبینییانەی خۆیان تێدەگەن، کە ئەمڕۆ خۆیان و میللەت، دەبێت باجەکەی بدەن!؟

## هۆشداری

٢٤ ساڵە دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی، هاوار دەکەن و تکا لە دەستەڵاتی کوردی و پێشنیازەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن، کە پێویستە و دەبێت سنوورێك بۆ زیادەڕەوییەکانی رەوتی ئیسلامچێی و تەعریبچێی و ئیخوانچێی و سەلەفیی جیهادی دابنێن و رێگا نەدەن بە ئارەزووی خۆیان پلان و بەرنامە دۆزەخییەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان لە باشووری کوردستاندا جێبەجێ بکەن. رێگا مەدەن ئەو هەموو مزگەوتە بێ ئەندازە ناپێویستە دروست بکەن، ئەو هەموو حوجرە و تەکێ و خانەقا و خوێندنگە ئایینییانە دابمەزرێنن، رێگا مەدەن بە ئارەزووی خۆیان خۆیان تێکەڵی هەموو شتێکی ژیانی میللەت و دەستەڵات بکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ کەس و هیچ لایەنێك گوێبیستی تکا و هاوار و خەمخۆری و دڵسۆزی و پێشنیاز و داخوازییەکانی دڵسۆزانی کوردایەتی نەبوون.

ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵانە، تازە بە تازە، دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی کوردی، خەریکە وردە وردە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسی تێدەگەن، تازە خەریکە تێدەگەن کە کە ئیسلامییە سیاسییەکان، بە پارە و کۆمەکی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بە کۆمەکی بەردەوامی سعودییە و قەتەر و چەندین لایەنی دیکە، هەموو جەماوەری هەژار و سادەوساکار و گوندنشینەکانی باشووریان کردووە بە جەماوەری خۆیان و توانیویانە سێ نەوەی نوێی کوردستان، بەلای خۆیاندا رابکێشن و بیانکەن بە دۆست و لایەنگر و ئەندامی خۆیان، تازە خەریکە تێدەگەن کە ئیسلامی سیاسیی هەڕەشە و مەترسییەکی ترسناکە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان.

بەڵام ئیتر پاش چی!؟ تازە زۆر درەنگ بووە و خەریکە تەواو کار لەکار دەترازێت، تازە ئیتر بە کۆنفرانس بەستن و خوێندنەوەی وتاری هەڕەشە ئامێز بارە لاسەنگەکە، هاوسەنگ ناکرێتەوە، تازە بە نووسین و کردنەوەی ماڵپەڕی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ناتوانن ململانێ و دژایەتی و دوژمنایەتیی ئیسلامی سیاسی بکەن، ئەوانیش بە سەدان ماڵپەڕ و کەناڵی تیڤی و رادیۆ و بە هەزاران مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقا و خوێندنگەی ئایینییان لەژێر دەستدایە و دژی ئێوە بەکاریان دەهێنن و لە خزمەتی ئەواندان و ئێوە ئێستا دەستبەتاڵ و مایەپووچ ماونەتەوە!؟

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی و هەڵگرانی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی، دەستەڵاداران و دەسەڵاتی سیاسی و هەموو میللەتی کورد ئاگادار دەکەینەوە کە تەنها کۆڕ و کۆمەڵ و هێز و وزەیەکی کاریگەر کە بتوانێت رەوتی ئیسلامی سیاسی بوەستێنێت و ببێتە بەربەستێژکی بەهێزی لەشکان نەهاتوو، تەنها هەر پارتێێکی نەتەوەیی شۆرشگێری سەردەمییانەیە لە هاوشێوەی (کاژيك) و (پاسۆك)، دەتوانرێت بیری ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و بێگانەپەرستی، رانگیردرێت. تەنها هەر بە بیروباوەڕی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی کوردی (ناسیۆنالیزمی کوردی) بە پەروەردەی کوردایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانە، دەتوانرێت و دەکرێت بەری پێبگیرێت و تێکبشکێنرێت، تەنها هەر بە هۆش و هەست و گیانی کوردبوون و بیروباوەڕی کوردایەتی و کوردستانێتی، دەتوانین بەرەو یەکگرتن و ئازادی و سەربەخۆیی هەنگاو بنێین.

بەدڵنیاییەوە، ئیسلامییە سیاسییەکان بە کۆنفراس بەستن و وتارخوێندنەوە و نووسین و کەمپین، بێهێز نابن و لەناو ناچن، دەبێت بە بڕیاری ئازایانە و بە بوێری و نەترسان، رووبەڕوویان ببنەوە، دەبێت کۆمەك و بوودجەکانیان ببڕن و هەر بە یاسا هەڵیانبوەشێننەوە و هەموو کار و چالاکییەکانیان یاساخ بکەن، جگە لەمە، هیچ رێگەچارەیەکی دیکەتان لەبەردەمدا نەماوە، یان دەبێت بە شەڕ و کوشتوکوشتاری داهاتوو رووبەروویان ببنەوە، یان دەبێت هەر ئێستا هەموو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان بە یاسا، یاساخ بکرێن و کۆتاییان پێبهێنرێت.

کات زۆر درەنگ بووە، خەریکە کار لەکار دەترازێت، خەریکە باشووری کوردستان دەبێت بە ئەفگانستانی سەردەمی رەش و تارکستانی تاڵیبان. تکایە فریای باشووری کوردستان بکەون!؟

## شاجوانی کوردستان

کەسە ئایینییەکان و باند و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان، هەر هەموویان بەوێنەکانی شاجوانی کوردستانەوە خۆیان خەریك و توورە کردووە. بەڵام کۆمەڵکوژیی کوردان و وێرانکردنی کوردستان لە لایەن داعشە هاوئایینەکانیانەوە، وشەیەکی دژی ئەو لەشکرە رەش و تێرۆریست و دڕندەیەی داعش پێنەنووسین، هیچیان دژی داعش و داعشیزمی فاشیزمی ئیسلامی نەوت و نەکرد.

بە دڵنیاییەوە، هەر کۆمەڵگەیەك بە دابونەریت و یاسای ئایینی بەڕێوە ببرێت، زانست و پێشکەوتن و شارستانێتی تێیدا پاشەکشێ دەکەن.

## دەسەڵاتێك کوردی بێت و بۆ کورد بێت، بەڵام لە سایەیدا

دەیان نووسەر، ئازادیخواز، رۆشنبیر، ئازادبیر، نیشتمان بەدەر بکرێن، تێرۆر بکرێن، ئازار و ئەشکەنجە بدرێن، بێ رێزی و سووکایەتییان پێبکرێت، ئەو دەسەڵاتە هەر بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بێت!؟

هەزاران کچ و ژنی کورد بە تۆمەت و گوایە تاوانی (ناموس و شەرەف) عەرەبی بکوژرێن، بسووتێنرێن، بە بەرد و بە بلۆك بپلیشێنرێنەوە، ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بدرێن، بێ رێزی و سووکایەتییان پێبکرێت، دەسەڵات هەر بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بێت!؟

دەسەڵاتێکی لەم شێوەیە هەر دەبێت هەزاران مەلا و بانگخوازی ڤایرۆس و میکرۆب و شێرپەنجە و مێشك بۆگەن و دوواکەوتوو و ئیسلامچی و ئیخوانچی و سەلەفی و جیهادی و تەعریبچیی لەژێر سایەیدا سەردەربهێنن!؟

- کوشتنی کچان و ژنان بۆ تۆڵەکردنەوەی ئابڕووی لەدەستچوو، بەپێی یاساکانی ئایینی ئیسلام رێگەپێدراوە و تێرۆرکردنی رۆژنامەنووسانیش بەپێی یاساکانی جەنگەڵ، ئازادە و هیچ لێپرسینەوەیەکی یاساییان لەسەر نییە!؟

## کچ کوشتن و ژن کوشتن، هەر تەنها یەك چارەسەری هەیە

زۆر بەداخەوە، هەر لەم هەفتەیەدا، دوای کارەساتەکەی پارکی دایك، دایکێکی دیکە تاوانێکی دیکەی بەرامبەرکرا!؟

دەبێت یاسایەکی مرۆڤپەروەرانە و شۆڕشگێڕانە بەرامبەر ئەم دیاردە ترسناکە هاوردە ئیسلامییە عەرەبییە، بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئەمەیە:

هەر کەسێك، لەپێناوی تۆڵەکردنەوە و سڕینەوەی (شەرەف)ی شەرمهێنەرانە و دڕندانەی ئیسلامیی عەرەبیدا، کچێك یان ژنێك بکوژێت، دەبێت دوای دادگایی کردنی، هەر بە هەمان شێوەی جۆری کوشتنەکە، بە سزای رەوای خۆی بگەیەندرێت. ئیتر بەمشێوەیە، کچ کوشتن و ژن کوشتن، یان هەر نامێنێت، یان دەبێتە رووداوێکی دەگمەن.

# دیمۆکراسی و پاشکەوتوویی

سیستمی دیمۆکراسی، وەکو میکانیزمێك بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتداری، سیستمێکی باش و ریالیستانەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە میللەتێکی تێگەیشتوو و پێشکەوتوو هەیە کە وەکو پێویست تێبیگات و پێڕەویی لێ بکات. مەرج نییە بە کەڵکی کۆمەڵگە و میللەتێکی داواکەوتوو بێت. رەنگە وەك بەڵایەك وا بێت و ببێتە هۆ و هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نەخوازراو و خراپ. باشووری کوردستان و سەرهەڵدان و گەشە کردنی رەوتی ئیسلامیی سیاسیی و دروست بوونی لەشکرێك مەلا و بانگخوازی توندڕەو و تەعریبچی وەك نموونەیەکی نەخوازراو و خراپی بە هەڵە بەکار هێنانی ئەو سیستمەیە!؟

## ئایین یان یاسا

ئایینەکان تێکستی کۆنی مێژوویین و سەردەمیان بەسەرچووە و بەکەڵکی بەڕێوەبردنی ژیانی ئەمڕۆی هیچ کۆمەڵگەیەك نایەن. پێویستە ئایین وەك فەرهەنگ و مێژووی خواپەرستنی مرۆڤایەتی تێبڕوانرێت و رێزی لێبگیرێت و وەك کاروبار و دابونەریتی ئاییندار و خواپەرستیی ئەو کەسانەی کە بۆ جیهانی دەروونی و گیانیی خۆیان پێویستیان پێیانە، پێڕەو بکرێن، نەك وەکو سیاسەت و دەوڵەتداری و یاسای ژیان. ئەمڕۆ، لەم سەردەمی باڵادەستیی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانستەدا، ناگونجێت وەك یاسای ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و سیاسەت و دەوڵەتداری، پێڕەوبکرێن و بە زۆر و زەبروزەنگ یان بە فڕوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن، بسەپێنرێن و کاریان پێبکرێت!؟

ئەمڕۆ یاسا، پێوەری پێشکەوتن یان پاشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکە. کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بە سەروەرێتی و پێڕەوکردنی یاسای دادپەروەرانە دەناسرێتەوە.

لەم سەردەمەدا، هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی یاسایە. کۆمەڵگە دەبێت بە یاسای سەردەمییانەی دادپەروەرانە بەڕێوەببرێت. ئایین لە سەردەمانی دێریندا، شوێنی یاسای گرتبووەوە. ئێستا ناکرێت بە یاسا و فەرمان و رێنماییە کۆنبووەکانی ئایین، کۆمەڵگە بەڕێوە ببرێت، چونکە کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤەکان گۆڕاون و ئایین تێکستی کۆنینەیە و سەردەمی بەسەرچووە. لە روانگەی ئاییندااران و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوەوە، ئایین پەیامی یەزدانییە و نابێت دەستکاری بکرێت و دەبێت وەکو خۆی پێڕەو بکرێت، بێگومان ئەمە لەگەڵ ژیان و گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەدا ناگونجێت، کەواتە، ئێمە دەبێت بۆ ژیانی خۆمان بڕیارێکی ریالیسانە بدەین، یان بە فەرمان و رێنماییە بەسەرچووە کۆنەکانی ئایین کۆمەڵگە بەڕێوە ببرێت، یان بە یاسای دادپەروەرانە، رێگای سێهەم بوونی نییە. بێگومان بیر و هۆشی تەندروستانەی مرۆڤەکان و خواست و پێداویستییەکانی پێشکەوتنی ژیان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە، یاسای سەردەمییانەی دادپەروەرانە، بە جێگرەوەی ئایین، هەڵدەبژێرێت.

## ئایین و پێشکەوتن

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئایین و ئاییندااران باڵادەستبن، پێشکەوتن راوەستاوە. پێچەوانەکەیشی هەر راستە: ئەفگانستان و ئێران- ژاپۆن و سویسرا وەك نموونە.

## خوا و هەژاران

ئەگەر بیر لە ژیانی ناخۆش و پڕ لە مەینەتیی هەژاران بکەینەوە، دەبێت بپرسین: تۆ بڵێی خوایەك هەبێت، پاشان تۆڵەی ئەم دۆزەخی ژیانە بۆ هەژاران بکاتەوە، ئەی ئەگەر هەیە ئێستا لەکوێییە و بۆچی هەژاران و برسییەکان و چەوساوەکان نابینێت!؟

### زۆر بەداخەوە، ئێمەی کورد میللەتێکی بیرنەکەرەوە و ناهۆشیار و بەجێماوین لە کاروانی شارستانێتیی مرۆڤایەتی!؟

زۆر بە کورتی، تەنها یەك نموونە:

میللەتی ئیتاڵی چۆن شانازی بە خۆیان و بە ڕابووردووی خۆیانەوە نەکەن کە خاوەنی ئەو شارستانێتییە بەرز و شکۆدارەن کە ئەمڕۆ پاشماوەکانیان لە سەرانسەری وڵاتەکەیاندا ماونەتەوە و بوونەتە جێگای سەرنجی میلیۆنان لە هاونیشتمانیان و گەشتیاران و باسکاران و لێکۆڵەرەوانی هەموو میللەتان.

ئێمەی کوردیش ئەمڕۆ خاوەنی وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو وێرانکراو و ژینگەپیسکراوین. بەرهەمی شارستانێتیی دێرینمان، هەمووی وێرانکراوە و لە مێژوودا سڕاوەتەوە، ئێستا جگە لە چەند پاشمایەوەکی وێرانەی کەم نەبێت، هیچمان بۆ نەهێڵراوەتەوە کە مایەی شکۆداری و شانازیمان بن!؟

ئیتاڵییەکان خاوەنی مێژووی پڕ لە سەروەریی بزووتنەوەی ڕێنیسانس و چاکسازیی ئایینی و کۆمەڵایەتین، پێش چەند سەد ساڵێك، خاوەنی گەورە هونەرمەندان و نووسەرانی وەکو، دانتێ ئەلیجێری و فراچیسکۆ پێترارك و گیۆڤانی پۆکاشیۆ و گیۆرگیۆ ڤاساری و لیۆناردۆ داڤینشی و میکائیل ئەنجیلۆ و ڕۆفائیل سانتی و نیکۆلۆ مەکیاڤیللی و .....هتد. بوون.

ئێمەی کوردیش، بۆ نەگبەتی و بەدبەختیمان، لەم سەدەی بیست و یەکەمینەی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای مرۆڤایەتیدا، تازە بە تازە خاوەنی کۆمەڵێ بێگانەپەرستی مێشك بۆگەنکردووی توندڕەوی سەلفی و وەهابی و ئیخوانچی و تێرۆریستی جیهادی و تەعریبچیین!؟ خاوەنی کۆمەڵی مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی ئیسلامیی سیاسین کە کار و پیشەیان بووە بە بێ ڕێزی کردن و سوکایەتی کردن بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان، بەردەوام ڕۆژانە بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی کوردییەوە، لە سەر سەکۆی هەندێك لە مزگەوتەکانەوە بانگەواز بۆ توندڕەوی و توندوتیژیی دژ بە کچان و ژنان دەکەن و بێ ڕێزی و سووکایەتییان پێدەکەن!؟ بانگاشە بۆ داعش و داشیزم دەکەن!؟

ئەی هاوار، ئێمەی کورد لە چ بەدبەختی و پاشکەوتن و کارەساتێکدا دەژین!؟

### لە سەیروسەمەرەکانمان

چەند سەیروسەمەرە و شەرمەزارییە، میللەتێك ژێردەستە بێت و نیشتمانەکەی داگیرکراو و دابەشکراو بێت، خاوەنی چەندین داگرکەر و دوژمن بێت، هێشتا لە پرۆسەی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازی و سەرخۆییخوازییدا بێت، کەچی هیچ یاسا و ڕێسا و سزایەکی نەبێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە ناپاکییان بەرامبەر

نەتەوە و نیشتمان کردووە و دەیکەن، لەمەش خراپتر، پارتە سیاسییەکانی، ڕێزی ناپاکان و خۆفرۆشتووەکان،لە تێکۆشەران ونەتەوەپەروەران و نیشتمانپەروەران زۆرتربگرن!؟ لە هەموو ئەمانەش خراپتر، لەبری سزادانی ناپاکان، بە خانەنشینکردن و زەوی پێبەخشین و پلەوپایە پێدان، خەڵاتیان بکات و پاداشتی خۆفرۆشی و ناپاکییەکانیان بداتەوە!؟ شایانی باسە، کورد تەنها نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی کە بە بێ لێپرسینەوە و بەبێ سزادان، لە خۆفرۆش و ناپاك و نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشەکانی خۆی خۆشبووە!؟

ئەرێ بەڕاست با بپرسین: ئێمە چ جۆرە میللەتێکین!؟

## مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی و مزگەوت و داعشی کوردی

مزگەوتەکانی باشووری کوردستان، بەهۆی مەلا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، کراون بە بنکەی ئیخوانچێتی و تۆرانیزم و سەلەفیزم و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی و بوون بە کارگەی پێگەیاندنی تێرۆریستان و داعشی کوردی.

مەلا ئیسلامییە سیاسییەکان، بە ئارەزووی خۆیان و بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بەردەوام خەریکی بەئیسلامکردن و بەعەرەبکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارین.

بە ئازادی و بە خواست و بەرژەوەندیی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە، نووسەران و ڕۆشنبیران و ئازادبیرانی کوردستان وڵاتبەدەر و شاربەدەر دەکەن. مارشی نەتەوەیی کوردی، ئەی ڕەقیبی پیرۆز یاساخ دەکەن، بە کوفر و تاوانی دەزانن، لەناو هۆڵی پەرلەماندا لەبەری هەڵناستن، چەژنی نەورۆزی پیرۆزی کوردەواری بە کفر دادەنێن، دژی پۆشینی جلوبەرگی جوان ورازاوەی ئافرەتانن، بانگاشە بۆ لەچك و جبە و باڵاپۆش وجلوبەرگی دواکەوتووانەی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی دەکەن. بەردەوام بە ئاشکرا و بێ باکانە سوکایەتی و بێ ڕێزی بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کورد و کوردستان دەکەن، تێرۆریستان و خۆکوژان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەهێننە کوردستانەوە و کاری تێرۆریستی و وێرانکارییان پێئەنجام دەدەن. هەموو هەوڵ و ئامانجێکیشان تێکدانی باری ئاساییشی باشووری کوردستان و گەیشتنیانە بە کورسی و دەسەڵاتی سیاسی. ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، چەند تەنێکی نامۆن بە کورد و کوردستان، تابووری پێنجەمن و بەکرێگیراو و ئاژاوەگێرن و وەکو مین لە هەموو کوردستاندا چێندراون بۆ کاتی پێویست کە دەرفەت لە دەسەڵاتی کوردی و بزووتنەی کوردایەتی بهێنن، تا خۆیان شوێنی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی ئەمڕۆ بگرنەوە و ببنە خاوەنی بوودجە و داهاتی کوردستان و بەرنامە دواکەوتوو و دۆزەخییەکانی دوژمنای کورد و داگرکەرانی کورستان جێبەجێ بکەن و شتێك نەهێڵنەوە کە ناوی پێشکەوتن و شارستانێتی بێت، هەموو هەوڵ و مەبەستێکیان هەر ئەوەیە کە عروبە و ئیخوانچێتی و تۆرانیزم و ئیسلامچێتی شوێنی کوردایەتی بگرنەوە.

با لێرەدا پرسیارێکی پێویست و ڕەوا ئاراستەی دەسەڵاتی کوردی بکەین و بپرسین: ئەو دەسەڵاتە کوردییە و ئەم سەرکردە و بەرپرسە سیاسییانەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بۆ وا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و سست و زەلیلن بەرامبەر هەڵوێست و گفتار و وتار و کاروکردەوەی ناکوردانە و تێکدەرانەی ئەو مەلا و مامۆستا ئایینیە سیاسی و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، ئەم ماستە چموویەکی تێدایە!؟

## ئایین و گۆڕانکاری

هەموو ئایین و بیروباوەڕێك پێویستە بەردەوام بەشێوەیەك گۆڕانکاریی تێدا بکرێت کە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ڕاستیی ژیانی مرۆڤایەتیی سەردەمدا بگوجێت. ئایینێککە نیوەی کۆمەڵگە بە کۆیلەی نیوەکەی دیکەی بکات، دەبێت یاسا، فەرمانە کۆنبووە زیانبەخشەکانی پێرەو نەکرێن و بخرێنە ناو ئەرشیفی مێژووەوە.

## داعش، باڵی سەربازیی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانە

ئەم شەڕفرۆشتن و هێرشکردنانەی کە تێرۆریستانی داعش بۆسەر کورد و کوردستان دەیکەن، لە ڕاستیدا، شەڕفرۆشتن و هێرشکردنی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و سعودییە و قەتەرە، ئەوەی ئەم دەوڵەتانە خۆیان ناتوانن یان بۆیان نییە ئەنجامی بدەن، بە داعشیان سپاردووە.

## ئەو پێشبینییانەی کە پاش ڕووداو و کارەساتەکان بە گریان و فرمێسك و پەشیمانی وەڵام دەدرێنەوە

پێش هەرەس هێنانی شۆڕشی ١٤ ساڵەی ئەیلوول کە خاوەنی زۆرتر لە سەد هەزار پێشمەرگەی گیان لەسەر دەست بوو، خاوەنی ناوچەیەکی بەرفراوانی شاخاویی ئازادکراوی سەخت و پربەرەنگاریی بوو، خاوەنی هەزاران هەزار چەکی جۆراوجۆر بوو، خاوەنی جەماوەرێکی دڵسۆز و تێکۆشەر و ورەبەرز و کۆڵنەدەر بوو، ئەو سەردەمە، کوردە نەتەوەییە پاك و دڵسۆزەکان بەردەوام هۆشدارییان دەدا بە سەرکردایەتیی شۆڕش کە پشت بە شاهی ئێران و دەوڵەتی داگیرکەری ئێران نەبەستن و بیر لە داهاتووی دوور بکەنەوە و هەموو بوون و ژیان و مانەوە و بەردەوامیی شۆڕش با بە کۆمەکەکانی ئێران و شوێنانی دیکەوە نەبەسترێنەوە، خۆمان شاخ و دۆڵ و شوێنی سەختی بەرەنگاربوونەوەمان هەیە، میللەتێکی پاك و دڵسۆز و تێکۆشەر و کۆڵنەدەرمان هەیە، بەڵام مەخابن هیچ کەس و هیچ لایەنێکی پێوەندیدار گوێبیستی نەتەوەییە دڵسۆزەکان نەبوون، ئەوە بە هەرەسی شۆڕش و ڕەنج بەبا چوونی دەریایەك خوێن و فرمێسك و تێشکان و ماڵوێرانبوونی کورد وەڵام درایەوە.

ئەمڕۆش هەر هەمان مێژوو بە شێوە و شێوازێکی خراپتری دیکە دووبارە دەبێتەوە و هەر هەمان کوردە نەتەوەییە پاك و دڵسۆز و خەمخۆرەکانی کورد و کوردایەتی، هۆشداری دەدەنە دەسەڵاتی کوردی و سەرانی پارتی و یەکێتی کە بوونی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و نۆکەر و بەکرێگیراوانەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، هەڕەشە و مەترسیی کارەسەتبارن بۆسەر دەسکەوتەکان و ئەزموونی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و بۆسەر ئاسایشیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەتا لەداهاتوودا پەرلەمانی کوردستان و سەری ڕەش و قەڵاچوالان بە تۆپ و راجیمەی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانە وێران نەکرێت، هیچ کەس و هیچ لایەنێکی پێوەندیدار گوێبیستی پێشنیازەکان و دڵسۆزییەکان و خەمخۆرییەکانی نەتەوەییەکان نابن و پاش کارەساتەکان، هەموو پێکەوە دیسان دەبێت بۆ رابردوو بگرینەوە!؟

## لە سەیروسەمەرەکانمان

بەڵێ، بۆ ناوی کوردی و کوردستانی، نا بۆ ناوی عەرەبی و ئیسلامی.

هەرچۆن بێت، ناپێت گلەیی لە نەوە نەخوێندەوارەکانی ڕابووردوومان بکەین کە ئەگەر ناوی منداڵەنیان عەرەبی و ئیسلامی بوو بێت، بەڵام ئەم نەوە نوێیە خوێندەوارەی ئەم سەردەمە، جێگەی گلەیی و ڕەخنە لێگرتن دەبن کە ناوی عەرەبی و ئیسلامی لە منداڵەکانیان دەنێن، ئەی کەواتە ئێمەی کوردی باشوور زۆرتر لە نیو سەدەیە چی دەکەین و خەریکی چی بووین، ئەو هەموو شۆڕش و گیانبەخشین وماڵوێرانییەمان لە پێناوی چیدا بووە!؟ مەگەر بۆ بەرگری و مانەوەمان و بۆ کورد بوون و کوردستانی بوون و پاراستنی خۆمان و زمان و فەرهەنگەکەمان نەبووە!؟

زۆر سەیروسەمەرەیە و مایەی شەرمەزارییە، لەم سەردەمەدا، ناوی عەرەبی و ئیسلامیت لە منداڵەکەت ناپێت و لە هەموویشی خراپتر، ناوی یەکێ لە سەرکردەکانی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە تێرۆریستەکانت بۆ ناولێنانی منداڵەکەت هەڵبژاردبێت و کەچی هێندە بێباك بیت و لە ڕوویشت بێت کە نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بە میللەت بفرۆشیتەوە!؟

## عەیب و عەیبە، هۆکارێکی دیکە بۆ دواکەتنمان

عەیب چییە و چی عەیبە!؟

بێگومان وشەی (عەیب) ، وشە و بیرۆکەیەکی هاوردە و نەخوازراوە و ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو لێی زەرەرمەند بووین. هەر لە منداڵییەوە ئەم وشە عەرەبییە بێ ناوەڕۆك و بێ مانایە بەگوێماندا دەدەن. عەیبە، وا مەکە عەیبە، وا مەڵێ عەیبە. هەرگیز تێشیان نەگەیاندووین، عەیب و عەیبە چییە و چی عەیبە و بۆچی عەیبە!؟

## دوو هەواڵ

ڕووسیا چوارەمین ژنە هاونیشتمانیی خۆی بەرەو بۆشاییەکانی گەردوون ڕەوانەکرد. عەرەبستانی سعودیەش، هاونیشتمانییەکی ژنی بە تۆمەت و تاوانی شۆفێری کردن دەسگیر کردا!؟

- ڕووسیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین چەك بەبەرهەم دەهێنێت، ئەو میللەتە چەندینجار هەڕەشە و مەترسیی جەنگ و پەلاماردانیان ئەزموون کردووە، بۆ بەرگری لەخۆکردن، خۆیان چەکدار و بەهێزتر دەکەن.

- عەرەبستانی سعودیە، هەفتەمین وڵاتە لە ریزبەندی کڕینی چەکدا، بێگومان لە هەموو مێژووی خۆیاندا نەیانتوانیوە تاکە گولەیەکیش دروست بکەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: ئایا وڵاتی سعودییە کە هیچ وڵاتێك نیازی پەلاماردانی نییە و هەڕەشە و مەترسیی پەلاماردان و جەنگیان لەسەر نییە، ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییانەیان بۆچییە!؟ ڕوون و ئاشکرایە کە بەشێکی هەرە زۆری ئەو چەکانەیان بۆ داعشە تێرۆریستەکان و باند و گرووپە ئیسلامییە شەڕەنگێز و جیهادەییەکانی ناوچەکە و جیهانە، دەی با عەمرەکەر و حەجکەرەکانی

کوردستانیش تێبگەن کە بە پارەی ئەوان، بەشێك لەو چەکانە مسۆگەر دەکرێت و بە پارەی خۆمان خۆمان تێرۆر و ماڵوێران و تەعریب دەکرێین!؟

## هۆشدارییەك بۆ هەموو کورد و کوردستانییەکی ئاپڕوومەند و دڵسۆز

هەتا ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و ئەو مەلا و بانگخوازە سیاسییە نۆکەرانە لە کوردستاندابن، باعسیزم و بەعەرەبکردنی کورد و کوردستان هەر بەردەوام دەبێت. ئەمە هێڵی سووری کوردایەتییە و پێویستە و دەبێت هەموو کورد و کوردستانی و هاونیشتمانییەکی کوردستان خاوەنی هەڵوێستی نەتەوەییانە و نیشتمانپەروەرانەبن بەرامبەر ئەم پرسە چارەنووسسازە. ئەم هەڵوێستە ژیان و چارەنووسی هەموومانە.

## ئیتر چۆن بتوانین پێشبکەوین!؟

ئەی بۆچی پارە و مووچە بۆ مامۆستایان و کارمەندانی دیکە نییە!؟

ئێوە لەم ترسنۆکی و ملکەچییەی دەسەڵاتی کوردی، بەرامبەر ئیسلامییە سیاسییەکان تێرابمێنن، زۆرترین بوودجەی وەزارەتەکان، بۆ ئەوقافی ئیسلامی تەعریبچی و داعشپەروەر تەرخانکراوە!؟ بە وتەی خۆیان هەتا ئێستا ١٥٠ کارمەندی وەزارەتی ئەوقاف چوونەتە ناو داعشە تێرۆریستەکانەوە و چەکی جاشایەتی کردن بۆ عەرەب و عروبە و ناپاکی کردن و دوژمنایەتی کردنیان بەرامبەر کورد و کوردستان هەڵگرتووە!؟

بە پێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف، لە باشووری کوردستان ٥٢٣٠ مزگەوت هەن،کە ناوی زۆربەیان بە عەرەبییە!؟ هەموویان بەردەوام کارەبا و ئاویان بۆ دابینکراوە و هەر مزگەوتەی چەند کارگوزار و مجێور و چەند مەلا و مامۆستایەکی ئایینی بەڕێوەیان دەبەن، مزگەوتەکان لە شوێنە گشتیەکاندا دروستکراون و پانتاییەکی زۆریان داگیرکردووە. بەبێ ئەوەی هەتا ئێستا دەرگایان بۆ یەك ئاوارە و بۆ یەك منداڵی سەرمابوو و برسی و تینوو و بێ خانە و لانە کردبێتەوە!؟

ئایا ئەمە بەفیرۆدانی بوودجەی هەژارانی میللەت نییە!؟

ئایا ئەمە بەدبەختی کورد و پاشکەوتن و کارەسات نەبێت، چیترە!؟

## مۆدێلی تاڵیبان

بورقا و نیقاب، ئەم مۆدێلە کارەساتاوییانە، بەڕێوەن بۆ باشووری کوردستان، هیچ پێتان سەیر نەبێت و بە گاڵتەش وەریمەگرن، مۆدێلی تاڵیبان، لەمێژە لەلایەن ئیسلامییە سیاسییەکانەوە، بانگهێشتن کراوە و کاری بۆ دەکرێت، بەڵام جارێ کاتی نەهاتووە و تا ئێستا بۆیان نەلواوە بیسەپێنن!؟

## ڕووداوەکەی مزگەوتی گەورەی مەککە و تێبینییەك

ئەو ڕووداوەی کە لە مزگەوتی گەورەی مەککەدا ڕوویدا، بووە هۆی بریندار بوون و لەدەستدانی گیانی کۆمەڵێ لە حەجکەران، خۆ ئەگەر لەم ڕووداوەدا کەس

گیانی لەدەست نەدایە، یان کەس بریندار نەبوویایە، ئێستا ئیسلامییە سیاسییەکان دەیان کرد بە هەرا و بانگهاشەیەکی زۆر کە گوایە لە ماڵەکەی ئەڵلای عەرەبدا کەس نامرێت و کەس ئازاری پێناگات!؟

با بپرسین، بۆچی ئەڵلای عەرەب، نەیتوانی ئەو میوانانە لە ماڵەکەی خۆیدا بپارێزێت!؟

## داخوازییەك لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی تێکۆشەر و دڵسۆز

تکایەکی برایانە و دڵسۆزانە: با تێکۆشەران و دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی، خۆیان نەکەن بە هاوشانی داعشە ناوخۆییەکان و بەکرێگیراوە تەعریبچییەکان!؟

تکا لە هەموو نووسەران و ڕۆشنبیرانی تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردستان دەکەم کە لە هیچ گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی و لەهیچ کەناڵێکی تیڤی و ڕادیۆ وگۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا، لەگەڵ کەسانی سەربە باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و مەلا وبانگخوازە مووچەخۆرەکانیاندا بەشدار نەبن، چونکە بەم بەشداری کردنانە، خۆیان دەکەن بە هاوشانی ئەوان و زەرەرمەند دەبن بەوەی کە لە ئاستی کەسایەتی و ڕۆشنبیریی خۆیان دەهێننە خوارەوە. ئاشکرایە کە ئەو باند و گروپ و مەلا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییانە هەر تەنها یەك پەیامیان هەیە و هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، ئەویش هەر ئەو پەیامەیە کە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان پێیان سپاردوون، واتە: دژایەتی کردنی هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانە و ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە، دوژمنایەتی کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی، سووکایەتی و بێ ڕێزیکردن بە کچان و ژنانی کوردستان و سووکایەتی و بێ ڕێزی کردن بە گشت پیرۆزیە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان، بێگومان هەموویان بێ جیاوازی، هەر بۆ ئەم مەبەستە نارەوایانە، دروستکراون و بەکرێگیراون!؟

## عەرەب و جوولەکە، یەکێ لە جیاوازییەکانیان

عەرەبەکان لە بێ ئیشی و گەمژەیی خۆیانەوە، زوو زوو ئاڵای ئیسرائیل دەسووتێنن، بەڵام جوولەکەکان ئەو بێ ئیش و گەمژەیە نین کە کات و وزەی خۆیان بە سووتاندنی ٢٢ ئاڵای دەوڵەتە عەرەبییە دژبەیەکەکانەوە بەفیرۆبدەن!؟

## بۆ دەسەڵاتی خەولێکەوتووی کورد

دەستە چەکدارە ژێرزەمینییەکانی ئیسلامییە سیاسییەکان، ئەمڕۆ لە هەولێر، لە هەولێکی تێرۆریستانەی خۆکوژیانەیاندا تێکشکێنران.

لە ڕۆژی ٢٠/١١/٢٠١٥ چەند چەکدارێکی تێرۆریستی ئیسلامی، لە هەولێری پایتەختدا وەزارەرتی پێشمەرگەیان دایە بەر ڕێژنەی گولە!؟

ئەگەر پێتان وا بێت باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، لەبەرئەوەی هێزی چەکداریان نییە، مەترسی نین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان، ئەوا بە هەڵەدا چوون و نیشانەی خۆشباوەڕی و کورتبینیتانە، بێگومان ئەگەر کاتی خۆی هات و پێویستی کرد، دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، دەتوانن زۆر بە ئاسانی پڕ چەکیان بکەن و گەورەترین گێرەشێوێنی و ئاژاوە و کوشتوکوشتار هەڵبگیرسێنن!؟

## مایەپووچیی رۆشنبیری و رامیاری

لە (مەلا مەحموودی بایەزیدی و مەلای گەورەی کۆیە و قازی محەمەد و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ەوە، هاتینە سەر لەشکرێك لە مەلا و بانگخوازی مێشك عەرەبی ئیخوانچی و سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و وەهابی و تەعریبچییەوە!؟

لە حیزبی (هیوا و ژێکاف و کاژیك و پاسۆك)ەوە، هاتینە سەر چەند باند و گروپێکی ئیسلامیی سیاسیی دروسکراو و بەکرێگیراو و تەعریبچییەوە!؟

### ئەمەیە پاشکەوتن و مایەپووچی میللەتێکی بیرنەکەرەوە و بێگانەپەرست!؟

پێشینانمان راستیان فەرمووە: (خوا تا کێو نەبینێت، بەفری تێناکات).

بەس نەبوو عەرەب میللەتێکی یەکگرتوو و بلیمەت و داهێنەر نەبوون، خاوەنی بۆمبای ئەتۆمی و تەکنەلۆژیای باڵا و پێشکەوتووی ئەم سەردەمە نەبوون، ئەگەرنا هەر میللەتێکی دیکە، پراوی بە ئایینەکەی ئەوان و بە سەرپەراندن و دەستبڕینەوە و جهیادی نیکاحەکەی ئەوان نەبووایە و ملکەچ و سەرشۆڕی هەموو شتێکی ئەوان نەبوونایە، یان لە خزمەتی ئەواندا نەبوونایە، بە دڵنیاییەوە یەکسەر لەناویان دەبردن!؟

### لەسەر بیروباوەڕ و رێبازی راستی خۆمان هەر بەردەوامین

بەڕێزێك بۆی نووسیوم و دەڵێت: جاران ڤیدیۆی مەلا و بانگخوازە ئیسلامییە سیاسییەکانت دادەبەزاند و سەرنجی خۆتت لەسەریان دەنووسی، ئەوە ماوەیەك هیچی تازەت دانەبەزاندووە.

لەڕاستیدا چیتر بە گرنگ و پێویستی نابینم کە ئەو جۆرە گرتە ڤیدیۆییانە بڵاو بکەمەوە. چونکە هەموویان هەر یەك بابەتن و هەر هەمان بەیتوبالۆرەی تەعریبچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و ئیخوانیزم و بێگانەپەرستی دووبارە دەکەنەوە و فەتوای سوواوی دژە کچان و دژە ژنان بەگوێی میللەتدا دەدەنەوە، هەر ئەو هەرزەگۆیی و بیروباوەڕە خراپ و پووچپەرستییەیە، دەیڵێن و دەیڵێنەوە!؟

بێگومان ئەو مەلا و بانگخواز و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە زۆر باش لەوە دڵنیابوونەتەوە کە پارتە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی کوردی، بەهۆی پابەند بوونیان بە بەرژەوەندییە ناڕەواکانی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، هەموو کۆمەك و پشتیوانی و ئاسانکارییەکیان بۆ مسۆگەر کردوون، ئیتر بە خواست و ئارەزوو و بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە، چ راسپەردەیەکیان پێسپێردرا بێت، هەر ئەوە دەڵێن و دەنووسن و دەکەن.

ئەوەی پێویستیش بوو بێت لەسەر ئەو مەلا و بانگخواز و ئیسلامییە سیاسییانە، بە زیادەوە سەرنج و بیروباوەڕی خۆمانمان لەسەریان دەربڕیوە. ئیتر پێویست بە دووبارە کردنەوەیان ناکات.

## هەندێك لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان، مەبەستیان بێت یان نا، پشتیوانی و هاوکاریی داعش دەکەن

بێ ناوهێنان: چەندین جار تکا کرا و هاوار کرا و داواکرا و ڕاگەیەندرا کە بە بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی کاروکردەوە دڕندانەییەکانی تێرۆریستانی داعش، خەڵك مەترسێنن و ئەو بابەتە دڕندانانە بڵاومەکەنەوە و مەیکەن بە بابەتی ڕاگەیاندنەکانتان!؟ بەڵام دیارە لە وڵاتە بێ خاوەنەکەی ئێمەدا پاشاگەردانییە و هیچ یاسا و ڕێسایەك بۆ ئەو پێشێلکارییانە بوونی نییە، یان ڕەچاو و پێڕەو ناکرێت!؟

## هەڵوێستی گومانکارانەی وەزارەتی ئەوقاف بەرامبەر بە بزووتنەوەی زەردەشتییەکانی باشووری کوردستان

بەڕێزان..... زەردەشتییەکانی کوردستان: ڕێز و سڵاوی زۆر بۆ هەمووتان.

تکایە باشتر بە ناوەڕۆکی نووسراوەکەی وتەبێژی وەزارەتی ئەقافدا بچنەوە، ئێوە ڕەنگە وەکو بیرۆکەیەك کە بە باشتان زانیوە، بڵاوتان کردووەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکی باش نییە و بۆچوونێکی خراپە لەسەر بابەتەکە. لە دواجاردا تەواو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئاڵۆز و نهێنیئامێز، نیشانەی پرسیاری لەسەرتان داناوە و گومانی خستووەتە سەر دەرکەوتنەوە و سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی زەردەشتێتی و زەردەشتییەکانی کوردستان!؟ بە هیچ شێوەیەك پێویستی نەدەکرد، بۆ ئاماژە کردن بە بزووتنەوەی زەردەشتییەکانی کوردستان، وشەی موئامەرە و دەستی دەرەکی و ناوی (ئەمەریکا و ئیسرائیل و ماسۆنێتیی جیهانی) بهێنێت، بە دڵنیاییەوە بە مەبەست ئەو ناوانەی هێناونەتە ناو نووسینەکەوە و پێوەندیداری کردوون بە بزووتنەکەی ئێوەوە!؟ تکایە باشتر و وردوگردتر بە ناوەڕۆکی گومانکارانەی نوسینەکەیدا بچنەوە!؟ هەروەها بەو نووسین و گومانکاریانە هەوڵ دەدات ئەوە نیشان بدات و ئەوە دەربڕێت کە بزووتنەوەی زەردەشتییەکانی کوردستان، دیاردەیەکی ڕەسەن و پێویست نییە و لە مێژوو و پێداویستییەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستانەوە، سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو کاردانەوەیەکی کاتیی و سۆزئامێزانەیە بەرامبەر دروست بوونی داعشی تێرۆریست و توندڕەویی هەندێك لە گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان!؟ واتە ئێوە بزووتنەوە و دیاردەیەکی کاتین و بەستراوانەتەوە بە مانەوەی داعش و توندوتیژیی چەند باند و گروپێکی ئیسلامی سیاسییەوە، نەك بزووتنەوەیەکی پێویست و ڕەسەن بن و لە پێداویستییەکانی ژیانی گیانی و ئایینیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەری هەڵدابێت!؟ جارێکی دیکە، دووبارەی دەکەمەوە، تکایە باشتر سەرنجی ناوەڕۆکی ئەو نووسینە نێگەتیڤ و گوماناوییە بدەنەوە، بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی زەردەشتییەکانی کوردستان و بەرژەوەندیی کوردایەتیی نەینووسیوە!؟

## روونکردنەوەیەك

چەند بەڕێزێك پرسیاریان لێکردووم کە بۆچی بووم بە (زەردەشتی)!؟

ماوەیەکە ناو بەناو چەند نووسراوێکی هاوبیرانم لەمەڕ ئایینی زەردەشتییەوە بڵاو دەکەمەوە. بەڵام ئەمە تەنها هەوڵدانە بۆ بەشداریکردنێکی بچکۆلانە لە بزووتنەوەی رۆشنبیری و مێژوویی و فەرهەنگی کوردەواریی خۆماندا.

ئەمە وەڵامی پرسیاری ئەو بەڕێزانەیە:

کورد، پێویست ناکات بێتەوە بە زەردەشتی، ئایینی زەردەشتی لە باری مێژووییەوە، بەشێکی گرنگ بووە یان بەشێکی گرنگە لە فەرهەنگ و ژیانماندا. سەبارەت بەوەی کە ئایا بۆچی بووم بە زەردەشتی: لەراستیدا زەردەشتی بوون نە بە بڕیارە و نە بە خەیاڵاتە. لێرەدا با زۆر بەکورتی چەند راستییەك لەسەر تێڕامان و فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی بەیان بکەم، ئامۆژگارییە فەلسەفی و پێویست و گرنگەکانی کە زەردەشتی مەزن بۆ مرۆڤایەتی پێشکەشی کردوون، ئەگەر لە ژیانماندا پێڕەوی لێ بکەین، زۆربەی زۆری کێشەکانمان نامێنن، وەکو کێشەی رکوکینە و زەبروزەنگ و توندوتیژی و کوشتوکوشتار، کێشەی ژینگە و کشتوکاڵ و پرسی رێز و خۆشەویستی و میهرەبانی و مافی یەکسانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

دەمەوێت ئەو را ستییە باس بکەم کە رێزی تەواوم بۆ هەموو بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزایەك هەیە کە لە هیچ بوارێکدا لەگەڵ جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا پێچەوانە نەبێت. بەڵام ئەرك و فەرمانە پێداویستییەکانی هیچ ئایین و ئایینزایەك پێڕەو ناکەم و کات و وزەی خۆمیان لەگەڵدا بەخەرج نادەم. هەر بەم شێوەیەش لە ئایینی زەردەشتی دەڕوانم.

## رۆژگارێکی سەیر و سەمەرە تێکەوتووین!؟

- ئەگەر کوردێکی ئازادبیر و سیکولاری پاك و دڵسۆز، رەخنەیەکی دڵسۆزانە و چاکسازانە لە هەڵە و کەموکورییەکان یان گەندەڵییەکانی بەرپرسان و دەسەڵات بگرێت، هەموو ئاسایش و پۆلیس و دەزگای زانیاری و پاراستنی پێوە سەرگەرم دەکەن، بەڵام بەرامبەر و ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و جیهادیزم و ئیسلامچێتی و تەعریبچێتی و تاوانەکانی ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستا، بێ هەڵوێست بێ دەنگ و کەڕ و لاڵ و کوێرن!؟

بەڵام:

- دەیان نووسەر، رۆژنامەنووس، ئازادیخواز، رۆشنبیر، ئازادبیر، نیشتمانبەدەر بکرێن، تێرۆر بکرێن، ئازار و ئەشکەنجە بدرێن، بێ رێزی و سووکایەتییان پێبکرێت، ئەو دەسەڵاتە هەر بێ دەنگ و بێ هەڵوێستە!؟

- هەزاران کچ و ژنی کورد بە تۆمەت و گوایە تاوانی (نامووس و شەرەف)ی عەرەبی بکوژرێن، بسووتێنرێن، بە بەرد و بلۆك بپلیشێنرێنەوە، ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی بدرێن، بێ رێزی و سووکایەتییان پێبکرێت، دەسەڵات هەر بێ دەنگ و بێ هەڵوێستە!؟

- رۆژانە، بە ئازادانە و بە ئاشکرا، لەلایەن ئیسلامییە سیاسییەکان و مووچەخۆرەکانیانەوە، بێ رێزی و سووکایەتی بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکرێت، سروودی نەتەوەیی کورد، ئەی رەقیب تەکفیر دەکرێت، ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە کفر و نیشانەی ئاگرپەرستی ناودێر دەکرێت، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و جلوبەرگی خەڵکی دەستنیشان دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن و دەیانەوێت هەموو شتێك هەر بە خواست و بەرژەوەندیی ئەوان بەڕێوە بچێت، کەچی بەرپرسان و دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی سیاسی، بێباك و بێدەربەست و بێ هەڵوێستن و هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا ناکەن!؟

- لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەدا، هەر دەبێت هەزاران مەلا و بانگخوازی سەلەفی و وەهابی و جیهادی و ئیخوانچی و ئیسلامچی و تەعریبچی و لەشکرێك ڤایرۆس و میکرۆب و شێرپەنجە و مێشك بۆگەن و دوواکەوتوو و دژ بە ژن و دژ بە ئازادی و دژ بە دیموکراسی و دژ بە سیکولاریزم و دژ بە مافە سەرەتایی و دیمۆکراتییە رەواکانی کۆمەڵگە سەردەربهێنن!؟

سەرەنجامی هەموو ئەمانە، لە داهاتوودا، تاڵیبانستان و داعشستانێکی دیکە بەبەرهەم دێن!؟

## ئیسلامی عەرەب و عروبە

بە درێژایی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵە، ئایینی ئیسلامی عەرەبی بووە بە خراپترین و زەرەرمەندترین و ترسناکترین کێشە بۆ ئێمەی کورد. لە رابردووی نزیکدا، بەعس و بەعسیزم کێشەیەکی کاتی بوون و کۆتاییان هات، بەڵام لە رابردوو و لە ئێستا و داهاتووشدا ئیسلام کێشە درێژخایەنەکە بووە و دەبێت، هەتا زووتر دەستبەرداری ئیسلامی عەرەبی بین و وازی لێبهێنین، زووتر بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان دەگەین. مێژووی عەرەب و ئیسلام ئەو راستییەی سەلماندووە کە ئیسلام هەر ئایین نییە، بەڵکو فەرهەنگی عەرەبە، شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیزم و لوتبەرزیی و رەگەزپەرستیی عەرەب و عروبەیە. ئسلامی عەرەبی، سەرەکیترین هۆکار بووە بۆ داگیرکردنی نیشتمانەکەمان و بۆ ئەنفال کردن و کۆمەڵکوژی و وێرانکردنی کوردستانەکەمان. ئیتر بەسە، با وەکو نەتەوەیەکی ژێردەستە و نیشتمان داگیرکراو و بەشبەشکراو، بەهۆش بێینەوە و واز لە بێگانەپەرستی و ئیسلامچێتی و فەرهەنگی دواکەوتووانە و پڕ لە توندوتیژی و خوێنرشتنی عەرەب و عروبە بهێنین و خۆمانی لێ ئازاد و سەرفراز بکەین، ئەمڕۆ سەدەی بیست و یەکەمینی مرۆڤایەتییە. ئێمەی کورد بەهۆی ئیسلامی عەرەبییەوە زۆرتر لە ١٤ سەدەیە نیشتمانەکەمان داگیرکراوە و لەلایەن رەگەزپەرستان و دەسەڵاتدارەکانی عەرەب و تورك و فارسەوە دەچەوسێینەوە و هەموو ئەو مێژووە لە پێشکەوتن و کاروانی شارستانێتیی مرۆڤایەتی بەجێماوین، ئیسلام، جگە لە داگیرکردن و سەپاندن، ئیدی هیچ پێوەندییەکی تری بە کورد و کوردستانەوە نەبووە و نییە. هەربۆیە ئەم سەدەیە، دەبێت سەدەی ئاوردانەوەمان بێت لە رابردوو و مێژووی خۆمان، سەدەی هۆشیاربوونەوە و خۆناسین و گەڕانەوەمان بێت بۆ فەرهەنگی رەسەن و پێشکەوتووانە و پڕ لە شانازیی رابردوومان، دەبێت سەدەی ژیاندنەوەی هەست و هۆشی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و کوردایەتیمان بێت. دەبێت سەدەی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان بێت.

# بیژی – زۆڵ

تێبینی: وتارێکی هیچوپووچ و نامرۆڤانە و زیانبەخشی دەروونەخۆشێکم خوێندەوە کە بانگاشەی سزادان و کوشتنی ئەو کۆرپە بێتاوانە و ئەو دایکە دەکات، کە باوکی کۆرپەکەی نەزانراو بێت!؟

لە زمانی کوردیدا، بۆ هەزاران ئامڕازی تەکنیکی و بۆ هەزاران بابەتی ئابووری و پزیشکی و یاسایی و زانستی سروشتی و ....هتد. بیرمان لە هیچ وشەیەك نەکردووەتەوە، بەڵام بۆ هەزاران بابەتی هیچوپووچ و بێ بایەخ و بێ سوود، چەندین وشەو ناو و ناتۆرەمان داهێناوە!؟با جارێ واز لە بواری زمانەوانیی ئەم بابەتە بهێنین و بێینە سەر مانای وشەی (بیژی – زۆڵ).

زۆڵ کێیە!؟

لە کۆمەڵگە پیاوسالا ر ئایینسالار و دواکەوتووەکاندا، بە ناڕەوا و نامرۆڤانە، منداڵێك دەڵێن (زۆڵ یان کۆرپەی نایاسایی) کە ئەگەر باوکی یان دایك و باوکی نەزانراو بێت!؟

لە رووی سروشتی و بایۆلۆژییەوە، هەر منداڵێك لەدایك دەبێت، بەرهەمی جووتبوونی رەگەزی نێر و مێیە، با لێرەدا باسی جۆرەکەی دیکەی لەدایك بوونی کۆرپە نەکەین کە بە نەشتەرگەریی تۆوگۆرکێ دەکرێت.

لەدایك بوونی هەر کۆرپەیەك، لەدایبوونی مرۆڤێك و ژیانێکی نوێیە بۆ مرۆڤایەتی. ئیتر دایك و باوکی زانراوبن یان نەزانراوبن، هیچ لە مرۆڤ بوون و بێ تاوانی و پاك و بێگەردیی کۆرپەکە ناگۆرێت.

دەبێت تاوانی کۆرپەیەکی پەپوولە و فریشتەئاسا چی بێت کە بەرهەمی جووتبوونێکی نایاسایی یان زۆرەملێ بێت!؟

کۆرپەیەك ئەگەر باوکیشی نەزانراو بێت، خۆ کۆرپەی سروشتی و بایۆلۆژیی دایکەکەیەتی، ئیتر ناو و ناتۆرەی (بیژی - زۆڵ) چ مانایەکی هەیە!؟

زۆڵ کێیە!؟

زۆر بەکورتی: زۆڵ ئەو کۆرپە بێتاوانە نییە کە باوکی یان دایکی بە تەنها، یان باوك و دایکی پێکەوە نەزانراوبن، بەڵکو زۆڵ ئەو کەسەیە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی یان لەپێناوی بەرژەوەندیی نارەوای کەسانیتر یان لایەنانێکتردا، زیان بە کۆمەڵگە و بە ژینگەی ژیان دەگەیەنێت، زۆڵ ئەو کەسەیە کە ناپاکی لە نەتەوە و لە نیشتمانی خۆی و لە مرۆڤایەتی دەکات.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە چەندین بلیمەت و سەرکردە و زانای ناوداری مێژووی مرۆڤایەتی، باوکیان نەزانراو و نادیار بووە.

## ڕۆژی دوایی!؟

ئەوانەی باسی ئازاری ناو گۆڕ و ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن، یان بە بەیان کردنی ئەو خەیاڵپڵاوانە، مەبەستێکی تایبەتییان هەیە. یان هەر درۆودەلەسە دووبارە دەکەنەوە. بە گریمانەیەك، ئەگەر مردوویەك زیندوو بۆوە، ئەوکاتە ئەو بۆی هەیە باسی ئەو شتانە بکات، بەو ئەگەرەشەوە کە ئەویش بە مەبەستێکی تایبەتی درۆمان لەگەڵدا نەکات!؟

## سەدەی بیست و یەکەمین

دەبێت هەموو شتێك لە پێناوی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستاندا بێت.

هەتا ئێمەی کورد هەر خەریکی ئیسلامچێتی و خێڵچێتی و ناوچەگەرێتی و تاکپەرستی و حیزبایەتی بین، هەرگیز فێری نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری نابین و ناتوانین یەکگرتوو بین. بەم شێوەیە هەرگیز ناتوانین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمام دروست بکەین. هەتا ماوین هەر وەك ئێستا، نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو و ژێردەستەی بێگانە دەبین!؟

---

تێبینی: لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە بەشدارم لە فەیسبوکدا، بەسەدان وتاری جۆراوجۆی خۆم وکەسان و لایەنەکانی دیکە. بەسەدان وێنە و تابلۆ و وتە و کۆمێنتیم بڵاوکردووەتەوە. ئێستا ژمارەی هاوڕێ بەڕێزەکانم بریتین لە ٣١٥٠. ئەم ژمارەیە، ناوبەناو، بەپێی پێویست کەم و زۆر دەکات، لە ماوەی ئەو ساڵانەشدا بەناچاری ژمارەیەکم لە کەسان ولایەنەکان لە لیستی هاوڕێکانمدا دەرهاویشتوون. بێگومان جگە لە (لایەن و کەسە ئیسلامییە سیاسییەکان، کە ئەمانە لە بازنەی بەرژەوەندییە ناڕەواکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندان)، ئیتر بە شانازییەوە لە هەموو ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕە جیاجیاکان لەناو لیستی هاوڕێکانمدا هەن.

لای برای خۆتان، ویژدان و مرۆڤبوون و مرۆڤپەروەری و ڕاستگۆیی و دادپەروەری، پێوەر و مەرجی سەرەکین بۆ هاوڕێیەتیمان. هیوادارم هەموومان بەگیانی یەکتر ویستن و یارمەتیدانی یەکدی، پێکەوە ڕێبواری کۆڵنەدەری ئەم کاروانە دووروردرێژە خزمەتگوزارییەبین. هەمووتان بەڕێز و خۆشەویستن و سوپاس بۆ هەموو لایەکتان و هەمیشە هەر سەرکەوتووبن و هەر ئاسوودە و شادمانبن.

## ناو

زۆر سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە ناوی ناوم و ناوێکی دێرین و خۆشی کوردیی بۆ هەڵبژاردووم، بەمە ئەرکێکی نەتەوەیی و فەرهەنگیی لەکۆڵ کردوومەتەوە، بێگومان ئەگەر ناوێکی عەرەبی یان ئیسلامییان لێ بنامایە، ناچار دەبووم بیگۆڕم و ئەوەش سەرئێشەی  ناوگۆڕین و کاروباری فەرمیی زۆر بوو.... بە هیوای ئەوەی هەموو ئەو کوردانەی کە بە ناڕەوا و بە هەڵە ناوی نەخوازراویان لێناون، بتوانن بە ئارەزوو و خواستی خۆیان بیگۆڕن.

# پاشکۆکان:

## چەند وشەیەك دەربارەی (بووکی قورئان) لە پاکستان

ئەمڕۆ بۆ ١٤٠٠ ساڵ دەچێت ئایینی ئیسلام تێکەڵی ژیانی کوردەواریمان بووە، جا ئەو ئایینە بە چ شێوە و شێوازێك هێنراوە و هاتووەتە کوردستانەوە و کورد چۆن بووە بە موسوڵمان یان چۆن کراوە بە موسوڵمان, ئەوە ئەرکی ئەم چەند وشەیە نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زانستییانە هەیە و ئەوە کاری مێژوونووسان و باسکارانە. بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا پەڕتووکێك بەزمانی کوردی نییە کە بەڕاستی و بەشێوەیەکی مێژووییانە و بابەتییانە ئەو مێژوو و رووداوانەی تێدا نووسراپێتەوە. تەنانەت (قورئان) یش لە سەدەی بیستویەکەمیندا کراوەتە کوردی کە لێرەدا جێگای خۆیەتی هەزاران تاجە گوڵینەی رێز و ئەمەگ و پێزانین، پێشکەشی سەر گڵکۆ پیرۆزەکەی (مام هەژار) ی نەمر بکەین کە شانبەشانی شاکارەکانی دیکەی ئەو کارە بێوێنەیەشی بۆ مێژوو و فەرهەنگی کوردی ئەنجامداوە و (قورئان)ی تەواو و دروست وەکوو خۆی بۆ وەرگێراوین. خۆزگە (مام هەژار)ی نەمر ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیابا و ئەو کارە گرنگەی ئەنجام دابایە. بەکورتییەکەی ئەم چەند ووشەیە بۆ مەبەستێکی دیکەیە و تایبەت نییە بە باس کردن لەسەر ئیسلام، لێرەوە راستەوخۆ دێمە سەر مەبەستەکە، بەم چەند وشەیە دەمەوێت پەڕتووکێکتان پێبناسێنم و لەنێو ئەو پەڕتووکەشدا باسوخواس و دیاردەیەکی زۆر سەیروسەمەرەتان بۆ بگێڕمەوە کە زۆر نائاسایی و سەرنجڕاکێشە. ئەو پەڕتووکە لەبەرئەوەی زۆر ئەکادیمیانە و بابەتییانە و زانستییانە نووسراوە، زۆر گرنگ و پێویستە وەربگێردرێتە سەر زمانی کوردی. بەڕاستی نامەخانەی کوردەواری پێویستی زۆری بەو جۆرە پەڕتووکانە هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ناوەڕۆکی ئەو پەڕتووکە بە چەند وشەیەك هەڵناسەنگێندرێت و مەبەستی ئەم کورتە نووسینەش ئەوە نییە. با لێرەدا تەنێ بە چەند وشەیەك ئەو پەڕتووکە نایابەتان پێبناسێنم: بۆچی من موسوڵمان نیم؟.... ئەمە ناونیشانی سەربەرگی پەڕتووکەکەیە کە ساڵی 1995 بە زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن نووسەرێکی پاکستانییەوە, بەناوی خوازراوی (ئیبن وەڕاق)ەوە نووسراوە و لەلایەن مامۆستایەکی زانکۆی ئۆکسفۆرد, (ر.یۆزف.هۆفمان)ەوە پێشەکیی بۆ نووسراوە. پەڕتووکەکە ٤٤٢ لاپەڕەی گەورەیە و بریتییە لە ١٤ بەش. لەڕاستیدا ئەم بەرهەمە یەکێکە لە باشترین و پڕ زانیاریترین پەڕتووك کە هەتا ئێستا لەسەر ئیسلام و پەیامبەری موسوڵمانان و مافی مرۆڤ (بەتایبەتی رەگەزی مێ) لە قورئان و یاساکانی ئیسلام (شەریعەتی ئیسلامی) و کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا, نووسرا بێت. نووسەر لەتەك نووسین و بەرهەمهێنانی ئەم پەڕتووکەدا رەنجێکی زۆری داوە وماندوو بووە, کە لەڕاستیدا وەکوو دەڵێن, رەنجی (فەرهادی کورد)ی لەگەڵدا کێشاوە، بەڵام ئەو وەك فەرهادەکەی ئێمە سەرگردان و رەنجبەخەسارچوو نەبووە و بەو کارەی یەکێ لە باشترین و نایابترین پەڕتووك و لێکۆڵینەوەی زانستییانەی پێشکەشی فەرهەنگی مرۆڤایەتی کردووە. نووسەر بەسەدان بەرهەمی باش و زانستییانەی بە زۆر زمانی جیا جیا بۆ خوێندووەتەوە و لەهەمان کاتیشدا ئەزموونی ژیانی خۆیشی یارمەتیدەرێکی باشی بووە بۆ نووسینی ئەو پەڕتووکە. لێرەدا دەبێت ئەو راستییەش باس بکەم کە خوێندنەوەی ئەو پەڕتووکە و گەلێ پەڕتووکی دیکەی لەو بابەتە، کاریگەریی زۆر لەسەر بیرکردنەوە و تێڕامانی خوێنەر

دادەنێن و پرسیار و گومانی زۆری بەرامبەر بە قورئان و ئیسلام و یاساکانی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی, لەلا دروست دەکەن. هەرچەند بەم چەند وشەیە نامەوێت یان باشترە بڵێم ناتوانم باس لە سەرلەبەری ئەو پەڕتووکە بکەم. بەڵام ئەو دیاردە سەیروسەمەرەیەی کە لەنێو ئەو ١٤ بەشەی ئەو پەڕتووکەدا سەرنجی منی بەلای خۆیدا راکێشا و هانیشیدام کە ئەم چەند وشەیە بۆ ئێوەی بەڕێز بنووسم, بەشی ١٤ هەم بوو بەناوی (ژن و ئیسلام) و لەناو ئەو بەشەشدا ئەو بابەتەی کە پێوەندیدارە بە ژیان و مافەکانی (لەراستیدا بێ مافی)ی ژنان و کیژانی (پاکستان) ەوە، بەتایبەتی (بووکەکانی قورئان). هەتا خوێندنەوەی ئەو پەڕتووکە شتێکی لەو بابەتەم نەبیستبوو. هەربۆیە زۆر سەرنجی راکێشام و زۆریش نیگەران و ناشادی کردم کە چ ستەم و تاوانێك لەم جیهانە و لەم سەدەی ٢١ ەمەدا بەرامبەر کچان و ژنانی بێچارەی پاکستان و هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەکرێت و مرۆڤایەتیش بەگشتی بێدەنگە بەرامبەری. هەربۆیە پێمباش بوو بەم چەند وشەیە کورتە ئاماژەیەکی بۆ بکەم. هەتا ئەودەمە بە بیر و ئەندێشەمدا نەهاتبوو کە لەسەر ئەم زەمینە پانوبەرینەدا کیژانێك هەبن شووبکەن یان بەشووبدرێن بە (پەڕتووك) ێکی ماددەی بێگیان, ئەو پەڕتووکەش (قورئان) بێت. ئەم دیاردە سەیروسەمەرە و نامرۆڤانەیە رەنگە هەر لە (پاکستان) دا هەبێت، بەتایبەتی لەناوچەی (سەند) کە ناوچەی بنەماڵە ئەریستۆکرات و فیۆداڵ و سەرمایەدارە گەورەکانە، ئەو خێزانانە لەبەر ئەوەی نایانەوێت لە رێگای هاوسەرگرتن و شووکردنی کچەکانیانەوە تێکەڵی بنەماڵەی دیکەی جیاواز لەئاستی خۆیان ببن، لەبەر ئەم هۆیە و گەلێ هۆی ماددی و ئایینی دیکەوە ئەو دیاردە ناپەسەندە لەو ناوچەیەدا سەریهەڵداوە و ئێستا بووە باو و یاسای ژنوژنخوازییان کە کچە بێچارە و بەستەزمانەکانیان هەر دەبێت لەنێو بنەماڵە و کەسوکاری هەرە نێزیکی خۆیاندا شووبکەن یان باشترە بڵێین بەشووبدرێن. هەربۆیە لە روانگەی ئەم دابونەریتە دواکەوتوو و نامرۆڤانەیەوە, ئەگەر لەنێو کەسوکاری خۆیاندا کوری مام یان کوری پوور یان کوری خاڵ یان نزیکترین خزمی دیکە پەیدا نەبوو, ئەوا ئەو کچە بەستەزمان و بێچارانە ناچار دەکرێن شوو بکەن بە پەڕتووکی (قورئان). دابونەریتی شێوە و شێوازی ئەو جۆرە شووکردن و بەشوودانەش هەر وەکوو شووکردن و بەشوودانی ئاساییە و لە رێگای مەلا و یاسای ئیسلامەیە و وەکوو زەماوەندی شووکردنی ئاساییش، زەماوەندی بۆ دەگێرن. بۆ ئەم مەبەستەش بە ئامادەبوونی هەموو خزمان و کەسوکاری نێزیك, مەلایەك بانگ دەکەن و دەبێت کچەی سەرگەردان دەست بخانە سەر (قورئان) و بڵێت کە من ئامادەم و رازیم شوو بە (قورئان) بکەم و هەموو ژیانم هەر لەگەڵ (قورئان) دا بەسەربەرم و هەموو تەمەنم هەر خەریکی خوێندنەوە و رەوانکردنی سوورەتەکانی (قورئان) بم. ئەو کیژە بەشوودراوە بەو شێوەیە دەبێتە (بووکی قورئان) و پاش ئەم جۆرە بەشوودانە ئیدی هەموو جۆرە تێکەڵبوون و چوونە دەرەوەیەك لەو کچە سەرگەردانکراوە یاساخ دەکرێت و دەبێت هەموو ژیانی لەنێو چواردیواری ماڵەوەدا لەگەڵ زاوای تازە (قورئان) دا بەسەر بەرێت و بەم شێوەیە ئەو مرۆڤە چارەڕەشە بێبەری دەکرێت لە هەموو شادی و خۆشی و پێشکەوتنێکی ژیان و بەو شێوە دەیکەنە دیل و کۆیلەی دابونەریتی دواکوتووانە و نامرۆڤانەی پیاوسالاری و توندڕەوانەی پاکستان. تا ساڵی بڵاوبوونەوەی ئەو پەڕتووکە زۆرتر لە ٣٠٠٠ (بووکی قورئان) لە پاکستان دا هەبوون و لە زیندانی ئەو چەشنە بەشوودانەدا ژیاون و دەژین. بەپێی ئامار و لێکۆڵینەوەی پزیشکی، زۆربەی ئەو کچانە پاش چەند ساڵێك بەهۆی تێکەڵنەبوون و نەچوونەدەرەوەیانەوە، دووچاری گەلێك نەخۆشیی جەستەیی و دەروونی بوون. مەخابن هیچ کەس و لایەنێکیش مافی دەستتێوەردان و خۆتێکەڵکردنیان نییە لەو دابونەریتە

نادادپەروەرییەی لەو کۆمەڵگا پاشکەوتووەدا بەرامبەر ئەو کچە سەرگەردانکراوانە کراوە و دەکرێت تا بتوانن بەرگرییان لێبکەن. یەکێ لەو (بووکانەی قورئان) ووتوویەتی: ( من ئاواتەخوازم لەو سەردەمەدا لەدایك بوو بوومایە کە عەرەبەکان کچەکانی خۆیانیان زیندووبەچاڵ دەکرد. تەنانەت ئەوە باشتر بوو لەم جۆرە ئەشکەنجەیە*). لەکۆتاییدا من وەکوو کەسێکی دڵ نیگەران و خەمخۆر بۆ هەموو ئەو کچە بەدبەخت و سەرگەردانکراوانە، لە هەموو مرۆڤایەتی دەپرسم ئایا ئەمە دادپەروەرانە و رەوایە لەم سەدەی ٢١هەمینەی مرۆڤایەتییەدا، ئەم نارەوایی و تاوانە گەورانە لەگەڵ هەزاران کچی بێتاوان و بێچارەدا بکرێت و بەبێ خواست و ویستی خۆیان بەزۆر بەو شێوە نامرۆڤانەیە بەشووبدرێن و بەناڕەوا و بەبێ تاوان لە هەموو ماف و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنێکی ژیان بێبەش بکرێن!؟.

*پروانە پەڕتووکی:

WHY I AM NOT A MUSLIM , Ibn Warraq , Prometheus Book , .1995 , P .326

ناونیشانی تەواوی پەڕتووکەکە:

Why I am not a Muslim

by Ibn Warraq , 1995

ISBN 0-87975-984-4

Prometheus Book

John Glenn Drive 59

Amherst , New York 14228-2197

USA

29.01.2004

## چەند وشەیەك بۆ مێژوو

محەمەد رەزا شای ئێران کەسێکی گێل و نەزان نەبوو، بەڵام بێئەندازە دیکتاتۆر و ملهوڕ و لووتبەرز بوو. ئامۆژگار و راوێژکارەکانی، هەردەم ئامۆژگارییان دەکرد و پێشنیازیان ئاراستە دەکرد کە ئەوەندە ئەو مەلا عەبابەشان و عەمامەلەسەرانە نەلاوێنێتە و ئەوەندە پارە و زەوی و پلەوپایەیان پێنەبەخشێت، چوونکە هەر ئەوان کە دەتوانن لەسەر تەختی پادشایی و فەرمانڕەوایی بیهێیننەخوارە، هەروەکو ئەوەی کە لەدوا ئەنجامدا روویدا، شا هەمیشە لە وەڵامی ئەو ئامۆژگاری و پێشنیازانەدا دەیگووت، هیچ ترسی ناوێت. من هەموو ئەو مەلایانەم کڕیون و دەستەمۆم کردوون، هەروەها شادەیگووت، ئێمە شانامە و ساواك و سوپامان هەیە، لەبەرئەوە بێخەمبن. پاشان بینیمان هەر ئەو مەلایانە بە چی شێوەیەك بە فریودانی میللەت تەختوتاراجی شایان هێنایە خوارەوە و کۆتاییان بە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهیی ئێران هێنا و خۆیان بوون بەجێنشینی شا و بوون

بە تاکە فەرمانڕەوای ئێران. ئەوە ماوەی ٣٥ ساڵە لەسەر کورسیی دەسەڵات ماونەتەوە و ئێرانیان گەڕاندووەتەوە بۆ چەند سەدەیەك پێشتر. لێرەوە پێویستە ئەو پرسیارە لە سەرانی دەسەڵاتی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بکەین و لێیان بپرسین، ئایا ئێوە لە شای ئێران و بنەماڵەی پەهلەوی زیرەکتر و لە ئێرانی ئەو سەردەمەبەهێزتر و بەتواناترن!؟ ئێستا ئەوەی کە دەیبینین، هەمان مێژوو و هەمان ئەزموون لەلایەن ئەم دەسەڵاتە کوردییەوە دووبارە دەکرێتەوە. دەسەڵاتی کوردی تەواو پەتی بۆ مەلاکان شل کردوە و بە هەموو شێوەیەك کۆمەك و یارمەتییان پێشکەش دەکەن و لە هەمووکار و کردەوە و بیروڕایەکیاندا پشتیوانییان لێدەکەن و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ دەکەن. مەلاکانیش بە ئارەزووی خۆیان و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراو و تەعریبچییانەی پاڵپشتییان، کورد و کوردستان بەعەرەب دەکەن و تۆوی پووچپەرستی و خورافیات لەناو میللەت و بەتایبەتی لەناو لاوانی بێئەزموونی کوردستاندا بڵاو دەکەنەوە. بەبێئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێبکرێت، بەئاشکرا فەتوای کوشتن و شاربەدەرکردن و نیشتمانبەدەرکردن بۆ ڕۆشنبیران و ئازادبیران و دڵسۆزانی کوردایەتی دەردەکەن و دەست دەخەنە هەموو کاروبارێکی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە. بە ئارەزوو و ویست و پێداویستیی بەرژەوەندیی خۆیان و ئەو گروپە بێگانەپەرست و نۆکەرانەی تورك و عەرەب و فارسەوە، هەرچییان بوێت دەیڵێن و دەینووسن و ئەنجامی دەدەن. دەسەڵاتیش لاواز و بێهەڵوێستە بەرامبەریان و هەر خەریکی کۆمەککردن و ماستاوکردن و ئاسانکاری کردنن بۆیان. ئەو ڕووداوانەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بینیومانن و ئەم هەڵوێستەی ئەمڕۆی سارانی دەسەڵاتی کوردی تێیدان، هەموو ئەوەمان پێدەڵێن کە نیشانەکانی هەرەسهێنان و تێشکانی ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان نزیکبووەتەوە و ئەمانیش هەر وەکوو شا و بنەماڵەی پەهلەویی ئێران، بەدەستی مەلاکان و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی بێگانە، کۆتاییان پێدێت و کوردستان دەبێتە ئەفگانستانی سەردەمی تاڵیبان. ئەوکاتەش ئێمەی کورد بە دەیان ساڵیترمان دەوێت تا دەگەینەوە بەسەردەمی ئێستا. ئەم وشانە لەڕووی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارێتییەوە نووسراون و ئەرك و فەرمانی سەرشانی هەموو کورد و کوردستانییەکی خەمخۆر و دڵسۆزە کە سەرانی دەسەڵاتی ئەمڕۆی باشووری کوردستان لە چارەنووس و ئەو داهاتووە پڕ لە کارەسات و تراژیدیایە، هۆشیار بکەنەوە. ئەمڕۆ باشووری کوردستان و کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێری نەزانی و پووچپەرستی و تاریکستان هەنگاو دەنێت. تەنها زەرەرمەندێکیش هەر ئێمەی کورد، خۆمان دەبین.

## ڕاگەیاندن و یاسا لە باشووری کوردستاندا

لە باشووری کوردستان، بە بەراوورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا، بە بەراوورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانیدا، زۆرترین ژمارەی کەناڵی تی ڤی و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە و ساڵنامەی هەیە. زۆرترین ژمارەی ڕۆژنامەنووس و بێژەر و ڕاگەیاندنکاری هەیە، ئەمانە لەشکرێکی گەورە پێکدەهێنن و بوودجەیەکی تۆکمە لەسەر بوودجەی میللەت کەوتوون و دەکەون. ئەم ڕاگەیاندنە کوردییە، ڕاگەیاندنێکی پیشەکار و ڕێکوپێك و ڕاسگۆ و باوەڕپێکراو نییە. ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارەکانیش کەسانی سەربەخۆ و بێلایەن نین، هەر هەموویان یان سەر بە بەرپرسێکی بەدەسەڵاتن یان کار بۆ لایەنێکی سیاسی دەکەن و بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەڵێن و دەنووسن و دەکەن. ئەمە ڕاستیی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستانە و نکوڵیی لێناکرێت. ڕۆژانە چەندین

هەواڵی نادروست و بوختان و درۆدەلەسەی ئاشکرا و شێوێنەر و ئاژاوەچییانە بڵاو دەکەنەوە. بەرژەوەندیی ئەو کەس و لایەنانەی کە کاری بۆ دەکەن، چی بخوازێت، هەر ئەوە جێبەجێ دەکەن. بێباکن لە خەڵك شکاندن و زڕاندنی ناوبانگی هەر کەس و لایەنێك کە پێویست بکات، بێباکن لە کەسایەتی و ژیان و چارەنووسی خەڵك. هیچ لێپرسینەوە و لێپێچینەوە وە و سزایەکی یاساییش نییە و یاسا و دادگە و دادوەر، دادپەروەر نین و تەنها بە کەسانی هەژار و بێدەسەڵات و بێ پشت و پشتیوان دەوێرن. سەدان بکوژ و تاوانبار بە ئازادی دەژین و هەندێکیان بەرپرس و دەسەڵاداریشن و کەسیش بۆی نییە و ناتوانێت لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێت!؟ لە ساڵانی ڕابووردوودا لەشکرێك لە کچان و ژنانی کوردستان بە تۆمەت و بوختانی ئاپروو و ناپاکیی ڕەوشتییەوە کوژراون و سوتێنراون و خنکێنراون و پارچەپارچەکراون، لەشکرێك لە کچان و ژنانی کورد، بێڕێزی و سووکایەتییان پێکراوە و مافە مرۆڤییە ڕەواکانیان پێشێلکراوە و بە دڕندانەترین شێوە و شێواز ئازار و ئەشکەنجە دراون و چەوسێنراونەتەوە، بەرامبەر ئەمە هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی نەبووە و نییە!؟ سەرباری هەموو ئەم کارەساتانەش، سوپایەکی گەورە لە ناپاك و خۆفرۆشتوو و سیخووڕی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبوونەتەوە و بە ئاشکرا و بە ئارەزووی خۆیان کاری سیخووڕی و ئاژاوەگێڕی و تێکدەری دەکەن. یەك لەشکری گەورەش لە مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینیی ئیسلامی سیاسی و مجێور و فەقێ و خوێندکاری ئایینی، ڕۆژانە لە سەر سەکۆی مزگەوتەکان و لەناو تەکێ و بنکە و دامەزراوە ئایینییەکانەوە، لە ڕێگەی ئیسلامی عەرەبییەوە، خەریکی برەودان بە جیهاد و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و خورافیات و ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی و عروبەن، خەریکی بنبۆش کردنی دەسەڵاتی کوردی و دوژمنایەتی کردنی کوردایەتی و بێڕێزی و سووکایەتی کردنن بە هەموو پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان و لە هەوڵی بە پاشکۆ کردنی کورد و کوردستانن بە عروبە و وڵاتە عەرەبییەکانەوە، ئەگەر هەست و هۆش و گیانی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بوونی هەبووایە، ئەگەر یاسا هەبووایە و بە یەکسانی بەرامبەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە جێبەجێبکرایە، ئەگەر مافی مرۆڤ و مافی تاك هەبووایە و ڕەچاوبکرایە، دەبووایە ئێستا بەرامبەر ئەو هەموو ناپاکی و سیخووڕی و ئاژاوەگێڕی و تێکدەرییە، بەرامبەر ئەو هەموو کوشتوکوشتار و سوتاندن و خنکاندن و پارچەپارچەکردن و لەناوبردن و ئازار و ئەشکەنجە و بێڕێزی و سووکایەتی پێکردن و چەوساندنەوە و نادادپەروەرییانەدا، باشووری کوردستان خاوەنی گەورەترین و زۆرترین ژمارەی بنکەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و بەندیخانە و زیندان بووایە!؟ ئەمە ڕاستیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و میدیایی و یاسایی باشووری کوردستانە. بەم شێوەیە، باشووری کوردستان خەریکە لەدەست دەچێ و کار لەکار دەترازێت. دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەخابن، کەسە پاك و دڵسۆز و بێلایەنەکان هیچ ماف و دەسەڵاتێکیان نییە و هیچیان بۆ ناکرێت و هیچیان بۆ ناگۆڕدرێت. وا پروات، هەموو شتێکمان لێتێکدەچێتەوە و چیمان بنیات ناوە، هەمووی بۆ ئیسلامی سیاسی و بۆ عەرەب و عروبە دەمێنێتەوە. ئەم ڕەوتی بێ یاسایی و نادادپەروەری و پاشاگەردانییە هەروا بەردەوام بێت، هەڵدێر و تاریکستان و ڕەشترین چارەنووس، دوا هەنگاومان دەبێت.

## پێش دوژمنان و داگیرکەرانمان، خۆمان دژ و دوژمنی خۆمانین!؟

ئەوەی بەعسییە فاشیستەکان دژی کورد و کوردایەتی نەیانتوانی یان فریا نەکەوتن ئەنجامی بدەن، خۆمان بە زیادەوە بۆمان تەواو کردن.

- لە سەردەمی بەعسدا، ژمارەی هەموو ئەو بەعسییە عەرەبانەی کە لە کوردستانبوون، نەدەگەیشتە سەد هەزارکەس، ئێستا زۆرتر لە میلیۆنێك لە کەسوکاری ئەو بەعسیانە لە باشووری کوردستاندا نیشتەجێکراون و پۆز بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی کوردستاندا لێدەدەن. بێگومان دەبێت ئەو داهاتووە کارەساتاوییەش بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەمانە بە شەڕ و خوێنڕشتن نەبێت، گەڕانەوە لەبەرنامەی ئێستا و داهاتووی ژیانیاندا نییە!؟

- لە سەردەمی بەعسدا، ئەو چەند شانە سڕبووانەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە خەویشدا بیریان لەوە نەدەکردەوە و نەیاندەوێرا لەبەر ئاڵای عێراق و مارشی عێراقی هەڵنەسن و بێ ڕێزی و سووکایەتی بە ئاڵای عێراق و مارشی عێراقی بکەن. بەڵام ئێستا کەسان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکان، بە ئازادانە، بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە، بێ ڕێزی و سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان دەکەن، بەرامبەر هەموو ئەمانە، هیچ کاردانەوەیەك و لێپرسینەوە و سزادانێکیش بوونی نییە!؟

- لە سەردەمی بەعسدا، جگە لە هێزی پێشمەرگەی شاخ و شۆڕش، لەناو شار و شارۆچکەکانیشدا نووسەران و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و خوێندکارانی تێکۆشەر و کوردپەروەر، گوتاری بەرگری و هەڵوێستی شۆرشگێڕانەیان بەرامبەر کاروکردەوەکانی بەعسییەکان هەبوو و تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوە و کوردایەتی ڕێبازی گشت دڵسۆزانی میللەت بوو. ئێستا ئەو گیانی تێکۆشان و بەرەنگاری و کوردایەتییە گۆڕاوە بە هەڵپەی پلەوپایە بەدەستهێنان و زەوی وەرگرتن و مسۆگەرکردنی مووچەی موفتی خانەنشینی!؟

- لە سەردەمی بەعسدا، میللەت، بەرامبەرکاروکردەوە دڕندەییەکانی بەعسییە فاشیستەکان، بە گشتی یەکگرتوو بوون و خەڵك هەموو یەکتریان خۆشدەویست و گیانی هاوکاری و هاوسۆزی و ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکتری، شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوە و زۆرداری و دڕندەییەکانی بەعسییەکان بوو، بەڵام ئێستا بە دەگمەن ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکتر هەست پێدەکرێت و میللەت دابەش بووە بەسەر چەندین حیزب و چەندین گروپ و دارودەستەی دژ و دوژمن بە یەکتریدا!؟

- لە سەردەمی بەعسدا، هەموو ئەو ڕۆڵە ئازا و دڵسۆز و تێکۆشەرانەی کە بەعسییەکان لەشاخ و لەناو شۆڕش دەستیان پێیان نەدەگەیش کە لەناویان بەرن، خۆمان بە شەڕی ناڕەوای یەکترکوشتنی ناو خۆمان چەند هەزارێکمان لەناوبردن و بە هەزاران کوردی پاك و دڵسۆزیش ئێستا بوون بە دژ و دوژمنی خوێنەخۆری یەکتری!؟

پرسیارێك ماوە کە بکرێت: چیتر ماوە بیکەین کە دژ یە خۆمان نەمانکردبێت!؟

## سوپای نیشتمانی

بەهۆی نەبوونی سوپای نیشتمانیی یەکگرتوو و سەربەخۆوە، بەدەست چەتە تێرۆریستەکانی داعشەوە گیرمان خواردووە!؟

تکایە، ئەزموونەکەمان جارێ ساوایە و ئێستا لە شەڕداین و کەس رەخنە نەگرێت!؟

ئەگەر چاوێك بە ئامارەکانی ژمارەی سەربازەکان و ژمارە و جۆری چەکەکانی سوپای دەوڵەتانی جیهاندا بخشێنین، باشتر ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە بوونی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانیی سەربەخۆ و پڕچەککراو و ئامادەکراو، چەند پێویست و گرنگن بۆ هەموو دەوڵەت و میللەتێك. لە مێژوودا، هەموو ئیمراتۆرێتییەکان، هەموو دەوڵەتان، تەنانەت گشت هۆزە جیاجیاکانیش، هەمیشە هەر خەریکی زۆرتر کردن و پڕچەککردنی سوپاکانی خۆیان بوون. بێگومان هەموو دەوڵەتێك پێویستە و دەبێت خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیی گەورە و بەهێز بێت و بەردەوام بەهێزتر و باشتر و کۆك و پۆشتەتریان بکەنەوە. چونکە سوپا، یەکێ لە پێویستترین کۆڵەکەکانی پاراستنی هەموو دەوڵەتێکە. زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان، تەنانەت ئەو دەوڵەت و وڵاتانەی کە لەسەر ئاستی جیهان گەورەهێز و دەسەڵاتدارن و هیچ هەڕەش و مەترسییەکیشیان لەسەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر بەردەوام بوودجەی سوپاکانیان زۆرتر دەکەن و لەباری چەندێتی و چۆنێتییەوە و زۆرتر و بەهێزتریان دەکەن. بەم شێوەیە پاراستن و مانەوەی خۆیان بەرامبەر بە هەموو ئەگەر و پێشهاتێکی هەڕەشەئامێز و مەترسیداری دەرەکی مسۆگەر دەکەن.

پرسیارەکە لێرەدا بۆ ئێمەی کورد ئەمەیە: ئایا میللەتێك خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبێت و ژێردەستەی چەند نەتەوەیەکی سەردەستەی دەوڵەتداری داگیرکەر و زۆردار بێت، نیشتمانەکەی دابەشکراو و داگیرکراو بێت، پاراستن و مانەوەی ژیانی لەسەر خاکی خۆی، نادڵنیا و نامسۆگەر بێت، ئیتر دەبێت بوونی سوپایەکی نیشتمانیی یەکگتروو و سەربەخۆ و پڕچەککراو و ئامادەکراو و بەهێز، چەند پێویست و گرنگ بێت بۆی!؟

لەم سەدەی ٢١ هەمینەدا ئێمەی کورد چەند دەرفەتێکی زێرینی مێژووییمان بۆ هاتە پێشەوە کە خۆمان بەهێز و یەکگرتوو بکەین و ئەوانەی پێشتر نەماندەزانی، هەوڵ بدەین فێریان ببین و ئەوانەی پێشتر بۆمان نەبوو هەمان بن، ببین بە خاوەنیان، بەڵام بەداخەوە خاوەنی سەرکردە و سەرکردایەتیی و سیاسەتمەداری نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و دووربین نەبووین و نین کە دوور پروانن و بیر لە داهاتووی نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەنەوە. ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەك دەچێت لە باشووری کوردستاندا ئازادین و تا ئەندازەیەك نیوە سەربەخۆین و خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین و بێگانە باڵادەستیی بەسەرماندا نەماوە و زۆر رێگە و دەروازەی گرنگ و مسۆگەریشمان لەبەردەمدا کرابۆوە کە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پێوەندیمان هەبێت و بتوانین ئەم ئازادی و دەرفەتە بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بەکار بهێنین کە بێگومان بەر لە هەر شتێك دەبووایە بیرمان لە پێکهێنانی سوپایەکی نیشتمانیی یەگرتوو و سەربەخۆ بکردایەتەوە و زۆرترین بوودجەمان بۆ گەورەترکردن و چەکدارکردن و بەهێزترکردنی ئەو سوپایە تەرخان بکردایە و ئێستا دەبوویایە خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیی سەربەخۆ و پڕچەککراو پەروەردەکراو و ئامادادەکراو بووینایە. بەڵام زۆر بەداخەوە،

لەبری دوروست کردنی سوپای نیشتمانی، تەنها بیرمان لە دروست کردنی سەدان هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی نیشتمانی کردەوە و زۆرترین بوودجەی میللەتمان لە دروست کردنی مۆڵی گەورە و باڵەخانەی بەرز و گوندی ئەوروپی و ئەمەریکی و باخ و ڤێلای دەرەوەی شارەکان و دواهەمین مۆدێلی ئۆتۆمبێل و خانوو و تەلاری گەورەدا خەرج کرد و بە سەدان ئاهەنگی گەورەمان بۆ گۆرانیبێژە بێگانەکان ساز کرد و لەسەر خەرجیی میللەت بەو پەڕی ڕێزەوە بانگهێشتنی کوردستانمان کردن و بە گیرفانی پڕکراو و ئاخنراوەوە ڕەوانەی وڵاتی خۆیانمان کردنەوە. ئەمانە گشتیان لەسەر بوودجەی میللەتی هەژار و ڕەشورووت و برسیی کوردستان!؟ ئەنجامەکەیشی ئەمەیە کە ئێستا بە دەست چەند سەد چەتەیەکی تێرۆریستی سەرسەریی بەکرێگیراوەوە لە شەنگال و جەلەولا گیرمان خواردووە و ئەو دوو شارۆچکەیەمان بۆ رزگار ناکرێتەوە و ناتوانین لەژێر دەستی چەند سەد داعشێکدا دەریان بهێنینەوە!؟ لە هەمووی سەیروسەمەرەتر، پێمان دەڵێن نابێت کەس ڕەخنە بگرێت چونکە ئێستا لە شەڕداین و هەڕەش و مەترسیی داعشمان لەسەرە!؟ ئەی با بپرسین بۆچی ٢٤ ساڵ لەمەبەر بیرتان لەوە نەکردەوە کە ئێمە میللەتێکی ژێردەستە و بێ دەوڵەت و بێ سوپا و بێ هێز و بێ چەکین و لەلایەن چەند دوژمن و داگیرکەرێکی سوپادار و بەهێز و زۆردار و بێ ویژدان و دڕندەوە گەمارۆ دراوین و هەمیشە هەڕەشە و مەترسیی داگیرکردنەوە و ژێردەستەکردنەوە و کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانی و دەربەدەرکردنمان لەسەرە، ئەی بۆچی بیرتان لەم ڕۆژە ڕەشە نەکردەوە!؟ ئێستا، هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی و مۆڵی گەورە و باڵەخانەی بەرز و گوندە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان و باخ و ڤێلا گەورە و گرانبەهاکانتان فریای خۆتان و دەسەڵاتەکەتان و میللەت ناکەوێت، ئەوەی فریای میللەت دەکەوێت، تەنها ئەو سوپا نیشتمانییە گەورە و بەهێزە بوو کە بیرتان لە پێکهێنان و ئامادەکردنی نەکردەوە!؟

بەڵام توانیتان و ڕێگاتان دا کە ٥٢٣٠ مزگەوتی عەرەبی و سەدان حوجرە و نووشتەخانە و جادووگەرخانە دروست بکرێن، هەر لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو٢٤ ساڵەی باشووری کوردستاندا، چەندین باند و گرووپی ئیسلامیی بەکرێگیراوی و دوژمنانی کورد و داگرکەرانی کوردستان سەریان هەڵداوە و بوون بە خاوەنی زۆرترین جەماوەر و بەشداریشن لە دەسەڵات و بەشە بوودجەی میللەتدا!؟

ئێستا لە باشووردا، یەك لەشکر جاش داعشی ئامادە و خۆمەڵاسداو بوونی هەیە کە لە ئێستا و داهاتوودا گەورەترین و ترسناکترین هەڕەشە و مەترسین بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان!؟

لە دواجاردا دەبێت بڵێین: سوپاس بۆ ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان کە ئێستا لەگەڵماندان و پشتیوانیمان دەکەن و لە داعش دەمانپارێزن، ئەگەرچی و با بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیشیان بێت، بەڵام هەر دەبێت سوپاسگوزاریان بین و زۆر سوپاسیان بکەین.

## زۆر بەداخەوە ئێمەی کوردانی باشوور، بە هەموو شێوەیەك فەشەلمان هێناوە

لەماوەی ٢٤ ساڵ ئازادی و خۆبەڕێوەبردنماندا:

- توانیمان یەك لەشکر میلۆنێر و میلیاردێری بێ رابووردی بازرگانی و بێ رابووردووی نیشتمانپەروەری بەبەرهەم بهێنین.

- توانیمان یەك لەشکری گەورە لە مەلا و بانگخواز و مامۆستای ئایینی و مجێور و فەقێ و نووشتەباز و جادووگەری بێ بەرهەم و مشەخۆر و ئیخوانچی و سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و وەهابی و تەعریبچیی ئیسلامی سیاسی دروست بکەین و باڵادەستیان بکەین بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەماندا کە ئێستا بوون بە کێشە و بەڵا بۆ کورد و کوردایەتی!؟

بەڵام:

- نەمانتوانی لەنێو خۆماندا تەبا و یەکگرتووبین و ئاشتیی نێوخۆییمان بپارێزین.

- نەمانتوانی کشتوکاڵی نیشتمانیمان ببوژێنینەوە تا پێویستمان بە بەرهەمە ژەهراوی و ڤایرۆساوی و شێرپەنجاوییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر و دوژمن نەبێت.

- نەمانتوانی بنچینەیەك بۆ ئابووری و پیشەسازیی نیشتمانی داپڕێژین و هیچ نەبووایە ساڵی کارگەیەکمان دابمەزراندایە، ئێستا خاوەنی ٢٤ کارگەی بەرهەمهێنەری خۆماڵی دەبووین.

- نەمانتوانی بەو گومرگ و داهاتی بازرگانی و بوودجە تۆکمە فرە زۆرەی هاتە دەستمانەوە، بە هەزاران خوێندکار لە کچان و کورانی هەژارانمان بنێرینە وڵاتە پێشکەوتوو و خاوەنشارستانییەکان تا ئێستا بە هەزاران خاوەن دیپلۆم و کارنامەی بەرزی پزیشکی و تەکنیکی و کارگێری و کادێری خۆپێگەیاندوو و پێشکەوتوو و ئامادەی گشت بوارە گرنگەکانی ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمان هەبووایە و بەم لەشکرە گەورەیە بمانتوانیایە بنچینەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و کوردستانیمان داپڕێژایە.

- نەمانتوانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان یان سوپای یەکگرتووی نیشتمانی دروست بکەین و رێگری لە دروستبوونی میلیشیا و چەکدارانی نانەتەوەیی و نانیشتمانیی نابەرپرسیار و بێسەروبەری حیزب و بەرپرسەکان بکەین.

- نەمانتوانی کوردستانێکی سەوز و ژینگەیەکی تەندروست بنیاد بنێینەوە و نیشتمانەکەمان بکەینە شوێنگە و سەیرانگایەکی گەشتوگوزاری گەشتیارانی جیهان و سەرچاوەی داهاتێکی زۆر بۆ باشترکردنی ژیانی هاونیشتمانیانمان.

- نەمانتوانی سیستمی پەروەردە و فێرکاریی پاشماوەی بەعس و بەعسیزم هەر لە بنەڕەتەوە بگۆڕین و سوودی پێویست لە سیستمە هەرە پێشکەوتووەکانی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان وەربگرین.

- نەمانتوانی دەستوور و یاسایەکی سەردەمیانە و پێشکەوتووانە و شارستانیانە بنووسینەوە و بیچەسپێنین کە تایبەت بێت بەخۆمان و گونجاو بێت لەگەڵ هەموو دابونەریتە رەسەن و جوانەکانماندا و یاسا سەروەر بێت و هەموو هاونیشتمانییەك ئازاد و یەکسان بوونایە بەرامبەر یاسا و گشت ئەرك و مافە رەواکانیان پارێزارو بووایە.

- نەمانتوانی لە خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە دەست پێبکەین و سیستمێکی تەندروستانەی مرۆڤپەروەرانە پێرەو بکەین و کچان و کورانی خوێندکارمان تێکەڵی یەکتر بکردنایە و پێکەوە بە ژیان و بە پەروەردە و بە فێرکاری و بە خوێندن ئاشنا بوونایە و بنچینەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو سەردەمیانە و شارستانیانەمان داپڕێژایە تا وەك ئێستا بەیەکتر نائاشنا و نامۆ نەبوونایە.

- نەمانتوانی سیستمێکی تەندروستی و پزیشکیی سەردەمیانە و پێشکەوتوو پێك بهێنین تا هەموو هاونیشتمانییەك بە یەکسانی سوودمەند بوونایە لە خزمەتگوزارییە تەندروستی و پزیشکییە خۆرایی و مسۆگەرەکان.

- نەمانتوانی یەك لەشکر وەرگێڕ و کۆمەڵناس و دەروونناس و مامۆستا و پزیشك و تەکنیککار و تەکنۆکار و دیپلۆمات و سیاسەتمەدار لێهاتوو و دڵسۆز پەروەردەبکەین و پێیان بگەیەنین بۆ زخمەتکردنی زۆرتر و زۆرتری ئێستا داهاتووی نەتەوە و نیشتمانەکەمان.

لێرەدا با ئەم نووسینە درێژتر نەبێتەوە، دەبێت بڵێین: لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەی رابووردووماندا کە لەدەستامان چوو، لەم هەلە مێژووییە زێرینەماندا، ئەو ئەرك و فەرمان و پێداویستییە گرنگ و هەرە پێویستانەی کە دەبووایە بیرمان لێبکردانایەتەوە و بەرنامە و پلانمان بۆ داپڕێژانایە و جێبەجێمان بکردنایە، دروست پێچەوانەکانیانمان جێبەجێکردن. زۆر زۆر بەداخەوە.

## پێویستە هەمووان بیر لە رێگەچارەیەکی چارەنووسسازانە بکەینەوە

لە ساڵانی رابووردوودا، لەلایەن سەدان نووسەر و رۆشنبیر و مامۆستا و خوێندکار و کەسانی خەمخۆر و کوردپەروەری دیکەوە، چ بە نووسین و چ بە لێدوان و چ بە چەندین شێوازی تر، لەسەر سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتیی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و بوودجەی نیشتمان و میللەت و لەمەڕ هەڕەشە و مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسییەوە وتراون و نووسراون و بڵاوکراونەتەوە و ئاراستەی لایەنە پێوەندیدارەکان و گەورە هێزەکان و بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان کراون، بەڵام هەموویان بێ وەڵام بوون و هیچ گۆرانکارییەکی ئەرێتی و دڵخۆشکارانە نەبینراون و ئەنجام نەدراون. وا دیارە ئەم دەسەڵاتدار و دەسەڵاتە سیاسییەی ئێمە نە چاویان هەیە تا ڕاستییەکان ببینن و نە دەمیان هەیە تا وەڵامی راستییەکان بدەنەوە و نە گوێیان هەیە تا راستییەکان ببیستن. ئەی بەڕاست چارە چییە و چیتر بکرێت باشە!؟

- رۆژ بە رۆژ بارودۆخی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان خراپتر و خراپتر دەبێت.

- کێشە و کارەساتی ئێزیدییەکان و داگیرکاریی شەنگال و ناوچەکانی دیکەی ژێردەستی داعشە تێرۆریستەکان، وەکو خۆیان بە هەڵواسراوی و چارەسەنەکراوی ماونەتەوە!؟

- هەمووان بەچاوی خۆمان دەبینین کە گەنجەکانمان، (گەورەترین سەرمایەی مرۆڤیی کۆمەڵگەکەمان)، بە لێشاو نیشتمان بەجێدەهێڵن و روو لە هەندەران دەکەن.

- بوودجە و داهاتوو داراییەکان، روون و ئاشکرا نین و نازانرێن چیان لێ دێن و چییان بەسەر دێن، بانکەکان پارەیان تێدا نەماوە و ئاڵوگۆری پارە و بازرگانی وەستاوە!؟

- کێشەکانی بێکاری و کرێچێتی و کارەبا و ئاو و سووتەمەنی پاش ٢٤ ساڵ، هەر بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە!؟

- مووچە پراوە و نییە و فەرمانبەران و مووچەخۆران کەوتوونەتە تەنگەژەیەکی زۆر ناخۆش و کارەستباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

- رۆژ بە رۆژ مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی و فەقێ و خوێندکاری ئایینی زۆرتر دەبن و بەهێزتر و دەستڕۆیشتووتر و باڵادەستر دەبن و بەرنامە و پلان و خواست و ئارەزوو و مەرجە دواکەوتوو و ناپەسەندەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن!؟

- رەوتی ئیسلامی سیاسی، ژێربەژێر بەردەوام کاری خۆیان دەکەن و بە زەبری پێترۆ-دۆلاری سعودییە و قەتەر و ئێران و تورکیا و لایەنە ئیسلامییە جیهانییەکان، منداڵان و لاوان بەلای خۆیاندا رادەکێشن و دەیانکەن بە دۆست و لایەنگری و شوێنکەوتوو و ئەندانی خۆیان.

- گەورەهێزەکان و لایەنە کوردی و کوردستانییەکان، لەبری ئەوەی خەریکی دۆزینەوەی رێگەچارەی کردەنی و گونجاوبن، بە پێچەوانەوە، سەرگەرمی دژایەتی و دوژمنایەتی یەکترین و ئاگایان لە میللەت و دیاردە خراپە سەرهەڵداوەکانی ناو کۆمەڵگە نییە.

- کۆچبەران و عەرەبی هاوردە و نیشتەجێبوو، رۆژ بە رۆژ بەناوی ئاوارەبوونەوە، لە باشووردا، زۆرتر و زۆرتر دەبن و بە ئارەزووی خۆیان زەوی و شوێنی نیشتەجێ بوون دەکڕن یان بەکرێی دەگرن و خۆیان بۆ هەمیشە داکوتاوتر دەکەن و پاشان بارودۆخەکە بە بەبنبەست دەگات و ناردنەوەیان دەبێتە کارێکی نەکراو و ئاستەم و بەم شێوە و شێوازە، باشووری کوردستان بە میراتی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە!؟

- بە هەزاران کێشە و تەنگەژەی جۆراوجۆری نەخوازراو سەریانهەڵداوە و دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی سیاسی، خۆیانی لێ ناکەن بە خاوەن و وەك دەڵێن: مێش میوانیان نییە. هیچ بەرنامە و پلانێکی گونجاو کە شایانی جێبەجێ کردن و چارەسەر کردن بێت نییە و هەتا ئێستا بیریشی لێنەکراوەتەوە!؟

- دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، دەستەوسان ماونەتەوە هیچ رێگەچارەیەکیان بۆ ئەو کێشە و تەنگەژە و هەلومەرجە مەترسیدارە نەتەوەیی و نیشتمانیانە پێ نییە.

- تکایە تا بەتەواوەتی کار لە کار نەترازاوە و باشووری نیشتمانە خۆشەویستەکەمان لە دەست نەچووە، کارێك بکەین و بیر لە چەند گریمانە و پێشنیاز و رێگەچارەیەکی باشتر و گوجاوتر بکەینەوە و چارەسەرێك بۆ ئەو دیارە خراپ و بارودۆخە ئاڵۆز و بارگاوییانە بدۆزینەوە.

- ئایا دامەزراوە میدیاییەکان و میدیاکارانی باشووری کوردستان، ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەنن و لە خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستاندان، یان هەر یەکەیان دروستکراو و مووچەخۆر و بەکرێگیراوی لایەنێك یان بەرپرسێکی دەسەڵاتی سیاسین، ئایا ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و نووسینە دوورودرێژانەی کە ڕۆژانە بڵاودەکرێنەوە، دەخوێنرێنەوە، هیچ گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤانە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ژیانی کۆمەڵگەکەماندا دروست دەکەن!؟

- ئایا دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان، هەر بە هەمان شێوە و شێوازی رابووردوو دەیەوێت میللەت بەڕێوەبەرێت و هەر ئەو کەسایەتییانەی رابووردووبن و هیچ ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەك لە سیستمی دەسەڵات و سیاسەت و سەرکردە و سەرکردایەتییەکاندا روونەدات!؟

- ئایا ئێمەی کوردی باشوور، وانە و پەند و ئامۆژگاریمان لە مێژووی خۆمان و میللەتان و دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان وەرگرتووە و لە کارکرد و جەبری مێژوو تێگەیشتووین!؟

- ئایا دروست کردنی لایەنێکی سیاسیی نەتەوەیی پێشکەوتوو و چاکسازانە و سەردەمییانە زۆر گرنگ و پێویست نییە بۆ ئەمڕۆی باشووری کوردستان، ئایا دەسەڵاتی کوردی مۆڵەتی یاسایی بە هەبوونی پارتێکی نەتەوەیی کوردی دەدات، یان هەر وەکو رابووردوو دەنگ و هاواری کوردایەتیی نەتەوەییەکان سەرکوت دەکات و چالاکییەکانیان یاساخ دەکات!؟

- ئایا ئەم بارودۆخە ناهەموار و نەخوازراوەی کە ئێستا تێدا دەژین، هەر بەردەوام دەبێت و هەوڵ نادەین هیچ گۆڕانکارییەك لە شێوەی بیرکردنەوە و شێوازی کاردکردن و رەوتی ژیانی خۆماندا بکەین!؟

## هاوشێوەی باشووری کوردستان، لەسەر گۆی زەوی بوونی نییە

روون و ئاشکرایە کە ئەمڕۆ ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەبەردەم هەڕەشە و مەترسیی پشێویی ناوخۆ و دەستتێوەردانی دەرەکیدایە.

باشووری کوردستان، بێ خاوەنترین پارچە زەویەکە کە بۆ سیاسەت، بەناڕەوا ناویان لێناوە: (هەرێم)، واتە (هەرێمێکی عێراقی عەرەبی!؟)، نەك باشووری کوردستان، وەك بەشێکی سروشتی و مێژوویی و تەواکەری کوردستانی گەورە!؟

لەم بەشەی کوردستاندا، لەوپەڕی جیهانی عەرەبی و تورکی و ئێرانییەوە وەرە و بە ئارەزووی خۆت بە ئازادانە کۆمپانیا دابمەزرێنە، پارچە زەوی، خانوو، شووقە، دوکان، سوپەرمارکێت، مۆڵ، گەراج، بکڕە و هیچ وشەیەکیش کوردی فێر مەبە و بە زمانی خۆت بە ئازادانە بدوێ و بمێنەرەوە و بژی.

لەم باشوورەدا، هاوردە و ناردە و کڕین و فرۆشتن و بازاڕ ئازادە و هیچ کۆنترۆڵ و سانسۆرێکی لەسەر نییە!؟

هەر کەسێك پارەی هەبێت، دەتوانێت کەناڵی سەربەخۆی تی ڤی و رادیۆ دابمەزرێنێت. ڕۆژنامە، گۆڤار، هەفتەنامە، وەرزنامە، ساڵنامە، دەربکات.

هەر کەسێك پارەی هەبێت، دەتوانێت هەرچی بوێت، بیڵێت و بینووسێت و بیکات.

هەر کەسێك پارەی هەبێت، ڕێزدارە لای دەسەڵات و دەسەڵاتداران، بە نەتەوەپەروەر، نیشتمانپەروەر ناودێر دەکرێت، ئەگەرچیش لە هەموو ژیانیدا بۆ یەك چرکەش کوردایەتیی نەکردبێت، یەك دڵۆپ فرمێسك و یەك دڵۆپێك خوێنی بۆ کورد و کوردستان، نەڕژابێت.

هەر کەسێك پارەی هەبێت، دەتوانێت بە ڕەوە کرێکار و خزمەتکار و کابانی هەژار و بێچارە لە وڵاتە هەژارەکانەوە هاوردەی کوردستانیان بکات و مۆڵەتی یاسایی کار و ژیان و مانەوەیان بۆ مسۆگەر بکات!؟

هەر کەس و کەسانێکی ئیسلامی کە فەرمانیان پێکرابێت، بۆ بەرژەوەندی و بە ئارەزووی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، دەتوانن باند و گروپی ئیسلامی سیاسی بۆ شێواندن و تێکدان و بەعەرەب کردنی کورد و کوردستان پێکبهێنن و بە مۆڵەتی یاسایی پارە و بوودجەی زۆروزەوەندە و موفت لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی وەربگرن!؟

مەلا و بانگخواز و مامۆستا ئایینییەکان بە ئاشکرا بە ئازادانە و بە ئارەزووی خۆیان لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان و لە کۆبوونەوە و بۆنە گشتییەکاندا، بیروباوەڕی توندوتیژانە و توندڕەوانە دژی کچان و ژنانی کورد و کوردستان، دژی دیانەکان و ئێزیدییەکان و کاکەییەکان بڵاودەکەنەوە و بە ئاشکرا و بە ئازادانە، هاوسۆزی لەشکری تێرۆریستی داعشی فاشیزمی ئیسلامین و بە بەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە، بانگاشەیان بۆ دەکەن!؟

با لە کورتی بیبرینەوە، پرسیارەکەمان لە میللەت و لە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانمان ئەمەیە: تۆ بڵێی ئەم بێ خاوەنی و بێ یاسایی و بێسەروبەری و پاشاگەردانییەمان تاسەر بۆ بچێتە سەر!؟

## ئەزموونی باشووری کوردستان، بەرەو تێشکان و هەرەس هێنان دەچێت

دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، لە ڕێگەی ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانیان و نۆکەرەکانی دیکەیانەوە، چەند گۆڵێکی مێژوویيان لە باشووری کوردستان کردووە!؟

ئێستا باشووری کوردستان، لەڕووی ژمارەوە بووە بە دوو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی عەرەبی و کارمەند و کرێکارە بێگانە هاوردەکان!؟

ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن و ئازادی و دیموکراسیی باشووری کوردستان، لە زۆر ڕووەوە ناسەرکەوتوو بووە و فەشەلی هێناوە. ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی باشوور، بەرەو خراپی و شێواوی دەچێت، ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، کارگە و پیشەسازیی نیشتمانی نییە، بەرهەمی کشتوکاڵیی خۆماڵی نییە، بەڵام سوپای تورکی و ئێرانی هەن، سوپای یەکگرتووی نیشتمانیمان نییە، دایەنگە و خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی و ئامۆژگا و زانکۆی تورکی و عەرەبی هەن، بەڵام بۆ دەرمانیش یەك بنکە و دامەزراوی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و پەروەردەی نەتەوەیی بۆ منداڵان و لاوانی کوردستان نییە، پارتی عەرەبی و تورکمانی و کریستیانی و ئیسلامی و عێراچی هەیە، بەڵام بۆ دەرمانیش یەك پارت و ڕێکخستنی نەتەوەیی کوردی بوونی نییە. سیستەمی پێشکەوتووی پەروەردەیی نییە، سیستەمی

هاوچەرخانەی بانکی نییە، یاسا هەیە و لێپرسینەوە و گرتن و سزادان تەنها هەر بۆ هەژاران و بێ پشتوپەناکانە، هەموو بڕیارەکان، لە هەموو بوارەکانی کارگێری و سیاسەت و ئابووریی وڵات، هەموویان حیزبی و تاکەکەسین، حیزب حکومەتە و حکومەت حیزبە، پێشمەرگە هەیە و میلیشیاش هەیە، دادگە هەیە و رێکەوتینی خێڵەکی - سوڵحی عەشایەریش هەیە، زیندان هەیە و زیندانی حیزبیش هەیە، دەوڵەمەند و بازرگان و سەرمایەدارانی کەم و هەژارانی بێ ئەندازە زۆر هەن، وەزارەتی ئەوقاف هەیە و وەزارەتی کوردایەتی نییە. ٥٢٣٠ مزگەتی عەرەبیی ئیسلامی هەن، سەدان حوجرە و فەقێخانە و تەکیە و خانەقا و نووشتەخانە و جادووگەرخانە و خوێندنگەی ئایینی هەن، لەشکرێکی گەورە لە مەلای سەلەفی و ئیخوانچی و تۆرانچی و وەهابی و تەکفیری هەن، بە هەزاران فەقێی کوردی مێشک بەعەرەبکراو هەن، لەشکرێك جاش داعشی ئامادە و خۆمەڵاسداو هەیە، لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا چەندین دوکان و فرۆشگای تایبەتیی لەچکی عەرەبی ئیسلامی و جبە و باڵاپۆشی ئیخوانی و جلوبەرگی دواکەوتووانەی ناشارستانیی مۆدێلەکانی تورکیا و ئێران و سعودییە و میرنشینەکانی کەنداو هەن و کراون بە مۆدێل و باو. پەڕتووکفرۆشییە ئیسلامییەکان لە زۆریدا،پێشبڕکێ لەگەڵ پەڕتووکفرۆشییە کوردییەکان دەکەن. بە هەزاران کۆرسی فێرکردن و لەبەرکردنی قورعان هەن، بەڵام یەك کۆرسی فێربوونی مێژووی کورد و کورستان نییە. بە کورتییەکەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، لە رێگەی ئیسلامی سیاسیی کوردییەوە، لەڕێگەی نۆکەران و بەکرێگیراوەکانیانەوە، گۆڵی مێژوویی خۆیان لە ئەزموونی ئازادی و دیمۆکراسیی باشووری کوردستان کردووە و رۆژ بەرۆژ بەرەو هەڵدێری تێشکان و رووخان، هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێین!؟

ئەم بارودۆخە تەنها بە زەبروزەنگی شۆڕشگێرانە و یاسای نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانە، دەتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام ئایا سەرانی دەسەڵاتی کوردی و پارتە دەسەڵاتدارەکان، چارەسەر کردنی ئەم بارودۆخە خراپ و ترسناکە، لە بەرنامە و لە توانایاندا هەیە!؟

## پاسۆك یاساخ کردن لەکوێ و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە کوێ!؟

## کوردستانی بێ (پاسۆك)

ئێمە دەڵێین: راستە پاسۆك بە ژمارە کەم بوو، بەڵام پاسۆك بیروباوەڕ بوو، هێزی ژیاندنەوەی هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و کوردستانی بوونی نەتەوەی کورد بوو.

- پاسۆك بوو پروای بە کۆکردنەوەی ئەندامانی زۆروبۆر و لەشکری رەش و بێبیروباوەڕ نەبوو.

- پاسۆك بوو دژی لێخۆشبوونی گشتی بوو بۆ خۆفرۆشتووان و ناپاکان و نیشتمانفرۆشان: کۆنە بەعسی و جاش و سەرجاش و موستەشار و ئەنفالچییەکان!؟

- پاسۆك بوو دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لە شاخ و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەرز شەکاندەوە.

- پاسۆك بوو دوای (کاژیك)، بە ئاشکرا بانگی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دا.

- پاسۆك بوو، فێری میللەتی کوردی کرد کە کوردیش وەك نەتەوە و کوردستانیش وەك نیشتمان، هەمان مافی نەتەوەکان و نیشتمانەکانی دیکەی جیهانی هەیە.

- پاسۆك بوو بانگی یەکێتیی نەتەوەیی کوردی دا بە گوێیی هەموو کوردانی کوردستانی گەورەدا.

- پاسۆك بوو دژی شەڕی ناوخۆ و دژی براکوژی و دژی کورد بە کورد بەکوشتدان بوو و هەرگیز هەڵگیرسێنەری شەڕی براکوژی نەبووە.

- پاسۆك بوو دروشمی (پێش ئەوەی هەر شتێك بین، دەبێت کورد بین) واتە پێش ئەوەی سەر بە هەر لایەنێك بین، هەر ئایین و ئایینزایەکمان هەبێت، هەر بیروباوەڕێکمان هەبێت، دەبێت کورد بین.

ئێستا کاتی ئەوەیە وەك هاوبیرانی پاسۆك لە سەرانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و لە دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی کوردی بپرسین: باشتر نەبوو لەبری مۆڵەتدانی یاسایی بە هەموو ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە و کۆمەك کردن و یارمەتیدانیان، کە ئێستا بوون بە ئەژدیها لێتان و گەنجانتان بە بەرد و ئاگرەوە دەکەن بە گژدا و بارەگاکانتان دەسوتێنن، با مۆڵەتی یاساییتان بە نەتەوەییەکان بدایە تا لە بارودۆخێکی ناسك و هەستیاری وەك ئەمڕۆدا، ئارامی و ئاساییش و ئاشتیی کوردستانیان بپاراستایە!؟

بۆچی نەتەوەییەکان تاکە لایەن بن کە مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان پێنادرێت و بواریان پێ نادەن کە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان بن، بۆچی تەنها نەتەوەییەکان بن کە مافی راگەیاندنی سەربەخۆیان نەبێت لە کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان!؟

بۆچی لە باشووری کوردستاندا تەنها رێکخستنی نەتەوەیی دەوڵەتخواز و سەربەخۆییخواز، هاوکاری ناکرێت و بوودجەی بۆ تەرخان ناکرێت و مافی کارکردنی یاسایی پێنادرێت!؟

## پێشنیاز و رێگەچارە

کاتی پێکهێنانی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورستان) هاتووە.

دەبێت کۆتایی بە هەموو جۆرە پاشاگەردانی و گەندەڵی و ململانێیەکی رامیاری و سەربازی و میدیایی نایاسایی و نارەوای ناوخۆ بهێنرێت و هەمووان بە گیانێکی دڵسۆزانەی نەتەوەپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانەوە، رووبەڕووی بارودۆخە نوێیەکان ببینەوە و لە ئاستی پێویستی بەرپرسیارێتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندابین.

ئێستا سەردەمی پێکەوە کارکردن و کۆدەنگی و کۆمەڵکارییە، ئەو سەرەمە بەسەرچوو، تاکە کەسێك یان تاکە لایەنێك، بەتاکرەوی بڕیار لەسەر چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانێك بدات.

زۆر بە کورتی: ئاشکرایە ئەوە ٢٤ ساڵە هەموو لایەنە رامیارییەکان، گشت تواناکانی خۆیان و نوێنەر و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی خۆیان ئەزموون کرد و هەموو بینیمان و دەبیینین چییان کرد و چییان نەکردا؟ لەو هەموو ماوە

درێژخانەی ڕابووردوودا، نە توانیان بانگەوازێك بۆ دروست كردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی بكەن، نە كاریان بۆ بە دەوڵەت بوون كرد و نە هیچ پلان بەرنامەكیان هەبوو و هەیە بۆ دروست كردنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان، هەموو بەچاوی خۆمان بینیمان كە چەندین ساڵ شەڕی یەكتر لەناوبردنیان كرد و چەندین هەزار ڕۆڵەی دڵسۆز و ئازای میللەتیەكەمانیان بە دەستی یەكتری لەناوبرد (ئەرێ هیچ كەس و لایەنێك چوونە ژێر بەرپرسیارێتیی ئەو هەموو هەڵە و تاوانانەوە!؟ یان ئاشكرایان كرد كە ئەو شەڕە ناوخۆییە لەسەر چی و لەپێناوی چیدا بووا!؟)، لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا كە نێزیكەی چارەكە سەدەیەكە، تەنانەت نەیانتوانی كێڵگەیەكی كشتوكاڵیش دروست بكەن تا هیچ نەبێت بتوانین كەمێك بەرهەمی ناوخۆییمان هەبێت و بۆ هەموو پێداویستە گرنگەكانی ڕۆژانەی ژیانی میللەت، هەر چاولەدەستی وڵاتانی دەوربەر نەبین. نە كارگەیەكیان دامەزراندن و نە توانییان ئابووریی پیشەسازی نیشتمانی ببوژێننەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە، هەموو ئەو كارگە و دامەزراوە پیشەسازیانەیش كە هەمانبوون، هەموویان ئاودیوی ئێران كردن و تاڵانفرۆشیان كردن. ئێستا شتێك نییە ناوی كشتوكاڵ و بەرهەمی كشتوكاڵی ناوخۆیی باشووری كورستان بێت!؟ شتێك نییە بەناوی كارگە و پیشەسازیی باشووری كوردستانەوە، شتێك نییە بەناوی بانك و سیستەمی پێشكەوتوو و سەردەمیانەی بانكی نیشتمانیی كوردستانەوە، شتێك نییە بەناوی لەشكری یەكگرتووی نیشتمانیی كوردستانەوە!؟ ئەی با بپرسین ئەو٢٤ ساڵە ئەو سەركردە و سەركردایەتییەی ئەو لایەنە سیاسیانە چییان كردووە و خەریكی چیتر بووون!؟

ئێستا ئەوەی كە هەیە، دوو دەسەڵاتی ڕامیاری و چەكداری و كارگێرییە كە باشووری كوردسانیان بەسەردا دابەشبووە، دەسەڵاتی زەرد و دەسەڵاتی سەوز، ئیتر ڕەنگەكانی دیكەش لەولاوە بوەستن كە هەریەكەیان لە ئاوازێك دەخوێنن و سەربە لایەنێكن، هیچ هاوئامانجییەك و هاوهەڵوێستییەك و یەكریزییەكی نەتەوەیی و نیشتمانی بوونی نییە!؟

ئەوەی كە ئێستا هەیە، ئەو لەشكرە سەلەفییە جیهادییە ئیسلامییە داعشە نێوخۆییانەن كە سەریان هەڵداوە، ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستكراو و بەكرێگیراوانەن، ئەو لەشكرە مەلا و بانگخوازە هاوسۆزانەی داعشن كە بە ئاشكرا و ئازادانە، بەبەرچاوی میللەت و دەسەڵاتەوە، سەرلەبەری خەڵكە هەژار و سادەوساكار و گوندنشینەكانیان كردووە بە جەماوەر و لایەنگری خۆیان و خەریكی مێشكشتنەوە و گەوجاندن و بەكۆیلەكردن و بەعەرەب كردنیانن!؟

ئەم پێشنیازەمان پێشتریش ئاڕاستە كردوون و ئێستایش دووبارەكرنەوەی بە گرنگ و پێویست دەزانین، پێویستە و دەبێت كۆتایی بە باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەكان بهێندرێت و ئیتر هیچ كەس و هیچ لایەنێك بۆی نەبێت بەناوی ئایین و ئایینزاوە، سیاسەت بكات و بانگاشەی سیاسیی لەناو كۆمەڵگە و دەسەڵاتدا بكات. پێویستە و دەبێت بەیاسا، هەموو لایەنە ئیسلامییە سیاسییە درستكراو و بەكرێگیراوەكان هەڵبوەشێنرێنەوە و یاساخ بكرێن و لێپرسینەوە لەگەڵ هەموو ئەو لایەن و كەسانەشدا بكرێت كە لە ڕابووردوودا بیروباوەڕی توندڕەوی و توندوتیژانەیان لەناو میللەتدا بڵاوكردووەتەوە.

ئێستا ئیتر كاتی ئەوە هاتووە، ئەنجوومەنێكی نەتەوەیی و نیشتمانی لە هەموو لایەنەكان و پێكهاتەكان، بە پارتی و یەكێتی و گۆران و نەتەوەیی و چەپەكانەوە پێكبهێنرێت و كۆتایی بە دەسەڵات و بڕیاری تاكەكەسی بهدرێت و هەموو ئەرك و

فەرمان و بەرپرسیارێتی و پریارێك كە پێوەندیدار بێت بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانمانەوە، بە كۆمەڵ و بە كۆدەنگی بێت و سیستمێكی نوێی سیاسی و سەربازی و فێركاری و پەروەردەیی و كارگێری پێشكەوتووی سەردەمیانە، پێكبهێنرێت و لاپەڕەیەكی نوێی كوردانە و دڵسۆزانە بۆ داهاتوویەكی باشتر و خۆشگوزەرانتر و مسۆگەرتر لەگەڵ یەكتریدا بكەینەوە!؟ لەمە زیاتر هیچ ڕێگەچارەیەكی باشرتمان لەبەردەمدا بۆ نەماوەتەوە!؟

تكایە هەتا ئیسلامییە سیاسییەكان، سەلەفییە جیهادییەكان، وەهابی و ئیخوانچی و تەعریبچییەكان، باشووری كوردستانیان نەكردووە بە ئەفگانستان و تاڵیبانستان!؟ با هەموو لایەن و كۆڕ و كۆمەڵ و كەسە كوردپەروەر و نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەكان یەكبگرن و میللەت و وڵاتەكەمان لەم تەنگەژە ترسناكەی ئەمڕۆ ڕزگار بكەن.

تكایە هەموو بەشداربن لە باشتركردنی ژیانی خۆتان و دەستنیشان كردنی ڕێگەچارەكی ڕیالیسانە و گونجاو بۆ داهاتوویەكی باشتر و چارەنووسێكی مسۆگەر بۆ هەمووان!؟

---

بەختیاری شەمەیی

bakhtiarshamaiy@aol.nl

---

# پەیامنامەکانی (هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان)

١

## لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان، تابووری پێنجەم و دەستی ڕەشن لە باشووری کوردستاندا و دوژمنێکی نوێن بۆ کورد و کوردایەتی

ئیسلام وەك دیاردەیەکی کۆمەڵگای عەرەبی، زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵە لە نیوەدورگەی عەرەبی، لە عەرەبستانی سعودیدا سەریهەڵداوە. ئاشکرایە کە ئەمڕۆ ئەم ئایینە هەر ئایین نییە بەتەنها، بەڵکو فەرهەنگ و سیاسەت و ناسیۆنالیزمی عەرەبیشە. لەراستیدا ئێرە شوێنی باسکردنی ئەم بابەتە نییە و ئەوەی پێویست بێت سەبارەت بە پێوەندییەکانی کورد و عەرەب و ئیسلام بنووسرێت، دەبێت بە مێژوونووسان و باسکارانی ئەو بوارە بسپێردرێت. ئەوەی ئەمڕۆ گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، سەرهەڵدان و بوونی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانەیە کە ئیسلام بەکاردەهێنن بۆ مەرامە ناڕەوا و خراپەکانی خۆیان و ئەو دەوڵەتانەی کە دروستیان کردوون و بەکاریان دەهێنن. ئەم گروپە ئیسلامییە بەکرێگیراوانە، بوونەتە کێشەیەکی گەورە و مەترسیدار بۆ سەر فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواری و ئاساییشی نەتەوەیی کورد و چارەنووسی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی بۆسەر یەکێتی و پارتی.

لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین و بپرسین بۆچی دوای ١٤٠٠ ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر ئایینی ئیسلامدا، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە، دوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە باشووری کوردستاندا، چەندین دەستە و کۆمەڵ و گروپی جۆراوجۆری ئیسلامی سیاسیسەرهەڵدەدەن و پەیدادەبن!؟ ئەمە پرسیارێکی پێویست و گرنگە و دەسەڵاتی ئەمڕۆی باشووری کوردستان و پارتی و یەکێتی دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەن و لێیبکۆڵنەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەن. بەرژەوەندی کوردایەتی و پارتی و یەکێتیی خۆیشیان ئەوە دەخوازێت کە هەوڵ بدەن، سنوور و بەربەستێك بۆ بڵاوبوونەوە و پەرەسەندن و بەهێزبوونیان دابنێن. ئەگەر ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا، هیچ لایەنێکی ئیسلامی بوونی نەبووە و بەبیری کەسیشدا نەهاتووە ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بەسیاسی بکرێت. لە نێو شۆڕشدا هیچ کەس و هیچ لایەنێك بەبێ ئاگاداری و ڕازی لەسەربوونی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش، نەیانتوانیوە و بۆیان نەبووە هیچ جۆرە پێوەندییەك لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکی دەرەکیدا دروست بکەن. ئەم کارە گرنگ و هەستیارە پاوانکراو بوو بۆ شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی. ئەمەش سیاسەتێکی کوردانە و کوردپەروەرانەی ڕاست و دروست بووە کە بارزانیی نەمر و سەرکردایەتیی ئەو سەردەمەی پارتی پێڕەویان کردووە. ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە، سەرانی ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسیانە بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ ڕێگرییەك و پرس و ڕایەك بە دەسەڵاتی کوردی و بەبێ هیچ تێخوێندنەوەیەك بۆ پارتی و یەکێتی، بە ئاشکرا و بە ئارەزوو و ویستی خۆیان پێوەندیی بە دەوڵەتە داگیرگەرەکانی کوردستانەوە دەکەن و هەر هەمووشیان پێوەندیی گومانلێکراوانەیان لەگەڵ دامودەزگا سیخورییەکانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا هەیە و بەردەوام کۆمەکی جۆراوجۆریان لێوەردەگرن. دەسەڵاتی کوردیش تەنها سەیرکەرە و لە هەڵوێستی دەستەوسانی و بێهەڵوێستیدایە بەرامبەریان.

ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر بە خێرایی پەرەیانسەندووە و ئەمڕۆ بوونەتە هێزێکی گەورەی دەسەڵاتدار و بەهەزاران لاوی کوردیان لە کوران و لە کچان لەدەوری خۆیان کۆکردووەتەوە و بە سەدان کادریان دروستکردووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە بڵاوبوونەوە و گەشەکردن و بەهێزبووندان.
ئەم گروپە ئیسلامییانە جگە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، وابەستەشن بە عەرەبستانی سعودی و میرنشینە عەرەبییەکانی کەنداوەوە. ئەم دەوڵەتانە بەئاشکرا پشتیوانییان دەکەن و کۆمەکیان پێدەکەن و دژی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی بەکاریان دەهێنن. بەرژەوەندیی عەرەبستانی سعودییە لە هەبوون و پەرەسەندن و بەهێزبوونی ئیسلامدایە لە باشووری کوردستاندا.
با لێرەدا لەڕووی ئابوورییەوە نموونەیەك باس بکەین: هەتا ئیسلام زۆرتر لە نێو جەماوەری کوردستاندا بڵاوبێتەوە و گەشەبکات، ڕێژەی ئەو موسڵمانانەی کە بۆ حەجکردن سەردانی سعودییە دەبێ بکەن، بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش سەرمایەیەکی زۆر دەباتە نێو سعودییەوە کە ئەمە لە بەرژەوەندی بەهێزبوونی ئابوورییاندایە. حەجکەرانی کورد بە گیرفانی پڕەوە دەڕۆن بۆ سعودییە و بە گیرفانی بەتاڵەوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان.
ئەگەر هەر حەجکەرێك پرى ٥ هەزار دۆلار (بە لایەنی کەمەوە)، لە گەشتی حەجکردندا خەرج بکات، ئەگەر هەر ساڵێك ١٠ هەزار موسڵمانی کوردستان حەج بکەن، هەر ئەمە دەکاتە ٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. بێگومان ئەگەر دەسەڵاتی کوردی و دەوڵەتی سعودییە ڕێگا بدەن، ژمارەی حەجکەران چەندین ئەوەندەی ئەو ژمارەیە زۆرتر دەبێت کە باسکراوە.
سەرمایەی داهاتی حەج بۆ سعودییەکان لە داهاتی نەوتی وڵاتەکە زۆرترە. ئەگەر لە ڕووی ئابووری و مێژووییەوە، ئامارێکی ئەو سەرمایەیە بکرێت کە لەماوەی ئەو ١٤٠٠ساڵەی ڕابردوودا لە کوردستانەوە براوەتە سعودییە، ئەوسا باشتر تێدەگەین کە کورد چ زەرەرێکی ماددیی لە بە ئیسلامبوونیدا کردووە. بێگومان بەفیرۆچوونی کات و ووزە و ماندووبوونی حەجکەرانیش زەرەر و زیانێکی دیکەیە و هەر کارەسات بووە و دەبێت بۆ کورد و کوردستان. حەجکردنی کورد، لە مێژوودا، هەر بنبۆشبوونی ئابووری کوردستان و خەسارەت بوونی وزە و توانای مرۆیی کورد بووە.
سەرباری ئەمەش لەڕێگای ئەم کۆمەڵ و گرووپە ئسلامیانەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و سعودییە و میرنشینەکانی کەنداو بە ئاسانی دەتوانن دەست بخەنە نێو کاروباری ناوخۆیی باشووری کوردستانەوە و هەر کارێکی سیخوڕییانە و تێکدەرانەیان بوێت، دەتوانن لە ڕێگای ئەو گروپە ئیسلامییە کوردییانەوە جێبەجێی بکەن. باشترین نموونەی تێرۆر لە ڕێگەی ئەو گروپە ئیسلامییانەوە، ڕووداوە دڵتەزێنەکەی هەولێری پایتەخت بوو کە زەبرێکی کوشندەیان لە کورد و پارتی و یەکێتی وەشاند.
بەهۆی ئەو گروپە ئیسلامییانەوە، سیمای کوردەواریی کوردستان شێوێندراوە و وا پڕوا ساف لە سافی کورد و کوردستان لە ڕێگای ئیسلامی عەرەبییەوە، بەعەرەب و بە ئیسلامی دەکرێت و ئەوەی سەددام و بەعسییەکان نەیانتوانی و بۆیان نەکرا ئەنجامی بدەن، ئەم گروپە ئیسلامیانە بۆیان تەواو دەکەن.
لەڕاستیدا ئەگەر سەددام و بەعسییە فاشیستەکان بیانزانییایە کە وا بە ئاسانی و بێ شەڕ و خوێنڕشتن لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە کورد بەعەرەب دەکرێن و کوردستانیش بە ئیسلامی دەکرێت، نە سەربازی عەرەبیان ڕەوانەی کوردستان دەکرد و نە شەڕیان لەگەڵ کورددا دەکرد و نە چەکی کیمیاوییان بەسەر کوردستاندا دەباراند. بەڵکوو لە هەموو گەڕەکێکدا چەند مزگەوتێکیان دەکردەوە و چەند گروپێکی ئیسلامیی وەکوو ئەمانەی ئێستایان دروست دەکرد و

لەم ڕێگایەوە بێ شەڕوشۆڕ و خوێنڕشتن و وێرانکاری، کوردیان بەعەرەب دەکرد و لە ڕێگای ئیسلامەوە، هەموو کوردستانیان تاڵان دەکرد. ئەو هەموو خەرجی و تێچوونەی شەڕی کوردستانیان بۆ دەمایەوە و یەك عەرەب و یەك بەعسیشیان لە کوردستاندا بەکوشت نەدەدا.

ئەم گروپە ئیسلامییانە توانیویانە بە هۆی ئیسلامەوە مێشکی هەزاران لاوی کورد بشۆنەوە و وا لەو لاوانە بکەن تەنها هەر بیر لە ئیسلام و خۆشیی بەهەشت و ئازار و ناخۆشیی دۆزەخ بکەنەوە و هیچ بیر و هۆشێکیان لای کورد و کوردایەتی نەمێنێت، ئیسلامییەکان بە شانازییەوە دەڵێن: ئێمە پێش ئەوەی کورد بین ئیسلامین!؟ ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و وا پیروا ئیسلام و ئیسلامچییێتی جێگەی کوردبوون و کوردایەتی دەگرنەوە.

زۆر بە ئاسانی لە ڕێگای ئیسلامەوە کورد بە عەرەب دەکرێت و سیمای کوردەواریی کوردستان بەرەو سڕینەوە دەچێت و هەست و گیانی کوردایەتی و کوردستانییێتی و نیشتمانپەروەری لەنێو جەماوەری لاواندا وردە وردە بەرەو نەمان دەڕوات.

ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنێکی بەهێزی ناسیۆنالیستی کوردییەوە، گۆڕەپانی سیاسەتکردن و جەماوەر پەیداکردن بۆ ئەو گروپە ئیسلامییانە تەخت و هەموار بووە و بەئارەزووی خۆیان پروپاگەندە بۆ بەرژەوەندی عەرەب و ئیسلام و ئیسلامچییێتی دەکەن و جەماوەر، بەتایبەتی لاوان بەلای خۆیاندا رادەکێشن.

لە ئێستا و لە داهاتووشدا، تاکە هێز و هۆکارێك کە بتوانێت بەرامبەر بەو گروپە ئیسلامییانە بوەستێتەوە، ڕێکخستنێکی نەتەوەیی کوردی و بیری نەتەوەیی کوردی (ناسیۆنالیزمی کوردی)یە. ئیدۆلۆژی و بیروباوەڕی کوردایەتی دەتوانێت بەربەرەکانی هەموو فەرهەنگێکی بێگانەی زیانبەخش بکات.

ئەو گروپە ئیسلامییانە بە خێراییەکی سەیر پەرەدەستێنن و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زۆرتر دەبێت و بەهێزتر دەبن، ئەم ڕەوت و پەرەسەندنە خێرایە، مەترسیدارترین و گەورەترین هێز و هۆکارە بۆ نەمانی پارتی و یەکێتیش لە داهاتوودا. ڕەوتی ئیسلامی لەم سەدەی بیستویەکەمەدا گەورەترین هەڕەشە و زیان و کارەسات و مەرگەساتە بۆ کورد و کوردستان.

کارکردن و کاریگەریی ئەو گروپە ئیسلامییانە، بەزۆری لە نێو خەڵکی گوندنشین و جەماوەری لاواندایە. زۆر بە دەگمەن خەڵکی ڕەسەنی شارەکان، بەتایبەتی خەڵکی شاری سلێمانی، دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو گروپە ئیسلامیانەوە. زۆربەی سەرکردە و ئەندامانی ئەو گروپە ئیسلامیانە هەر خەڵکی لادێن و ئەوەش بۆ ئەوان ئاسانە، چونکە خەڵکی گوندنشین سادە و ساکارن و هەستی ئاینیی لەنێویاندا بەهێزە و ئاسانتر دەکەونە ژێر کاریگەریی پروپاگەندەی ئەو گروپە ئیسلامیانەوە.

شێوازی کارکردنی ئەو ئیسلامە سیاسییانە بەبەرنامەیە و هەتا ئێستا لە خەڵك کۆکردنەوە و جەماوەر پەیدا کردندا زۆر سەرکەوتوو بوون و ئێستا خاوەنی هەزاران کادر و ئەندام و دۆست و لایەنگرن. لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی باشووری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە و ئەندام و دۆست و لایەنگیریان بۆخۆیان پەیدا کردووە.

ئێستا زۆربەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی سلێمانی، لایەنگیری ئەو گروپە ئیسلامیانەن و هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو گەڕەکانە، خەڵکی گوندنشین و لە کارەساتی ڕووخاندنی گوندەکان و ئەنفالەکاندا بۆ سلێمانی ڕاگوێزراون. بەڵگەش بۆ بەهێزیی ئەو گروپە ئیسلامیانە ئەوەیە کە لە هەموو شار و شارۆچکەیەکدا دوکانی پەڕتووکفرۆشیی تایبەت بەخۆیان هەیە و بازاڕەکانی کوردستانیان پڕکردووە لە پەڕتووك و ناملیکەی ئیسلامی. لە بواری وەرگێرانی بابەتی ئیسلامیشدا زۆر چالاکن و بەسەدان وەرگێریان هەیە. جگە لەمانەش،

بازاڕەکانیان بە سی دی و دی ڤی دیی ئیسلامی پڕکردووە و فرۆشێکی زۆری لە نێو گەنجاندا هەیە. زۆربەی مەلا و فەقێکانییش هەر لە خزمەتی ئەواندان و ئەو مەلایانە لە وتاردانی ڕۆژانی هەینیدا بەئاشکرا پروپاگەندە بۆ ئەوان دەکەن و هەموو بۆنەیەك بۆ خزمەتی ئەوان بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکەن. مزگەوتەکان کراون بە بنکەی بەعەرەبکردنی لاوانی کورد و پشتیوانیکردن و پروپاگەندەکردن بۆ ئەوان.
لێرەدا پێویستە ئەو دیاردەیەش باس بکەین کە زۆر لەمێژە گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان، لە بواری وێبسایت و ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا، لە ئینتەرنێتدا زۆر چالاکن و ڕۆژانە لە پێشکەوتن و پەرەسەندندان، بێگومان بۆ مەبەستە چەواشەکارییەکانی خۆیان. لە ئینتەرنێتدا خاوەنی سەدان ماڵپەڕ و ژووری ئاخاوتنی وەکوو پاڵتۆلکن. هەر بەهۆی ئەو ژوورانەی پاڵتۆلك و بەهۆی ئەو وێبسایتانەوە بەئاسانی بەرهەمی ئیسلامی و پروپاگەندەکانی خۆیان بە جەماوەر، بەتایبەتی جەماوەری لاوان دەگەیەنن.
هەروەها بە دەیان کەناڵی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆ و ساتەلیتیان هەیە. بەکورتییەکەی ئەو گروپە ئیسلامیانە ئێستا لە باشووری کوردستاندا بوونەتە هێز و دەسەڵات و لە ململانێی دەسەڵاتی سیاسیدان لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا. لە ئێستا و داهاتوودا، تاکە جێگرەوەی پارتی و یەکێتی هەر ئەو گروپە ئیسلامیانەن. ئەوانە هێشتا نەهاتوونەتە سەر کورسیی دەسەڵات، هەڕەشە لە هەموو دیاردەیەکی سەردەمییانە و پێشکەوتووانە دەکەن و داوا لە کچان و ژنانی کورد دەکەن کە باڵاپۆش و سەرپۆشی مۆدێلی عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداو بپۆشن و واز لە میکیاج و خۆڕازاندنەوە و جلوبەرگی کوردی و پۆشاکی مۆدێرن بهێنن و پۆشاکی ئیسلامیانە بپۆشن. بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دوکانی فرۆشتنی جبە و باڵاپۆش و سەرپۆشی مۆدێلی عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداویان پرەو پێداوە.
ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا، گەورەترین و سەرسەخترین دوژمنی کوردایەتی، هەر ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسیانەن و لەداهاتوودا دەبنە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و هەست و گیانی کوردستانییێتی و کوردایەتی لەنێو کورددا ناهێڵن.
دیسانەوە دەبێت ئەو هۆشدارییە بدرێتەوە بەدەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی کە پێویستە و دەبێت سنوورێك بۆ ئەو ئیسلامییە سیاسیانە دابنێن و ڕێ لە بەهێزبوون و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەیان بگرن.
ئەوانە تەنها بۆ ئەوە دروستکراون کە هەوڵی بەئیسلامکردن و بە عەرەبکردنی کۆمەڵگای کوردستان بدەن و لە ڕێگای ئایینی ئیسلامی عەرەبییەوە، کورد و کوردستان بکەن بە پاروویەکی چەور و ئاسان بۆ دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودییە.
لە ڕابردووشدا بەهۆی شەڕی نێوان یەکێتی و پارتییەوە، ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانە زۆر زیرەکانە توانیان کەڵك لەو بارودۆخەی شەڕ وەربگرن و خۆیان بەهێز بکەن و جەماوەر بۆ خۆیان پەیدا بکەن و جەماوەرێکی زۆریش بکەن بە دوژمنی هەر دوو لایان. بەداخەوە، چ یەکێتی و چ پارتیش، دژی یەکدی، کۆمەکی زۆریان بەو کۆمەڵ و گروپە ئیسلامییانە کرد. ئایا باشتر نەبوو لەبری پشتیوانیکردن و کۆمەککردن بەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانەی بێگانە، ئەوەیان بۆ دروستبوون و پەرەسەندنی ڕێکخستنێکی نەتەوەیی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و کوردستان بکردایە؟

پێویستە بەردەوام لە لایەن جەماوەری دڵسۆزەوە ئەو هۆشدارییە بە دەسەڵاتی باشووری کوردستان و بەتایبەتی بە پارتی و یەکێتی بدرێت کە مانەوە و پەرەسەندنی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، زەنگی مەترسی و کارەسات و لەناوچوونی ئەم دەسەڵاتە کوردییە و خودی پارتی و یەکێتیشە لە داهاتوودا. وەك رۆژی رووناك ئاشکرا و دیارە کە ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسیانە ئەو دەوڵەتە دوژمنانەی کورد و داگیرکەرانەی کوردستان دروستیان کردوون و کۆمەکیان پێدەکەن، لە داهاتووشدا بۆ رووخانی ئەم دەسەڵاتە کوردییە و دەرپەڕاندنی پارتی و یەکێتی، چەکدار و پرچەکیان دەکەن و گەورەترین کارەساتی ئاژاوەنانەوە وماڵوێرانی و خوێنڕشتن لە باشووری کوردستاندا بەرپادەکەن. دەبێت دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردی و بەتایبەتی پارتی و یەکێتیی هەوڵی لاوازکردن و نەهێشتنی ئەم گروپە تێرۆریستە ئیسلامییە بەکرێگیراوانە بدەن و بەر بەو کارەساتی خوێنڕشتن و ماڵوێرانییەی کە لەداهاتوودا بەهۆی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانەوە چاوەڕوان دەکرێت، بگرن و رێگا نەدەن کە ئەوانە ببنە جێگرەوەی ئەم بەڕێوەبەرێتی و دەسەڵاتە کوردییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان. ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە دەسەڵات بگرنە دەست، کوردستان دەکەنە تاریکستان و هەموو خەونی کورد و ئامانجە پیرۆزەکانی کوردایەتی لەگۆڕ دەنێن و کورد و کوردستان دەگەڕێننەوە بۆ ژیانی سەدە تاریکەکانی مێژوو.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای سووری کوردایەتی.
هەر بژی بیری نەتەوەیی کوردی.
سەرکەوتوو بێت هەوڵ و تێکۆشانی دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردی.
هەزاران دروود و سڵاو لە گیانی پاکی گیانبەخشیوانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان

٢٠١١/٤/٤

٢

## (بانگەوازێکی دڵسۆزانە لە هاوبیرانی نەتەوەییەوە)

بەهەر نرخ و شێوە و شێوازێك بێت، پێویستە و دەبێت ئەم ئازادی و ئەزموون و دەستکەوتانەی باشووری کوردستان بپارێزین.
ئێمەی کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو، چ لە کوردستان و چ لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندا بین، ئەمڕۆ هەمووومان چاوی هیوا و ئومێدمان پریوەتە ئەم ئازادی و ئەزموون و دەستکەوت و دەسەڵاتە کوردییەی باشووری کوردستان. بێگومان هەموومان ئەو ڕاستییە باش دەزانین کە ئەم ترووسکەی ئازادی و سەربەرزییە، ئەم پێشکەوتن و دەستکەوتە هێژایانە هەروا بەئاسانی بەدەست نەهاتوون و لە ئاسمانەوە بۆمان نەباریون، ئەم ئازادی و دەسەڵاتە کوردییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، بەرهەمی دەریایەك لە خوێنی ئازاترین و پاکترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەکانی کورد و کوردستانە، بەرهەم و ئەنجامی تێکۆشانێکی دەیان ساڵەی سەخت و خوێناویی پڕ لە هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە، بەری ڕەنج و ماندووبوون و کۆڵنەدان و خوێنی هەزاران پێشمەرگەی خەباتکار و شۆڕشگێڕە. بەرهەمی تێکۆشان و نەسرەوتن و لەخۆبووردوویی هەزاران هۆزانڤان و هونەرمەند و مامۆستا و خوێندکار و هونەرپیشە و هەزاران زیندانی و هەزاران گیانیەخشیوی ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتییە. ئەنجامی ماندووبوونی بێ پسانەوەی هەزاران هەزار لە ژنان و پیاوان و کچان و کورانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەری کورد و کوردستانە، بەرهەمی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و ئارامانەی سەدان ساڵەی هەموو نەتەوە و کەمەنەتەوەیی و ئایینە هەمەچەشنەکانی نێو کورد و کوردستانە. بەرهەمی رووخان و وێرانبوونی زۆرتر لە پێنج هەزار گوند و دەیان شارۆچکە و وێرانبوون و سووتانی هەزاران هەزار ڕەز و باخ و بێستان و بەتاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی و نیشتمانیی باشووری کوردستانە. سەرەنجامی ڕەشبکووژی کردنمان و وێرانکردن و سووتاندن و پیسکردنی ژینگەی ئەو نیشتمانە جوانەی هەموومانە. ڕابردوو سەلماندی کە هیچ تاوان و دڕندەیێتییەك نەمابوو کە بەعسییە فاشیستەکان و سوپا دڕندەکەی دەوڵەتی ئێراق و باڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی بەرامبەر بە کورد و هەموو جەماوەری باشووری کوردستانی نەیکەن. ئەو هەموو هەڕەشە و سووکایەتیپێکردن و ئەشکەنجەدان و جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال و ماڵوێرانکردنەی کە بەرامبەر بە کورد و هەموو کەمەنەتەوەییەکانی کوردستان ئەنجامیاداوە، هاوشێوەی لە مێژوودا، بێوێنە و دەگمەنە. با ئێمەی کورد،ئەو ڕابردووە پڕ لە کارەسات و مەرگەسات و ئازار و ئەشکەنجەدانە و ماڵوێرانی و خوێنڕژانەی خۆمانمان بەدەستی دوژمنان و داگیرکەرانمان بیر نەچێتەوە، ئەمڕۆ کە ئەم پرۆسەی ئازادی و ئاشتی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیانە لەئارادایە و بەردەوامە، هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەموو دوژمنان و نەیارانی کوردی سەرگێژ و بێزار و هەراسان کردووە و چاویان بەم ئارامی و ئاوەدانکردنەوەیەی کوردستان و بەم ئاشتی و خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیانەی هەموو جەماوەری کوردستاندا هەڵنایە و بە هەموو شێوە و شێوازێك لە هەوڵی لەکەدارکردن و شێواندن و پێشگیریکردنی ئەم پرۆسەی ئازادی و ئارامی و ئاشتی و ئاوەدانییەدان، بەهەزاران سیخوڕ و بەکرێگیراوی خۆیان دەنێرنە باشووری کوردستان و کاری تێرۆر و تێکدەرانە ئەنجامدەدەن. بەردەوام لە هەوڵی کێشە بۆ دروستکردن و تێکدانەوەی ئەم

ئەزموونی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەرێتییە کوردییەی باشووری کوردستاندان. بەڵام ئەوانە خەیاڵیان خاوە، ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوام دەبێت، دروشمی کوردایەتیی کورد ئەمڕۆ ئەمەیە: تێکۆشان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن.
ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی، لە روانگەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیمانەوە، داوا لە هەموو کوردێکی پاك و دڵسۆز و لە هەموو دایکان و باوکان و کچان و کوران و نەوەی نوێی سەربەرز و ئازا و تێکۆشەری کوردستان دەکەین، داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر دەکەین کە بە هەر نرخ و شێوە و شێوازێك بۆمان دەکرێت و لەتوانامانمدا هەیە، هەوڵی پاراستن و مانەوە و بەردەوامیی ئەم ئەزموون و دەسەڵاتە کوردییەی خۆمان و ئەم دەستکەوتە مێژووییانەمان بدەین و بوار بە گێرەشێوێنان و بەکرێگیراوانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان نەدەین کە بە ناوی (ئازادی و دیموکراسی و خۆپیشاندان و هات و هاوار و دروشمی رەنگاورەنگی بێ ناوەڕۆکەوە) ئەم ئەزموونی دەسەڵات و ئازادی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانییەمان لێتێکبدەنەوە و کورد و کوردستانییانی باشووری کوردستان بەرەو هەڵدێری تێشکان و نەمان و کۆیلەیێتی و ژێردەستەیی دوژمنان و بێگانەی داگیرکەر بەرنەوە. ئەم دەسەڵاتە کوردییەی باشووری کوردستان، بە گشت ناتەواوی و کەموکورییەکییەوە، هەر تاکە دەرفەت و دوا ترووسکەی هیوا و ئاواتی هەموو کورد و کوردستانییانە لە کوردستان و لە سەرتاسەری جیهاندا. دەبێت دەسەڵات و پەرلەمان و جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆز رێگا بەو کەس و کەمەڵ و لایەن و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوە تیرۆریست و تێکدەرانە نەدەن کە گێرەشێوێنی بکەن و بەناوی گوایە (ئازادی و چاکسازی و دوژمنایەتیی گەندەڵی و نادادپەروەرییەوە، کە ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییە نامۆیانە بە کورد و کوردستان، خۆیان بەرهەمی گەندەڵین و دەستی رەشن و دروستکراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن)، ئەم ئەزموونە کوردییە بەرەو نەمان و تێشکان بەرن و خۆیان کە هیچ کاتێك و لە هیچ سەردەمێکدا نە کوردایەتییان کردووە و نە بۆ کورد و کوردستان ماندووبوون و نە ئەشکەنجە و تاڵی و ناخۆشی و ماندووبوونیان بۆ چەشتووە، نە خاوەنی تاکە کەسێکن کە لەپێناوی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا گیانی بەخشی بێت، نە هەرگیز رابردوویەکییان هەبووە لە شۆرشەکان و راپەڕینەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کوردستاندا، ئێمە دەپرسین: کە کورد ئەنفال و کوردستان تاڵان و وێرانکرا، ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوە بەکرێگیراوانەی ئەمڕۆ لەکوێ بوون!؟ کە بەعسییە فاشیستەکان و سوپای دڕندەی ئێراق زۆرتر لە پێنج هەزار مزگەوتیان وێرانکرد و بە هەزاران قورئانیان بەئاشکرا سوتاند، ئەوان لە کوێ بوون و بۆ هیچ دەوڵەتێکی موسوڵمانی عەرەبی هەڵوێستیان نەبوو بەرامبەر بە جینۆسایدکردنی موسوڵمانانی کوردستان، ئەی ئەوانەی ئەنفال کران و زیندووبەچاڵ کران، مرۆڤ نەبوون و موسوڵمان نەبوون!؟ بۆچی هیچ مەلا و کۆلکە مەلایەکی کورد تەنها تاکە وشەیەکیشیان لەدەم نەهاتەدەر و هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند، ئەی ئەمڕۆ بۆچی بە هاندانی ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە، ئەو مەلایانە شێتگیرانە سەنگەری دوژمنایەتییان لە کوردایەتی و ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییە کوردییە گرتووە و داوای رووخان و لەناوچوونی دەکەن!؟ پاش ئەو مێژووە پڕ لە کارەسات و خوێنڕژان و ماڵوێرانییەی کە بەسەر کورددا هاتووە کە ئەمان بەهیچ شێوەیەك تێیدا زەرەرمەند و بەشدار نەبوون، ئەمڕۆ هەروا بەئاسانی دەیانوێت بێنە سەر سفرە و خوانی ئامادە و لە تەڕ بخۆن و لە وشك پاڵی لێبدەنەوە. هەموو هەوڵ و مەبەستێکی ئیسلامیی سیاسیی دوژمنایەتیکردنی ئەم دەسەڵاتە کوردییەیە و هەموو وزە و توانایەکی خۆیان بۆ لەکەدارکردن و تێشکان و

لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە کوردییە دەخەنەکار، بەو مەرج و ئامانجەی خۆیان بەری رەنج و ماندووبوون وماڵوێرانی و خوێنرژانی هەموو راپەڕین و شۆڕش و بزووتنەوەکانی کوردایەتی بۆ خۆیان بەرن و هەروا بە ئاسانی بێنە سەر کورسیی دەسەڵات. ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوە تێرۆریستانە دەسەڵات بگرنەدەست، ژیان لە هەموو کورد و کوردستانییەکی بیرئازاد و پێشکەوتنخواز دەکەنە تاریکستان و دۆزەخ. دەبێت ژنان و کچانی کوردستان وەك کۆیلە و ژێردەستە پێرەو لەو بەرنامە دواکەوتووەی ئەوان بکەن و ئەوەی لەچکبەسەر و جبەلەبەر و باڵاپۆشی ئیسلامیی مۆدێلی عەرەبستانی سعودییە و میرنشینەکانی کەنداو نەبێت، بەئاشکرا یان دەیکوژن و دەست و زمانی دەبڕن و بە پەرەمێز جەستەی دەسووتێنن، یان دەبێت بۆ هەمیشە هەر بە کۆیلەیی و ژێردەستەیی لەو سیستەمە تاریکستان و پاشکەوتووەکەی ئەواندا، لە دۆزەخی ئەو کۆمەڵگا زیندانییەی ئەواندا، هەموو تەمەن و ژیانیان بەو شێوەیە سەربەرن.
ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی، بانگەوازی دڵسۆزانە لە هەموو جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردستان دەکەین کە هیچ هاوکارییەکی ئەو لایەن و گروپ و کۆمەڵە ئیسلامییە سیاسییە ئاژاوەگێر و تێکدەرانە نەکەن و وەکو پاشماوەکانی بەعسییە دڕندە و فاشیستەکان تێیان بڕوانن. ئەمانە دوژمنی کوردایەتین و دەستی رەشن و لەلایەن دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد و کوردایەتی و بۆ بەئیسلامکردن و بەعەرەبکردنی کۆمەڵگای کوردەواری و لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیەی باشووری کوردستان دروستکراون.
داوا لە هەموو کورد و کوردستانییەکی تێکۆشەر و دڵسۆز دەکەین کە هێمنی و ئارامی گشت شار و شارۆچکە و گوندەکانی باشووری کوردستان بپارێزن و کۆتایی بە گێرەشێوێنی و بەردهاویشتن و شتومەك شکاندن و سووتاندن و وێرانکردن بهێنن و ئاشتی و ئاوەدانی و ئارامی کوردستان بپارێزن.
داوا لە پەرلەمانی کوردستان و هەردوو لایەنی دەسەڵاتدار، پارتی و یەکێتی دەکەین کە لەڕاستیدا ئەوە ئەرکی سەرشانیشیانە ( ئەگەر خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین هەبێت یان نەبێت)، پێویستە و دەبێت بەرنامەی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەش بکەن و بە هەموو هێز و توانایەنەوە بکەونە دوژمنایەتی کردنی گەندەڵی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و لە ئێستا و داهاتوودا سامان و داهات و بودجەی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و یاسایی بەکار بهێنرێت و بێ هاڵاواردن و جیاوازی کردن، بخرێتە خزمەتی هەموو جەماوەرەوە و بخرێتە خزمەتگوزاری و پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی زۆرتری کوردستانەوە. دەبێت چیدی پارتەکان دەست لە کاروباری میریی کوردییەوە وەرنەدەن و باشووری کوردستان بکرێت بە نیشتمانێکی خاوەن دەستوور و یاسا و یاسا سەروەر بێت و زەمینەی دیموکراتیزەکردن لەبارتر و خۆشتر بکرێت و بەرنامەیەکی نەتەوەیی دیار و ئاشکرا بخەنە بەردەم میللەت و هەنگاوی دڵسۆزانە بەرەو سەربەخۆبوونی کوردستان بنێن. بێگومان هەنگاوی یەکەم لە یەکخستنەوەی تەواوی دامودەستگاکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستانەوە دەبێت دەست پێبکات و یاسا لەسەروو هەموو کەس و لایەنێکەوە بێت. دەبێت یاسا و دەستوورێکی کوردستانیی مۆدێرن ئامادە بکرێت تا ئازادی و یەکسانیی بەرامبەر دەستوور و یاسا بۆ هەموو هاونیشتمانیان مسۆگەر بکات. داوا لە دەسەڵات و پەرلەمانی کوردستان و پارتی و یەکێتی دەکەین کە بەیاسا و دەستوور، سنوورێك بۆ ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێنییەکانی ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە دابنێن و هێندە نەرم و هاوکار نەبن لەگەڵیاندا و هەر بە دەستوور و یاسا هەموو هەوڵ و چالاکییەکیان لێ یاساخ بکەن و چیدی لەمە زۆرتر رێگایان پێنەدەن کە بە

بەرنامەی ئیسلامچێتییان کورد و کوردستان بە ئیسلامی و بەعەرەب بکەن. ئەم لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە، ئایینی ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەکار دەهێنن و ئیسلامیان کردووەتە داردەست و ئامراز بۆ بەتاڵانبردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی کورد.

بەرەو یاساخ کردن و پاکتاوکردنی ئیسلامیی سیاسیی لە باشووری کوردستاندا.
بەرەو ئازادی و ئاشتی و خۆشگوزەرانیی زۆرتر، بەرەو بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی زۆرتر.
بەرەو پاراستن و پتەترکردن و پێشخستنی زۆرتری دەسەڵاتی کوردی و کوردستانی.
بەرەو دوژمنایەتی کردن و نەهێشتنی گەندەڵی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی.
بەرەو تۆوپرکردنی گێرەشێوێنی و ئاژاوەگێری. بە ئامانجی هێنانە بوونی دەسەڵاتێکی بنکەفراوان و دادپەروەر و خومەتگوزاری جەماوەر و هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی رەسەن و تەندروست و دڵسۆز لەکوردستان دا.
بەرەو دروستکردنی سوپای میللی و بەهێزترکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ و ئاوەدانتر و ئارامتر. بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان.
هەمیشە هەر سەروەر و نەمرن گیانبەخشیووانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.
هەر شەکاوەتر بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.
بژی دادپەروەری و چاکسازی و سەروەریی یاسا.
سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
هەر بژی بیروباوەڕی پیرۆزی کوردایەتی.

هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان

٢٠١١/٤/٢٨

٣

## پەیامنامەیەك لە هاوبیرانی نەتەوەییەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کورد، سەبارەت بە گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان و چارەنووسی باشووری کوردستان

ئەم پەیامە بەگشتی ئاڕاستەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و بەتایبەتی هەردوو سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتیی دەکەین، چونکە بەکردەوە هەر ئەم دوو لایەنە لە ئێستادا باشووری کوردستان بەڕێوە دەبن و هەموو بودجە و داهاتی کوردستان و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەگشتی هەموو خوێندگە و فەرمانگە و زانکۆ و دامودەزگا هەواڵگیرییەکان هەر لەژێر دەسەڵات و باڵادەستی ئەم دوو گەورە هێزەدان و ئەمەش راستیی بارودۆخیی ئەمڕۆی باشووری کوردستانە و نکوڵیی لێناکرێت. هەرچەندە دەبووایە ئێستا خاوەنی دەسەڵاتدارییەکی کوردیی تۆکمەی یەکگرتووی بەهێز و دامەزراوەیی بووینایە و یاسا سەروەر بووایە و دەرفەتی پێکەوە کارکردن و ژیانێکی دیموکراسییانە لەسەر زەمینەی کوردایەتییەکی راست و دروست بۆ هەموو هێز و لایەن و تاکێکی دڵسۆزی کوردی و کوردستانی ڕەخسایە. ئێستاش دەرفەت هەر ماوە کە ئەم ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ بکرێت و فەرمانڕواییەکی کوردی و کوردستانیی بەرفراوان و یاسایی و دیموکراسی پێك بهێنرێت.
ئێمە بەرلەهەر شتێك دەمانەوێت هەمووان لەم راستییە ئاگادار بکەینەوە کە ئێمە نە لە رابردوو و نە لە ئێستادا، هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ دەسەڵات و پارتی و یەکێتیدا، نەبووە و نییە. ئەم پەیامە تەنها لە روانگەی بەرژەوەندیی باڵای کورد و کۆمەڵگای کوردستانەوە ئاڕاستە دەکەین.
ئەمڕۆ دیاردەیەکی زۆر خراپ و زیانمەند و مەترسیدار لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروستبووە، ئەویش ئەمەیە کە لاوانێکی زۆر لە کچان و کوران، لەم نەوە نوێیەی ئێستا، کەوتوونەتە بۆسەی ئیسلامیی سیاسییەوە و لەژێر کاریگەری و پروپاگەندەی چەواشەکارییانەی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوە بەکرێگیراوانەدان و ئەو گروپانە بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر، هەست و سۆزی ئەو لاوانە بەلای خۆیاندا رادەکێشن و لەم رێگایەوە تەڵە و داویان بۆدەنێنەوە و دەیانهێننە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوانە، یاری بە ژیان و چارەنووسی ئەو لاوانەوە دەکەن و بەهەست و هۆش و گیانێکی ناکوردانە و نانیشتمانپەروەرانە و تاکڕەوانە و توندوتیژانە پەروەردەیان دەکەن.
ئێمە لەڕووی دڵسۆزییەوە لەو لاوانە دەپرسین، بۆچی لایەنگریی لەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە دەکەن!؟ ئێوە رۆڵەی ئەم نەتەوە و نیشتمانەن و خۆتان بە کەسانی دڵسۆز و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر دەنازانن. گومانی تێدا نییە ئەو لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە هیچ پروایەکیان بە کوردایەتی نییە و نە لە دروشم و نە لە نووسین و بڵاوکراوەکانیاندا ئاڵای کوردستان نابینین و هیچ بیر و هێمایەکی تێکۆشانیش بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان لە وتار و رەفتار و کاروکردەوەکانیاندا بەرچاوناکەوێت!؟ ئەم گروپانە لەلایەن دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە تەنها بۆ بەسیاسیکردنی ئیسلام لە کۆمەڵگای کوردستان و دوژمنایەتیی کردنی کورد و کوردایەتی، دروستکراون. لەکاتێکدا ئیسلام وەك ئایین داوای کاری لەوجۆرە لە هیچ کەس و هیچ لایەنێك ناکات و ئەوە ئەرك و فەرمانی سەرشانی موسڵمانی کورد نییە. ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە جگە لەم ئەرك و فەرمانە بەکرێگیراوی و بێگانەپەرستییەیان، هیچ

پێوەندییەکیان بە ئاشتی و ئازادی و خۆشگوزەرانیی کوردەوە نییە و بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان پێوەندییان بە بەرژەوەندیی کوردایەتی و داهاتووی کورد و کۆمەڵگای کوردستانەوە نییە!؟ ئایا تاوان نییە بەرامبەر کورد و کوردستان کە لایەنگریی لەو گروپە دروستکراوە بەکرێگیراوانە بکرێت، کە هەر خەریکی ئاژاوەنانەوە و بەعەرەبکردنی کۆمەڵگای کوردستانن و دژی کوردایەتی و دژی فەرهەنگی رەسەنی کوردەواری و دژی جلوبەرگی کوردی و دژی هەموو شتێکی کوردین. ئیسلامییە سیاسییەکان بەتایبەتی دژی جلوبەرگی کوردیی ئافرەتانی کوردستانن و بە رێپێنەدراو و و ناپەسەندی دەناسێنن و لەبری جلوبەرگی جوان و رازاوە و رەسەنی کوردەواری، برەویان بە لەچك و سەرپۆش و باڵاپۆش و جبەی ئافرەتانی عەرەبستانی سعودی و میرنشینە عەرەبییەکانی کەنداو داوە و لەم رێگایەوە سیمای شارستانییانە و سەردەمییانەی کۆمەڵگای کوردەوارییان شێواندووە و دزێو و ناشیرینیان کردووە. وا پروا لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی لە نێو کچان و ژنانی کوردستاندا باوی نامێنێت!؟ لەمەش خراپتر و مەترسیدارتر، وردە وردە ناوی کوردی نامێنێت و لەبری ناوی کوردی و کوردەواریی جوان و خۆش و ڕەسەن، ناوی منداڵانی کورد بەناوی عەرەبی و ئیسلامیی، ناوزەد دەکەن، ئەو ناوانە لە منداڵەکانیان دەنێن کە نامۆ و بێگانەن بە کورد و کوردستان. ئەمانە هەندێکن لە نیشانەکانی بەعەرەبکردنی کورد و کۆمەڵگای کوردستان! ئەمانە بەزاندنی هێڵی سوورن و زەنگی مەترسیدار و ترسناکن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان.

دەسەڵاتی سیاسیی کوردی تاوانبارە بەوەی کە لە رابردوودا ئەم تووڵەمارە ئیسلامییە سیاسییانەیان بەخێوکردووە و ئێستا بۆ دەسەڵات و کورد و کوردایەتی، بوونەتە کێشەیەکی گەورە. دەسەڵاتی کوردی بە هەموو شێوەیەك پشتیوان و یارمەتیدەر بوو لە پەرەسەندن و بەهێزبوون و زۆربوونی ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانەدا، لەسەر داهات و بودجەی کوردستان، مانگانە و بودجەی زۆر و زۆرتریان بۆ بڕیونەتەوە، پۆستی وەزارەتیان پێشکەش کردوون، بارەگا و بنکە و مۆڵگای جۆراوجۆریان بۆ دروست کردوون، چاوپۆشییان لە کاروکردەوە ئاژاوەگێری و تێکدەرییەکانیان کردووە و دەکەن، چاوپۆشی لە بەعەرەبکردنی کورد و کۆمەڵگای کوردستان دەکەن، هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی و دەستوورییان بۆ دەکەن، چەندین پەیمانگا و خوێندنگەی تایبەتییان بۆ کردونەتەوە، لە پەرلەمانی کوردستان کورسییەکی زۆریان داگیرکردووە و هەر ئەم ئیسلامییە سیاسییانەشن کە لەناو پەرلەمانەدا لەبەر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و مارشی نەتەوەیی کوردی (ئەی ڕەقیب) هەڵناسن و بەبەرچاوی دەسەڵات و هەموو میللەتەوە سوکایەتی بە پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان دەکەن. ئەمانە و چەندین پێشێلکاری و کاروکردەوەی تری نایاسایی و ناڕەوایان چاوپۆشیی لێکراوە، بەبەرچاوی دەسەڵاتەوە پێوەندیی گومانلێکراوانە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەکەن و بە ئارەزوو و خواستی تایبەتیی خۆیان هەموو جۆرە پێوەندییەکی ژێربەژێر و گومانلێکراوانە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا دەبەستن و هەرچییان بوێت بەبەرچاوی دەسەڵاتەوە دەیڵێن و دەینووسن و دەیکەن. ئەو گروپانە زۆربەی پیاوە ئایینناسەکان، مامۆستایانی ئایینی، مەلاکان و بانگدەر و پێشنوێژکارانی مزگەوتەکان و فەقێکان، ئەمانەیان هەموو هێناوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و بەهاندانی ئەو گروپانە فەتوای کوشتن و شاربەدەرکردن و وڵاتبەدەرکردن بۆ رۆشنبیرانی دڵسۆز و کوردپەروەر دەردەکەن و بە فەتوا خوێنی نووسەران و رووناکبیرانی کوردستان دەکەنە کاسەوە، بۆ هەتا هەتایە نیشتمانبەدەر و ئاوارەی هەندەرانیان دەکەن، لە هەندەرانیش هەر دەبێت پۆلیسی ئەو وڵاتانە پارێزگاری لە مانەوە و ژیانیان بکەن، لەوێش دەستبەرداری

ئەو ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانە نابن و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن. ئێمە دەپرسین: ئەمە چ جۆرە دەسەڵات و پەرلەمانێکە کە ئێمەی کورد هەمانە!؟ دەسەڵاتێك نەتوانێت لە کوردستانێکی ئازاد و دیموکراسیدا ژیانی هاونیشتمانییان، ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕەخنەگران بپارێزێت، ئەبێت چ دەسەڵاتێك بێت و چ ئازایەتی و شکۆداری و سەروەرییەکی هەبێت!؟ ئەمانە و گەلێك دیاردەی خراپ و نامۆ و سەیر و سەمەرەی دیکە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا سەریان هەڵداوە و هەر لەباسکردن نایەن.
ئەم پەیامە بۆ ئەو کەسانەشە کە لە بێئاگایی و دڵپاکییەوە، خەڵەتێنراون و دوای ئەو گروپانە کەوتوون. ئێمە لە دڵسۆزی و نیازپاکی و خواپەرستیی موسڵمانانی کوردی دوور لەو گرووپانە هیچ گومانێکمان نییە. کوردستان وڵاتی پڕەوکارانی هەموو ئایین و ئایینزاکانە کە بە ئازادی و ئاشتی، شانبەشانی یەکتر پیادەی دابونەریتی ئایینی و ئایینزایی خۆیانی تێدا دەکەن.
ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانە بێباکانە دەڵێن: نەتەوایەتی و کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و کوردستانچێتی ئەرك و فەرمانی ئێمە نییە و ئێمە موسوڵمانین و خاوەنی پەیامێکی جیهانی و مرۆڤایەتین و خۆمان نابەستینەوە بە تەنها نەتەوەیەك و نیشتمانێکەوە. پەیامی ئێمە برایەتی و ئاشتی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و هەوڵ دەدەین هەموو مرۆڤایەتی ببن بە هەڵگری هەمان پەیامی ئێمە و باوەش بۆ ئیسلام و موسوڵمان بوون بکەنەوە. ئیسلام و قورئان بەرنامەی کارکردن و خەبات و جیهادی ئێمەیە و جگە لە قورئان و ڕێنماییە ئیسلامییەکان، دان بە هیچ پەیام و نووسراو و ڕێسا و یاسایەکی دیکەدا ناهێنین. ئێمە پروامان بە دەوڵەتی کوردی نییە و ئاڵای کوردستان و مارشی نەتەوەیی کوردی، ئەی ڕەقیب، لای ئێمە هیچ مانایەکیان نییە و لای ئێمە وەك موسوڵمان ئەم شتانە پیرۆز نین و پروامان پێیان نییە. بۆ ئێمە وەك موسوڵمان و هەڵگرانی پەیامی ئیسلام و قورئان، تەنها ئایینەکە و پەیامەکەی خۆمان پیرۆز و پێویست و گرنگن لامان و لە داهاتوودا دەبێت هەموو مرۆڤایەتی بێنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە. ئەگەر دەسەڵاتمان گرتە دەست، ئەوا ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت و نەیەتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، مافی ژیانی لای ئێمە نامێنێت و دەبێت بە سزای ڕەوای خۆی بگەیەنین.
- لەڕاستیدا ئەم پەیام و وشانەیان هەر هەموویان دژی کورد و کوردایەتین و لە خزمەتی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندان. بەکارهێنانی وشەگەلی، ئاشتی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و مرۆڤایەتی لەلایەن ئەوانەوە، ئەوانە هەر هەموویان وشەی سەوز و سوور و ئامرازی فریوکارین و فریان بەسەر ڕاستی و بەرژەوەندی و ئاشتی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتییەوە نییە و تەنها هەر بۆ خەڵەتاندن و بەکارهێنانی ئەو لاوانەیە، بۆ گەیشتن بە ویست و خواستە ناڕەواکانی ئەو لایەنانە خۆیانە و بۆ گەیشتن بەرژەوەندییە مادییەکانیانە، هەر بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانیی خۆیانە و هیچی دیکە.
سەرکردە و بەرپرسە گەورەکانی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، بەبێئەوەی هیچ ئیش و کار و کاسبییەك بکەن، بەبێئەوەی هیچ بەرهەم و هونەر و پیشەیەکیان بۆ کۆمەڵگا هەبێت، بەبێئەوەی ڕەنج بدەن و ماندووبن، هەر بەهۆی نۆکەربوون و وابەستەبوون و ملکەچبوونیان بە دوژمنانی کورد و داگیرگەرانی کوردستانەوە، خۆیان هەموو خاوەنی چەندین ژن و خانوو و ئۆتۆمبێلی گرانبەهان و زۆر بەخۆشی و تێروتەسەلی دەژین، هەموو پێداویستتەکانی خۆشگوزەرانیی ژیانیان بۆخۆیان مسۆگەر کردووە. ئەوانە ئایینی ئیسلام هەر بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن و لە ڕاستی و کاروکردەوەدا هیچ پروایان بە ئایین و خواپەرستی و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی

نییە. ئەگەرنا یەزدانی مەزن و بەخشندە و میهرەبان، چی پێویستییەکی بەو گروپە تێرۆریستانە هەیە!؟ یان مرۆڤە رۆشنبیر و تێگەیشتووەکان، نەتەوە ئازاد و خاوەن شارستانێتییە بەرز و پێشکەوتووەکانی جیهان چی پێویستییەکیان بەوە هەیە کە بچنە ژێر ئاڵای ئیسلامیی سیاسییەوە!؟ گومانی تێدا نییە کە ئیسلامیش ئایینێکە وەکوو هەموو ئایینەکانی دیکەی مرۆڤایەتی و نابێت تێکەڵی سیاسەت بکرێت و بەسیاسیی بکرێت. توندوتیژیی ئایینی و بەسیاسەتکردنی ئایین، هیچ پێوەندییەکیان بە ئایین و خواپەرستی و مرۆڤایەتییەوە نییە و لەراستیدا دژی خودی ئایینەکەن و دوژمنی خواپەرستی و مرۆڤایەتیشن. ئەم وشانە، ئەم رستە بێ باج و بێ ناوەڕۆکانەی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، تەنها بۆ فریودان و خەڵەتاندنی لاوانی هەژار و بێدەرەتانی کوردستانە، کە دەیانەوێت ئەو لاوانە بۆ ئامانج و مەبەستە سیاسییە گڵاوەکانی خۆیان بەکار بهێنن و ژیانیان ئالوودەی کاری توندوتیژیی بکەن و بەو بیر و کردەوە پروپووچ و بێ ناوەڕۆك و بێ کەڵکانەوە، ژیان و تەمەنیان بەفیڕۆ بدەن و سەرگەردانیان بکەن.

- لە روانگەی ئەو بۆچوونە چەوتانەی ئەو ئەو لایەنانەوە، ئەوە تێدەگەین کە ئەوان تەنها خەبات بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و بەموسوڵمانکردنی میللەتان و بەئیسلامکردنی کۆمەڵگاکان دەکەن و کوردایەتی و کورد و کوردستانیان بەلاوە گرنگ و مەبەست نییە. بەرنامەی ئەم گروپانە لە سەردەمی ئێستادا دروست دەکاتە جێبەجێکردنی بەرنامەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دوژمنانی کورد، دەنا میللەتی کورد بۆخۆی لە مێژە موسوڵمانە و پێویستی بە رابەری و رێنیشاندەریی ئەو کەس و گروپانە نییە. ئاشکرایە هەوەتەی ئیسلام پەیدا بووە و هاتووەتە کوردستانەوە و کورد بەموسوڵمانکراوە، لەوکاتەوە هەتا ئێستا زۆرینەی زۆری کورد هەر موسوڵمانە و هەموو ئەرك و فەرمانە ئایینییەکانی ئیسلام ئەنجام دەدەن و لە رابردووشدا هەروا بووە و زۆرجاریش کورد لە مێژووی خۆیدا بە ماڵ و سامان و گیان و ژیانەوە بەرگریی لە ئیسلام کردووە و بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە زۆر زۆر زەرەرمەند بووە. ئەی بۆ پێش راپەڕین و پێش ئەم ئازادی و ئاشتی و دیموکراسییەی کە ئێستا هەیە، هیچ گروپ و لایەنێکی ئیسلامیی سیاسیی لە کوردستاندا بوونی نەبووە و ئەم باسوخواسانە لە هیچ کەس و کۆڕ و کۆمەڵێکەوە نەبیستراون!؟ هەمووومان ئەم راستییە دەزانین کە ئەم گروپانە، ئەم کۆڕ و کۆمەڵ و هێزە ئیسلامییە سیاسییانە، لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کوردستاندا پەیدا بوون و دروستکراون!؟ ئەی کورد هەر موسوڵمان نەبووە و ئایینی ئیسلامیش هەر ئایینی زۆرینەی کورد نەبووە؟ بۆچی پێشتر هیچ لایەنێکی ئیسلامیی سیاسیی لە هیچ شۆڕش و راپەڕین و بزووتنەوەیەکی رزگاریی نیشتمانیی کورد و کوردستاندا بەشدار نەبوون و بوونیان نەبووە!؟ ئیسلام زۆر لە مێژە لەوڵاتی ئێمەدا هەیە و بەشێکی بەرچاوی سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد لەسەر ئەم رێبازە بوون و زیندانی و ئەشکەنجەیان بینیوە و لەسێدارەدراون گیانیان بەخشیوە، بەڵام خەبات و ژیانیان هەر بۆ کورد و کوردستان بووە و ئامانجیان رزگاریی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بووە. رابەرانی کورد، موسوڵمان بوون و خۆیان بەشێك بوون لە شۆڕشەکانی کورد و لەژێر سەرکردایەتیی شۆڕشدا خەباتیان کردوە. موسڵمانانی کوردیش دابونەریتی ئایینیانە و ئیسلامیانەی خۆیان لە نێو ماڵ و مزگەوتەکانی کوردستاندا دوور لە سیاسەت و گروپبازی، بەئەنجام گەیاندووە، هیچکاتێکیش رێگر نەبوون لەبەردەم تێکۆشان و بزووتنەوەی کوردایەتیدا.

ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، لە ئێستادا چەندین گروپی جیاوازن و هەریەکەیان نۆکەری دوژمنێکی کورد و دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانن. هێندە بەرنامە و نەخشەی سیاسیی ئێرە و ئەوێیان هێناوەتە کوردستانەوە، بە

ئەندازەی ژمارەی خۆیان مۆدێلی دەسەڵاتی ئێرانی و ئەفغانی و تالیبانی و سعوودی و تورکییان سازداوە. لەداهاتوودا هەرگروپێکیان دەسەڵات بگرنە دەست ئەوانی دیکە لەدژی رادەبن و ناتوانن لە هەلومەرجێکی سیاسی و دیموکراسی و ئاشتی و ئارامیدا پێکەوە هەڵبکەن. ئەو گروپانە یان هەریەك لەو گروپانە دەسەڵات بگرنە دەست، ئەوەی بونیادنراوە، وێرانی دەکەن و کوردستان دەکەن بە گۆمی خوێن. ئێستا هیچ مەترسییەکی دوژمنان و داگیرکەرانمان لەسەر نەماوە، ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوانە دەیانەوێت بەخراپ کەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخی ئازادی و دیموکراسییەی باشووری کوردستان، هەروا بەئاسانی و بەخۆڕایی کورسیی دەسەڵاتی کوردستان بگرنە دەست و بودجە و سامان و داهاتی کوردستان بۆ خۆیان بەرن و بەرنامە دۆزەخی و دواکوتووەکانی خۆیان پیادە بکەن و هەر کەسێکی کوردپەروەر و دڵسۆزی کوردایەتی، ئەوانەی وەك ئەوان نین و وەك ئەوان بیرناکەنەوە، هەر رەخنەیەکیان لە دەم هاتە دەرەوە، جەستەی بسووتێنن، یان زمانی ببڕن و دەست و پێی ببڕنەوە یان بە شمشێری عەرەبی ملی بپەڕێنن!؟

- ئەندامان و لایەنگرانی ئەم گروپانە، هیچ وەڵامێکی ژیریێژانە و لۆژکانەیان بۆ ئەم پرسانە نییە و هەر بەردەوام ئەو بەیت و بالۆرانەی خۆیان وەك تووتی دەڵێنەوە و هەموو هۆش و گۆش و مێشکیان بە ئایینی ئیسلام و جیهاد و بەهەشت و دۆزەخەوە شۆردراوەتەوە و هیچ فەلسەفە و زانست و بیروباوەڕ و پەیڤ و راستییەکی تر ناچێتە مێشکیانەوە. ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بەشێوەیەك ئەو لاوە هەژار و بێ ئەزموون و بەستەزمانانەیان بە بیر و رەفتاری پروپووچەوە سەرگەرم کردوون، کە بەم شێوەیە نە لە ئێستا و نە لەداهاتوودا، هیچ کەڵك و فەڕێکیان بۆ کورد و کوردستان لێچاوەڕوان ناکرێت.

ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە هەر کە دەم دەکەنەوە، باسی گەندەڵی و دزی و نادادپەروەریی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و بەتایبەتی باسی کەموکورییەکانی پارتی و یەکێتی دەکەن. بێگومان بەخراپ باسکردن و دوژمنایەتی کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەوە نییە دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکی دادپەروەر و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و کوردستانیمان هەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەیانە کە مەرام و مەبەستە سیاسییە ناڕەواکانی خۆیانی پێ بەرنە پێشەوە. ئێمەش دەزانین کە گەندەڵی و نادادپەروەری و پێشێلکاریی یاسا و دەستوور هەیە، ئەوە راستییە کە هەر کەس و هەر رێکخستنێك کار بکات و تێبکۆشێت و چالاك بێت، ئاساییە کە هەڵەش دەکات. ناتەواوی کەموکوریی و گەندەڵیش هەر تایبەت نییە بە کۆمەڵگای کوردستانی ئێمە، لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتییدا ناتەواوی و کەموکوری و گەندەڵی هەر هەبووە و هەر دەبێت و هەر دەمێنێت. ئێمە لێرەدا دیسانەوە زمانی رەخنەمان ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی دەکەینەوە کەوا بەهۆی گەندەڵکاری و بێ بەرنامەیی و پێڕەونەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەروەرنەبوونی یاساوە، هیچ بەرنامەیەکی پەروەردە و بارهێنان و فێرکارییان بۆ لاوانی کوردستان نەبووە و نییە و هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکییان نییە کە ئاپۆرەی لاوانی پێوە خەریك بکەن و هەلی کار و ژیان و گوزەرانیان بۆ برەخسێنن. گەندەڵی و بێبەرنامەیی دەسەڵات و بێکاریی لاوان، ئەو بۆشایی و بوار و دەرفەتە لەبارەی بۆ ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە دروستکردوە تا بتوانن ئەو لاوانە هەڵبخەڵەتێنن و دووچاری کارەساتیان بکەن.

لەڕاستیدا گەندەڵی، دیاردەیەکی جیهانی و مرۆڤایەتییە و لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی جیهانیشدا گەندەڵی هەر هەیە و ئەو دیاردەیە هێشتا لە هیچ کۆمەڵگایەکدا بنەبڕ و چارەسەر نەکراوە. ئێستا دەسەڵاتی کوردی و تەنانەت

یەکێتی و پارتیش بۆخۆیان بەرنامەی چاکسازی و دژایەتیی کردنی گەندەڵییان لەبەرچاو گرتووە و پرۆژەی چارەسەرکردنیان بۆ داڕشتووە و هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی دەدەن. بەڵام ئەمە نابێ ببێتە پاساو بۆ گەندەڵکاری، پێویستە و دەبێت بەسیستەم و بە کردەوە چارەسەری بکەن. ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی، ڕەخنە دەگرین و ناتەواوی و کەموکورییەکان باس دەکەین، بەڵام چاومان شتی باش و جوانیش دەبینێت و باسی ئاوەدانی و ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانیی زۆربەی جەماوەریش دەکەین، باشووری کوردستان تا ئەندازەیەکی باش ئاوەدان بووەتەوە، ئەگەر گەندەڵکاری نەکرایە، بەو داهات و بودجە زۆرەی کوردستان، دەبووایە دەسەڵات پرۆژەی زۆرتر و باشتری ئەنجام بدایە و دەبووایە کێشەی بێکاری و تەنگژەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرانایە. بەڵام بە بەراووورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئازادیی دەربرینی بیروڕا و ڕۆژنامەوانیی ئازاد بوونیان هەیە و زۆربەی بوارە خومەتگوزارییەکانی ژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینیوە و هەلی کارکردن و خۆپێشخستن و خۆپێگەیاندن تا ئەندازەیەك بۆ کچان و ئافرەتانی کوردستان ڕەخسێنراوە. بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە و ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتە کە زۆرتر گرنگی و بایەخ بە کچان و ژنانی کوردستان بدەن و زۆرتر دەرفەتی پێشکەوتن و هەلی کار و خزمەتگوزاریی ژیانیان بۆ دابین بکەن. هەرچەندە هەموو شتێك هەر خراپ نییە و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بە چەواشەکاری دەیانەوێت تەڕ و وشك پێکەوە بسوتێنن، دەیانەوێت هەموو شتێك بە ناشیرینی و دزێوی باس بکەن. ئەی ئەو گروپە ئیسلامییە بێ ڕابردووانە، بۆچی چاویان ئەو هەموو ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوە و گۆڕانکارییانەی کوردستانی وێرانکراو و سوتێنراو نابینێت. ئەی بۆ ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانە باسی ئەوە ناکەن کە بەهۆی بەرنامە پاشکەوتوو و توندڕەوییەکانی خۆیانەوە چەندین هەزار لە کچان و ئافرەتانی بێتاوانی باشووری کوردستان، بە تۆمەتی بێڕەوشتی و بەبیانووی ئاپرووپەرستییەوە تێرۆر کراون. هەوەتەی ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانە دروستکراون، کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بوون و ئاگر جەستەی هەزاران لە کچان و ئافرەتی بێتاوانی سووتاندووە. چەند ساڵێکە بەهۆی بوون و چالاکییەکانی ئەم گروپانەوە، توندوتیژیی ئایینی و ڕەگەزی پەیدابووە و پەرەی سەندووە کە ئەم دیاردە خراپانە پێشتر هەرگیز بەم شێوەیە پێشینەیان لەنێو کورد و کۆمەڵگای کوردستاندا نەبووە.

ئێمە دەپرسین:کامانەن پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و چاکسازیی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بۆ کۆمەڵگای کوردستان!؟ ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە تەنها لە چەند ساڵانێکی ڕابردوودا بە مەبەستی بەعەرەبکردنی کۆمەڵگای کوردستان و بۆ بەرژەوەندنی عەرەبستانی سعودی و میرنشینە عەرەبییەکانی کەنداو، بەهەزاران مزگەوتی مۆدێلی کەنداو و سعودییان لە باشووری کوردستاندا دروستکردووە. ئاماژەکردن بەم دیاردەیە لێرەدا، مەبەست ئەوە نییە کە دروست کردنی مزگەوت بە کارێکی ناپێویست و خراپ باس بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ لەم باشووری کوردستانەدا، بەم پێوانە جوگرافییە کەمەوە، زۆرتر لە پێنج هەزار مزگەوت هەیە. لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا کە ئایینەکە بەزمانی خۆیانە و هی خۆیانە، هێندەی باشووری کوردستان مزگەوتییان تێدا نییە!؟ سەرباری ئەمەش لە هیچ شار و گوند و شارۆچکەیەکی باشووری کورستاندا یەك مەڵبەندی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بوونی نییە کە لاوانی کوردستان و نەوەی نوێ بەگیانی کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی پەروەردەیان بکات و بە ئاڕاستەی خزمەتکردن و خۆشەویستیی کورد و کوردستاندا بیانبات!؟ ئەو مزگەوتانە، زۆربەی زۆریان لەم

ساڵانەی دواییدا بە مەبەستی سیاسی و بۆ بەعەرەبکردنی کورد و بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای کوردستان دروستکراون، سەرباری ئەمەش بۆ هەر مزگەوتەی دوو مەلا و دوو مجێور و چەندین کارمەند و خزمەتگوزاری تر تەرخانکراون بۆ خزمەوت و بەڕێوەبردنیان، لەلایەن دەسەڵاتەوە کارەبا و ئاوی بەردەوامییان بۆ دابینکراوە، ئەمە هەمووی لەسەر بودجەی کۆمەڵگای کوردستانە، ئەمە لەکاتێکدا کە بە هەزاران ماڵ و خێزانی هەژاری کوردستان بێبەرین لە ئاوی پاك و کارەبا!؟ پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە کە ئەم لەشکرە فرەزۆر و زیاد لەپێویستەی مەلایان و مجێوران و فەقێیان و کارمەندانی تری ئەو هەموو مزگەوتانە، بەرهەمییان چییە بۆ کۆمەڵگا و بۆ پێشکەوتن و بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان!؟ ئەمانە بەئاشکرا بەبەرچاوی دەسەڵات و پارتی و یەکێتییەوە مزگەوتەکانیان کردووە بە شوێنی بەعەرەبکردنی لاوانی کوردستان و بە کارگەی بەرهەمهێنانی تێرۆریستان و بە بنکەی کاری توندڕەوی و توندوتیژیی ئایینییانە. سەکۆی مزگەوتەکان بۆ خوێندنەوەی وتاری ئایینی توندوتیژانە و لەکەدارکردن و ناشیرین پیشاندانی دەسەڵاتی کوردی، بەتایبەتی دژی یەکێتی و پارتی بەکار دەهێنرێن، بەبێئەوەی هەتا ئێستا دەسەڵاتی کوردی و یەکێتی و پارتی هیچ لێپرسینەوە و لێپێچانەوەیەکی یاسایی ئەو کارە توندڕەوییانەی ئەو مەلایانە و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوانەیان کردبێت!؟ ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە، ئەوەیان بیرچووەتەوە یان لە بیرخۆیانی دەبەنەوە کە هەر (یەکێتی و پارتی و سۆسیالیست و شیوعی و پاسۆك) بوون کە کوردایەتییان دەکرد و لە هەموو شاخ و گوند و شارۆچکە و شارێکی کورستاندا ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە بەهێز و دڕندە و دەستنەپارێزە دەبوونەوە، هەر ئەم لایەنە شۆڕشگێرانە بوون بەو رابردووە پڕ لە خەبات و تێکۆشانەیان، بە خوێنی گەشی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەر و کۆڵنەدەر، ئەمڕۆیان بۆ دروست کردووین. ئەم ئازادی و ئاشتی و ئارامی و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانییەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان هەر بەرهەمی کوردایەتی و رابردووی پڕ لە تێکۆشان و کۆڵنەدانی ئەوان و هەموو جەماوەری شۆڕشگێری کوردستانە، نەك ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوە تازەدروستکراوانە کە هیچ رابردوو و شانازییەکی پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێرایەتی و تێکۆشانی کوردایەتییان لە کوردستاندا نەبووە و نییە و ناشیان بێت.

ئێمەی هاوبیرانی نەتەوەیی، لە روانگەی بەرژەوەندیی کوردایەتییەوە، بە ئەرك و فەرمانی سەرشانی خۆمانمانزانی کە ئەم پەیام و هۆشدارییە بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو ئاڕاستە بکەین. ئامانج و مەبەستی ئەم پەیامە تەنها بۆ مانەوە و بەردەوامیی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی خۆمان و بۆ پاراستنی ئەم ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی و ئارامی و ئاوەدانییەی باشووری کوردستانە، هەربۆیە لێرەوە داوا لە دەسەڵات و لە هەموو جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی کوردستان دەکەین کە بەچاوی دوژمن و بەکرێگیراو و نۆکەری دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان سەیری ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بکەن و بە هیچ جۆرێك کۆمەکیان پێ مەکەن و هیچ پشتیوانییەکیان مەکەن. پێویستە دەسەڵات بە بڕیاری یاسایی و بە دادگا و دەستووری کوردستان، ئیسلامیی سیاسیی و هەموو چالاکی و کاروکردەوەیەکی توندڕەوییانە و توندوتیژانەی ئایینی یاساخ بکەن و بۆ هەمیشە جەستەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان لەم شێرپەنجانە رزگار بکەن.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو راستییەش وەبیر دەسەڵات و پارتی و یەکێتی بهێنینەوە کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا تاکە یەك رێکخستنی نەتەوەیی بوونی نییە. دەسەڵات و پارتی و یەکێتی ئامادە نەبوون و نین کە مۆڵەتی یاسایی، بە هیچ پارت و رێکخستنێکی نەتەوەیی کوردی و کوردستانی بدەن. شایانی باسە و

جێگەی داخ و سەرسورمانە کە رابردوودا تاکە پارتێکی نەتەوەیی شۆرشگێر و پێشکەوتنخواز، (پاسۆك) بوو کە هەبوو، ئەویشیان لەنێو پارتیدا تواندەوە و ئێستا لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا یەك رێکخستنی نەتەوەیی نییە کە دەسەڵات و پارتی و یەکێتی بواری هەبوون و مۆڵەتی کارکردنی یاساییان پێدابێت!؟ رێکخستنێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز و سەردەمییانە، پێداویستییەکی گرنگ و پێویستی ئەم سەردەمەی ئێستایە بۆ کورد و کوردایەتی. هاوبیرانی نەتەوەیی، چەندین جار داخوازیی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا و یاساییان لە دەسەڵات و پارتی و یەکێتی کردووە و هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکیان لەو لایەنانەوە وەرنەگرتووەتەوە کە ئەم رەفتار و هەڵوێستانەیان بۆ ئێمە و بۆ هەموو کورد و کوردستانییەکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز، جێگای نیگەرانی و گومانە!؟

بەرەو ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانیی زۆرتر بۆ کۆمەڵگای کوردستان.

بەرەو چەسپاندنی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

هەر بژی بیری نەتەوەیی کوردی.

سەری رێز و ملکەچی بۆ گیانبەخشیووانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

دادەنەوێنین.

هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان

٢٠١١/٥/١٥

٤

## دەسەڵاتی باشووری کوردستان و پاشماوەکانی بەعەرەبکردن و ئەنفالچێتی و بەعسیزم!

دەسەڵاتی سیاسی و کارگێری و بەڕێوەبردنی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، بەکردەوە پێکهاتووە لە دوو پارت و هێزی گەورەی وەکو پارتی و یەکێتی کە خاوەنی هەزاران پێشمەرگەی چەکدار و ئازا و دڵسۆزن، خاوەنی هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایش و هێزی دژەتێرۆری چەکداری ئامادەکراون، خاوەنی هەزارانکەسی سەربە پاراستن و دەزگای زانیارین، کەچی هیچ کامیان ناتوانن و ناوێرن، یەك وشە بنووسن، یەك هەڵوێست وەرگرن، یەککردەوە بنوێنن بەرامبەر چەند بەناو مەلایەککە ئایینی ئیسلام بە خراپترین شێوە دژی کورد و کوردایەتی بەکار دەهێنن. بەناوی ئایینی ئیسلامەوە بە ئارەزووی خۆیان فەتووای نادادپەروەرانە و نامرۆڤانە دژی کوردایەتی، دژی رۆشنبیران و هونەرمەندا و نووسەران و شانۆکاران و نیگارکێشان، دەردەکەن. بە فەتووای ئیسلامی، نووسەران و رۆشنبیران و رەخنەگرانی کورد و کوردستان شاربەدەر و نیشتمانبەدەر دەکەن، رۆژانە لەسەر سەکۆی مزگەوتەکانەوە زۆرترین و بێزراوترین سووکایەتی بە ئافرەتان،بەکچان و خوشکان و دایکانی کورد و کوردستان دەکەن، دژی جلوبەرگی کوردیی ئافرەتانی کوردن، دژی (ئەی رەقیب)، مارشی نەتەوەیی کوردین، دژی ئاڵای کوردستان و دژی هەموو بەها و پیرۆزییەکانی نەتەوەی کوردن، رۆژانە بە دەیان وتار و لێدوان و گرتەی ڤیدۆیی دژی هەموو دیاردە پێشکەوتووەکانی ژیان و دژی هەموو بەها پیرۆزەکانی کوردایەتی و کوردەواری بڵاو دەکەنەوە، ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، چ خۆیان و چ لەلایەن ئەو مەلا سیاسییە مووچەخۆرانەی وابەستەی خۆیانەوە، بەهەموو شێوەیەك لە هەوڵ و هەڵپەی بەئیسلامی کردنی کۆمەڵگەی کوردستاندان. دەیانەوێت بە یاسا و رێسا دواکەوتووەکانی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەری عەرەبستانی سعودی، کۆمەڵگەی کوردەواری بەڕێوەبەرن. کەچی ئەم دوو سەرکردایەتییەی پارتی ویەکێتی، بێگومان بەبزووتنەوەی گۆڕانی بەرهەڵستکاریشەوە، بەپارتە بچووکە مووچەخۆرەکانی دیکەشەوە، هەتا ئێستا سەبارەت بەم کێشانە، هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە و نییە؟! هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە و نییە، هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییان بەرامبەر ئەو گروپ و مەلا سیاسییانەدا نەکردووە و رووبەڕووی دادگەیان نەکردوونەتەوە،هەرهیچیان نەکردووە؟!،بەڵام ئەگەر نەتەوەییە کورد پەروەرە دڵسۆزەکان لە کوردستاندا کۆبوونەوەیەکبکەن و چالاکییەك ئەنجام بدەن یان بەیاننامەیەك دەربکەن، خێرا ئاسایش و پاراستن و دەزگای زانیاری دەکەونە خۆیان و دەکەونە هەڕەشە و گورەشە لە نەتەوەییەکانی کورد، وەك لە رابردوودا چەندین هەڵوێستی لەم شێوەیەمان لێبینیون؟! ئەو دەسەڵاتە کوردییە بوار و مۆڵەتی هەبوون و کارکردن بە هیچ رێکخستنێکی نەتەوەیی نادات، هەر کەس و کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخستنێك باسی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان بکات، باسی راگەیاند و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان بکات، خێرا رووبەڕووی هەڕەشەی دەکەنەوە؟!.تەنانەت بوار و مۆڵەتی هەبوون و کارکردنی یاسایی بە تاکە سەنتەرێکی رۆشنبیریی نەتەوەیی نادەن، ئەمە چی جۆرە دەسەڵاتێکە؟! ئەمە چی جۆرە مۆدێلێکە لە کورد بوون و کوردستانی بوون؟! ئەم دەسەڵاتە

کوردییە ئەگەر هەر بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بمێنێتەوە و هیچ هەڵوێستێکی خەمخۆرانە وەرنەگرێ و هیچ هەوڵێکی گۆڕانکاری کردن لەم بارودۆخە خراپەی ئەمڕۆدا نەدات، ئیتر دەسەڵاتێکی لەم بابەتە شایەنی فەرمانڕەوایی کردنی میللەت نابێت، شایستەی ئەوە نابێت میللەت بە نوێنەری خۆیانی بزانن، ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەر تەنها شایستەی ئەوە دەبێت، چارەنووس بیخاتە ناو ئەو گۆرە بەکۆمەڵەوە کە ئیسلامییە سیاسییەکان، بەهاوکاری و کۆمەکی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بەردەوام و بە هەموو شێوە و شێوازێك هەر خەریکی هەڵکەندنی ئەو گۆڕە گەورەیەن؟!. کە ئەوەیش روویدا، ئەوسا ئەو کوردستانە بەئیسلامیکراوە، لە هەموو وێرانکاری و پاشکەوتنێکدا، لە زەوت کردنی ئازادییە تاکە کەسییەکاندا، لە سووکایەتی کردن بە کچان و ژنانی کوردستاندا، لە هەموو جۆرە جەوساندنەوە و ئەشکەنجەدان و کوشتوبڕێکی مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا، لە هەموو دیاردە خراپەکاندا، بۆری ئێرانی ئیسلامی و ئەفگانستانی تالیبان و پاکستان و سعودییە و سودان و سۆماڵ و سوریا و میسر دەداتەوە. زۆر بەداخەوە ئێستا بەرەو ئەو چارەنووسە رەش و ترسناکە دەڕۆین.
ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسییانە هیچ رابردوویەکی تێکۆشان و کوردایەتییان نەبووە و نییە، تەنانەت یەك فیشەکیشیان نەناوە بە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە، ئەمانە بۆ خۆدەرخستن و خۆ ژیاندن و خۆ سەرمایەدارکردن و بەئیسلام کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە خراپ کەڵکیان لەو ئازادی و دێمۆکراسییەی باشووری کوردستان وەرگرتووە. با بپرسین کە ئەمانە لەسەردەمی بەعسییە فاشیستەکاندا، لە کاتی ئەنفال کردن و وێرانکردن و سووتاندنی کوردستاندا لە کوێ بوون؟! پرسیارەکە ئەمەیە، بۆچی ئەم گروپە ئیسلامییە سیاسیانە دوای نەمانی بەعسییەکان دروستکران؟! روون و ئاشکرایەکە ئەمانە لە باشووری کوردستاندا نوێنەری بەرژەوەندییە گڵاوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن و بە هەموو شێوەیەك بێبەرین لە کوردایەتی.ئەمانە ژەهری عەرەبچێتی و عروبە لە کوردستاندا بڵاودەکەنەوە و ئەنفالچین و ئەنفالی فەرهەنگ و دابونەریتی رەسەنی کوردی دەکەن، ناوی کوردی ناهێڵن و برەو بەوە دەدەن ناوەکان هەمووی ئیسلامیی عەرەبی بێت، جلوبەرگی رەسەنی کوردەواری ناهێڵن و برەو بە جبە و لەچك و باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانیی میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودی دەدە.
ئەگەر ئێمەی کورد بمانەوێت وەکو کورد و کوردستانی بمێنینەوە و خراپکترین و ترسناکترین و رەشترین چارەنووس چاوەڕوانمان نەکات، پێویستە و دەبێت، سنوور بۆ ئەو مەلا سیاسییانە دابنرێت، دەبێ بە یاسا مۆڵەتی هەبوون و کارکردن و چالاکی لەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بسەندرێتەوە و بەیاسا یاساخ بکرێن.
بێگومان ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە خوایە نەك بە پێچەوانەوە، خوایەککە ئافەریدەکاری هەموو بوون و بوونەوەرێکە، پێویستی بە سیاسەت کردن و رێکخستنی سیاسیی نییە. خوای بەخشندە و دلۆڤان و میهرەبان پێویستی بەوە نییە کە چەند مەلایەکی سیاسی، یان چەند بازرگانێکی سیاسیی خۆیان بکەن بە نێردراو و نوێنەری ئەو و بەناوی خواوە سووکایەتی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکەن، خەڵکی بێتاوان ئەشکەنجە بدەن و دیلیان بکەن و بیانسووتێنن و بیانکوژن.دەبێت لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا، رێگا نەدرێت بە هیچ شێوەیەك ئایین تێکەڵێ سیاسەت بکرێت و دەبێت ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی جیابکرێتەوە و ئەو دوو دامەزراوە جیاوازە هەرگیز تێکەڵی یەکتر نەکرێن. لێرەدا پێویستە راستییەکی دیکەش باس بکەین کە مەلا بەڕێزەکانی جاران، هەموویان لەگەڵ ئەوەشدا کە کاروباری ئایینییان بەڕێوەدەبرد، لە هەمانکاتدا کوردایەتیشیان دەکرد و ئایینداریەکەیان هەرگیز

ڕێگری کوردبوون و کوردایەتی کردنیان نەبووە. ئەمڕۆش مەلای دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و چاکەخوازمان زۆر هەن و نابێت ئەم مەلا بەڕێزانە تێکەڵی ئەو مەلا سیاسییانە بکرێن کە لە کاروباری ئایینیی خۆیان دوورکەوتونەتەوە و ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسییانە بە مەبەستی سیاسیی وبۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ خراپکاری و چەواشەکاری، بەخراپ بەکاریان دەهێنن. ئەمانە ژەهری عەرەبچێتی و عروبە لە کوردستاندا بڵاودەکەنەوە و ئەنفالچین و ئەنفالی فەرهەنگ و دابونەریتی ڕەسەنی کوردی دەکەن، ناوی کوردی ناهێڵن و برەو بەوە دەدەن ناوەکان هەمووی ئیسلامیی عەرەبی بێت، جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری ناهێڵن و برەو بە جبە و لەچك و باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانیی میرنشینەکانی کەنداو و عەرەبستانی سعودی دەدەن.

ئەگەر ئەم ئیسلامییە سیاسییانە دەسەڵاتی سیاسیی بگرنە دەست و ببنە فەرمانڕەوای کوردستان، کۆمەڵگەی کوردەواری دەچێتە تاریکترین و ترسناکترین و ناخۆشترین بارودۆخی ژیانەوە. ئەوساش هەموو کورد و کوردستانییەکی پاك و دڵسۆز، هەموو ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازێك، هەر ئەو ڕێگەچارانەیان بۆ دەمێنێتەوە کە یان دەبێت کوردستان بەجێبهێڵن، یان دەبێت ملکەچ بکەن و بە کۆیلەیی ڕازیبن، یان دەبێت دیسانەوە لە سفرەوە دەست پێبکەنەوە؟!.

بەرەو جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و لە پارتایەتی و لە دەوڵەتداری.

بەرەو سەروەریی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

بەرەو کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو و سەربەخۆ.

هەر بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

هاوبیرانی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان

٢٠١٣/٥/١٧

# ( Riwangekan )
# Derbarey Îslamî Siyasîy Kurdî

2016

Bextiyarî Şemeyî